زنجیرەی ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست

(٢)

جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا

جۆرەکانی حوکمەکانی

چۆنیەتی تێگەیشتنی و پێهەڵسانی
ڕوونکردنەوەیەکی شەرعیانە و هەڵسەنگاندنێکی واقعیانە

نوسینی

د.عبداللطیف أحمد مصطفی

چاپی دووەم ١٤٣٣ کۆچی

تێبینی : ئەم کتێبە لە ساڵی (٢٠٠٣) نوسراوە ، و هەر لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆ یەکەم جار چاپ کراوە و لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ جاری دووەم چاپ کراوەتەوە

==========

لەبڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

کتێبی ژمارە ﴿١٢٧﴾ لە کتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾ سورة المائدة: ٣٥

﴿وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا ﴾ سورة الفرقان: ٥٢

﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ كُفُّوٓاْ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَخۡشَوۡنَ ٱلنَّاسَ كَخَشۡيَةِ ٱللَّهِ أَوۡ أَشَدَّ خَشۡيَةٗۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبۡتَ عَلَيۡنَا ٱلۡقِتَالَ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖۗ قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ﴾سورة النساء: ٧٧

خطبة الحاجة

إن الحمد لله نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له،أشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾[1].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبًا ﴾[2].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلًا سَدِيدًا ۝ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾[3].

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار[4].

---

[1] سورة آل عمران: ١٠٢.

[2] سورة النساء: ١.

[3] سورة الأحزاب: ٧٠- ٧١.

[4] هذه خطبة الحاجة التي كان رسول (صلى الله عليه وسلم)يفتتح بها خطبهِ، ويُعلّمها أصحابه، ورويَ هذه الخطبة ستة من الصحابة ـ رضوان اللهُ عليهم ـ وقد أخرجها جمع من الأئمة في مصنفاتهم، مثل: الأمام أحمد في (المسند) (٢٧٢/٥)، ومسلم في (الصحيح) (٤٦٧/٥٩٢/٢) وفي (١٥٣/٦، ١٥٦، ١٥٧بشرح النووي)، وأبو داود في (السنن) (١٠٩٧)، والنسائي في (المجتبى) (١٠٤/٣)، والنسائي (١٨٨/٣)، وابن ماجة في (السنن) (١٨٩٢)، والحاكم في (المستدرك) (١٨٢/٢ــ ١٨٣)، (١٨٨/٣)، والطياليسي في (المسند) رقم (٣٣٨)، والبيهقي في (السنن الكبرى) (١٥٣٥)، (١٤٦/٧) و (٣/ ٢١٤)، وصححه الشيخ الألباني في (صحيح سنن ابن ماجة) (١٣٣١) وفي (المشكاة) (٣١٤٩) وفي (الكلم الطيب) (٢٠٥)، وانظره بتوسع في (خطبة الحاجة) ص (١٤- ١٩).

بەشی یەکەم

١. فەزڵی جیهاد لە پێناوی خوا

٢. ترسناکی وازهێنان لە جیهاد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدُ للهِ والصَلاةُ والسَلامُ على رسولِ الله:

فەزڵی جیهاد لەپێناوی خوا

برای موسڵمانی دڵسۆز ـ خوای پەروەردگار هیدایەتی من و تۆش بدات بۆ حەق ـ بزانە کەجیهاد لوتکەی بەرزی ئیسلامە[1] و سیاحەت[2] و ڕەهبانیەتی[3] ئیسلامە، ئەرکی سەرشانەو سەربەرزکەری موسوڵمانان و سەرشۆڕکەری دوژمنانە[4]، وە هۆی بەختەوەری بڕوادارانەو ڕێبازی پێغەمبەرانە ـ علیهم الصَلاة والسَلام ـ. وە وازهێنان لێی نیشانەی نیفاقی ناو دڵان و ناتەواوێتی ئیمانەو ئاکامەکەشی زەلیل بوونی موسوڵمانانە.

وە بەڵگەی ڕاستێتی ئەم حوکمانەش بریتی یە لەم ئایەت و حەدیسانە:

١.موجاهید لەپێناوی خوا بەخالیسی، باشترینی موسوڵمانانەو بەرزترین پلەوپایەی هەیە لای پەروەردگار:

❖ پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ أَعۡظَمُ دَرَجَةً عِندَ ٱللَّهِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴾ (التوبة: ٢٠).

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووەو جیهادیشیان کردووە لەپێناوی خوا بەماڵیان و بەگیانیان، ئەوانە گەورەترین پلەوپایەیان هەیە لای خوا، وەهەر ئەوانن سەرفرازو سەرکەوتوو.

❖ وە پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ لَّا يَسۡتَوِي ٱلۡقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ غَيۡرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلۡمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ دَرَجَةٗۚ وَكُلّٗا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلۡقَٰعِدِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴾ (النساء: ٩٥).

واتە: ئەو ئیماندارانەی کەدانیشتوون (جیهاد ناکەن) ـ مەگەر ئەوانەیان کەناتەواون بەهۆی کوێری و شەلی و نەخۆشی و هتد ـ لەگەڵ ئەوانەدا کەجیهاد دەکەن بەماڵ و گیان و سامانیان یەکسان نین. بێگومان خوای گەورە فەزڵ و ڕێزو پلەیەکی تایبەتی بڕیارداوە بۆ موجاهیدان بەماڵ و گیانیان بەسەر ئەوانەدا کەدانیشتوون و جیهاد ناکەن، وە خوای گەورە بەڵێنی چاك و باشی بەهەموو لایەکیان داوە، بەڵام فەزڵ و ڕێزو پاداشتی گەورەو بێ سنووری موجاهیدانی داوە بەسەر دانیشتووواندا.

---

[1] وەك لەم حەدیسەدا هاتووە: ﴿ رأس الأمر الإسلام، من أسلم سلم، وعموده الصلاة، وذروة سنامه الجهاد﴾ ترتيب صحيح الجامع الصغير وزيادته (٢١/٢).

[2] وەك لەم حەدیسەدا هاتووە: ﴿ إن سياحة أمتي الجهاد في سبيل الله﴾ أخرجه أبو داود عن أمامة مرفوعاً صحيح أبي داود: ١٢٤٧. ترتيب صحيح الجامع الصغير وزيادته (١٤/٢).

[3] وەك لەم حەدیسەدا هاتووە: ﴿ وعليك بالجهاد فإنه رهبانية الإسلام﴾ أخرجه أحمد مرفوعاً، (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٥٥٥).

[4] وەك لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت: ﴿ قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ ﴾ (التوبة: ١٤).

❖پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (إنَّ في الجنة لمائة درجة، ما بين الدرجة إلى الدرجة كما بين السماء والأرض، أعدّها اللهُ للمجاهدين في سبيلِهِ) [٥].

واتە: لەبەهەشتدا سەد پلە هەیە، کەنێوانی هەر پلەیەك بۆ یەکێکی تر وەکو نێوانی ئاسمان و زەوی وایە، خوای گەورە تەرخانی کردووە بۆ موجاهیدان لەپێناوی خۆیدا.

❖وە ئەبو سەعیدی الخدري ﷺ فەرمووی پرسیارکرا لەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): کێ لەخەڵکی باشترین کەسە؟

ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: باشترین کەس پیاوێکە جیهاد دەکات لەپێناوی خوا.[٦]

٢. جیهاد بازرگانی یەکە، خاوەنەکەی ڕزگار دەکات لە سزای خوا، وە دەبێتە هۆی پاك بوونەوەی خاوەنەکەی لەگوناهو، سەرفرازییەکی گەورە لە دونیاو دواڕۆژو، چوونە بەهەشتی خۆش و نەبڕاوە:

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ۝ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ (الصف: ١٠ – ١١).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کەباوەڕتان هێناوە بازرگانیەکتان پیشان بدەم کەلەسزای بەئێش ڕزگارتان بکات؟!.

ئەو بازرگانی یەش بریتی یە لەباوەڕهێنان بەخواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) ئینجا جیهاد کردنتان لە ڕێگای خوا بەماڵ و گیانتان، بێگومان ئەو کارەتان چاکترو خێرترە بۆتان ئەگەر بزانن.

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾ (المائدة: ٣٥).

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە تەقوای خوا بکەن و پارێزگاربن، وە هەموو هۆکارو کردەوەیەکی چاك بگرنە دەست بۆ گەیشتن بەڕەزامەندی ئەو، هەمیشە هەوڵ و کۆشش و جیهاد بکەن لەپێناوی ڕێبازو ڕەزامەندی ئەودا بۆ ئەوەی سەرفرازبن لەهەردوو جیهاندا.

❖پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (من أغبرَّت قدماه في سبيل الله حرّمه الله على النار)[٧].

واتە: هەرکەس دوو پێیەکانی تۆزاوی بن لەپێناوی خوا، ئەوا پەروەردگار حەرام و پارێزراوی دەکات لەئاگر.

---

[٥] صحيح البخاري: ٢٧٩٠، وصحيح مسلم: ١٨٨٤.

[٦] صحيح سنن الترمذي: ١٣٥٧.

[٧] صحيح البخاري: وترتيب صحيح الجامع الصغير وزيادته (١٤/٢) رقم ٥٣.

٣. موجاهید کاتەکانی ژیانی پڕ نوورو بەرەکەت دەبێت و کارە چاکەکانیشی بە باشترین شێوە پاداشتیان بۆ دادەنرێت:

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ لَا يُصِيبُهُمْ ظَمَأٌ وَلَا نَصَبٌ وَلَا مَخْمَصَةٌ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَطَـُٔونَ مَوْطِئًا يَغِيظُ ٱلْكُفَّارَ وَلَا يَنَالُونَ مِنْ عَدُوٍّ نَّيْلًا إِلَّا كُتِبَ لَهُم بِهِۦ عَمَلٌ صَٰلِحٌ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ (التوبة: من الآية ١٢٠).واتە: بەڕاستی هیچ تینوێتی و ماندوو بوون و برسیەتییەك تووشی موجاهیدان نەدەهات، وە نەدەچوونە هیچ شوێنێك و پێیان نەدەخستە هیچ جێگەیەك کەبێ باوەڕان پێی سەغڵەت بن و، دەستیان لەهیچ دوژمنێك نەدەوەشاند، ئیللا دەبووە هۆی ئەوەی بەکارو کردەوەیەکی چاك بۆیان تۆمار بکرێت، بەڕاستی خوا پاداشتی چاکەکاران بەفیڕۆ نادات.

❖وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (رباط يوم في سبيل الله خير من الدنيا وما عليها. وموضع سوط أحدكم من الجنة خير من الدنيا وما عليها.والروحة يروحها العبد في سبيل الله أو الغدوة خير من الدنيا وما عليها)[٨].

واتە: تاکە ڕۆژێك پاسەوانێتی و سنوور پارێزی لەبەرامبەر دوژمن لەپێناوی خوا، خێرترە لەدونیاو ئەوەش کەلەسەر ڕووی زەویدایە. وە تاکە دوا نیوەڕۆیەك تا ئێوارە جیهادکردن لەپێناوی خوادا، یاخود تاکە بەیانیەك، خێرترە لەدونیاو ئەوەش کەلەسەر ڕووی زەویدایە.

❖ وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (رباط يوم وليلة خير من صيام شهر وقيامه، وإن مات أُجري عليه الذي كان يعمله وأُجري عليه رزقه، وأمِن من الفتان ـ أي فتنة القبر ـ)[٩].

واتە: ڕۆژو شەوێك پاسەوانێتی و سنوور پارێزی لەبەرامبەر دوژمن لەپێناوی خوا، خێرترە لە شەونوێژو بەڕۆژووبوونی مانگێك، وە ئەگەر مردیش ئەوە بەردەوام ئەو کردەوە چاکانەی بۆ دەنووسرێن کەلەژیانیدا دەیکردن. وە ئەو کەسە شەهیدەو دوا مردنیشی لای خوا هەر زیندووەو لەڕزق و ڕۆزی بەهەشت دەخوات، وە ئەمینیش دەبێت لەناڕەحەتی و تاقیکردنەوەو پرسیاری دوو فریشتەکەی ناو گۆڕ.

٤. جیهاد لە باشترین کردەوەکانە لە دوای ئیمان:

❖ئەبو ذەر (رضي الله عنه) فەرمووی: پرسیارم کرد لەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چ کردەوەیەك باشترین کردەوەیە؟ ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: ئیمان بەخواو جیهاد لەپێناویدا...[١٠].

❖ وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (موقف ساعة في سبيل الله، خير من قيام ليلة القدر، عند الحجر الأسود)[١١].واتە: ڕاوەستانی سەعاتێك لەجیهاددا بەرامبەر دوژمن لەپێناوی خوا خێرترە لە شەونوێژی شەوی قەدر لەلای بەردە ڕەشەکە.

❖وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (قيام ساعة في الصف للقتال في سبيل الله خير من قيام ستين سنة)[١٢].واتە: ڕاوەستانی سەعاتێك لەجیهاددا بەرامبەر دوژمن لەپێناوی خوا خێرترە لە شەونوێژی شەست ساڵ.

---

[٨] صحيح البخاري: ٢٨٩٢.

[٩] صحيح مسلم: ١٩١٣.

[١٠]صحيح البخاري: ٢٥١٨.

[١١] ترتيب صحيح الجامع الصغير: ٢/٢٥، رقم: ٦٠.

٥. هیچ کەسێك ناگات بە موجاهید، تەنها ئەو خواپەرستە نەبێت کە بەردەوام شەوان شەونوێژ بکات و ڕۆژانەش بەڕۆژوو بێت:

❖ئەبو هورەیرە ﷺ فەرمووی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ووتی: کردەوەیەکم پیشان بدە بگات بەجیهاد؟

ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرموی: هیچ کردەوەیەکم دەست ناکەوێ بگات پێی. ئەوجا فەرمووی: ئایا دەتوانیت کاتێك کەموجاهید دەردەچێ بۆ غەزا، تۆ بچیتە شوێن نوێژەکەت و بەردەوام ڕاوەستیت نوێژ بکەیت بێ وەستان، وە هەروەها بەڕۆژوو بیت بەبەردەوام تاوەکو موجاهیدەکە دەگەڕێتەوە؟!

کابرا ووتی: جا کێ ئاوا بەبەردەوامی دەتوانێت[١٣]؟

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَوُونَ عِنْدَ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ ﴾ (التوبة: ١٩).

واتە: ئایا ئێوە بەڕەواتان دانا کەئاو بەخشین بەحاجیان و ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی حەرام، وەك ئەو کەسە وابێت کەباوەڕی پتەوی بەخواو بەڕۆژی دوایی هێناوەو جیهادی کردووە لەپێناوی خوادا؟!. ئەو دوو دەستەیە وەك یە نین و یەکسان نین لای خوا، وە خوای گەورەش هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

٦. جیهاد دەبێتە هۆی زیاتر هیدایەتدانی خاوەنەکەی:

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی:﴿ وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ (العنكبوت: ٦٩)

واتە: ئەوانەی کە لەپێناوی ئێمەدا، وە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئێمە هەوڵ و تێکۆشانیان کرد، سوێند بێت بەدڵنیایی ئەوانە هیدایەت دەدەین بۆ هەموو ڕێگایەکی چاکی خۆمان، وە بێگومان پەروەردگار هەمیشە لەگەڵ چاکەکارانە.

٧. خێر لەجیهاد دایەو پاداشت و بەختەوەری و سەرکەوتنیش بۆ موجاهیدانە:

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ انْفِرُوا خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَاهِدُوا بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ (التوبة: ٤١).

واتە: ئەی ئیمانداران هەرکاتێك داواکران بۆ غەزا لەلایەن پێشەوای موسڵمانانەوە، ئەوە بەچەکی سووك و قورس، وە بەسوارو پیادەتانەوە، دەربچن و جیهاد بکەن بەماڵ و سامان و گیانتان لەپێناوی خوادا، ئەوە چاکترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن.

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ لَكِنِ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ جَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ وَأُولَئِكَ لَهُمُ الْخَيْرَاتُ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ (التوبة: ٨٨).

واتە: بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەوانەی کە لەگەڵیدا باوەڕیان هێناوە، جیهادیان کردووە بەماڵ و سامان و گیانیان، ئا ئەوانە هەرچی خێرو خۆشی هەیە بەشیانەو ئەوانە سەرفرازو سەربەرزو ڕزگارن.

---

[١٢] ترتيب صحيح الجامع الصغير: ٢/ ٢٠، رقم: ٣٩.

[١٣] صحيح البخاري: ٢٧٨٥.

٨. جیهاد لەپێناوی خوا نیشانەی ڕاستێتی ئیمانە:

❖ پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴾ (الحجرات: ١٥).

واتە: بێگومان ئیمانداران ڕاست ئەوانەن کە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هێناوەو پاشان نەکەوتوونەتە هیچ گومان و وودڵییەکەوە، وە بەخۆیان و سەرو ماڵیشیانەوە جیهادیان کردووە لەپێناوی خوا، تەنها ئەوانە ئیمانداری ڕاستن.

❖ پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴾ (الأنفال: ٧٤).

واتە: ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان کردووەو جیهادیان کردووە لەپێناوی خوا، وە ئەوانەش کە کۆچەرانیان حەواندووەتەوە، هەر ئەوانە بڕواداری ڕاستەقینەن، وەلێخۆش بوون و ڕزق و ڕۆزی بەپێزو پڕ بەرەکەتیان بۆ هەیە لەبەهەشتی بەریندا.

❖ وە فەرموویەتی: ﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ ٱلْمُجَٰهِدِينَ مِنكُمْ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبْلُوَا۟ أَخْبَارَكُمْ ﴾ (محمد: ٣١). واتە: سوێند بێت ئێمە بە واقیعی دەتاقیەینە بەر تاقیکردنەوە تا بەواقیعی موجاهیدو خۆڕاگرانتان دەربکەون.

❖ وە فەرموویەتی: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تُتْرَكُوا۟ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَلَمْ يَتَّخِذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَا رَسُولِهِۦ وَلَا ٱلْمُؤْمِنِينَ وَلِيجَةً ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾ (التوبة: ١٦).

واتە: ئەی ئیمانداران ئایا واتان حیساب کردووە کە هەروا وازتان لێ دەهێنرێت بێ تاقیکردنەوە!. لەکاتێکدا کە هێشتا پەروەردگار لە واقیعدا ئەوانەی دەرنەخستووە لەئێوەدا کە جیهادیان کردووەو جگە لە خواو پێغەمبەرەکەی و ئیمانداران، کەسانی تریان نەکردووە بەدۆست و جێی متمانەی خۆیان. پەروەردگاریش هەمیشە ئاگادارە بەوەی کەئێوە دەیکەن، بەڵام دەیەوێت بەواقیعی بۆ هەموو لایەك دەربکەوێت.

٩. جیهاد دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت. وە دەبێتە هۆی ڕامالینی غەم و پەژارە:

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (**عليكُم بالجهاد في سبيل الله، فإنهُ بابٌ من أبواب الجنة، يذهب الله بهِ الهمَّ والغم**)[١٤].واتە: جیهاد بکەن لەپێناوی خوا، چونکە بەڕاستی جیهاد کردن دەرگایەکە لە دەرگاکانی بەهەشت، وە خوای گەورە بەهۆی جیهاد کردنەوە غەم و خەفەت و دڵتەنگی لادەبات.

تێبینی: ئەمەی کە باسمان کرد تەنها بەشێکە لە فەزڵەکانی جیهادو موجاهیدان، وە لە هەمووش دڵخۆشکەرتر فەزڵەکانی شەهیدانی ڕێگای خودان، کە پلەو ڕێزو پاداشتێکی زۆر زۆر گەورەیان هەیە لای خوا[١٥]، خوا بمانکاتە موجاهیدی پاک و ڕاستەقینەو پلەی بەرزی شەهادەتیشمان بەنسیب بکات لەپێناوی خۆی، بە فەزڵ و کەرەمی خۆی.

---

[١٤] ترتيب صحيح الجامع الصغير: ١٩/٢، رقم: ٣٢.

[١٥] وەك لەم حەدیسەدا بەشێکی دەردەکەوێت: (للشهيد عند الله سبع خصال: يُغفر له في أوّل دفعة من دمه، ويرى مقعده من الجنة، ويُحلى حلّة الإيمان، ويُزوّج اثنين وسبعين زوجة من الحور العين، ويجار من عذاب القبر، ويامن من الفزع الأكبر، ويوضع على رأسه تاج الوقار، الياقوتة منه خير من الدنيا وما فيها، ويشفع في سبعين إنسانا من أهل بيته) ترتيب صحيح الجامع الصغير: ٣٠/٢، رقم: ٢١.

ترسناکی وازهێنان له جیهاد

❖پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾ (التوبة: ٢٤).

واتە: ئەی نێدراوی خوا، بە موسوڵمانان بفەرموو: ئەگەر باب و باپیرانتان و منداڵ و نەوەکانتان، براکانتان و هاوسەران و عەشیرەت و هۆزتان و ماڵ و سامانێکیش کە بەدەستان هێناوەو بازرگانییەکیش کە ترسی شکان و دابەزاندنی لێدەکەن، وە خانووبەرەیەکیش کە دڵخۆشن پێی، هەریەك لەو هەشت شتە لاتان خۆشەویست تر بێت لە خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) و جیهادکردن لەپێناویدا، ئەوە چاوەڕوان بن تا تۆڵەی خواتان بۆ دێت، وە خوای گەورە هیدایەتی قەومی یاخی و لە سنوور دەرچوو نادات.

❖وە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِۦ فَسَوْفَ يَأْتِى ٱللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوْمَةَ لَآئِمٍ ۚ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾ (المائدة: ٥٤).

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، هەرکەسێ لەئێوە لەئاین و بەرنامەکەی هەڵگەڕێتەوە، ئەوە لە ئایندەدا پەروەردگار قەومێکی تر دەهێنێت کە خۆی خۆشی دەوێن و ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت و مل کەچ و نەرم و نیانن بەرامبەر بڕوادارانو سەربڵندو بەعیززەتن لەئاستی بێ باوەڕان، وە لەپێناوی خوادا جیهاد دەکەن و لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن.

❖وە پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ وَأَنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴾ (البقرة: ١٩٥).

واتە: ماڵ و سامانتان ببەخشن لەپێناوی خوا، وە هەروەها جیهاد بکەن بەنەفس و گیانیشتان لەپێناوی خوا، وە بەدەستی خۆتان خۆتان بەرەو بەهیلاك چوون مەبەن بەوازهێنان لە جیهاد بەنەفس و ماڵ، چونکە ڕەزیلی و وازهێنان لە جیهاد مایەی تیاچوونە، وە هەمیشە خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکەکاربن، چونکە خوا چاکەکارانی خۆش دەوێت.

❖وە پەروەردگار فەرموویەتی:﴿ إِلَّا تَنفِرُوا۟ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيْـًٔا ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (التوبة: ٣٩).

واتە: ئەگەر دەرنەچن بۆ غەزا ـ کاتێك پێشەوای موسوڵمانان بانگتان بکات ـ ئەوا پەروەردگار سزایەکی زۆر بە ئازارو ئێشتان دەدات و ئێوەش لادەبات و قەومێکی تر دێنێتە شوێنتان، وە بە دەنگەوە نەهاتنیشتان هیچ زیانێك بە پەروەردگار ناگەیەنێت.

کەواتە موسڵمانی ڕاست و تەواو ئەو کەسەیە کە جیهاد دەکات، وە هەرکەسێك بمرێت و جیهادی نەکردبێت، وە نییەتی کردنیشی نەبووبێت، ئەوا لەسەر پۆلێك لە پۆلەکانی نیفاق مردووە، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (مَنْ ماتَ وَلَم يَغْزُ وَلَم يَحدث نفسهُ بالغزو ماتَ على شُعبةٍ منَّ النِفاق)[١٦].

---

[١٦] ترتيب صحيح الجامع الصغير: ١٢/٢، رقم: ٢٥.

بەڵام ئایا:

- جیهادی شەرعی چۆنە؟
- وە چەند جۆرە؟
- وە مەبەستی سەرەکی لە جیهاد کردن چی یە؟
- وە حوکمەکەی چی یە؟
- وە بۆ کێ جیهاد بکەین؟
- وە بۆچی؟ وە بەرامبەر کێ؟ وە کەی؟

جا فەرموو وەڵامی ئەم پرسیارانە بە پشتیوانی خوای بەرزو ڕەوا، بە بەڵگەی قورئان و سوننەت و سیرەتی پێغەمبەری پێشەوا (صلی الله علیه وسلم).

بەشی دووەم

- مانای جیهاد
- جیهادی کێ بکەین و چۆن و بە چی بیکەین؟

١- نەفس و دەروونی خۆت .
٢- شەیطان
٣- کافر و موشریکەکان
٤- مونافیق و موبتەدیع و زاڵم و فاسقان

مانای جیهاد

جیهاد کردن بریتی یه لەسەرف کردنی هەموو ئەو توانایانەی بەندە هەیەتی بەدڵ و بەزمان و دەست و لاشه و ماڵ لەپێناوی خوا، بۆ سەرکەوتن بەسەر نەفس و شەیتان و دوژمنانی خوا، تاوەکو تەنها خوا بپەرستڕێت و ووشەی ئەو بەبەرز ڕاگیرێت، وە حوکمی ئەو سەقامگیر بکرێت، وە هاوبەشی بۆ خودا دانەنرێت، نە لەبواری بەندایەتی و پەرستن بۆ کردن، وە نە لەبواری پەروەردگاریتی و حوکم کردن، وە نە لەبواری گەورە دانان و وەسف کردن. وە لەم جیهادەشدا لەلۆمەی لۆمەکاران نەترسێت.

جیهادی کێ بکەین و چۆن و بەچی بیکەین؟

یەکەم: جیهادی نەفس و دەروونی خۆت

یەکەمین شت پێویستە موسوڵمان جیهادی هەواو نەفسی خۆی بکات، چونکە نەفسی مرۆڤ هەمیشە فەرمانی خراپە دەکاتە خاوەنەکەی ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾(یوسف: ٥)، وە بۆیە پێغەمبەری خۆشەویست (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (المجاهد مَن جاهد نفسهُ في ذات الله)[1]، واتە موجاهید ئەو کەسەیە کەجیهادی نەفسی خۆی بکات لەپێناوی خوا.. وە فەرموویەتی: (أفضل الجهاد أنْ يجاهد الرجل نفسهُ وهواهُ)[2]، واتە: باشترین جیهاد ئەوەیە کەمرۆڤ جیهادی نەفس و ئارەزووی خۆی بکات. چونکە جیهادی هەواو نەفس بنچینەو بناغەیە بۆ توانینی جیهادی دوژمنانی خوا، هەروەها جیهادی ناوخۆت لەپێشترە لەجیهادی دەرەکی، وە کەسێك جیهادی هەواو نەفسی خۆی پێ نەکرێت بێگومان ناشتوانێت جیهادی دەرەکی (واتە دوژمنانی خوا) بکات بەو جۆرەی خوا دەیەوێت، هەرچەندە وا دەربخات کەجیهادی دوژمنانی ئیسلام دەکات، ئەوا بێگومان خەلەلێك هەیە لەنیەتەکەی، یا لەچۆنیەتی جیهادەکەی، جا یا بۆ خوای نییە بەڵکو بۆ زەعامەت و دونیاو شوهرەت و مەبەستێکی تریەتی لەگەڵ نیەتەکەی بۆ خوا، وە یا نیەتی پاکە بۆ خوا بەڵام کارەکەی جیهادێکی پێغەمبەرانە نی یە بەڵکو ڕکەبەرایەتی و دوژمنایەتییەکەو ناوی جیهادی لێ دەنێت بەگومانی خۆی، وە یان لەجیهادەکەیدا لاسایی کەرەوەو شوێن کەوتەی دوژمنانی خوا دەبێت لەبڕیارو ڕەفتارو ئاشتی و جەنگانیدا!.

چونکە کەسێك جیهادی نەفسی ناو لاشەی خۆی نەکردبێت بەشێوەیەکی وەها کەپابەندی بکات بەشەریعەتەکەی خوا، وە واجبەکان بکات بەگوێرەی توانا، وە لەحەرامەکان خۆی بپارێزێت، مومکین نییە بتوانێت بەدڵسۆزی و بەڕاستی جیهادێکی شەرعی دوژمنانی خوا بکات.

جێی داخە موجاهیدی وا هەبێت هاوار بکاتە غەیری خواو بیدعە بکات و پشت لەسوننەت هەڵکات و ...، وە لەهەمان کاتیشدا بڵێت من موجاهیدم و جیهادی دوژمنانی خوا دەکەم!.

(قۆناغەکانی جیهادی نەفس)

یەکەم: جیهادی نەفسی بکات بۆ **فێربوونی** هیدایەت و بەندایەتی ڕاست بۆ خوا.

دووەم: جیهادی نەفسی بکات بۆ **کارکردن** بەو زانیاریەی فێری دەبێت.

سێهەم: جیهادی نەفسی بکات بۆ **بانگەوازکردنی** خەڵکی بۆ لای خواو بەرنامەکەی، نەك بۆ لای حزب و دارو دەستەکەی.

---

[1] ترتيب صحيح الجاع الصغير: ٣٥/٢، رقم:٥.

[2] ترتيب صحيح الجاع الصغير: ٣٥/٢، رقم: ٣.

چوارەم: جیهادی نەفسی بکات بۆ **ئارام گرتن** لەسەر نارەحەتی بانگەوازی و ئازاردرانی لەلایەن دوژمنانی خوا، وە نەفسی پەروەردە بکات کەدان بەخۆیدا بگرێت و خۆڕاگر بێت بەرامبەر ئازارو ئەشکەنجەو لۆمەی نەفام و فاسق و مونافیق و بێ باوەڕان. وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەسەرخۆو بەئارام و دان بەخۆداگربوو لەئاستی دڵ ڕەقی و بێ ئەدەبی و نەفامێتی و دوژمنایەتی هاوەڵ پەیداکەران و مونافیقان، وە لەکاتێکدا نوێژی دەکردو لەسوجدەدا بوو لەبەردەم (کەعبە) دا موشریکەکان ورگ و ڕیخۆڵەو ناوسکی ووشتری سەربڕاویان دەخستە سەرپشتی، ئەویش هەر دانی بەخۆیدا دەگرت، وە هەروەها کەلە (طائف) گەڕایەوە لەبانگەوازی کردندا بەلێدراوی و دڵ شکاوی و لاشەی خوێناوییەوە، خوای گەورە فریشتەی کێوەکانی نارد بۆ لای و پێی فەرموو ئەگەر ئیزنت لەسەرە ئەوا ئەو دوو کێوانەی دەوری ئەو موشریکانە بەیەکدا دەدەم و لەناویان دەبەم. بەڵام پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕەحمەتێکەو بۆ هەموو جیهان نێردراوە نەك دوژمنی ئادەمیزاد بێت و مەبەستی سەرخستنی خۆی بێت لەسەر حیسابی خوێن ڕشتنی خەڵکی. بۆیە فەرمووی: (بلْ أرجو الله أَنْ يُخرِجَ مِنْ أصلابهم مَنْ يعبُدُ الله وحدهُ لايُشرك بهِ شيئاً)[٣]

واتە: نەخێر ڕازی نیم بەوەو پەلەی لەناوچوونیان ناکەم، بەڵکو ئەمەلم وایە کەخوای پەروەردگار لەنەوەی ئەوانە کەسانێك دروست بکات کەخوا بەتەنها بپەرستن و شەریکی بۆ دانەنێن. ئەرێ توخوا ئەگەر ئێمەی بەپەلەی بێ ئارامی دڵ ڕەق لەشوێنی پێغەمبەری خوا بووباین (صلى الله عليه وسلم) ، ئایا وەڵامان چی دەبوو؟!.

وە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) جۆرەها سزای توند دەدران لەلایەن موشریکەکانەوە، دەهاتنە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وە دەیانگوت: بۆ دوعامان بۆ ناکەیت، بۆ داوای سەرکەوتنمان بۆ ناکەیت؟ ئەویش دەیفەرموو: موسوڵمانانی پێش ئێوە هەبووە کەنیوەی لاشەی خراوەتە ناو گڵ و بەمشار سەری کراوەتە دوو پارچە، وە هەبووە کە بەشانەی ئاسنی گۆشت و ئێسقانیان لەیەك جیاکراوەتەوەو بەمەش لەدینەکەیان هەڵ نەدەگەڕانەوە!. وە خوای پەروەردگاریش ئەم دینەی خۆی هەر سەردەخات بەڵام ئێوە پەلە دەکەن (وَلَكنَكُم تَستَعجِلونْ).

قال الشيخ ابن عثيمين في الشرح (الحديث:٤١) من رياض الصالحين ١/١٩٢:

((فالواجب على الإنسان أن يقابل ما يحصل من أذية الكفار بالصبر والإحتساب وإنتظار الفرج؛ ولا يظن أن الأمر ينتهي بسرعة وينتهي بالسهولة، وقد يبتلي الله عزوجل المؤمنين بالكفار يؤذونهم وربما يقتلونهم كما قتلوا الأنبياء. فإذا صبر وثابر وسلك الطرق توصل إلى المقصود ولكن بدون فرضى وبدون استنفار وبدون إثارة بطريق منظمة. لأن أعداء المسلمين من المنافقين والكفار يمشون على خطى ثابتة منظمة ويحصلون مقصودهم.

أما السطحيون الذين تأخذهم العواطف حتى يثوروا ويستنفروا فإنهُ قد يفوتهم شيءٌ كبير **وربما حصل منهم زلةٌ تفسدُ كلَّ ما بنوا إن كانوا قد بنوا شيئاً!.**

لكن المؤمن يصبر ويتئد ويعمل بتؤدة، يُوطِّنُ نفسهُ ويخطط تخطيطاً منظماً يقضي به على أعداء الله من المنافقين والكفار ويُفوِّت عليهم الفرض. لأنهم يتربصون الدوائر بأهل الخير يريدون أن يثيروهم حتى إن حصل من بعضهم ما يحصلُ حينئذٍ استعلوا عليهم وقالوا: هذا الذي نريد وحصل بذلك شرٌ كبير. فالرسول عليه الصلاة والسلام قال لأصحابه اصبروا، فالمؤمنُ فيمن قبلكم ـ وأنتم أحقُ بالصبر منهُ ـ كان يعمل به هذا العمل ويصبر فأنتم يا أُمة محمد أمةَ الصبر والإحسان فاصبروا. فأنت

[٣] متفق عليه: خ (٣٢٣١) م (١١١)، باب ما لقي النبّي منْ أذى المشركين والمنافقين.

أيها الانسان كُن أطولَ منهم ـ أي القائمين بالفتنة من الكفار والمنافقين ـ نفساً وأشدَّ منهم مكراً)).واتە: پێویستە لەسەر مرۆڤی موسوڵمان بەرەنگاری ئەو ئازاردانەی بێ باوەڕان ببێتەوە بەسەبرو دان بەخۆداگرتن و بەهیوای خێر گەیشتن و چاوەڕێ کردنی دەوری خێرو ئاسایش و ڕزگاربوون.

چونکە خوای پەروەردگار بڕواداران تاقی دەکاتەوە بەناڕەحەتی تووش بوون لەلایەن بێ باوەڕان، بەشێوەیەکی وەها کەجاری وا دەبێت بڕواداران بکوژن وەك چۆن پێغەمبەرانیشیان دەکوشتن...

جا ئەگەر سەبر بگرێت و بەردەوام بێت و ڕێگای ڕاستی سوننەت بگرێتەبەر لەدەعوەو بانگەوازیدا ئەوا دەگات بەمەبەست و ئاوات بەلاّم بەبێ ئاژاوەو بێ هەڵچوون و هەڵنان و هاندان بۆ ئاژاوە دروست کردن.

ئەو کاتە ئەو ساویلکانەی کەسۆزو عاتیفە دەیانگرێت و وایان لێ دەکات شۆڕش بکەن و دەربچن دژی کافرە ستەمکارەکان، ئەوانە جاری وا هەیە خێرێکی زۆریان لەدەست دەچێت. وە جاری واش هەیە بەپەلەو هەڵچوون و ئارام نەگرتن هەڵەیەکی وا گەورە دەکەن کە هەرچی هەنگاوێکی باشی پێشوویان نابێت هەڵی دەوەشێننەوە. واتە: دەیانگێڕنەوە سەر سفرو ڕیسەکەیان لێ دەکەنەوە بەخوری ئەگەر شتێکیان کردبێت. بەلاّم بڕواداری تەواو دان بەخۆیدا دەگرێ و سەبرو خۆڕاگر دەبێت و بەئارامی هەنگاو دەنێت و بەڕێك و پێکی نەخشە دەکێشێت، نەخشەیەکی وا کەسەریخات بەسەر کافرو مونافیقان، وە هەل و بواریان ناداتە دەست، چونکە کافرو مونافیقان ئاواتەخوازی ئەوەن موسوڵمانی ڕاست زوو هەڵبچێت و هەڵوێستێکی توندو ڕەقی ببێت بۆ ئەوەی بۆیان بڕەخسێت و بیانوویان ببێت بۆ لێدان و لەناوبردنی. وە بەوەش موسوڵمان زەرەر دەکات بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەهاوەڵانی دەفەرموو سەبر بگرن چونکە ئەوانەی پێش ئێوە لەئێوە زیاتر ئەزیەت دەدران وە دان بەخۆداگرو خۆڕاگریش بوون. **کەواتە پێویستە تۆی موسوڵمان پشوو (نەفەس) درێژتر بیت لەکافران و لێزانتر بیت لەوان. وە هەرچەندە ئازارت بدەن بۆ ئەوەی تووشی هەڵچوونت بکەن، نابێت هەڵبچیت و بکەویتە داویانەوە.** بەلاّم بەداخەوە موسوڵمانانی ئەمڕۆ زۆربەمان دان بەخۆماندا ناگرین و بێ ئارام و بەپەلەین و هەنگاوی ناسوننەتانە دەنێین و خۆمان بەدەستی خۆمان شەڕو فیتنە دەکڕین و ئاواتەخوازی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنین لەکاتێکدا فەرموویەتی: (لاتتمنَّوا لقاءَ العدو...)(٤) ، واتە ئاواتەخوازی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن مەبن. وە بەداخەوە بەهۆی ئارام نەگرتن لەسەر ناڕەحەتییەکی کەمی بێ ئاگایان لەئیسلام، وە بەپەرچ دانەوەیەکی ناشەرعیانە لەهەندێك هەرزەکارو خوێن گەرمی هەڵچووی دوور لەزانست، ڕێگا ڕەخسا بۆ دەسەلاّتداران لەهەموو جیهاندا کەکوێرانە وە گشتیانە ـ بەئاگایی و بێ ئاگایی ـ دوژمنایەتی موسوڵمانی پابەند بەدین و سوننەت بکرێت و ڕێ خۆشکرا بۆیان کە بەهەموو شێوەیەك فشار بخرێتە سەر ئەم بانگەوازە ئیسلامییە ساوایە، چونکە بە هەڵوێستە توندو بەپەلەو ناسوننەتەکانیان خزمەتێکی زۆر بەدوژمنانی ئیسلام کراو زەمینەیان بۆ خۆشکراو هەل و بیانوویان درایە دەست و بوونە پەیژەیەك و پیایدا سەرکەوتن بۆ زاڵ بوون بەسەر موسوڵماناندا، جا هەست بەم ڕاستییە بکات یان نا!!.

---

(٤) البخاري: ٣٠٢٥، ومسلم: ١٧٤١.

ئایا کێ یە هۆی ئەم فیتنەیە؟
وەگلەیی لەکێ دەکرێ؟

پەروەردگارمان فەرموویەتی: ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴾(آل عمران: ١٦٥).

واتە: ئەگەر موسیبەتێکتان تووش هات... دەڵێن لەکوێوەو چۆن تووشمان بوو؟ خوای پەروەردگاریش لەوەڵامدا دەفەرموێت: بفەرموو: ئەی (محمد) ئەو فیتنەو بەڵایە لای خودی خۆتانەوە هاتووە! واتە خۆتان بەسەر خۆتان هێناوەو ئێوە سەبەبن.

وە ابن القيم دەفەرموێت: ((تالله ماعدا عليكَ العدوا إلاّ بعد أن تولى عنك الولي، فلا تظن أنَ الشيطان غلبَ ولكن الحافظ أعرض))[٥]

واتە: وەڵاهی دوژمن زاڵ نەبووە بەسەرتدا تاوەکو پەروەردگارت ڕووی لێ نەسوڕاندیت، جا وا گومان مەبە کەشەیتان سەرکەوتووە، بەڵکو پارێزەرو پەروەردگارت لێت تووڕە بووە.

کەواتە گلەیی لەخۆمانەو خەتابار خۆمانین وە هیچ کاتێك گلەیی لەکەسانێکی کافر ناکرێت کە بەئاشکراو بەزانینەوە دژایەتی ئەم دینەو موسوڵمانان دەکەن، چونکە بەرنامەکەیان بریتییە لەمە، بەڵام ڕەخنە لەکەسێکە کەبەناوی دینەوە بانگەوازی بکات و موخالەفەشی بکات!.

وە بێگومان موخالەفەی سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هۆی بەهیلاك چوونە، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (فإنما أهلك الذين مِن قبلكم كثرةُ مسائلهم واختلافُهُم على أنبيائُهُم)(٦)واتە: ئەوەی کە ئەوانەی پێش ئێوەی بەهیلاك برد، تەنها موخالەفە کردنی پێغەمبەرانیان بوو.

وە فەرموویەتی (صلى الله عليه وسلم): (وجُعِل الذلَّة والصغار على من خالف أمري)[٧]

واتە: خوای پەروەردگار زەلیلی و ڕیسوایی و سەرشۆڕی لەسەر ئەو کەسانە داناوە کەسەرپێچی فەرمانی من دەکەن.

تەنها یەك موخالەفەی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەجەنگی (ئوحود) دا بوو بەهۆی شکانی موسوڵمانان و بریندارکردنی پێغەمبەری خۆشەویستی خوا (صلى الله عليه وسلم). ئەی کەواتە ئێمە بەو هەموو بیدعەو تاوان و پشت گوێ خستنەی سوننەتی پێشەوامان دەمانەوێت خوا سەرمان بخات بەسەر دوژمنانی ئیسلام دا؟!

با باش بزانین شکست و زەلیلیمان لەخۆمانەوەیەو ئەگەر خوای گەورەش بە بەزەیی و لێبوردە نەبێت لە زۆربەی تاوانەکانمان، ئەوا تووشی تێشکان و زەلیلی زیاتر دەبووین وەك لەوەی ئێستا. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾(الشورى: ٣٠).

دەی برای خۆشەویست تووڕە مەبە لە ئامۆژگاریەکەم و پێی دڵ گران مەبەو گومانی خراپیش بەبرای ئامۆژگاری کارت مەبە، سوێند بەخوا تەنها مەبەستم ڕەزامەندی خوایەو شوێن کەوتنی سوننەتی (رسول الله) یە (صلى الله عليه وسلم). بەڵام وورد بەرەوە لەحاڵی موسوڵمانان و سەیری دووریان بکە لەسوننەتی پێشەوایان و هانی نەفسی خۆیشت بدە بەجیهاد کردن لەسەر

---

[٥] الفوائد: ص ٧٩.

[٦] حديث صحيح أخرجه مسلم: ١٣٣٧.

[٧] أخرجه أحمد وصححه ابن رجب.

فێربوون و کارپێ کردن و بانگەوار بۆ کردن و ئارام گرتن و دان بەخۆداگرتن و پەله نەکردن، خوا هیدایەتمان بدات، وە هەرکەسێکیش بەم چوار قۆناغە جیهادی نەفسی خۆی نەکات ئەوە زەرەرمەندی دونیاو دواڕۆژە، وەك پەروەردگار سوێندی خواردووە بەکات کە هەموو مرۆڤێك زەرەرمەندە تەنها ئەوانە نەبن کە:

١ـ ئیمانێکی ڕاستیان هێناوە بەگوێرەی زانستێکی دروست لەقورئان و سوننەت.

٢ـ کردەوەی چاکەش دەکەن بەگوێرەی ئیمانەکەیان.

٣ـ وە دەعوەو بانگەوازیش دەکەن بۆ حەق و ڕێبازی ڕاستی خواپەرستی.

٤ـ وە سەبریش دەگرن لەسەر ئازارو نارەحەتی و هانی یەکتری دەدەن لەسەری.

وەك لەسورەتی (العصر) دا پەروەرگار دەفەرموێت:

﴿ وَٱلۡعَصۡرِ ۝ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ﴾ (العصر: ١ – ٣).

با وریا بین حەزکردن لەجیهاد وامان لێ نەکات بەدوای شەڕدا بگەڕێین و بەلاو فیتنەو ئاشوب بۆ سەر خۆمان و موسڵمانان بهێنین!!

گومانی تێدا نییە کەجیهادکردن بۆ بەرزکردنەوەی ووشەی (الله)، لەپیرۆزترینی کارەکانە. وە هەر نارەحەتی و ئەشکەنجەو ئازارێکیش لەم ڕێیەدا تووشی موسوڵمان بێت ئەوە بۆی بەئەجرو پاداشت دەنووسرێت، بەلاّم نابێت بەدەستی خۆمان، خۆمان تووشی زەلیلی و فیتنەو ئاشووب بکەین، چونکە هەرچەندە تاقیکردنەوەی خوایی سوودی زۆرەو دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕاست و ناڕاست و بەتواناو بێ تواناو جیاکردنەوەیان لەیەکتری، وە هەروەها ڕەشکردنەوەی گوناه و تاوان و بەرزکردنەوەی پلەو دەرەجات و ئەجرو پاداشت، بەلاّم خوای گەورە هانی داوین کەخۆمان بپارێزین لە بەلاّو موصیبەت سەرەتا پێش ئەوەی تووشمان بێت، وە هەوڵی لادانیشی بدەین دوای ئەوەی کە تووشمان دەبێت. هەروەك چۆن نەخۆشی دەبێتە مایەی ڕەشکردنەوەی گوناه، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە:

- ❖ بەویستی خۆمان، خۆمان تووشی نەخۆشی بکەین!.
- ❖ وە هەروەها خۆپاراستن لە نەخۆشی (الوقاية من المرض) حەرام بێت!.
- ❖ وە هەروەها خۆچارەسەرکردن و دەرمان بەکارهێنانیشمان لێ قەدەغە بێت!.

چونکە هەریەکێك لەم دووانە **خۆپارێزی** و **خۆچارەسەرکردن** لەشەرعدا ڕێگایان پێ دراوە. وە هەروەها هەرچەندە شەهید بوون لەپێناوی خوا لەکاتی جەنگدا پلەیەکی بەرزەو خوای گەورە هانی داوین بۆی، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە موسوڵمان بەویستی خۆی، خۆی تەسلیمی کافرەکان بکات بۆ ئەوەی بیکوژن و شەهید بێت، بەڵکو پێویستە لەسەری خۆپارێزی و ووریایی و حەزەری تەواو بکات لەکاتی جەنگدا بۆ ئەوەی بەئاسانی نەکەوێتە بەردەستی کافرەکان، بەلاّم کە بەلێزانانەو دانایانەو بەجەرگانە جەنگا، وە لەگەڵ ئەوەشدا بریندار بوو و کوژرا، ئەوکاتە إن شاءَ الله ئەجری خۆی هەیەو بە شەهید حیسابەو هیچ گلەیەکیشی لەسەر نییە لە شەرعدا.

* بەلاّم بەداخەوە زۆرێك لە نەفامان وا دەزانن کە موسوڵمان کاتێك ئیمانەکەی ڕاستەو مەنهەجەکەی سەلیمە، کە بەلاّو گیروگرفتی زۆری تووش بێت و زوو زوو بگیرێت و زیندانی بکرێت و ئەشکەنجە بدرێت.

وە هەر موسوڵمانێکیش کە حەکیمانەو ئازایانە بانگەواز بکات و خۆی لە فیتنە بپارێزێت بەگوێرەی توانا بەیارمەتی خوا، بێ ئەوەی تەنازولیش بکات لە عەقیدەکەی، ئەوە ئەو موسوڵمانە بەناڕاست حیساب دەکەن، وە بگرە بە عەمیل و بەکرێ گیراویشی لەقەڵەم دەدەن هەندێ جار!.

وە لەبەر ئەم بۆچوونە هەڵەیە دەبینین موسوڵمانی سادەو دڵسۆزی وا هەیە کە بەدەستی خۆی، خۆی تووشی فیتنە دەکات، بێ ئەوەی تۆسقاڵێکیش سوود بەموسوڵمانان بگەیەنێت، بەڵکو ئاکامەکەی بە زەرەر تەواو دەبێت بۆ موسوڵمانان، هەروەکو چۆن دەبیستین جارجار موسوڵمانێکی دڵسۆزو نیەت پاك لە (فلسطین) یەکان دەچێ خۆی دەتەقێنێتەوە (کە خوا ڕێگای بەم کارە نەداوە) وە لە ئاکامیشدا جوولەکەیەك بریندار دەبێ یان نا! وە دوای ئەوەش جوولەکەکان هێرش دەبەنە سەر موسوڵمانانی بێ تاوانی فلسطینی وە خەڵکێکی زۆریان لێ کوژراوو بریندار دەکەن و خانووەکانیان بەسەردا کاول دەکەن!.

بەڵام بەلای فیداکارەکەو هاوبیرانی ئەو ئیشە ئیشێکی پاڵەوانانەو موجاهیدانەیە، چونکە لایان وایە نیشانەی ڕاستێتی ئیمان، زوو خۆتووش کردنی ئەشکەنجەو ئازارە!.

** وە جاری وا هەیە (نەك لە فلسطین) بۆ ئەوە خۆی تووشی فیتنە دەکات، تاوەکو خەڵکی بڵێن بەڕاستی ئەوەیە خزمەتکاری ئیسلام و فیداکاری ڕاست!!.

وە تووشی ڕیایی و سومعەش دەبێت وگوناهبارش دەبێتەوە لەسەری، چونکە نیەتەکەی بەپاکی تەنها بۆ خوا نەبوو بەڵکو بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئازاو بەجەرگ و فیداکارە. وەك لەحەدیسی ئەبو هورەیرە هاتووە کە یەکەم کەسانێك کەڕۆژی دوایی ئاگری دۆزەخیان پێ هەڵدەگیرسێنرێت ئەو سێ کەسەن کەلە عیبادەت و خواپەرستی و جیهادو ماڵ بەخشین و قورئان خوێندن و بانگەواز کردنیاندا لەسەدا سەد نیەتیان خوا نەبووە، بەڵکو مەبەستیشیان ئەوە بووە خەڵکی بەخواپەرستی چاك ناویان ببیستن و مەدحیان بکەن.

**** ***** ****

وە لەکتێبی (السنن الإلهية في الأمم والجماعات والأفراد في الشريعة الإسلامية) نووسەرەکەی[٨] ئاماژە بۆ ئەم باسەی پێشوو دەکات و دڵێت:

حذار من جلب المحن أو الحرص عليها

المحن، وإن كانت مما جرت به سنة الله أبتلاءُ عباده المؤمنين وفيه تمحيص لهم وتمييز بين الصادق والكاذب والخبيث والطيب كما قلنا، وإن هذه السنة تسري على الجماعة المسلمة ولكن حذار أن تجلب الجماعة المسلمة المحنَ على أنفسها أي تسعى لجلبها لنفسها او تستعجل وقوعها لها مدفوعة بالحماس لنصرة الإسلام، أو مستحضرة في نفسها أن المحن والشدائد لابد منها، وإنها بدون المحن تنصب عليها تتهم بالضعف والقصور في خدمة الإسلام والدعوة إليه مما يفقدها رضا الناس وثقتهم بها وتأييدهم لها وإقبالهم عليها... وهذا منها خطأٌ جسيمٌ مرده:

الجهل بمعنى سنة الله في الفتن والابتلاء أو طلبها السمعة والرياء أو تصورها الخاطئ لما تحصل به ثقة الناس، وهذا مانوضحه في الفقرات التالية:

---

[٨] د. عبدالكريم زيدان: (ص: ١٠١- ١١١).

أولاـ أستعجال المحن لجهل الجماعة المسلمة:

أي الجهل بمعنى سنة الله في الفتنة والإمتحان وما يجب أن يكون عليه موقفها تجاه هذه السنة الربانية.

وبيان ذلك أن هذه السنة تعني فيما تعنيه أن المحن والشدائد مما يلاقيه المؤمنون الداعون الى الله، ولكن لاتعب وجوب أو استحباب او إباحة تقصد جلب هذه المحن وتعمد إيقاعها بالجماعة. كما لاتعني هذه السنة عدم جواز الحذر أو الوقاية من الفتن والمحن والشدائد لئلاّ تقع ولا تمنع من رفع المحنة إذا وقعت وعلى هذا فالموقف الصحيح للجماعة المسلمة من هذه السنة الإلهية في الضوء المعنى الصحيح لها هو: لا تستغرب الجماعة المسلمة ولا تندهش إذا أصابتها المحن والشدائد، وإنها غير ممنوعة من الوقاية من هذه المحن لئلاّ تقع، وإذا وقعت فعليها أن تقابلها بالصبر الجميل ـ والتأمل في أسبابها وهل وقعت على المصابين بها على وجه العقوبة لهم على معاصيهم فيقلعوا عنها؟!، أو أنها جاءت بسبب تقصيرهم في وسائل الحمية المشروعة فلا يعودوا إلى تقصيرهم ـ مع سعيها الحثيث لرفعها لأن الشرع قد أذن أو ندب لذلك أو أوجبه عليها.

ثانياً ـ رياء الجماعة المسلمة يجلب المحن:

وقد يكون الدافع للجماعة المسلمة في سعيها لجلب المحن لنفسها، هو رياؤها وطلبها السمعة لنفسها عند الناس.

وتتعمد الجماعة المسلمة المواجهة والمقابلة مع عدوها وهي تعلم عجزها مواجهته ومنازلته وتعلم أنها يسمعها شرعاً أن لاتفعل ذلك ولكنها تفعله وتصر على فعله طلباً للسمعة والمنزلة عند الناس وحتى يقولوا ما أشجع هذه الجماعة وما أجرأها، ويكون الثمن الذي تقدمه ثمناً باهظاً جداً:

١ـ إنه سخط الله عليها لأنها لم تقصد بعملها وجه الله وطاعته ومرضاته، وإنما أرادت بعملها هذا مرضاة الناس، ومن طلب مرضاة الناس بسخط الله أسخط الله عليه الناس.

٢ـ ومع سخط الله فإنها تعرض أعضاءها ـ وهم أمانة عندها ـ إلى الأذى وتنكيل الأعداء بهم وزجهم بالسجون ومصادرة أموالهم والإعتداء على أعراضهم وتعريضهم للفتنة وزعزعة إيمانهم إلى غير ذلك من البلايا العظام التي سببتها لهم جماعتهم أو قيادتهم.

٣ـ ثم مع هذا الذي ذكرته ستضيق سبل العمل على الجماعة وينفض ضعاف الإيمان من حولها خوفاً من أن يمسهم الأذى، وقد كان من المأمول تقوية إيمانهم لو بقية الجماعة قي منأى عن البلاء الذي نزل بها، كما أن الناس لا يقبلون على الجماعة خوفاً من تنكيل خصومها بهم.

٤ـ و سيصيبها زيادة على المحن التي جلبتها لنفسها انكشاف ريائها للناس وما يترتب على ذلك من ذمهم لها وازدرائهم لها.

٥ـ و أيضاً، إن في تعريض الجماعة أعضاءها إلى المحن التي تعمدت وقوعها طلباً للسمعة والرياء إذلالاً لهم على أيدي أعدائها من الكفرة الفجرة، وهي ممنوعة من ذلك شرعاً، قال (صلى الله عليه وسلم): (لا ينبغي للمؤمن أن يذل نفسه. قالوا كيف بذل نفسه؟ قال يتعرض من البلاء لما لا يطيق) [٩]، والظاهر أنهُ في حق من يتعرض إلى البلاء لظنه بقدرته على ذلك، ومع هذا جاء النهي عنه، فكيف بالذي يتعرض إلى بلاء للسمعة والرياء وهو يعلم أنه لا يطيق هذا البلاء؟.

---

[٩] أخرجه الترمذي: ٢٢٥٤. من طريق علي بن زيد بن جدعان. وهو ضعيف لكن الترمذي حسن الحديث لأن علي بن زيد صدوق عنده.

ثالثاً ـ التصور الخاطئ للجماعة يحملها على جلب المحن لنفسها:

وقد تقع الجماعة في الوهم والتصور الخاطئ وسوء التقدير بما تحصل به الجماعة على ثقة الناس ورضاهم فتعتقد أن ذلك لا يحصل لها إلا إذا أوذيت وقدمت أعضاءها إلى أعدائها ليجلدوهم ويعذبوهم بأنواع العذاب... وبهذا ـ في تصورها ـ تُقدِّم الجماعة (الشهادة حسن السلوك) لنفسها لجماهير الناس حتى يثقوا بها ويرضوا عليها وهذا خطأ جسيم.

تنبيه: أنا لم أقصد بكلامي أن على الجماعة المسلمة أن تقعد ولا تعلم حتى تنجو وينجو أعضاؤها من المحن وإنما قصدت بكلامي شيئين:

الأول: تعمد وقوع المحن من قبل الجماعة وسعيها إلى استجلابها وإيقاعها على نفسها وعلى أعضائها وقد بينت خطأ ذلك ودليله.

الثاني: بيان ما يدفع الجماعة المسلمة إلى سعيها إلى استجلاب المحن لنفسها ولأعضائها، فقلت بأن هذا الدافع:

- ❖ قد يكون الرياء وطلب السمعة.
- ❖ وقد يكون التصور الخاطئ لما يجلب لها ثقة الناس ورضاهم عليها وبيَّنت أن هذا لا يجوز شرعاً.

وتذكر أخير، أقول: **إن من السهل لكل إنسان أن يتعمد تقديم نفسه إلى عدوه ليأسره أو يؤذيه أو يقتله، ولكن ليس من السهل لكل إنسان أن يجاهد عدوه ويخادعه في جهاده معه ولا يعينه على أن يأسره أو يؤذيه.**

جۆری دووەم لەوانەی کە جیهادیان دژ دەکرێ:﴿شەیتان﴾

ئەم جیهادەش بەردەوام واجبە لەسەر هەموو بەندەیەك بەدوو چەك:

چەکی یەکەمیان: بریتی یە لە زانیاری و یەقین پەیداکردن بۆ بەرپەرچ دانەوەی شوبهەو گومانەکانی. چونکە مرۆڤی نەزان و نادڵنیا زوو هەڵدەخەڵەتێت بەشوبهەو گومانەکانی شەیتان.

چەکی دووەم: بریتییە لە سەبرو دان بەخۆداگرتن لەبەرامبەر هێرشی ئارەزوو بازی و شەهوەکانی شەیتان. چونکە شەیتان هەموو شتێکی حەرامت لا شیرین دەکات، بۆیە پێویستە سابرو دان بەخۆداگر بێت و نەکەوێتە شوێن شەیتان بۆ شەهوەت بازی. وە مرۆڤ کە بەردەوام جیهادی ئەم شەیتانە دوژمنە نەکات ئەوا بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت جیهادی کافرو موشریکان بکات، چونکە دەبێتە ڕێگر لەجیهاد کردنیان و دەتترسێنێت لەکوشتن و جێهێشتنی ماڵ و سامان و خێزان... وە هەروەها کە چەکی یەکەمی دژ بەشەیتانی پێ نەبووە، ئەوا لەخشتەی دەبات و ناحەقی بەحەق پیشان دەدات و گومڕای دەکات.

جۆری سێهەم لەوانەی کە جیهادیان دژ دەکرێ:﴿کافران و موشریکان﴾

ئەم جیهادەش بەچوار شت دەکرێت:

یەکەم ـ بەدڵ: حەزنەکەیت بەکافرو موشریك و لەبەر خوا ڕقت لێیان بێت.

دووەم ـ بەزمان: بەرپەرچی پڕوپاگەندە نارەواکانیان بدەیتەوە.

سێهەم ـ بەماڵ: لەپێناوی خوا ماڵەکەت سەرف بکەیت بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلان و هێرشی بێ باوەڕان و پتەوکردن و پاڵپشتی کردنی ئیسلام و موسوڵمانان و بۆ بلاوکردنەوەی ڕاستی ئیسلام.

ئەم شێوە ماڵ سەرف کردنەش جیهادەو خێری زۆرە، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (من جهز غازياً في سبيل الله فقد غزا، ومن خلف غازياً في سبيل الله في أهلهِ بخيرٍ فقد غزا)(١٠)

وە بەیارمەتی دانی ئەوانەی کەخۆیان یەکلا کردووەتەوە بۆ بانگەوازی ئیسلامی، وە بەبلاوکردنەوەی کتێب و نامیلکەو شریتی بەسوود کە بەگوێرەی قورئان و سوننەت بێت.

چوارەم ـ بەلاشەو چەك: تێبکۆشێت بۆ بەرپاکردنی تەنها پەرستنی خواو پەیڕەوکردنی بەرنامەکەی، وە نەهێشتنی شیرك و گروپەکەی.

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (جاهدوا المشركين بأموالكم وأنفسكم وألسنتكم)(١١). واتە: جیهادی موشریکان بکەن بەماڵتان و نەفس و لاشەو زمانتان.

وە فەرموویەتی: (أفضل الناس مؤمن يجاهد في سبيل الله بنفسهِ ومالهِ. ثم مؤمن في شعبٍ من الشعاب يتقي الله ويدع الناس من شرهِ)(١٢)واتە: باشترین خەڵکی بڕوادارێکە کەجیهاد دەکات بەنەفس و (لاشە) و ماڵی خۆی. لەپاش ئەو باشترین کەس بڕوادارێکە کە لەدۆلێك لەدۆڵەکان دوور لەفیتنەی خەڵکی تەقواو عیبادەتی خوا دەکات و دادەبڕێت لە خراپەکاری خەڵکی (ويعتزلُ شرور الناسِ). وە جیهادی کافران زیاتر بەچەك دەکرێت وەك (الشيخ محمد بن صالح العثيمين) دەفەرموێت: ((

---

(١٠) حديث صحيح: أخرجه البخاري: ٢٨٤٣.

(١١) صحيح الجامع الصغير.

(١٢) صحيح الجامع الصغير.

أما النوع الثالث: فهو جهاد المبارزين المحاربين وهم الكفار الذين أعلنوا وصرحوا بالكفر، وهذا يكون بالسلاح))، واته: جۆری سێهەم: جیهادی شەڕکەرە سەرکەشەکانە، کەئەو کافرانەن بەئاشکراو بێ پەردە کوفر دەکەن، وە ئەو جیهادەش بەچەك دەکرێت.

جۆری چوارەم لەوانەی کە دەبێت جیهاد بکرێن:
مونافیق[١٣]و موبتەدیع[١٤]و زاڵم[١٥] و فاسقان[١٦]:

ئەم جیهادەش بەسێ قۆناغ دەکرێت:

١ـ بەدەست کەبتوانرێت، ئەگینا. ٢ـ بەزمان، کە بەزمانیش نەتوانرا. ٣ـ ئەوا بەدڵ پێویستە جیهاد بکرێن. هەروەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (**ما من نبـــيٍّ بعثهُ اللهُ في أُمة قبلي إلا كان لهُ من أُمتهِ حواريون وأصحابٌ يأخذون بسنتهِ ويقتدونَ بأمرهِ، ثم إنها تخلفُ منْ بعدهم خلوفٌ يقولون مالا يفعلون، ويفعلون مالا يؤمرونْ، فمنْ جاهدَهم بيدهِ فهوَ مؤمنْ، ومنْ جاهدهم بلسانهِ فهوَ مؤمن، ومنْ جاهدهم بقلبهِ فهو مؤمنْ، وليس وراء ذلك من الإيمان حبةُ خردلٍ**)[١٧].واته: هیچ پێغەمبەرێك نییە کەخوا ناردبێتی لەگەلێکدا پێش من، ئیللا لەگەلەکەیدا دەستەو هاوەڵانێکی هەبووە، کەدەستیان گرتووە بەسوننەتەکەی و کەوتوونەتە شوێن فەرمانەکەی. بەڵام لەپاش ئەوان کەسانێك دێن شتێك دەڵێن کەنایکەن، واتا ئەوەی بەزمان دەیڵێن کردەوەی پێ ناکەن، وە کردەوەیەك دەکەن فەرمانیان پێ نەکراوە. ئەوەی بەدەم دەیڵێن بەکردەوە نایکەن (واتا وەك مونافیقان). وە کردەوەیەك دەکەن کەفەرمانیان پێ نەکراوە بەو کردەوەیە، بەڵکو لەخۆیانەوە دایان هێناوە ـ بیدعەچین ـ (والله أعلم) چونکە هەرکەسێك عیبادەتێك بکات کەفەرمانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەسەر نەبێت ئەوە بیدعەو داهێنراوو ڕەتکراوەیە:((**مَنْ عَمَلَ عَملاً ليسَ عليهِ أَمرُنا فَهوَ رَدْ**))[١٨]

جا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: هەرکەسێك جیهادی ئەو دوو کۆمەڵەیە بکات بەدەست ئەوە بڕوادارە، وە هەرکەسێ جیهادیان بکات بەدەم ئەوە بڕوادارە، وە هەر کەسێ جیهادیان بکات بەدڵ ئەوە بڕوادارە، وە کەبەدڵیش جیهادیان نەکات ئەوا دیارە هیچ ئیمان لەدڵیدا نی یە، پەنا بەخوا.

بەڵام قۆناغی یەکەم تایبەتە بەئەهلی دەسەڵات و سوڵتان و گەورەی موسوڵمانان یان کەسانێك کە لەلایەن سوڵتانەوە ڕێگا پێ دراون بەگۆڕینی مونکەری خەڵکی بەدەست. هەروەها مرۆڤ دەتوانێت بەدەست خراپەی منداڵ و خێزان و ژێر دەستەی خۆی لابدات، بەڵام لابردنی خراپەی کۆمەڵگا تایبەتە بەسوڵتان و نابێت هەرکەسە لەلایەن خۆیەوە بەدەست هەوڵی خراپە لابردن بدات چونکە دەبێتە مایەی ئاژاوەو فیتنەو ئاشوب و کێشە لەنێوان موسوڵمانان. چونکە ستەمکارو خراپەکار لەکەسێکی سادە قبوڵ ناکات بەدەست خراپەکەی لابەرێت، بەڵام بەرامبەر سوڵتە هیچی پێ ناکرێت.

وە هەروەها کە زانیت بەدەست دەتوانیت خراپەیەك لابەریت و هیچ فیتنەو ئاژاوەی لێ دروست نابێت ئەوە دروستە، وە ئەگەر مەترسی فیتنەو ئاشووب هەبوو، ئەوا بەرزی دەکەیتەوە بۆ سوڵتەی شەرعی.

---

[١٣] دوو ڕوو.

[١٤] بیدعەچی.

[١٥] ستەمکار.

[١٦] تاوانباری لەسنوور دەرچوو.

[١٧] صحيح مسلم.

[١٨] صحيح مسلم.

بەشی سێ یەم
چۆنێتی گۆڕینی خراپەی سوڵتەو ئامۆژگاری و جیهادکردنی

- **حاکمی وولات لەدوو حاڵەت تێپەڕ ناکات**

١- حاڵەتی یەکەم : ئەوەیە کە موسوڵمان بێت .
٢- حاڵەتی دووەم : ئەگەر حاکم و سەرکردەی وڵات کافر بوو.

- **ڕای زانا بەرزەکان سەبارەت بە هەڵوێستی شەرعی بەرامبەر بە حاکمەکان .**

چۆنێتی گۆڕینی خراپەی سوڵتەو ئامۆژگاری و جیهادکردنی

وە ئەگەر سوڵتەش خراپەکارو زاڵم بوو، ئەوا ئامۆژگاری دەکەی بە ووشەی عەدالەت و ڕەوا، بەنەرم و نیانی بەئومێدی هیدایەتدانی، نەك موڵك لێ سەندن و وەلانانی. هەروەك چۆن خوای پەروەردگار پێغەمبەر موساو هارونی برای نارد بۆ لای گەورەترین کافری سەر ڕووی زەوی کە بانگەوازی بۆ پەرستنی خۆی دەکردو دەیفەرموو: ﴿ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾، واتە: من پەروەردگاری هەرە بەرزی ئێوەم و﴿ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي ﴾، وە نەمزانیوە ئێوە پەرستراوێکی ترتان هەبێت غەیری لەمن!

لەگەڵ ئەوەشدا خوای پەروەردگار فەرمانی کرد بەم دوو برا پێغەمبەرە کەقسەیەکی نەرمی پێ بڵێن ﴿ فَقُولَا لَهُۥ قَوۡلٗا لَّيِّنٗا لَّعَلَّهُۥ يَتَذَكَّرُ أَوۡ يَخۡشَىٰ ﴾ (طه: ٤٤)، واتە: بەڵکو بیربکاتەوە یاخود بترسێت، ئەگەر بەنەرمی بانگی بکەن. بۆیە ئەم دوو پێغەمبەرە بەڕێزە وەك شێوەی پرسیار نەك فەرمان، ووتیان: ﴿ هَل لَّكَ إِلَىٰٓ أَن تَزَكَّىٰ ۝ وَأَهۡدِيَكَ إِلَىٰ رَبِّكَ فَتَخۡشَىٰ ﴾(النازعات: ١٨ – ١٩)، واتە: ئەرێ حەز دەکەیت کە نەفسی خۆت پاك بکەیتەوە بەئیمان و ڕێنماییت بکەم بۆ لای خوا، تاوەکو تەقوای بکەیت و لەو بترسیت؟.

ئا بەم شێوەیە بەنەرمی و بە مەبەستی هیدایەتدان پێویستە بانگەوازو ئامۆژگاری دەسەلاتداری تاغوت بکرێت، نەك بەتوندی و تووڕەیی و مەبەستی لەناوبردن لەبنەڕەتدا!. **چونکە بانگەوازکاری ڕاست هیدایەتدەرو موصلیح و ڕەحمەتە بۆ هەمووو کەسێك نەك تێکدەرو تۆقێنەرو وێرانکار**، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نێردراوانی دەناردن بۆ لای سەرۆك و دەسەلاتداران و پێی ڕادەگەیاندن کە ئەگەر موسڵمان بن، ئەوا دوو جار ئەجرتان هەیە، ئەجری خۆتان و ئەجری شوێن کەوتەکانیشتان کە موسڵمان بن، نەك پێیان ڕابگەیەنێ کە بەزووترین کات عەرش و کورسی خۆی بەجێبهێڵێت بۆ موحەمەد (صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵانی رضي اللهُ عنهم!.

ئێمەی ئەهلی سوننەت شەڕ ناکەین لەسەر کورسی زەعامەت و پلەی دونیامان ناوێت بەڵکو داواکاریمان لە خاوەن کورسی و دەسەلاتداران گەڕانەوەیانە بۆ لای خواو تەسلیم بوونە بۆ بەرنامەکەی تاوەکو بەختەوەری دونیاو قیامەت بن و سەربەرزی و کامەرانی قیامەتیشیان دەست بکەوێت لەگەڵ خۆشی دونیادا ئەگەر شوێنی پێغەمبەری خوا بکەون نەك شوێنی ئێمەی تاوانبار.

وە ئامۆژگاری کردنی دەسەلاتداری ستەمکار بە ووشەی حەق باشترین جۆری جیهادە، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (إنَّ مِنْ أَفضَلِ الجهاد كلمةُ عدلٍ عندَ سُلطانٍ جائر)[1].

وە ئامۆژگاری سوڵتانی زاڵم نابێت لەسەر مینبەر بەئاشکرا بێت، چونکە هاندانی خەڵك لە دەسەلاتداران تەنها فیتنەو خوێن ڕێژی لێ دروست دەبێت نەك صوڵح و چاك بوونی حاکم!

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی کە حاکمانی ستەمکارو موبتەدیع و گومڕا دێنە سەرمان ـ بەهۆی تاوان و کەمتەرخەمی خەڵکی بەرامبەر بە خوای گەورەـ، وە فەرموویەتی کە ئەم حاکمانە بانگەوازی دەکەن بۆ دەرگای دۆزەخ و هەرکەسێك وەلامیان بداتەوە دەیخەنە ناو دۆزەخ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا فەرمانی کردووە پێمان بە سەبرگرتن و دان بەخۆداگرتن و خۆپاراستن لەناحەق و فیتنەی ئەوان و ئینکاری کردنی نارەوایەکانیشیان

[1] صحيح الجامع الصغير: ٣٦/٢رقم: ٨.

ئەگەر بتوانرێت بەبێ واقع بوونی فیتنە، هەروەك فەرموویەتی (صلى الله عليه وسلم): (إنهُ سيكونُ عليكُم أئمةٌ تعرفون وتنكرون (يعرفونكم ما تنكرونْ، وينكرونَ عليكُمْ ما تعرفون) فمَنْ أنكر فقد بريءَ ومنْ كره فقد سلمَ، ولكن منْ رضي وتابع)[٢]

واتە: لە داهاتوودا کارتان ئەکەوێتە دەست پێشەوایانێك کەئەوەی ئێوە لاتان چاکەیە بەخراپی دایدەنێن، وە ئەوەش لاتان خراپە بەچاکی دادەنێن، جا هەرکەسێك ئینکاری بکات لەخراپەیان ئەوا ئەو کەسە بەرییە لەنیفاق و تاوان، وە ئەوەش نەتوانێت ئینکاری بکات بەلاّم بەدڵ پێی ناخۆش بێت، ئەوە سەلامەتە لەتاوان، بەلاّم ئەو کەسە تاوانبارە کە بەدڵ ڕازی بێت پێیان و بەلاشەش شوێنیان بکەوێت.

جیهادی شەرعی بەرامبەر:

﴿ حاکم و سەرکردەکان ﴾

حاکمی وولاّت لەدوو حاڵەت تێپەڕ ناکات:

حاڵەتی یەکەم: ئەوەیە کە موسڵمان بێت:

واجبە لەسەر موسوڵمانان گوێڕایەڵی ئەم حاکمە بکەن لەچاکە (معروف) دا، وە لەفەرمانی دەرنەچن، وە کەهات و فەرمانی بەخراپە کردو ستەمی کرد ئەوا نابێت گوێڕایەڵی بکرێت. پێویستە بەنەرمی و حەکیمانە ئامۆژگاری بکرێت و ئەگەر ئامۆژگاریش وەرنەگرێت، ئەوا پێویستە بەپێی فەرمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەبر بگیرێت لەسەر ستەم و دەست درێژییەکەی، ئەگەر ماڵیشت بەناحەق بخوات و لێشت بدات بەناڕەواو نوێژیش لەکاتی خۆیدا نەکات، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (**سيكونُ عليكُم أُمراء يؤخرون صلاة عن مواقيتها، ويحّدثون البدع، قال إبن مسعود: فكيف أصنعُ؟ قال: تسألني يا أبن أُمِ عبدٍ كيف تصنعُ؟ لا طاعة لمنْ عصى الله.**)[٣]. واتە: کارتان دەکەوێتە بەردەستی کەسانێکی سەرکردە کە نوێژەکانتان دوادەخەن لەکاتی خۆیداو شتی ناشەرعی دێننە ناو دین، جا (عبدالله ی کوڕی مەسعود) فەرمووی: چی بکەم لەو کاتەدا؟ فەرمووی: گوێڕایەڵی کەسێك نەکەیت سەرپێچی فەرمانی خوا بکات.

بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا دروست نی یە دەرچوون لەفەرمانیان و جەنگان دژیان و حیزب پێکهێنان بۆ لابردنیان بەهێز.

وەك فەرموویەتی:(**مَنْ رأى مِن أميرهُ شيئاً يكرههُ فليصبر عليهِ، فإنهُ ليس أحدٌ يفارقُ الجماعة شبراً فيموت، إلا ماتَ ميتةً جاهليةً**) [٤].

واتە: هەرکەسێك خراپەیەکی لەئەمیرو سەرکردەکەی بینی با سەبر بگرێت لەسەری، چونکە هیچ کەسێك نی یە جیابێتەوە لە جەماعەت (کەئەمیرو موسوڵمانانی ژێر دەستیەتی) ئیللا کەمرد بەمردنێکی جاهیلیانە دەمرێت!.

وە فەرمانی کردووە بەکوشتنی هەرکەسێك کە بیەوێت پارچە پارچەیی بخاتە ناو موسوڵمانان لەکاتێکدا کە کۆبن لەدەوری سەرکردەیەك ئەگەر ستەمکارو تاوانبارو موبتەدیعیش بێت.

---

[٢] صحيح الجامع الصغير.

[٣] صحيح الجامع.

[٤] صحيح الجامع.

کەواتە سەبر نەگرتن لەسەر ستەمی سەرکردەی موسوڵمان، وە شۆڕش کردن دژی کارێکی شەرعی نییە، وە ڕەواش نی یە ناوی جیهادی لێ بنرێت! چونکە لەڕاستیدا شۆڕشی دەرچووانە لەگوێڕایەڵی ئیمام (ثورة الخوارج).

وە دەرچوون و شۆڕش کردن دژی پێشەوایان هیچ کاتێك فەرمانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەسەر نی یەو تەنها زەرەرو زیان و فیتنەو ئاشوب و خوێن ڕژان و ئابڕوو چوونی موسوڵمانانی لێوە پەیدا دەبێت، کە زەرەری ئەمە زۆر زۆر زیاترە لەزوڵمی پێشەوایان.

وە هەر لەکۆنەوە لەمێژوودا تا ئەمڕۆش شۆڕش دژ بەپێشەوایان شەڕو زیانێکی زۆری داوە، کەزیاتر بووە لەشەڕو زیانی پێشەوا زاڵمەکان، بۆ نموونە شۆڕشەکەی (أشعث) دژ بە (عبدالملك) لەعێراق، وە ئەوانەی دژ بە یەزید لەمەدینە کران، وە دەرچوونەکەی ابن المهلب لەسەر کوڕەکەی، وە ئەوانەی کە لەمەدینەو بەسرە دژ بەمەنصور دەرچوون، وە دەرچوونەکەی ئەبو موسلیم لەخوراسان... کە ئاکامی هەموو دەرچوون و شۆڕشەکان زەرەرێکی زۆر بووەو بەخێر نەگەڕاون. وە کاتێکیش کەحوسەین ﷺ ویستی دەربچێت دژ بە حوکمەکەی یەزید، زۆر لەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەك عبدالله ابن عمر و عبدالله بن عباس و هتد... ئامۆژگاریان کرد بە دەرنەچوون. بۆیە دەرنەچوونی ئەویش و غەیری ئەویش تەنها فیتنەو ئاژاوەو خوێن ڕژانی لێ دروست بوو، وە دەرچوونەکەی حسێن و شەهیدکرانی فیتنەیەکی دروست کرد کە تا ئێستاش دانەمرکاوەتەوە[٥] !.

وە لەهیچ فەرموودەیەکدا مەدحی دەرچوون نەکراوە، بەڵام فەرموودەی زۆر هەیە کە تیایاندا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەهی لەدەرچوون دەکات و مەدحی سەبرگرتن و دەرنەچوون دەکات.

شێخ الإسلام فەرمووی: ((وكان أفضل المسلمين ينهون عن الخروج والقتال (في الفتنة) ولهذا استقر أمر أهل السنة على ترك القتال في الفتنة للأحاديث الصحيحة الثابتة عن النبـي (صلى الله عليه وسلم) وصاروا يذكرون هذا في عقائدهم، ويأمرون بالصبر على جور الأئمَّة وترك قتالهم، وإن كان قد قاتل في الفتنة خلق كثير من أهل العلم والدين. **وباب قتال أهل البغي رالأمر بالمعروف والنهي عن المنكر يشتبه بالقتال في الفتنة**)).

((فقد نصح النبـي (صلى الله عليه وسلم) المسلمين بأن يصبروا على الاستئثار عليهم وأن يطيعوا ولاة أُمورهم وإن استأثروا عليهم وإن لاينازعونهم. ثم إنه يكون لولي الأمر ذنوب أُخرى فيبقى بغضه لإستئثارة يعظم تلك السيئات ويظن المقاتل له أنه يقاتله لئلا تكون فتنة ويكون الدين كله لله مع أنَّ أعظم ما حركه عليه طلب غرضه من ولايةٍ أو مال!)).

واتە: بەڕێزترینی موسوڵمانان کە هاوەڵانن (الصحابة) نەهیان کردووە لەدەرچوون لەپێشەوایان و جەنگان لەدژیان. بۆیە ڕای ئەهلی سوننە لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە (قەراری گرتووە) کە شەڕو کوشتار نەکرێت لەفیتنەدا، لەبەر ئەو هەموو فەرموودانەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وە بۆیە ئەهلی سوننەت ئەم ڕایەیان لەکتێبە عەقیدەییەکاندا باس کردووەو فەرمانیان کردووە بەسەبرگرتن لەسەر زوڵمی پێشەوایان و نەجەنگان دژیان. وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامۆژگاری موسوڵمانانی کردووە کە سەبربگرن لەسەر ماف خورانیان لەلایەن سەرکردەکانیان و گوێڕایەڵیان بکەن و ململانێیان لەگەڵدا نەکەن. وە هەروەها سەرکردە تاوانی تری دەبێت جگە لەزەوت کردنی مافی ژێر دەستەکانی، جا ڕقی ماف خوراوان تاوانەکانی سەرکردە گەورەتر دێنێتە پێش چاوو گوێ و لەبەرئەوە ماف بەخۆی دەدات کە سەرکردە شایستەی لەناوبردنە

[٥] منهاج السنة: (٥٢٧/٤).

تاوەکو شیرك و فیتنە نەمێنێت و دین و پەرستن تەنها بۆ خوا بێت، **لەکاتێکدا کە گەورەترین پاڵنەر بۆ دژایەتی کردنی سەرکردەکەی ، داخوازی یەکەی خۆیەتی لە دەسەڵات و ماڵ و سامان!! وە ناوی جیهادیشی لێدەنێت.**

وە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (سيكونُ بعدي أئمة لايهتدون بهداي، ولا يستنون بسنتي، وسيقوم فيهم رجالٌ **قلوبهم قلوب الشياطين في جثمان إنسٍ**) قال حذيفة قلت: كيف أصنع؟ يا رسول الله إن أدركت ذلك؟ قال: (تسمع وتطيع الأمير. وإن ضرب ظهرك، وأخذ مالك، فاسمَع وأطِعْ)[٦] ، واتە: پێشەوایانێك دوای من کارتان دەگرنە دەست کە ڕێنمایی ناکەن بەڕێنمایی من، وە شوێن سوننەت و ڕێبازی من ناکەون، وە تێیاندا دەبێت پیاوانێك کە دڵەکانیان دڵی شەیتانەکانە بەڵام لەلاشەی مرۆڤدان! حوزەیفە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چی بکەم ئەگەر گەیشتمە ئەو کاتە؟ فەرمووی: گوێگرو گوێڕایەڵی ئەمیرو پێشەوا دەبیت ئەگەر لە پشتیشت بدات و ماڵیشت بە ناڕاوە ببات! گوێ بیست و گوێڕایەڵ بە.

کەواتە بە هیچ شێوەیەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕێگای نەداوە بەدەرچوون لەسەر حاکمی موسوڵمان ئەگەر بگاتە ئەوپەڕی پلەی ستەم و فاسقیش. ئەگەر بانگەوازیش بکات بۆ دەرگای دۆزەخ! ئەگەر لەسەر ڕێنمایی و سوننەتی غەیری پێغەمبەریش ﷺ بێت! وە ئەگەر دڵیشی دڵی شەیتان بێت و تەنها بەلاشە مرۆڤ بێت! واتە ئەگەر مونافیقیش بێت و تەنها لەڕواڵەتدا یا هەر بەدەم موسوڵمان بێت!

ئەگەر ماڵیشت بخوات و زوڵمیشت لێ بکات و لێشت بدات، تاوەکو کوفری ئاشکرای لێ نەبیسترێت کە بەڵگەی ڕاست و ڕوونی هەبێت کە کوفرە.

لە شەرحی عەقیدەی (الطحاوي) دا هاتووە: ((في الصبر على جورهم تكفير السيئات فإن الله ما سلطهم علينا إلا لفساد أعمالنا، والجزاء من جنس العمل، فعلينا الإجتهاد في الإستغفار والتوبة وإصلاح العمل. قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾(الشورى:٣٠). ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾ (الأنعام: ١٢٩). فإذا أراد الرعية أن يتخلصوا من ظلم الأمير الظالم فليتركوا الظلم...

واتە: بە سەبرگرتن لەسەر زوڵمی حاکمەکان گوناهمان ڕەش دەبێتەوە، وە خوای گەورە زاڵی نەکردوون بەسەرماندا بەهۆی کردەوە خراپەکانمانەوە نەبێت، وە سزاش بەگوێرەی تاوانە. جا پێویستە لەسەرمان داوای لێبوردن و تۆبە گیرابوون بکەین لەخوا وە کردەوەکانمان چاك بکەین. وە خوای گەورە فەرموویەتی ئەو موسیبەتەی تووشتان بووە بەرهەمی دەستی خۆتانەو لەزۆر خراپەی تریشتان بوراوەو عەفووی کردوون، ئەگینا خراپترتان بەسەر دەهات! وە دەفەرموێت بەم شێوەیە هەندێك لەستەمکاران زاڵ دەکەین بەسەر هەندێکیاندا بەهۆی کردەوە خراپەکانی خۆیان.

جا ئەگەر خەڵکی ژێر دەستەی حاکمی زاڵم بیانەوێت ڕزگاریان بێت لەزوڵمی ئەمیرو حاکم، ئەوا با خۆیان سەرەتا واز لەزوڵم بهێنن.

وە ئیمام (الحسن البصري) لەگەڵ ئەوەشدا کە (حجاج)ی زاڵمی بەکافر دادەنا بەڵام ڕێگەی نەدەدا شۆڕش دژی بکرێت و دەیفەرموو:

---

[٦] صحيح مسلم: ١٨٤٧.

((إنَّ الحجاج عذاب الله، فلا تدفعوا عذاب الله بأيديكم ولكن عليكم بالإستعانة والتضرع، فإن الله تعالى يقول: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَٰهُم بِٱلْعَذَابِ فَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ لِرَبِّهِمْ وَمَا يَتَضَرَّعُونَ ﴾ (المؤمنون: ٧٦).

واته: حەجاج سزای خوایی یە بۆ سەرتان، وە سزای خوا بەدەستتان لاناچێت بەلاّم بگەڕێنەوە لای خوا بەزەلیلی و پاڕانەوە بەلکو لێتان ببورێت و لەسەرتان لابەرێت. خوای گەورەش فەرموویەتی: (سزامان بۆ سەر هێنان بەلاّم نەگەڕانەوە لای خواو لێیشی ناپاڕێنەوەو گەردن کەچ نابن بۆی!).

وە زانای فەرموودەناس (المحدّث) ی پایەبەرز ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دوای ووتەکەی شەرحی (الطحاوي) فەرمووی:

((قلت: وفي هذا البيان لطريق الخلاص من ظلم الحكام الذين (هم من جلدتنا ويتكلمون بألسنتنا) وهو أن يتوب المسلمون إلى ربهم، ويصححوا عقيدتهم ويربوا أنفسهم وأهليهم على الإسلام الصحيح تحقيقاً لقوله تعالى: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ (الرعد: ١١). وإلى ذلك أشار أحد الدعاة المعاصرين بقوله: (أقيموا دولة الإسلام في قلوبكم، تَقُم لكم على أرضكم). وليس طريق الخلاص مايتوهم بعض الناس، وهو الثورة بالسلاح على الحكام. وبواسطة الإنقلابات العسكرية، فإنها مع كونها من بدع العصر الحاضر، فهي مخالفة لنصوص الشريعة التي منها الأمر بتغيير ما بالأنفس، وكذلك فلا بد من إصلاح القاعدة لتأسيس البناء عليها ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾ (الحج: ٤٠).

واته: لەو فەرموودانەی شەرحەکەدا ڕوون کرایەوە ڕێگای ڕزگاربوون لەزوڵمی حاکمەکان، ئەوانەی کە بەسەرمانەوەن لەوولاّتە ئیسلامییەکان و بەزمانی خۆمان قسە دەکەن. ڕێگای ڕزگارییەکەش ئەوەیە کە موسوڵمانان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای پەروەردگاریان و عەقیدەو بیروباوەڕیان ڕاست بکەنەوەو پەروەردەی نەفسی خۆیان و خێزانیان و دەوروبەریان بکەن لەسەر ئیسلام، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ (الرعد: ١١).

واته: خوای گەورە خێرو شەڕو حاڵ و وەزعی هیچ قەومێك ناگۆڕێت لەخۆشییەوە بۆناخۆشی، یان لەزەلیلییەوە بۆ سەربەرزی، یان لەگرانی یەوە بۆ هەرزانی تاوەکو خۆیان ئەوەی کەبەنەفسی خۆیان دەکرێت نەیگۆڕن و نەیکەن.

وە یەکێك لەبانگەوازکارانی ئەم سەردەمە فەرموویەتی دەوڵەتی ئیسلامی لەخۆتاندا بهێننەدی، خوای گەورەش لەزەویدا بۆتان دەهێنێتە دی.

وە ڕێگای ڕزگاربوون لەشۆڕشی چەکداریدا نییە دژ بەحاکمەکان و بەهۆی ئینقیلابی عەسکەری نابێت. چونکە ئەم وەسیلەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەشتێکی داهێنراوی ئەم سەردەمەیە، پێچەوانەی بەڵگەی شەرعیشە کەفەرمانمان پێ کراوە جارێ خۆمان چاك بکەین تاوەکو خواش حاکمەکانمان چاك بکات. وە هەروەها پێویستە بناغە چاك بکرێت کە گەل و میللەتە، تا بتوانرێت بینای لەسەر دروست بکرێت. چونکە ئەم خەڵکەی ئەمڕۆ هەر شایستەی ئەم حاکمانەن، وە هەرکاتێك ئەوان بەرەو چاکی چوون حاکمیش چاك دەبێت یان خوای گەورە دەیگۆڕێت.

حاڵەتی دووەم

ئەگەر حاکم و سەرکردەی وولاٌت کافر بوو:

ئەوا هیچ موسوڵمانێك کێشەی نی یە لە بەکافردانان و هەوڵی وەلانانیو دانانی حاکمێکی موسوڵمان لەجێگای، بەلاٌم ئەم هەوڵەش بەبێ تواناو دەسەلاٌت و حیکمەت و لێزانین نابێت بکرێت، ئەگینا زەرەری زیاتر دەبێت بۆ سەر موسوڵمانان. وە هەر هەوڵێکیش زەرەرو زیانی زیاتر بوو لەقازانج و سوودی ئەوا هەوڵێکی ناشەرعییەو خوا لێی نارازییە، ئەگەر لەژێر ناوی جیهادو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەشدا بێت! وەك (شيخ الإسلام ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت: ((لكن إذ لم يَزُلُ المنكرُ إلا بما هو أنكر منه، صارت إزالته على هذا الوجه منكراً، وإذا لم يحصل المعروف إلا بمنكرٍ مفسدته أعظم من مصلحة ذلك المعروف، كان تحصيل ذلك المعروف على هذا الوجه منكراً))[٧].

واتە: ئەگەر کاری خراپ (منكر) لانەچوو بەمونکەرێکی گەورەتر نەبێت، ئەوا لابردنی ئەو مونکەرەی یەکەم بەم شێوەیە تاوانەو خۆی مونکەرەو خراپە. وە ئەگەر چاکەیەك دەستگیر نەبێت بەمونکەرێك نەبێت کە مەفسەدەکەی گەورەتر بێت لە مەسلەحەتی چاکەکە، ئەوا دەستگیرکردنی ئەو چاکەیە بەم شێوەیە، خراپەو تاوانەو مونکەرە.

وە لە (مجموع الفتاوى/٢٨) دەفەرموێت: ((فإن الأمر والنهي وإن كان متضمناً لتحصيل مصلحةٍ ودفع مفسدةٍ فينظر في المعارض له، فأن كان الذي يفوت من المصالح أو يحصل من المفاسد أكثر، لم يكن مامورا به، بل يكون خرماً إذا كانت مفسدته أكثر من مصلحته، لكن اعتبار مقادير المصالح والمفاسد هو بميزان الشريعة)).

واتە: فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە هەرچەندە چاکەیەکیان پێ دەست دەکەوێت و خراپەیان پێ بەلاوە دەنرێت بەلاٌم دەبێت سەیری ئەنجام و بەرهەمی ئەم فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە بکرێت، چونکە ئەگەر مەسلەحەت و خێرێکی گەورەتر بەوانە لەدەست چوو یان خراپەو زیانێکی گەورەتر هاتەجێی ئەوا ئەوکاتە فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە کارێکی فەرمان پێکراوو شەرعی نابن، بەڵکو حەرامن ئەگەر زیان و مەفسەدەیان زیاتربوو لە مەسلەحەت. بەلاٌم ئەندازە دانان بۆ مەسلەحەت و مەفسەدەت بەتەرازووی شەرعە (نەك بەتەرازووی هەواو نەفس و حیزب و شەخص). کەواتە هەرچەندە شەرع ڕێگا نادات کەموسوڵمانان ڕازی بن بەحاکمێکی کافر بەسەر خۆیانەوەو پێویستە لابرێت، بەلاٌم شەرعی ئیسلامی پیرۆز سەیری مەسلەحەت و مەفسەدەت دەکات و بەگوێرەی توانای موسوڵمانان خوای گەورە ئەرك و تەکلیف دادەنێت، جا ئەگەر هاتوو موسوڵمانان لەتوانایاندا هەبوو ئەم حاکمە کافرە لاببەن، ئەوا لابردنی پێویستە لەسەریان، بەلاٌم کەبێ تواناو بێ دەسەلاٌت بوون ئەوا ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴾ (البقرة: ٢٨٦). خوای پەروەردگار تەکلیف لەکەس ناکات تەنها ئەوە نەبێت کە لەتوانایدایە. وە مەشەقەت و حەرەج و خۆبەهیلاك دانی لەسەر بەندە موسوڵمانەکانی دانەناوە بۆیە لەم حاڵەتە لاوازییەدا پێویستە موسوڵمانان سەبربگرن و خوێنی موسوڵمانان بەبێ سوود بەفیڕۆ نەدەن و دان بەخۆیاندا بگرن و خۆڕاگربن لەسەر ئازارو ئەشکەنجەو ستەم و زوڵمی حاکمی کافر، وە جیهادی کافرو موشریکەکان بکەن بەدەعوەو بانگەوازو ڕاگەیاندنی حەق تاوەکو خەڵکی بەرەو خوا بگەڕێنەوەو بەتەنها بیپەرستن و واز لەگوێڕایەڵی و شوێن کەوتنی تاغوت بهێنن بۆ گوێڕایەڵی و شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تاوەکو پەتی تاغوت لاواز بێت و حاڵی موسوڵمانان بەهێزو پتەو بێت

---

[٧] بڕوانە منهاج السنة: (٥٢٧/٤).

و ورده ورده ئامادەبن بۆ جیهادی کافر بەدەست و لاشەو جەنگانیش. وە بەم شێوەیەش موسوڵمان بەردەوام لەجیهادکردندا دەبێت، چونکە دوو جۆر جیهادی سەرەکی هەیە:

١ـ جهادٌ بالحجة والبیان والدلیل والبرهان. واتە: جیهاد کردن بەبەڵگەو ڕوون کردنەوەو بانگەوازەوە.

٢ـ جهادٌ بالید والحدید. واتە: جیهاد بەدەست و چەك. جا کە دووەمیشیان نەتوانرێت لە هەندێ بارودۆخدا، ئەوا بەردەوام یەکەمیان هەر دەکرێت و دەبێت.

ڕای زانا بەرزەکان سەبارەت بە هەڵوێستی شەرعی بەرامبەر بەحاکمەکان

١ـ الشيخ صالح الفوزان

زانای پایەبەرز لە (هيئة الكبار العلماء، الشيخ صالح الفوزان) فەرموویەتی:

((منهجنا في التعامل مع **حاكم المسلم** السمع والطاعة... ويقول (صلى الله عليه وسلم) (أسمعْ وأطعْ، وإن أُخذ مالك وضرِبَ ظهركَ) [٨].

فوليُّ الأمر المسلمين يجب طاعتهُ في طاعة الله فإن أمر بمعصية فلا يُطاع في هذا الأمر، يعني في أمر المعصية، لكنه يُطاع في غير ذلك مما لا معصية فيه.

وأما التعامل مع **الحاكم الكافر** فهذا يختلف باختلاف الأحوال، فإذا كان في المسلمين قوة وفيهم استطاعة لمقاتلتهِ وتنحيتهِ عن الحكم وإيجاد حاكم مسلم، فإنه يجب عليهم ذلك، وهذا من الجهاد في سبيل الله، أما إذا كانوا لا يستطيعون إزالتهُ فلا يجوز لهم أن يتحرشُوا في الظلمة والكفرة لأن هذا يعود على المسلمين بالضرر والإبادة، والنبي (صلى الله عليه وسلم) عاش في مكة ثلاث عشرة سنةٍ بعد البعثةِ، والولايةُ فيها للكفار، ومعه من أسلم من أصحابهِ ولم ينازلوا الكفار، بل كانوا منهيينَ عن قتال الكفار في هذه الحقبة، ولم يؤمروا بالقتالِ إلا بعد ما هاجر (صلى الله عليه وسلم) وصار لهُ دولةٌ وجماعة يستطيعُ بهم أن يقاتل الكفار.

هذا هو منهج الإسلام.

فإذا كان المسلمون تحت ولايةٍ كافرةٍ ولا يستطيعون إزالتها فإنهم يتمسكون بإسلامهم وبعقيدتهم، ولكن لايخاطرون بأنفسهم ويغامرون في مجابهة الكفار، لأن ذلك يعود عليهم بالإبادة والقضاء على الدعوة.

أما إذا كانت لهم قوةٌ يستطيعون بها الجهاد فإنهم يجاهدون في سبيل الله على الضوابط المعروفة عند أهل السنة)) [٩].

واتە: مەنهەجمان ـ ئێمەی ئەهلی سوننەت ـ لە مامەڵەو تەعامول کردن لەگەڵ **حاکمی موسڵمان** گوێڕایەڵی بۆکردنیەتی ئەگەر ماڵیشت زەوت بکات و لێشت بدات! وەك فەرمانی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) لەسەرە، چونکە حاکم و سەرۆکی موسوڵمان پێویستە گوێڕایەڵی بکرێت لەکاری شەرعیدا بەڵام ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی کردنی خوا کرد، ئەوا لەو سەرپێچییە گوێڕایەڵی ناکرێت، بەڵام لەغەیری ئەوە کە سەرپێچی نەبێت گوێڕایەڵی دەکرێت.

بەڵام هەڵوێست و مامەڵەکردنمان لەگەڵ **حاکمی کافر**، ئەوەیان دەگۆڕێت بەگوێرەی گۆڕانی حاڵ و وەزع.

ئەگەر موسوڵمان هێزو توانای ئەوەیان هەبوو کەبجەنگن دژی و لایبەن و حاکمێکی موسوڵمانیش لەشوێنی دابنێن، ئەوە لەو حاڵەتەدا واجبە لەسەریان هەڵسان بەو کارە وە ئەوە بەجیهاد لەپێناوی خوا دادەنرێت. بەڵام ئەگەر نەیانتوانی لایبەرن و توانایان نەبوو، ئەوا دروست نییە بۆیان کە هەڵبچنەوە بەڕووی ئەو کافرو ستەمکارە دەسەڵاتدارانە، چونکە ئەو سەرکەشی و جەنگان و دژایەتییە چەکداریەیان دژی حاکم لەو حاڵەتەدا بەزەرەر دەگەڕێتەوە بۆ سەریان و موسوڵمانان تووشی زیان دەبن و لەناو دەچن.

---

[٨] رواه مسلم.

[٩] فتاوى ـ بڕوانە (مراجعة في فقة الواقع السياسي).

وە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سیازدە ساڵ دوای بوونی بەپێغەمبەر لە مەککە ژیاوەو حوکم و دەسەڵاتیش لەدەست کافرو موشریکەکاندا بوو. وە کۆمەڵێکیش لە هاوەڵانی لەگەڵ بوو، بەڵام ململانێی کافرانیان نەدەکرد بەڵکو نەهیش کرابوون لەجەنگان و بەرپەرچ دانەوەی کافرەکان لەو ماوەیەدا، وە فەرمانی جەنگانیان پێ نەکرا تەنها دوای هیجرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەبێت بۆ مەدینە، وە دەوڵەت و کۆمەڵ و هێزێکی بۆ دروست بوو کەبتوانێت شەڕ لەگەڵ کافراندا بکات و جیهاد بەدەست بکات. ئەوەیە مەنهەجی ئیسلام.

جا ئەگەر موسوڵمانان لەژێر دەسەڵات و حوکمێکی کافردا بوون وە لەتوانایاندا نەبوو ئەم حوکمە لابەن ئەوا دەبێت دەست بگرن بەئیسلامەکەیان و بیروباوەڕەکەیان، بەڵام نابێت نەفسی خۆیان تووشی مەترسی بکەن و نەفامانە بەرەنگاری کافران ببنەوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەی کافرەکان لەحاڵەتی بێ دەسەڵاتیدا بەزەرەر دەگەڕێتەوە بۆ سەر موسوڵمانان و لەناودەچن.

بەڵام ئەگەر هێزو توانایان بەو ئەندازەیە هەبوو کەجیهادی چەکداری پێ بکەن، ئەوا جیهاد دەکەن لەپێناوی خوا بەپێی ئەو شێوەو قاعیدەیەی کەزانراوە لای ئەهلی سوننەت)).

وە ئەم زەوابیت و شێوازەش کە بەو پێیە ئەهلی سوننەت جیهاد دەکەن، لە ووتەکانی زانای پایەبەرز (شیخ عبدالعزیز بن باز) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەردەکەوێت:

٢ ـ الشيخ عبدالعزيز ابن باز

زانای پێشەواو پایەبەرز ئیمامی ئەهلی سوننەت و جەماعەت لەم سەردەمەدا، موفتی گشتی وولاتی سعودیەو سەرۆکی دەزگای گەورە زانایانی سعودیە (شیخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز) ڕەحمەتی خوای بەڕەحمی لێ بێت، وە شوێن و پلەی بەرزی ئەو بەهەشت بێت. سەبارەت بەم باسە فەرموویەتی:

((يجب على المسلمين طاعة ولاة الأمور في المعروف لا في المعاصي، فإذا أُمروا بالمعصية فلا يطاعون في المعصية. لكن لا يأتي الخروج عليهم بأسبابها لقوله (صلى الله علية وسلم):

(من راى من أميره شيئاً من معصية الله، فليكره ما يأتي من معصية الله، ولا ينزعن يدا من طاعة)[١٠]،

(فإن من خرج عن الطاعة وفارق الجماعة مات ميتة جاهلية)[١١].

وقال عبادة بن الصامت (رضي الله عنه):

فلا يليق بالشباب ولا غير الشباب أن يقلدوا الخوارج والمعتزلة، بل يجب أن يسيروا على مذهب أهل السنة والجماعة.

فالواجب على الغيورين لله، وعلى دعاة الهدى أن يلتزموا بحدود الشرع وأن يناصحوا منْ ولاهم الله الأمور بالكلام الطيب، والحكمة والأسلوب الحسن، حتى يكثر الخير، ويقل الشر، وحتى يكثر الدعاة إلى الله، وحتى ينشطوا في دعوتهم بالتي هي أحسن لا بالعنف والشدّة... هكذا يدعو الله ويضرع إليه أن يهدي الله ولاة الأمور وأن يعينهم على ترك الباطل، وعلى إقامة الحق بالأسلوب الحسن بالتي هي أحسن... وبهذا يكثر الخير ويقل الشر، ويهدي الله ولاة الأمور للخير والإستقامة عليه، وتكون العاقبة حميدة للمجتمع)).

---

[١٠] أخرجه مسلم: (١٨٥٥).

[١١] أخرجه البخاري: (٧٠٥٣)، وأخرجه مسلم: (١٨٤٩).

واتە: پێویستە لەسەر موسوڵمانان گوێڕایەڵی کاربەدەستان بکەن لەچاکەدا نەك لەخراپەو بێ فەرمانی خوادا. وە ئەگەر فەرمانیان کرد بەسەرپێچی کردنی فەرمانی خوا ئەوا گوێڕایەڵی یان ناکرێت لەوەدا، بەڵام دروست نییە کەدەرچێت لە گوێڕایەڵی گشتی لەغەیری ئەم خراپەیە بەهۆی ئەو فەرمانە خراپەی کردوویەتی. چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ئاگاداربن هەرکەسێك گەورەو سەرکردەیەکی هەبوو، وە بینی ئەو سەرکردەیە لەشتێکدا سەرپێچی فەرمانی خوا دەکات ئەوا با ئەو سەرپێچییەی پێ ناخۆش بێت بەڵام دەست نەکێشێتەوە لەگوێڕایەڵی کردنی سەرکردەکەی ـ واتە لەغەیری سەرپێچییەکەیدا ـ چونکە تاوان و سەرپێچی ئەمیر عوزر نادات بەکەس کەلە گوێڕایەڵی دەربچێت.

وە عوبادی کوڕی صامت ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی: بەیعەتمان دا بەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر گوێ بیستی و گوێڕایەڵی لەهەموو حاڵەتێکماندا؛ لە پێخۆش بوون و پیناخۆش بوونمان، وە بوون و نەبوونمان، وە لەحاڵەتی ماف پێنەدانیشمان، وە ململانێی سوڵتەو دەسەلاتداریی لەگەڵ پێشەواو سەرۆکەکانمان نەکەین.

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی مەگەر کوفرێکی ئاشکرای سەرکردەو حاکم ببیستن کە بەڵگەتان پێ بێت لای پەروەردگار کە ئەمە کوفرە ـ نەك بە عەقڵ و گومانی خۆتان ـ واتە تاوەکو خۆتان کوفرێکی ئاشکرا لەحاکمەوە نەبیستن، بۆتان نییە کێشە لەگەڵ حاکمەکەتاندا بکەن و دەرچن لە گوێڕایەڵییان، ئەوجار شێخ ابن باز فەرمووی: ئەوەش لەبەر ئەو هەموو زەرەرو شەڕەیە کەدروست دەبێت لەدەرچوون لەسەر حاکم. بەشێوەیەکی وا کەئەمن و ئاسایش نامێنێت و مافی خەڵك ناپارێزرێت و زاڵم و ستەمکاران بەرپەرچ نادرێنەوەو ستەم لێکراوانیش حەقیان ناسێنرێتەوە، ئەگەر حاکم نەماو ململانێ و کێشەو جەنگان دژی دروست بوو، وە ڕێگاکان دەبڕدرێن و بەگشتی شەڕو فیتنەیەکی زۆر ڕوو لە موسوڵمانان دەکات بۆیە شەرع ڕێگای پێ نەداون کەدەرچوون بکەن لەسەر حاکمی زاڵم و فاسق و تاوانبار تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە:

١ـ کوفرێکی ئاشکرای لێ ببیستن و بەڵگەشیان پێ بێت لەلایەن خواوە کە ئەمە کوفری گەورەیە. لەو حاڵەتەدا بۆیان هەیە کە دەرچن لەسەری و ئەو حاکمە لابەرن لەسەر حوکم، بەڵام بەبوونی ئەم مەرجانەی داهاتووش.

٢ـ ئەگەر دەسەلاتیان هەبوو، بەڵام ئەگەر دەسەلات و توانای لابردنیان نەبێت ئەوا نابێت دەرچن لەسەری.

٣ـ وە هەروەها فیتنەیەکی گەورەتری دروست نەکرد: چونکە ئەگەر دەرچوونەکەیان زەرورو زیان و شەڕو فیتنەیەکی گەورەتری دروست کرد، دیسان بۆیان نییە دەربچن لەسەری لەبەرخاتری پارێزگاری لە بەرژەوەندی گشتی. چونکە قاعیدەیەکی شەرعی ئیتیفاق لەسەرکراومان هەیە کە: ((**دروست نی یە شەڕ لاببرێت بەشەڕێکی گەورەتر لەخۆی، بەڵکو پێویستە شەڕ لاببرێت بەوەسیلەیەک کەنەیهێڵێت یان کەمی بکاتەوە، بەڵام کە وەسیلەکە شەڕی زیاتری لێ پەیدابوو وەک لەو شەڕەی دەویسترێت لاببرێت، ئەوا دروست نییە بەئیجماعی موسوڵمانان**)). جا ئەگەر:

(١) کوفری ئاشکرای گەورە لەحاکم بیسترا. (٢) ئەوانەش کە دەیانەوێت لایبەرن دەسەلاتیان هەبوو. (٣) وە ئەمینیش بوون کەشەڕێکی گەورەتر لەشەڕی حاکم دروست نابێت لە دەرچوونەکەیان: ئەوا دروستەو پێویستە لایبەرن. (٤) وە حاکمێکی موسوڵمانی باش دابنێن.

بەڵام ئەگەر دەرچوونەکەیان ببێت بەهۆی شەڕو ئاژاوەیەکی گەورەو ئەمن و ئاسایش نەماو ستەم لەخەڵکی کراو خەڵکی بێ تاوان بەناحەق کوژران... ئەوا دروست نییە دەربچن لەسەر حاکم با کافریش بێت. بەڵکو پێویستە سەبر بگرن و تێبکۆشن بۆ

کەمکردنەوەی شەڕو زیادکردنی خێر.. **وە نابێت گەنجان و غەیری گەنجانیش بکەونە لاسایی کردنەوەی خەواریج و موعتەزیلە**[١٢] **بەڵکو پێویستە لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوننە بڕۆن.**

وە پێویستە لەسەر بەپەرۆشانی دینی خواو بانگەوازکارانی هیدایەت کە پابەندبن بەسنووری شەرعەوەو ئامۆژگاری سەرکردەکان بکەن بەووتەی نەرم و حیکمەتانەو بەشێوازی جوان نەك بەتوندو تووڕەیی و ڕەقی. وە لەخواش بپاڕێنەوە هیدایەتیان بدات... بەم شێوەیە خێرو بانگەوازکارانی زیاددەبن و شەڕ کەم دەبێتەوەو کۆمەڵگا بەختەوەر دەبێت.

٣ـ الشيخ محمد بن ناصرالدين الألباني

دەفەرموێت[١٣]: ((قلت ـ وما أزال أقول ـ لِهؤلاء الذين يدندنون حول تكفير حكام المسلمين:

هبوا أنَّ هؤلاء الحكام كفار كفر ردة، وهبوا ـأيضاًـ أنَّ هناك حاكماً أعلى على هؤلاء، فالواجب ـ والحالة هذه ـ أنْ يطبق هذا الحاكم الأعلى فيهم الحد.

ولكن؛ الآن: ماذا تستفيدون أنتم من العملية إذا سلمنا ـ جدلاـ أنَّ هؤلاء الحكام كفار كفر ردة؟! ماذا يمكن أن تصنعوا وتفعلوا؟.

إذ قالوا ولاء وبراء؛ فنقول: الولاء والبراء مرتبطان بالموالاة والمعاداة ـ قلبية وعمليةـ وعلى حسب الإستطاعة، فلا يشترط لوجودهما إعلان التكفير وإشهار الردة.

بل إنَّ الولاء والبراء قد يكونان في مبتدع أو عاص أو ظالم.

ثم أقول لهؤلاء ـ يعني بهم التكفيرين الحماسيين ـ هاهم هؤلاء الكفار قد احتل من بلاد الإسلام مواقع عدة، ونحن مع الأسف ابتلينا باحتلال اليهود لفلسطين. فما الذي نستطيع نحن وأنتم فعله مع هؤلاء؟! حتى تقفوا أنتم ـ وحدكم ـ ضد أولئك الحكام الذين تظنون أنهم من الكفار[١٤]!؟

---

[١٢] ئەمڕۆ بەناوی ترەوە هەن وەك (تەكفیریەكان و قوتبیەكان و سروریەكان و...).

[١٣] (فتنة التكفير: ٣٤ـ ٣٩) للشيخ محمد ناصرالدين الألباني. بتقريظ الإمام ابن باز، وتعليق العلّامة ابن عثيمين، رحمهم الله.

[١٤] ٤ـ قال فضيلة **الشيخ ابن العثيمين** رحمه الله:

هذا الكلام جيد، **يعني أن هؤلاء الذين يحكمون على الولاة المسلمين بأنهم كفار، ماذا يستفيدون إذا حكموا بكفرهم؟ أيستطيعون إزالتهم؟ لا يستطيعون**، وإذا كان اليهود قد أحتل فلسطين قبل نحو خمسين عاماً، ومع ذلك ما استطاعت الأمة الإسلامية كلها عربها وعجمها أن يزيحوها عن مكانها فكيف نذهب ونسلط ألسنتنا على ولاة يحكموننا؟ ونعلم أننا لا نستطيع إزالتهم، وأنه سوف تراق دماء وتستباح أموال، وربما أعراض أيضاً، ولن نصل إلى نتيجة.

إذاً ما الفائدة؟ **حتى لو كان الإنسان يعتقد فيما بينه وبين ربه أنه من هؤلاء الحكام من هو كافر كفراً مخرجاً عن الملة حقاً، فما الفائدة من إعلانه وإشاعته إلا إثارة الفتن؟ كلام الشيخ الألباني هذا جيد جداً...**

وفي ظني أنه لايمكن لأحد أن يطبق قانوناً مخالفاً للشرع يحكم فيه في عباد الله إلا وهو يستحله ويعتقد أنه خير من القانون الشرعي، فهو كافر، هذا هو الظاهر. وإلا فما الذي حمله على ذلك؟

قد يكون الذي يحمله على ذلك خوفاً من أناس آخرين أقوى منه إذا لم يطبقه، فيكون هنا مداهناً لهم، فحينئذٍ نقول: إن هذا كالمداهن في بقية المعاصي.

وأهم شيء في هذا الباب هو مسألة التكفير الذي ينتج العمل، وهو الخروج على هؤلاء الأئمة، هذا هو المشكل.

نعم، لو أن الإنسان عنده قوة ومقدرة يستطيع أن يصفي كل حاكم كافر له ولاية على المسلمين، كان هذا مما نرحب به، إذا كان كفراً بواحاً عندنا فيه من الله برهان لكن المسألة ليست على هذه الصفة وليست هيّنة!.

* وقال الشيخ رحمه الله جواباً على من قال: أن هؤلاء الحكام المبدلين وضعوا قوانين وضعية من عندهم فارتدُّوا وكفروا، فيجب قتالهم ولا يُنظر إلى حالة الضعف لأن حالة الضعف قد نُسخت ـ كما يقولون ـ بآية السيف!.

هلا تركتم هذه الناحية جانباً، وبدأتم بتأسيس القاعدة التي على أساسها تقوم قائمة الحكومة المسلمة، وذلك باتباع سنة رسول الله (صلى الله علية وسلم) التي ربّى أصحابه عليها، ونشّأهم على نظامها وأساسها.

٥ـ فضيلة الشيخ عبدالله بن جبرين

پرسیاری لێ كرا: ئەگەر حاكمی وولاّت خەڵكی مەنع كرد لەچاكەو ڕێگاشی بۆ شەڕ ئاسان كرد، وە بەئاشكرا لەڕاگەیاندنەكانی كوفری خۆی دەربڕێت، ئایا دروستە دژی دەربچین و شۆڕشی لێ بكەین؟ لە وەلاّمدا فەرمووی:

((ننصح بعدم الخروج، ولو كان مثل هذا، وذلك الخروج شر كبير.

نرى أنهم لا يستطيعون الخروج، مادام أنهم ليس بأيديهم قوة، ولا عندهم منعة، وأنَّ القوة بأيدي الدولة، لكن إذا استطاعوا أنْ يستقلوا بأنفسهم، وينفردوا في قرية، أو في برية، كمهاجرين يستقلون عن هذه الدولة، ويقيمون أمرهم بأنفسهم، حتى لايكونوا تحت ولاية دولة كافرة، فهو أولى. وإذا لم يستطيعوا، صبروا وعبدوا الله كما يستطيعوا، وأقاموا عبادته، وحققوا ما أمروا به، وأنكروا بقلوبهم، وقالوا اللهم إنه منكر وإنا له منكرون، واكتفى بذلك عن أنْ يشهروا السلاح الذي يكون فيه إذلال لهم وقمع لكلمة أهل الخير، وتسلط من الدولة على كل من أظهر التدين والصلاح، واتهام لهم بأنهم المفسدون في الأرض، وبأنهم إرهابيّون متطرفون، يعيثون في الأرض فساداً، أو بسبب تشدد بعضهم على بعض الدول، صار كثير من الدول تسلط همَّتها على أهل التدين والصلاح، فيجعلونهم هم الخطر الكبير على الدول، وكل من رأوه ملتزماً ومتمسكاً، قالوا هذا من الذين يحاولون انقلابا، أو يحاولون خروجاً على الدولة، أو يجمعون ثواراً يقومون بثورة، فلا يزالون يتسلطون عليهم. فلو مثلاً أنهم استسلموا للأمر، وعبدوا الله تعالى، وأنكروا بقلوبهم وأصلحوا أحوالهم، وأحوال من تحت أيديهم، وحرصوا على نشر الإسلام بصورة طاهرة، وبيان محاسنة، وحرصوا على التمسك به، وتركوا للدولة شؤونها ، إذا لم تقبل منهم، ولم يستطيعوا إصلاحها، كان في ذلك خير كثير، والأحوال تختلف بحسب المناسبات))[١٥].

فأجاب رحمه الله عن هذه الشبهة فقال: إن عندنا نصوصا محكمة تبين هذا الأمر، وتوضحه، منها قوله تعالى: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ (البقرة: من الأية٢٨٦). فالله سبحانه لايكلف نفساً إلى وسعها وقدرتها. والله سبحانه يقول ـ أيضاًـ ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ ﴾ (التغابن: ١٦).

فلو فرضنا أن الخروج المشار إليه على هذا الحاكم واجب، فإنه لايجب علينا ونحن لانستطيع إزاحته، فالأمر واضح.. ولكنه الهوى يهوي بصاحبه.

[١٥] مجموع رسائل وفتاوى الشيخ ابن جبرين، العقيدة (الجزء الثامن). وانظر (كيف نعالج واقعنا الأليم) (ص ٨٥) أبو أنس علي بن حسين.

بەشی چوارەم

جیهادی دوژمنی دەرەکی دوو جۆری سەرەکی هەیە

جۆری یەکەم: جیهاد بەجەنگ کردن

جۆری دووەم: جیهادی بانگەوازی

- **کاتەکانی ئەم دوو جۆرە سەرەکی یەکەی جیهاد و قۆناغەکانی بەشەرع بوونیان**
- **هەردوو جیهادی بانگەوازی و چەکداری دا پێویستە بە لێزانی و دانایی و لەسەرخۆیی بکرێن .**

وە دابین کردنی بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان لەبەرچاو بگیرێت لە ئەنجامدانیدا

وە وریابین لە کورت ڕەوی و زێدەڕەوی تیایاندا.

جیهادی دوژمنی دەرەکی دوو جۆری سەرەکی هەیە

وە زیاتر جیهادی کافرو مونافیقان بەم دوو جۆرەی خوارەوەیە:

جۆری یەکەم: جیهاد بەجەنگ کردن: واتە: بەدەست و شمشێرو چەك کەبەتایبەتی تر لەگەڵ کافرەکان دەکرێت. وە ئەم جۆرە جیهادەش موسوڵمانانی زۆر بەشداری دەکەن بەزاناو نەزانەوە، وە بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە.

وەك (ابن القيم) فەرموویەتی[1]: ((النوع الأول: **جهاد باليد والسنان:** وهذا، المشارك فيه كثير وجهاد الكفار أخص باليد وجهاد المنافقين أخص باللسان. فإن المنافقين لم يكونوا يقاتلون المسلمين، بل كانوا معهم في الظاهر، وربما كانوا يقاتلون عدوهم معهم، ومع هذا فقد قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ ﴾ ومعلوم أنَّ الجهاد المنافقين كان بالحجة والبرهان.

جۆری دووەم: جیهادی بانگەوازی: الجهاد بالحجة والبيان؛ وهذا جهاد الخاصة من أتباع الرسل، وهو جهادُ الأئمة (والقائمون به أفراد في العالم، والمشاركون فيه، والمعاونون عليه، وإن كانوا هم الأقلّين عددا، فهم الأعظمون عند الله قدراً) وهو أفضل الجهادين لعظمِ منفعتهِ وشدة مؤنتهِ وكثرة أعداءهِ، قال الله تعالى في سورة الفرقان وهي مكية ﴿ وَلَوۡ شِئۡنَا لَبَعَثۡنَا فِي كُلِّ قَرۡيَةٖ نَّذِيرٗا ۝ فَلَا تُطِعِ ٱلۡكَٰفِرِينَ وَجَٰهِدۡهُم بِهِۦ جِهَادٗا كَبِيرٗا ﴾ فهذا **جهادٌ لهم بالقرآن**، وهو **أكبر الجهادين**، وهو جهادُ المنافقين أيضاً.

واتە: جۆری دووەم: جیهاد بە بەڵگەو دەلیل و ڕوونکردنەوەو بانگەوازی، وە ئەوەش جیهادی بڕواداره تایبەتەکانە لەشوێنکەوتوانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (أهل السنة، السلفيون)[2]. وە جیهادی پێشەوایانی ئیسلامەو ئەوانەی بەم جیهادە هەڵدەستن تاك تاکەن لەجیهانداو پاڵپشت و یاریدەدەرانی ئەم جیهادەش هەرچەندە کەمترینی کەسانن لەژمارەدا، بەڵام بەرزترینی موسوڵمانانن لای خوا لەپلەو پایەدا. وە ئەم جیهادە باشترینی دوو جیهادەکەیە، چونکە سوودی زۆرە بۆ تێکڕایی موسوڵمانان. وە ئەرکیشی گرانەو دوژمنانیشی زۆرن. وە خوای پەروەردگار لە مەککە فەرمانی کرد بەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەجیهادکردنی کافران بە بەڵگەو بورهانی قورئان، ئەو جیهادەش گەورەترینی دوو جیهادەکەیە.

وە جیهادی مونافیقانیش بەم جیهادە دەکرێت، چونکە مونافیقەکان بەجەنگان و کوشتن دژایەتی موسوڵمانانیان نەدەکرد، بەڵکو لەڕواڵەتدا لەگەڵ موسوڵمانان بوون و جاری واش هەبوو کەبەشداری جەنگانی موسوڵمانانیان دەکرد دژی کافران، وە لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە فەرمانی کرد بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەجیهادی مونافیقەکانیش بکات. وە دیارە جیهاد کردن دژ بەمونافیقان بە بەڵگەو بورهان و ڕوونکردنەوە بووە نەك بەدەست و چەك و جەنگان دژیان. وە بەڵکو ڕێگای نەدا بەهیچ شێوەیەك مونافیقە زۆر ئاشکراکانیش بکوژرێن چونکە دەترسا لەوەی کە خەڵکی نەزان وا پڕوپاگەندە بکەن کە گوایە (محمد صلى الله عليه وسلم)موسوڵمانان دەکوژێت.

---

[1] مفتاح دار السعادة (١/٧٠).

[2] بەڵام بەناو موجاهیدەکانی پەروەردەی غەیری مەنهەجی سەلەف ئەم جۆرە جیهادە (جیهادی ڕوونکردنەوەو بانگەوازی) بەجیهاد دانانێن و بگرە جیهادکردن دژی موبتەدیع و خورافی و هاوبەشی پەیداکاران بەکۆسپ دادەنێن لەڕێگای جیهاد، وە دەڵێن باسکردنی تەوحیدی خوا، لە پەرستراوێتی و ناوو سیفەتەکانیدا کێشەمان بۆ دروست دەکات و خەڵکمان لێ زویر دەکات و تەفرەقە دروست دەکات!

کوا جیهادی حەماسیەکان بە بەڵگەو دەلیل و ڕوونکردنەوە بەرامبەر موبتەدیع و خورافی و هاوبەشی پەیداکاران، وە بەرامبەر دەمارگیری مەزهەبی و ڕیوایەتی هەڵبەستراوو بیرو باوەڕی پووچ و نارەوا؟!

جا پێویسته برای موجاهیدی شوێنکەوتووی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تۆش هەڵوێستت بەرامبەر بە مونافیقان وەك پێشەواکەت بێت. بەڵێ مونافیق زۆرن وە دژایەتییەکی زۆری موسوڵمانی ڕاست دەکەن، بەڵام زاهیری وادەرنابڕن کە لەناخی خۆیاندا بێ باوەڕن، بەڵکو وادەردەبڕن بۆ تێکڕایی خەڵکی سادە کە موسوڵمانن و ئەوانن موسوڵمانی ڕەسەن!

جا شەرعی نییە کە تۆ پەلاماری چەك بدەیت دژیان وە خەڵکی بڵێن: ئەمانە موسوڵمانان دەکوژن!

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نەجەنگا دژی مونافیقان لەکاتێکدا کەخۆی خاوەنی دەسەڵات و هێز بوو، وە مونافیقەکان بێ دەسەڵات و زەلیل بوون.

ئەدی چۆن تۆی گەنجی بێ پەل و باڵ، دەجەنگی دژی مونافیقی زاڵ؟!

کاتی دوو جۆرە سەرەکی یەکەی جیهاد

جیهاد بەگشتی بەردەوامە تا ڕۆژی قیامەت

(الجهاد ماض الی یوم القیامة) بەڵام بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ جیهادکردن بە بەڵگەو ڕوونکردنەوەو بانگەوازی **دەبێت بەردەوام بێت تا ڕۆژی قیامەت، وە کاتەکەی هەموو کاتێکە، بەڵام بەحەکیمانە**. وە تەنها ئەم جیهادەش فەرمانی پێکرابوو لەمەککە ـ کاتی لاوازی و ناسەربەخۆیی موسوڵمانان ـ.

٢ـ جیهاد بەدەست و چەك **لەکاتی بوونی توانادا. بەڵام کە موسوڵمان بێ دەسەڵات بوون ئەوا** ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴾.

وە ئەگەر سەیری سیرەی پێغەمبەری موجاهید (صلی الله علیه وسلم) بکەین دەبینین جیهادی بەدەست و چەك نەکرد تاوەکو بناغەیەکی ئیمانی و تەنها خواپەرستی پتەوی لەکۆمەڵێکدا دروست نەکرد. وە تاوەکو هیجرەتی نەکرد بۆ مەدینەو بنکەیەکی سەربەخۆی دوور لەموشریکانی بۆ دروست نەبوو!، وە تاوەکو هێزو پشتیوانییەکی دابین نەکرد.

وە تاوەکو ڕیزی موسوڵمانان لەڕیزی کافران لێك جیانەبووەوە:

((وە گومانی تێدا نییە کەدامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بەرهەمی بانگەوازییەکەی بوو بۆ تەنها پەرستنی خوا. نەك بەرهەمی چەك هەڵگرتن و جەنگان و جیهادی چەکداری)). چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەرەتا فەرمانی پێکرا بە بانگەوازی کردنی خەڵك بۆ دین وە ئیزنی پێنەدرا بەجەنگان دژی هیچ کەسێك لەسەر ئەوە، تاوەکو هیجرەتی نەکرد.

وە شیخ الإسلام ابن تیمیة دەفەرموێت: ((والکتاب هو الأصل، ولهذا أولُ ما بعث اللهُ رسوله أنزل علیه الکتاب، ومکث بمکة لم یأمرهُ بالسیف حتی هاجر وصار له أعوان علی الجهاد))[٣].

وە ابن القیم فەرموویەتی[٤]: والله سبحانه یأمرهم بالصبر والعفو والصفح حتی قویت الشوکة واشتد الجناحُ فأذن لهم حینئذٍ في القتال ولم یفرضهُ علیهم.. ثم فرضَ علیهم القتال بعد ذلك لمن قتلهم دون من لم یقاتلهم فقال ﴿ وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَكُمۡ ﴾ **ثم فرض علیهم قتال المشرکین کافة.**

---

[٣] مجموع الفتاوی: (٢٨/٢٣٤).

[٤] زاد المعاد: ٣/٦٢– ٦٤.

وكان محرماً، ثم مأذوناً به، ثم مأموراً به لمن بدأهم بالقتال، ثم مأمورا به لجميع المشركين إما فرض عينٍ على أحد القولين، أو فرض كفايةٍ على المشهور)).

١ـ واته خوای پەروەردگار فەرمانی دەکرد لەکاتی لاوازی و بێ توانایی موسوڵمانان لەمەککەو وەسەرەتای مەدینەش بەسەبرو دان بەخۆداگرتن و لێبوردن تاوەکو هێزو توانایان پەیداکرد. ئەوکاتە:

٢ـ ڕوخسەتی دان بجەنگن چونکە زوڵمیان لێ کرابوو. بەڵام واجبی نەکرد لەسەریان.

٣ـ لەپاش ئەوە واجبی کرد بجەنگن و جیهاد بەچەك بکەن تەنها دژی ئەوانەی دژیان دەجەنگان.

٤ـ لەپاشان جیهادی چەکی واجب کرد دژ بەتێکڕای موشریکەکان.

کەواتە جیهاد بەدەست و چەك لەسەرەتادا (کاتی بێ توانایی) حەرام بوو، دوایی ڕوخسەتی پێدرا، دوایی فەرمان بەکردنی کرا دژ بەوانەی دژیان دەجەنگان، دوایی دژ بەهەموو موشریکەکان..

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تاوەکو بواری هەبوو لە مەککە جیهادی کرد بە بەڵگەو ڕوونکردنەوەو ڕاگەیاندن تا ئەو شەوە کە پیلانی کوشتنیان بۆ داناو هیجرەتی کرد! وە سابرو ئارام گرتوو بوو لەسەر نارەحەتی سەرە (طاغوت)ە کافرەکانی قورەیش و دەوروبەرەکەی، بەهەمان شێوەش هانی هاوەڵەکانی دەدا کەسەبر بگرن و پەلە نەکەن و دان بەخۆیاندا بگرن بۆ نموونە کاتێك کە بەلای (آل یاسر) یاسرو خێزانی و عەمماری کوڕیدا ڕۆیشت کەزۆر بەبێ ویژدانانەو وەحشیانە سزا دەدران، هەڵوێستی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەبەرامبەر ئەم دیاردە دڕندانەیە تەنها ئەوەبوو فەرمووی: (أصبروا يا آل ياسر فإن موعدكم الجنة.)، واتە: سەبر بگرن لەسەر ئەو نارەحەتی و سزادانە، چونکە دڵنیابن بەهەشت چاوەڕێتانە. وە تێکۆشان و هەوڵی چەکدارانەو بەرپەرچ دانەوەو ڕەت کردنەوەی زوڵم و ستەمی تاغوتانیان لێ حەرام کرابوو بەدەست. وە نەدەچوو هێزێکی چەکداری لەهاوەڵانی دروست بکات بەناوی جیهاد لەم حاڵەتەیان، چونکە لەتوانایاندا نەبوو، وە زیانی زیاتری لێ دەکەوتەوە، وە خوای داناو زاناو حەکیم ڕێگای ئەوەی پێ نەدان. وە بەئەندازەیی تواناو بوارو گونجانی موسوڵمانان ئەرکی دەخستنەسەر. بۆیە لەسەرەتا تەنها باسی بەهەشت و دۆزەخ و پاداشت و سزاو مردن و زیندوو کردنەوەو موحاسەبەکردنی دواڕۆژ باسکرا لەقورئاندا، وە بەو ڕێگایانە خەڵکی بانگ دەکرا بۆ وازهێنان لەکوفرو شیرك و بەرەو تەنها پەرستنی خوا. وە باسی حەلاڵ و حەرامیش نەدەکرا، جا چۆن ئەرکی جەنگانیان بەسەردا بدرێت. تاوەکو هیجرەتیان کردو پتەو بوون و دامەزران، ئەو کاتە ووردە ووردە حوکمە شەرعیەکان دابەزین و قۆناغەکانی جەنگانیش هاتن بەدوای یەکدا بەو شێوەیەی کەباسکرا.

هەردوو جیهادی بانگەوازی و چەکداری پێویستە بەلێزانی و دانایی و لەسەرخۆیی بکرێن. وە دابین کردنی بەرژەوەندی ئیسلام و موسوڵمانان لەبەرچاو بگیرێت لە ئەنجامدانیاندا وە وریابین لە کورتڕەوی و زیادەڕەوی تیایاندا

زانیمان کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (إنَّ المؤمن يجاهد بسيفه ولسانه)[٥]، واتە: بڕواداری تەواو جیهاد دەکات بەشمشێرەکەی و بەزمانیشی. وەپێویستیشە کەبزانین چۆن بەم دوو جیهادە هەڵسین، وەچی لەبەرچاو بگرین تیایاندا.

[٥] صحيح الجامع، رقم: ١٩٩٤.

شيخ الإسلام ابن تيمية ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرموویەتی:

فمعلومٌ **أنَّ الأمرَ بالمعروف والنهي عن المنكر وإتمامه بالجهاد** هو من أعظم المعروف الذي أُمرنا به؛ ولهذا قيل: ليَكُن أمرك بالمعروف ونهيك عن المنكر غير منكر، وإذا كان هو من أعظم الواجبات والمستحبات لابد أن تكون المصلحة فيها راجحةً على المفسدة؛ إذ بهذا بُعِثَت الرسل ونزلت الكتب، والله لايحب الفساد..

فحيث كانت مفسدة الأمر والنهي أعظم من مصلحتهِ لم تكن مما أمر الله به، وإن كان قد ترك واجب وفعل محرم، إذاً المؤمنُ عليه أن يتقى الله في عباده وليس عليه هداهم، وهذا معنى قوله تعالى:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾. والإهتداء إنما يتمُ بأداء الواجب، فإذا قام المسلم بما يجب عليه الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر كما قام بغيره من الواجبات لم يضره ضلال الضلال. وذلك يكون تارةً بالقلب، وتارةً باللسان وتارةً باليد. فأما القلب فيحب بكلِ حال" إذ لاضرر في فعله.. وهنا يغلط فريقان من الناس:

١ـ فريقٌ يترك ما يجب من الأمر والنهي تأويلاً لهذهِ الآية؛ كما قال أبوبكر الصديق (رضي الله عنه) في خطبته: إنكم تقرؤن هذه الآية: ﴿عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡ ﴾ وإنكم تضعونها في غير موضعها، وإني سمعت النبـيَ (صلى الله علية وسلم) يقول: ﴿ إنَّ الناس إذا رأوا المنكر فلم يغيروه أوشك أن يعمهم الله بعقابٍ منه﴾.

٢ـ والفريق الثاني: من يريد أن يأمر إما بلسانهِ وإما بيدهِ مطلقاً، من غيرِ فِقْهٍ وحلمٍ وصبرٍ ونظرٍ فيما يصلح من ذلك وما لايصلحُ، وما يقدرُ عليه وما لايقدر، كما في حديث أبي ثعلبة الخشني: سألتُ عنها رسول الله (صلى الله علية وسلم) قال: (بلْ ائتمروا بالمعروف وتناهوا عن المنكر، حتى إذا رأيت شحاً مطاعاً وهوى متبعاً ودنياً مؤثرةً وإعجاب كل ذي رأيٍ برأيهِ، ورأيت أمراً لايدان لك به، فعليك بنفسك ودع عنك أمر العوام؛ فإن من ورائك أيامٌ الصبر فيهنَ كأجر خمسينَ رَجلاً يعملون مثل عمله)[٦].

فيأتي بالأمر والنهي معتقداً أنهُ مطيعٌ في ذلك للهِ ورسولهِ وهو معتدٍ في حدوده، كما انتصب كثيرٌ من أهل البدع والأهواء، كالخوارج والمعتزلة والرافضة، وغيرهم ممن غلط فيما أتاه من الأمر والنهي والجهاد على ذلك، وكان فسادهُ أعظم من صلاحهِ؛ ولهذا أمر النبـي (صلى الله علية وسلم) بالصبر على جور الأئمة؛ والنهي عن قتالهم ما أقاموا الصلاة، وقال: (أدّوا إليهم حقوقهم، وسَلُوا اللهَ حقوقهم).

ولهذا كان من أصول أهل السنة والجماعة لزوم الجماعة وترك قتال الأئمة، وترك القتال في الفتنة، وما أهل الأهواء ـ كالمعتزلة ـ فيرون القتال للأئمة من أصول دينهم! ويجعل المعتزلة أصول دينهم خمسة: (التوحيد) الذي هو سلب الصفات. (والعدل) الذي هو التكذيب بالقدر. (والمنزلة بين المنزلتين)، (إنقاذ الوعيد) و (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) الذي منه قتال الأئمة.

واته: شيخ الإسلام ابن تيمية ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرمووی:

زانراوە كەفەرمان بەچاكەو نەهی لەخراپە كەتەواوكارییەكەی بەجیهادە لەگەورەترینی چاكەیە كەفەرمانمان پێ كراوە پێی. بۆیە ووتراوە: با فەرمان كردنەكەت بەچاكەو نەهی كردنەكەت لەخراپە (وە جیهادەكەشت) بەخراپە نەبێت.

---

[٦] مجموع الفتاوى.

جا ئەگەر ئەو (فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەو، جیهادە) لەگەورەترین واجبات و موستەحەببات و (سوننەت) بێت. ئەوا پێویستە واجبات و موستەحەببات، مەسلەحەت تێیاندا زیاترو زاڵتر بێت وەك لەزەرەرو زیان؛ چونکە بۆ ئەو هێنانی مەسلەحەت و لابردنی مەفسەدەتە، پێغەمبەرەکان نێردراون و پەڕاوەکان دابەزێنراون. وە خوای پەروەردگاریش زیان و فەسادی خۆش ناوێت.. جا هەرکاتێك مەفسەدەت و زیانی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە گەورەتر بوو لەمەسلەحەتەکەیان ئەوا ئەو کاتە خوا فەرمانی نەکردووە بەم فەرمان بەچاکەیەو نەهی لەخراپەیە ـ چونکە زەرەریان زیاترە! هەرچەندە واجبێکیش وازی لێ هێنرابێت و حەرام کراویش کرابێت! چونکە بڕوادار پێویستە لەسەری کەتەقوای خوا بکات لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ بەندەکانی خوادا، بەڵام لەسەری نییە کەهیدایەتیان بدات، وە ئەوەش بریتییە لەمانای ئەو فەرموودەیەی خوای پەروەردگار:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَيۡكُمۡ أَنفُسَكُمۡۖ لَا يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا ٱهۡتَدَيۡتُمۡۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾ (المائدة: ١٠٥).

واتە: ئەی بڕوادارانِ خۆتان لەسەرەو زیانتان لێ نادات ئەوەی کەگومڕا بووە لەسەر ئێوە حیساب نییە، ئەگەر ئێوە هیدایەتتان وەرگرتبێت و بەئەرکەکانی هیدایەت هەڵسابن کەفەرمان کردنی بەرامبەر بەچاکەو نەهی کردنیەتی لەخراپە.

بەڵام لێرەدا ـ لەتێگەیشتنی ئەم ئایەتەو بابەتی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەو جیهادکردن ـ لەمانەدا دوو کۆمەڵ بەهەڵەدا چوون:

کۆمەڵی یەکەم: وازدەهێنن لەهەڵسان بەو واجباتانە: ئەمر بەچاکەو نەهی لەخراپە، چونکە وا بەهەڵە لە ئایەتەکە تێگەیشتوون کەمرۆڤ خۆی چاکەی کردو لەخراپە دوورکەوتەوە لەسەری نامێنێت هەڵسێت بەبانگەواز کردنی غەیری خۆیشی بۆ کردنی چاکەو وازهێنان لەخراپە.

وە أبوبکری صدیق ـ ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرمووی لە ووتارەکەیدا: ئێوە ئەم ئایەتە دەخوێننەوەو لەجێگای خۆی داینانێن و بەڕاستی لێکی نادەنەوە. وەمن لە پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو: خەڵکی ئەگەر خراپەیان بینی و نەیانگۆڕی ئەوە نزیکە خوای پەروەردگار عقوبەیەکی خۆی گشتی بکات بۆ سەر هەموویان ـ بەخراپ و چاکیانەوە.

کەواتە دەرکەوت کەکۆمەڵی یەکەم، کەمتەرخەم و کورتڕەو بوون و هەڵنەستاون بەواجبی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە.

کۆمەڵی دووەم: ئەوانەن کەدەیانەوێت فەرمان بکەن بەچاکەو نەهی بکەن لەخراپە، یا بەزووبان یا بەدەست بەگشتی (بەموتڵەقی) بەبێ ئێگەیشتن لەدین و بێ دان بەخۆداگرتن و ئارام گرتن و تێڕوانینی مەسلەحەت و مەفسەدەت و ئەوەی کە لەتوانایاندایەو ئەویش کەناتوانن[٧].

بەڵام پێویستە ئەم بەندانەی سەروو لەبەرچاو بگیرێن، وەك لەحەدیسی (أبو ثعلبة)دا هاتووە دەفەرموێت پرسیارم کرد لەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ـ سەبارەت بەئایەتەکەی پێشوو ـ ئەویش فەرمووی: بەڵکو فەرمان بکەن بەچاکەو نەهی بکەن لەخراپە، تا ئەو کاتەی ئەگەر بەخیلی یەکی گوێڕایەڵی کراو ـبەقسەکراوت ـ بینی و هەواو نەفسێکی شوێن کەوتراوو

---

[٧] بەڵگەش لەسەر ئەوەی کەنەتتوانی خراپە بگۆڕیت لەسەرت نییە، فەرموودەی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم): (ما من قوم يعمل فيهم بالمعاصي، هم أعز وأكثر ممن يعمله، ثمَ لم يغيروه، إلا عمهم الله تعالى بعقاب منه) صحيح الجامع الصغير، رقم (٥٧٤٩) صحيح. واتە: هەر قەومێك کەسەرپێچیان لەناودا بکرێت و ئەوانیش (زیاترین و بەهێزتر بن لەوانەی خراپە دەکەن) وە خراپەکە نەگۆڕن ئەوا خوای گەورە سزایەکی گشتی دەنێرێتە سەریان. کەواتە بوونی توانا مەرجە بۆ هەڵسان بەگۆڕین.

دونیایەکی هەڵبژێردراوو هەرکەسە موعجەب و دڵخۆش و سەرسام بوو بەڕای خۆی، وە خراپەیەکت بینی کەتوانات نییەو لەدەسەلاتی تۆدا نییە گۆڕینی، ئەوکاتە خەریکی خۆت بەو وازبهێنە لەحاڵی خەڵکی. وە ئەی ئەعلەبە لەپاش تۆ ڕۆژانێك دێن ، تێیاندا سەبرگرتن لەسەر ئەو ڕێبازەی ئێوەی لەسەرن وەکو چنگ گرتنە لەیشکۆ! وە لەو ڕۆژانەدا ئەوەی لەسەر ڕێبازی ئێوە بێت پاداشتی پەنجا کەسی هەیە.

بەلاّم کۆمەڵی دووەم بەپێی ئەم حەدیسە لەئایەتەکە نەگەیشتوون، بەڵکو دەڵێن فەرمان بەچاکە هەر دەکەین و نەهی لەخراپە دەکەین بەزمان یان بەدەست بەبێ گوێدان بەحاڵەتی تواناو ناتوانایی، وە بەبێ سەیرکردنی مەسڵەحەت و مەفسەدەت وە بەبێ تێگەیشتن و دان بەخۆداگرتن و سەبرگرتن. وە باوەڕیان وایە کەخوا لەخۆیان ڕازی دەکەن، وە بەوە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) کردووە. بەلاّم لەڕاستیشدا لەسنووری خوا دەرچوون. هەروەکو زۆر لەئەهلی هەواو بیدعەت وەك دەرچووەکان (الخوارج) و دابڕاوەکان (المعتزلة) و (رافضة)کان و غەیری ئەوانیش کە بەهەڵەدا چوون لەو فەرمان کردن و نەهی کردن و جیهادەی کە دەیکەن، وە فەسادو شەڕو زیانی جیهادو دەعوەکەیان زیاترە لەچاکەیان.

بۆیە لەبنچینە (أصول)ەکانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت پابەندبوونە بەجەماعەت و وازهێنانە لەجەنگان دژی سەرکردەکان و نەجەنگانە لەسەردەم و حاڵەتی فیتنەو ئاژاوەدا.

بەلاّم ئەهلی ئەهوا (ئەوانەی شوێن هەواو نەفس و حەماسەتی خۆیان دەکەون بەناوی دین) وەك موعتەزیلە (دابڕاو)ەکان، ڕایان وایە کەجەنگان دژ بەحاکم و پێشەواکان لەبنچینەو بنەماکانی دینەکەیانە.. چونکە شەڕکردن دژ بەحاکم بەجیهادو فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە دەزانن.

ئەمە ڕوون کردنەوەی شیخ الإسلام بوو. وە منیش دەڵێم: سبحان الله ما أشبَهَ الليلة بالبارحة: ئەمڕۆش موعتەزیلەو خەواریجەکان گەرچی ناویشیان نەمابێت، یا گۆڕابێت، بنچینەو بنەماکانیان هەر ماون لای ئەوانەی کەبانگەوازکردن و پەروەردەکردن و خەڵك کۆکردنەوەو جەنگانیان بۆ ئامانجی گەورەیانە کەگەیشتنە بەسوڵتە، وە بەدەست هێنانی حاکمیەتە (الحاكمية). وە جەنگان دژی حاکمەکان و کوشتاری کاتی فیتنە بنچینەی گەورەو بەندی سەرەکی پەیڕەوو پرۆگرامیانەو بەجیهادی دەزانن! بەپێچەوانەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

بۆیە دەبیسترێت ئەوانە بەردەوام باس لەزوڵم و ستەمی سوڵتە دەکەن و هانی خەڵکی دەدەن بۆ لابردنی سوڵتە بەبێ چارەسەرکردنی هۆی زوڵمی حاکمەکان و پاك کردنەوەی عەقیدەی خەڵکی لەشیرك و خورافیات و درۆو دەلەسە، وە بەبێ گەڕانەوەو تۆبەکردن بۆ لای خواو بەبێ پەروەردەکردنی خۆیان و دەوروبەر لەسەر ئیمان و کردەوەی چاکی موافیقی سوننەت.

وە گومانیشی تێدا نی یە کە ئەگەر لەسەر ئەم حاڵەتە بڕۆن ئەوا فیتنەو ئاژاوەو کوشتارو گومڕایی و زوڵم و ستەم زیاد دەکات نەك کەم بێتەوە ـ پەنا بەخوا ـ، وە مەحاڵە زوڵم بەزوڵم چارەسەر بکرێت.

بەشی پێنجەم

ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکانی ئیسلام لە جیهاد کردن:

١- ئامانجی ئیسلام لەجیهادی دیفاعی نەهێشتن و لادانی زوڵم و ستەمە .
٢- ئامانج لەجیهادی هجومی ڕامالینی کۆسپەکانی ڕێگای بلاوکردنەوەی حەق و دادپەروەری یە.
٣- ئامانج لە جیهادی چەکداری و جیهادی بانگەوازی
٤- مەبەستی پێغەمبەران لە بانگەوازی و جیهادکردنیان،وە سوننەت و ڕێبازیان لەم بارەیەوە
٥- گەڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی و حوکم کردن بە ئیسلام،بەرهەمی بانگەوازی کردن بۆ تەوحید و سەبر و دان بە خۆداگرتن و کردەوەی چاك بوو.
٦- کەواتە پێویستە لە بناغەوە هەوڵی پاك کردنەوەی بیوباوەڕی تێکڕای خەڵکی بدەین،نەك لە لوتکەوە ململانێ لەگەڵ حاکمەکان بکەین لەسەر سوڵتە.
٧- لە کوێوە دەست بە دەعوە بکەین،وە لە چی یەوە؟
• طرقتان لا یلتقیان،شَتّان بین مشرّقٍ ومغرب.

ئامانجی ئیسلام لەجیهادی دیفاعی نەهێشتنی زوڵم و ستەمە
وە ئامانج لەجیهادی هجومی ڕامالینی کۆسپەکانی ڕێگای بڵاوکردنەوەی حەق و دادپەروەریە.
نەك بۆ ئەوە بێت:
خەڵکی بەزۆر بکرێن بەموسوڵمان
وە ئیسلام بەکوشتار بڵاوبکرێتەوە

لە ئیسلام دا دوو جۆر جیهاد هەیە:

جیهادی دیفاع وە جیهادی طەلەب و هجوم.

وە هەدەف و مەبەستێکی پیرۆزو ڕەوا هەیە لە هەردوو جۆرەکەدا، وە بوونی ئەم جیهادە پێویستە بۆ بەختەوەری و مرۆڤایەتی، وە بریتی نییە لەتوند ڕەویتی و زۆرە ملیییی.

زانای پێشەواو (محدِّث) محمد ناصرالدين الألباني ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموێت:

((اعلم أن الجهاد على قسمين: الأول: فرض عين، وهو ضد العدو المهاجم لبعض البلاد المسلمين، كاليهود الآن الذين أحتلوا فلسطين، فالمسلمون ـالمستطيعون ـ جميعاً آثمون حتى يخرجوهم منها.

والآخر فرض كفاية، إذا قام به البعض سقط عن الباقين، وهو الجهاد في سبيل نقل الدعوة الإسلامية إلى سائر البلاد حتى يحكمها الإسلام، فمن استسلم من أهلها فيها، ومن وقف في طريقها قُتِل حتى تكون كلمة الله هي العليا، فهذا الجهاد ماضٍ الى يوم القيامة فضلاً عن الأوَّل. ومن المؤسف أنَّ من الكتاب من ينكره، وليس هذا فقط بل إنَّهُ يجعل ذلك من مزايا الإسلام!)).

واتە: جیهاد دوو جۆرە: یەکەمیان فەرزی عەینە. ئەوەشیان بەرپەرچ دانەوەی دوژمنی هێرش بەرە بۆ سەر وولاتی موسوڵمانان. وەك یەهود کەئەمڕۆ فەڵەستینیان داگیرکردووە، موسوڵمانان گوناهبارن ـ ئەوانەی کەتوانای یارمەتی دانیان هەیەـ تا جولەکە لەوێ بمێنن.

وە جۆری دووەم فەرزی کیفائی یە: ئەگەر کۆمەڵێك پێی هەڵسن لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، ئەم جۆرەشیان جیهادکردنە لەپێناو گواستنەوەی بانگەوازی ئیسلامی بۆ تێکڕایی وولاتان تاوەکو ئیسلام حوکمڕانییان بکات. جا هەر یەکێك تەسلیم بێت بەحوکمی ئیسلام ـ ئەگەر موسوڵمانیش نەبێت ـ ئەوە چاکە، وە هەرکەسێکیش بوەستێت لەڕێی، شەڕی لەگەڵدا دەکرێت تاوەکو تەنها ناوی خوا بەرز دەبێت (واتە تاوەکو خوا بەتەنها دەپەرستریت و پەرستن تەنها بۆ ئەو دەبێت و لەگەڵ ئەودا هیچ کەسێکی تر ناپەرستریت).

وە ئەو جیهادەش بەردەوامەو تا ڕۆژی دوایی هەر دەمێنێ سەرەڕای جیهادی یەکەم. وە جێگای داخە کەهەندێك لەنووسەران ئەمڕۆ ئینکاری لەم جۆرە دەکەن، وە هەر بەوەش ناوەستێت کەئینکاری بکات بەڵکو نەهێشتن و نەبوونی ئەم جۆرە جیهادە بەسیفاتە تایبەتییەکانی ئیسلام دادەنێت!.

واتە دەڵێت لەجوانێتی ئیسلام ئەوەیە کەجیهاد تەنها بۆ دیفاعە بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام جیهاد ناکرێت!.

وە شێخ عبدالله بن عبدالرحمن البسام دەەرموێت:

((ويُعلم من المرحلة الأخيرة في القتال ـ ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ ﴾ (الأنفال: من الآية ٣٩) ـ وجوب قتال الكفار ومهاجمتهم بعد دعوتهم والإعذار إليهم، حتى تكون كلمةُ اللهِ هي العليا. **وأنَّ قتال الكفار في الإسلام ليس مدافعة فقط، بل هو حركة جهادية حتى يكون الدين كلُّهُ لله))**[1].

وە ئەگەر بەویژدانەوە وورد ببینەوە لە (جهاد الطلب) دەبینین هیچ جۆرە زۆرلێ کردن و ستەم و زوڵمێکی تێدا نییەو بریتییە لەوپەڕی عەدالەت و دادپەروەری و ڕەحم و بەزەیی و حیکمەت.

چونکە ئەو پەروەردگارەی کەدروستی کردووین هەر تەنها خۆی بەرژەوەندی بەندەکانی بەتەواوی دەزانێت و دەزانێت بەختەوەری و کامەرانی ڕاستەقینەیان لەچیدایە. وە هەر خۆی پەروەردگاری هەموو بوونەوەرە (رب العالمين) وە بەبەزەیی و بەڕەحمە لەگەڵیان (الرحمن الرحيم)، بۆیە مرۆڤی دروست کردووە بۆ پەرستنی خۆی، چونکە بەختەوەری و خۆشبەختی مرۆڤ لەتەنها خواپەرستی دایە، وە هەموو سەر زەویشی خستۆتە ژێر بەرژەوەندی مرۆڤ وە ڕزق و ڕۆزیشی دەدات تا بتوانێت بەئەرکە سەرەکییەکەی هەڵسێت کەتەنها خواپەرستییە، وە بەرنامەی ژیانیشی بۆ ناردووەتە خوارو پێغەمبەرو پێشەوایشی بۆ ناردووە. کەچی لەگەڵ ئەم هەموو نیعمەتە خواییانەدا زۆر لەخەڵکی یەکێکی تر دەپەرستن لەغەیری خواو سوپاسی غەیری خوا دەکەن و کوفرانەو دژایەتی پەروەردگاریان دەکەن. بۆیە عەدالەتی پەروەردگار تۆڵەی خراپە بەسزا دەداتەوە ﴿ وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ ﴾ و خراپکارو هاوبەشی پەیداکاران کەپێڕیکی پیسی درندەی ئاژەڵین، ئەم پێڕە زیان بەخشە کەڕێدەگرن لەبلاوکردنەوەی دینی خوای پەروەردگار، خوای گەورە بەوە تۆڵەیان لێ دەسێنێتەوە لەدونیا کەموسوڵمانانی موجاهید لەناویان بەرن، بۆیە فەرمانی بەموسوڵمانان کردووە کەدینەکەی خوا بگەیەنن بەڕەوایی و عەدالەت وە ئاسنیشی ناردووەتە خوارەوە (چەك) بۆ لێدان و لابردنی ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی بانگەوازەکەوە:

﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴾(الحديد: ٢٥). وە جیهادکردن دژی ڕێگرانی بانگەوازی ئیسلام ئەوپەڕی عەدالەت و حیکمەتە، چونکە بانگەوازی خەڵکی بۆ لای خوا مایەی بەختەوەری و کەرامەتەو نابێت ڕێ بگیرێت لەم بەختەوەرییە کەبگات بەخەڵکی، وە ڕێگران زیان بەخشن بەخۆیان و خەڵکیش وە ڕەگەزێکی پیسن (إنَّ المشركين نجسٌ) لەبیروباوەڕدا پیسن، وە لەهەڵس و کەوت و تەعامولیاندا پیسن لەڕەوشت و ئەخلاقیاندا، بۆیە جیهادکردنی ئەم موشریکە پیسە زیان بەخشە ڕێگرانە سوودو قازانجی گشتی تێدایە بۆ تێکڕایی خەڵکی.

وە لەدونیادا ئەگەر منداڵ بەقسەی باوکی خۆی نەکات یان خزمەتکار بەقسەی گەورەی خۆی نەکات یان قوتابی بەقسەی مامۆستای خۆی نەکات، ئەوا شایستەی سزاو عقوبە دەبن و ئەو سزادانەش عەدالەتەو بەزوڵم و ستەم دانانرێت، چونکە هەریەك لەباوك و مامۆستاو گەورە خۆیان ماندوو کردووە لەگەڵ ژێر دەستەکانیان و پەروەردەیان کردوون و چاکەیان لەگەڵدا کردوون، بۆیە نابێت پاداشتی ئەو چاکانە بەخراپە بدرێتەوە.

---

[1] توضح الأحكام (٥: ٣٦٠).

وە هەروەها ئەگەر چاکەیەك لەگەڵ کەسێکدا بکەیت چاوەڕێی پاداشتی چاکی لێ دەکەی، وە هەر نەبێت هەڵوێستی باش بێت بەرامبەرت، بەڵام ئەگەر هاتوو بەپێچەوانەوە بوو ئەوا شایستەی لۆمە کردن و تۆڵە لێ وەرگرتنە.

کەواتە ئەدی چۆن ئەو پەروەردگارەی کە لەنەبوونەوە مرۆڤی هێناوەتە بوون وە بەشێوەیەکی زۆر تەواو و جوان و ڕێك و پێك دروستی کردووە وە عەقڵ وبیستن و بینین و دەست و قاچی بۆ داناوە. وە سەرەڕای ئەوەش زەوی بۆ ڕاخستووە بەفەرش، وە ئاسمانی بۆ کردووە بەسەقف، وە بارانی بۆ دەبارێنێ و ڕووەکی بۆ دەڕوێنێ و، گیانلەبەرانی بۆ دەلەوەڕێنێ و، ڕزق و ڕۆزی جۆراوجۆری بۆ بەرهەم دێنێ و، ئەو مرۆڤەی پێ دەژێنێ، سەرەڕای ئەم هەموو نیعمەتە هەست پێکراوە ماددیانە کەخۆراکی لاشەو بەدەنیەتی، نیعمەتی مەعنەویشی پێ بەخشیوە؛ کەخۆراکی ڕوح و دڵ و عەقڵیەتی، کەبریتییە لەنیعمەتەکانی ڕێنمایی کردن و هیدایەتدان بۆ بەختەوەری دونیاو قیامەت بەهۆی ناردنە خوارەوەی قورئان و ناردنی پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام).

جا کەهاتوو مرۆڤ سوپاسی ئەم هەموو نیعمەتە خواییانەی نەکردو، بە پێچەوانەوە کوفرانەی کردو، پشتی لە خوا کردو، شەریکی بۆ بڕیارداو، کافر بوو پێی و ڕێگای گومڕایەتی هەڵبژارد ـ کە بەم هەڵوێستە خراپانەشی زەرەر لەخۆی دەدات پێش هەموو کەسێك و زەرەری پێ لەخوا نادرێت ـ لێرەدا پەروەردگار خوێن و ماڵیانی حەلاڵ کردووە بەڵکو بترسن و بگەڕێنەوە بۆ لای خواو وازبهێنن لە ڕێبازی گومڕایەتی و شەیتان و تاغوت پەرستی. کەواتە ئەم حەلاڵ کردنەی خوێن و ماڵیشیان وەسیلەیەکە بۆ گەڕانەوەیان بۆ لای خواو ڕەحمەتە بۆیان﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴾(الأنعام: ٤٢).

وە ئەگەر هەر نەشگەڕانەوە بۆ لای خواو وازیان نەهێنا لەدژایەتی خواو دۆستانی، وە بەردەوام بوون لەسەر کوفرو شەریك بۆ دانانی، ئەوکاتە ئەوپەڕی عەدالەتە کەپەروەردگاری بە بەزەیی و خاوەن بەخشش تۆڵەیان لێ بسێنێت و ڕسوایان بکات بەدەستی دۆستانی خۆی و خوێن و ماڵیشیان حەلاڵ بکات بۆ دۆستانی خۆی کەخوێن و ماڵیان دەبەخشن لەپێناوی پەروەردگاریان!

وە هەروەها ئەم جیهادە ڕەحمەتێکی زۆر گەورەیە بەمرۆڤایەتی تێکڕا، چونکە ئەگەر ڕێگا نەدرا بەموسوڵمانانی پاك و ڕاست و خێرخواز کەموشریکە پیس و زیان بەخشەکان ڕامالن و زەلیلیان بکەن، ئەوا زەوی تووشی فەساد دەبوو وە ژیان تێك دەچوو وە زوڵم و ستەم زۆر دەبوو و فەسادی و خراپە پەرەی دەسەندو سەرکردە تاغوتەکان خەڵکیان دەچەوساندەوەو دەیانکردنە ژێردەستەو خزمەتکاری خۆیان و عەدالەت و ئاسایش نەدەما، وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ (البقرة: ٢٥١).

کەواتە ئەم جیهادە فەزڵ و ڕەحمەت و کەرەمی خوایە لەسەر بوونەوەر ئەگەر مرۆڤ هەست و شعوری هەبێت و بیربکاتەوە لێی.

وە شێخ عبدالرحمن حَبَنَّكة لەکتێبی (الجهاد)دا دەفەرموێت:

((إن الضرورة في المجتمع البشري قد تدعوا إلى القتال انتصاراً لحق المظلومين، ورفعِ حيفِ الطُغاةِ عنهُم، ليروا الحق والهداية، فيدينوا بالدين الذي يرتاحون إليه وتؤمن به قلوبهم.

بعد هذا البيان لايجد العقلاء المنصفون حاجةً للاعتذار عن ركن الجهاد في سبيل اللهِ بقتل الطغاة البغاة الظلمة المستبدين، الذين يكرهون الناس على ما يريدون.

إنَّ قضية الجهاد في سبيل الله بالقتال لتأمين رسالة الدعوة وحمايتها، وإقامةِ العدلِ قضية حقٍ رباني، وإنَّ غايتَهُ من أشرف الغاياتِ وأنبلها.

ومن عجيب المفارقات أنَّ كثيراً من الذين يُشنعون على الإسلام في شأن هذا الواجب العظيم، يمارسون أقبح صور الإكراه في الدين، وأقبح صور التعصب ضد المسلمين، أو يستخدمون ضدهم كُلَ وسائل العنفِ لإلزامهم بأن يتركوا دينهم وعقائدهم ومفاهيمَهم، ويوجِهونَ ضدهم حروب إبادةٍ جماعية ماوجدوا إلى ذلك سبيلاً)).

واتە: کۆمەڵگای بەشەریەت جاری واهەیە زەرورەت واپێویست دەکات جەنگ و کوشتار هەبێت بۆ سەرخستنی ستەم لێکراوان و لابردنی زوڵم و ستەمی تاغوتان لەسەریان.

وە مەسەلەی جیهاد لەپێناوی خوادا بەجەنگ بۆ تەئمین کردنی ڕێگای بانگەواز و پاراستنی دادپەروەری، مافێکی پەروەردگارە. وەبێگومان مەبەست و هەدەفەکانی جیهاد پیرۆزترین و بەرزترین هەدەف و مەبەستن **(چونکە مەبەست لەجیهاد نەهێشتنی شیرك و کوفرە تاوەکو عیبادەت و دین تەنها بۆ خوا بێت)** ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ ﴾ **وە بۆ ئەوەیە خەڵکی لە بەندایەتیو ژێر دەستایەتی و چەوساندنەوەی تاغوتە سەرکەشەکان ڕزگار بکرێن بۆ لای پەروەردگاری زەوی و ئاسمان. وە بۆ لەناوبردنی زوڵم و ستەم و بلاوکردنەوەی عەدالەت و کەرامەت و مرۆڤایەتی.**

وە زۆر سەیرە دەبینین زۆربەی ئەوانەی ڕەخنە لەئیسلام دەگرن سەبارەت بەم ئەرکە پێویستەی کەجیهادە بۆ بلاوکردنەوەی بانگەوازو بەرنامەی پەروەردگار ـ لەکاتێکدا کە ئەم ڕەخنەگرانە خۆیان ئەوپەڕی زۆرە ملێی لەخەڵکی دەکەن لەدیندا، بەشێوەیەك زۆر لەموسوڵمانان دەکەن بۆ دەست بەردان و دوورکەوتنەوە لەدینەکەیان وە هەموو وەسیلەیەکی توند بەکاردەهێنن بۆ وازهێنانی موسوڵمان لەعەقیدەو بەرنامەکەی. وە شەڕی کۆمەڵ کوژی و لەناوبردنیان دژ دەکەن ئەوەندەی کەڕێگایان بێت.

بەداخەوە ستەمکارە کافرەکان ئەم زوڵم و ستەم و زۆرلێکردنەی خۆیان بەلاوە جێگای ڕەخنە نییە!، بەڵام هەر لەبنەڕەتەوە جیهادکردن دژ بەکەسانێکی کافری دژ بەخواو ئایینەکەی کەدەبنە کۆسپ لەڕێی گەیاندنی بانگەوازییەکەی، جیهادکردنی ئەوانەیان بەلاوە زۆرلێکردن و توندڕەوێتی و ئیرهابەو دەڵێن موسوڵمانان بەزۆر خەڵکی دەکەن بەموسوڵمان!.

وە لەڕاستیدا هەرچەندە کە ئیسلام جیهادی تێدایە بۆ نەهێشتنی کۆسپی سەر ڕێگای دەعوە، بەڵام ئەم جیهادە بۆ زۆرلێکردنی خەڵکی نییە بۆ هاتنە ناو ئیسلام، هەروەك کۆمەڵێك لە دوژمنانی ئیسلام لە غەربیەکانیان و شوێنکەوتەکانیان پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ئیسلام بە بانگەواز بلاونەبووەتەوە، بەڵکو بە شمشێرو شەڕو زۆرلێکردن سەپێنراوە بەسەر خەڵکیدا. وە جیهاد بەتوندڕەوێتی و ئیرهاب و دواکەوتوێتی دادەنێن.

ئەو پروپاگەندەیەش یان لەکەسێکی ناشارەزا بە ئیسلام و سیرەتی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەرچووە، یان لەدەمارگیری و دڵ ڕەشێتی کەسێکی دوژمن بەدین پەیدابووە. چونکە لەڕاستیدا مرۆڤ کەسەیری سەرهەڵدانی ئیسلام بکات هەر لەسەرەتاوە تاوەکو دوای خەلیفەکانیش بۆی دەردەکەوێت کەئیسلام دینێکی ڕەحمەت و بەرەکەت و بەختەوەری و ئاشتی

و ئاسوودەیی بووە بۆ مرۆڤایەتی، وە خوای پەروەردگاری بەڕەحم پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) نارد بەڕەحمەتێك بۆ گشت جیهان﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ نەك تەنها بۆ موسوڵمانان! بۆیە دەبینین پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زۆری لەهیچ کەس نەکردووە لەسەر موسوڵمان بوون، چونکە پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾، واتە: زۆر لەکەس مەکەن لەسەر هاتنە ناو ئیسلام، چونکە ئیسلام خۆی ئاشکراو ڕوونەو ڕاست و ڕەوایەو کامڵ و تەواوە، بۆیە پێویست بەوە ناکات زۆر لەخەڵکی بکرێت بۆ موسوڵمان بوونیان.

وە خوای پەروەردگار پێی دەفەرموو:

﴿ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ كُلُّهُمۡ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴾ (يونس: ٩٩).

واتە: ئەگەر پەروەردگارت بیەوێت ئەوا خەڵکی سەر زەوی هەموویان باوەڕ دێنن ـ جا کەخوای گەورە وای نەویستووە ـ تۆ ـئەی موحەمەدـ زۆر لەخەڵکی دەکەیت تاوەکو ببنە بڕوادار؟! کەواتە زۆرت پێ لێ ناکرێن و بەزۆر ناکرێن بەبڕوادار ئەگەر خوا نەیەوێت.

بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بانگەوازی خەڵکی دەکرد بەنەرم و نیانی و ڕەوشتی جوانی و فەرموودەکانی، وە لەسەرەتادا سەبریشی دەگرت لەسەر ئازاری بێ باوەڕان وە کەتواناو دەسەڵاتیشی پەیداکرد تەنها ڕوخسەتی ئەوەی پێدرا کەبجەنگێت دژ بەوانەی کەشەڕی لەگەڵدا دەکەن، وە وازبهێنێت لەغەیری شەڕکەران، وە دوایی فەرمانی پێکرا بەجەنگان دژی هەموو ئەو موشریکانەی کەخوا دروستی کردوون و غەیری ئەو دەپەرستن، وە خوا ڕزق و ڕۆزیان دەداتێ و سوپاسی غەیری ئەو دەکەن. وە خوای پەروەردگار نیعمەت و بەخشینی بەسەردا ڕشتوون و ئەوانیش کوفرانەی دەکەن و دژایەتی خواو بەرنامەکەی دەکەن! وە دینی مرۆڤایەتی هەڵنابژێرن و ئاژەڵی و درندانەو ستەمکارانە دەژین و باوەڕ بەخواو ڕۆژی دوایی ناهێنن.

﴿ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ﴾ (التوبة: ٢٩).

وە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَقَٰتِلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ كَآفَّةٗ كَمَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ كَآفَّةٗ ﴾، واتە: بجەنگن دژ بەهەموو موشریکان و کوشتاریان بکەن هەروەك چۆن ئەوان کوشتاری گشتی ئێوە دەکەن.

بەڵام کافرو موشریکێك کەبەڵێن و پەیمانیان هەبێت لەگەڵ موسوڵمانان بۆ شەڕ نەکردن، ئەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شەڕی لەگەڵ نەدەکردن تا ئەوان بەڵێنەکەیان هەڵنەوەشاندبایەوەو خیانەتیان نەکردبا ﴿ فَمَا ٱسۡتَقَٰمُواْ لَكُمۡ فَٱسۡتَقِيمُواْ لَهُمۡ ﴾.

وە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتە (مەدینە) سوڵح و پەیمانی بەست لەگەڵ جولەکەکانی مەدینە، وە تاوەکو ئەوان خیانەتیان نەکرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شەڕی لەگەڵ نەکردن. ﴿ وَإِن نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُم مِّنۢ بَعۡدِ عَهۡدِهِمۡ وَطَعَنُواْ فِي دِينِكُمۡ فَقَٰتِلُوٓاْ أَئِمَّةَ ٱلۡكُفۡرِ إِنَّهُمۡ لَآ أَيۡمَٰنَ لَهُمۡ لَعَلَّهُمۡ يَنتَهُونَ ۝ أَلَا تُقَٰتِلُونَ قَوۡمٗا نَّكَثُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ وَهَمُّواْ بِإِخۡرَاجِ ٱلرَّسُولِ وَهُم بَدَءُوكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٍۚ أَتَخۡشَوۡنَهُمۡۚ فَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخۡشَوۡهُ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴾ (التوبة: ١٢ – ١٣).

وە پەروەردگار بە موسوڵمانانی فەرموو ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾ (الممتحنة: ٨).

واتە: پەروەردگارتان نەهیتان لێ ناکات لەوانەی شەڕی دینیان لەگەڵدا نەکردوون وە لە وولاتتان دەریان نەکردوون کەچاکەیان لەگەڵدا بکەن و عادل و ڕەوا بن بەرامبەریان ـ ئەگەر کافریش بن ـ چونکە پەروەردگار دادپەروەرو عادیلانی خۆش دەوێت.

وە کەسەیری هەرسێ جەنگە گەورەکانی ئیسلام بکەین (بدر، أُحُد، خندَق) بکەین دەبینین بێ باوەڕان هێرش بەرو دەست درێژکار بوون، لەجەنگی بەدر کۆمەڵێکی کەم لەموسوڵمانان چوونە سەر ڕێگای قافڵە بازرگانییەکەی (قوڕەیش) بۆ ئەوەی بازرگانییەکە دەستگیر بکەن لەبەرامبەر ئەو هەموو ماڵ و سامانەی موسوڵمانان کەموشریکە قوڕەیشەکان دەستیان بەسەردا گرت.

بەڵام قوڕەیشییەکان بەمەیان زانی و هێزێکی گەورەی زۆریان هێنا بۆ سەر ئەو کۆمەڵە کەمەی موسوڵمانان و جەنگ دروست بوو.

وە لەجەنگی (أُحُد و خندق) بەئاشکرا دیارە کەبێ باوەڕان هێرشیان هێنا بۆ سەر موسوڵمانان بۆ شاری مەدینە بەهەموو هێزو توانایەکیانەوە.

کەواتە دەرکەوت کەجیهاد بۆ زۆرلێکردنی خەڵکی نییە بۆ هاتنە ناو ئیسلام، چونکە ﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ﴾ واتە بەزۆر نابێت کەس بکرێت بەموسوڵمان. بەڵکو ئەم جیهادە بۆ ئەوە دەکرێت حوکمی ئیسلام کەحوکمی پەروەردگارە کاربکات لەسەر هەموو خەڵکی و بەشەریعەتی ئیسلام زیندەگی بکرێت و نیزام بەڕێوە بچێت، نەك بەقانون و شەریعەت و نیزامی دەستکردی ئادەمیزادی نەفامی ستەمکار.

وە لەم بارەیەوە الشيخ محمد بن صالح العثيمين دەفەرموێت:

((نحن لانريدُ أَنْ نُلَزِمَ الناسَ بالإسلام، نريدُ أن يلتزمَ الناسُ بالإسلام، أي بأحكامهِ حتى يكون الإسلام هو العالي، وكلمة اللهِ هي العليا هذا هو الصحيح، وأن قتال الكفار لا لإلزامهم بالإسلام، ولكن لإلزامهم بالخضوع لأحكام الإسلام)).

واتە: ئێمە نامانەوێت بەزۆر خەڵکی ببەستینەوە بەئیسلام و موسوڵمانیان بکەین، بەڵکو دەمانەوێت خەڵکی خۆیان دەست بگرن بەئیسلامەوەو پابەندبن بەئیسلام واتە بەحوکمەکانی ئیسلام، بۆ ئەوەی ئیسلام سەروەر بێ و ووشەی (الله) بەرز بێت وە لەگەڵ خوا هیچ یەکێکی تر حیسابی بۆ نەکرێت و لەگەڵ بەرنامەکەی ئەویشدا حیساب بۆ هیچ بەرنامەیەکی بەشەر نەکرێت.

وە جەنگان دژ بەکافران بۆ ئەوە نییە بەزۆر موسوڵمانیان بکەین و ببنە موسوڵمان، بەڵکو بۆ ئەوەیە پابەندبن بەژێربار بوون بۆ حوکمەکانی ئیسلام ـ ئەگەر لەسەر بیروباوەڕی خۆیشی بمێنێتەوە. بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کەموجاهیدانی دەنارد بۆ بانگەواز کردنی قەومێك سێ ڕێگای بۆ موجاهیدەکان دادەنا:

١ـ داوا لە قەومەکە بکەن موسوڵمان بن و وازبهێنن لە شیرك و کوفر.

٢ـ ئەگەر موسوڵمانیش نابن زۆریان لێ مەکەن بەڵام با سەرانە (جزیە) بدەن بە دەوڵەتی ئیسلام، وە دەوڵەتیش لە موقابیلی ئەوەدا پارێزگاریان لێ دەکات وە ئەوانیش حوکمە گشتییەکانی ئیسلامیان بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت. واتە مەنع دەکرێن لەدزی و زیناو قەتل و... وە هەر یەکێك لەوانە تاوانێکی وا بکات ئەوا وەکو موسوڵمانان سزا دەدرێت. دز دەستی دەبڕدرێت و زیناکار (١٠٠) جەڵدەی لێ دەدرێت و کەپیاو یان ژن بوو ڕەجمیش دەکرێت و قاتل تۆڵەی لێ دەسەندرێت و...هتد.

٣ـ وە ئەگەر بەیەکەم داخوازی کە موسوڵمان بوونە ڕازی نەبوون وە هەروەها بەدووەمیش کەژێر فەرمان بوونی حوکمی ئیسلامە. ئەوکاتە شایستەی ئەوەن کە بکوژرێن و خوێن و ماڵیان حەلاڵ بکرێت. بەلاّم لە حاڵەتی سێیەمیشدا سنور دانراوە:

١ـ نابێت غەدر بکرێت.

٢ـ نابێت گاڵتە بە کوژراویان بکرێت واتە نابێت دەم و لووت و گوێچکەیان و ... بڕدرێت و ناشیرین بکرێت.

(٣ـ ٥) نابێت پیاوی پیرو منداڵی بچوك و ئافرەتانیان بکوژرێن.

٦ـ نابێت ئاژەڵیان بکوژرێت.

٧ـ نابێت ئاوەدانی یان تێك بدرێت.

٨ـ وە نابێت درەختی بە بەر بڕدرێت، یان بسوتێنرێت.

بەم شێوەیە هەرکەسێك یان هەر شتێك بەشداری شەڕ نەکات و نەبێتە بەرپەرچی دەعوە نابێت دەستی بۆ درێژ بکرێت.

هەروەك سولەیمانی کوڕی بورەیدە لەباوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە (رضي الله عنه) دەیفەرموو:

((كان رسول الله (صلى الله علية وسلم) لإذا أَمَّرَ أميراً على جيشٍ أو سريَةٍ أوصاهُ في خاصَّتِهِ بِتَقوى اللهِ وبِمَنْ معهُ مِنَ المسلمين خيراً، ثم قال:

١ـ اغزوا على اسمِ اللهِ،

٢ـ في سبيل الله،

٣ـ قاتلوا مَنْ كَفَرَ باللهِ،

٤ـ اغزوا ولاتَغُلُوا،

٥ـ ولا تغدروا،

٦ـ ولا تُمثّلوا،

٧ـ ولا تقتلوا وليداً،

٨ـ وإذا لَقيتَ عَدُوكَ فادْعُهُم إلى ثلاثِ خِصالٍ فأيَتهنَ أجابوكَ فاقْبَلْ مِنهُم وكُفَّ عَنهُم:

أ ـ أُدعُهُم إلى الإسلامِ، فإنْ أجابوكَ فاقبَلْ مِنهُم، ثمَ ادعوهم إلى التحولِ من دارهم إلى دار المهاجرين، فإنْ أبوا فأخبرهُم بأنهم يكونون كأعرابِ المسلمينَ ولا يكون لهم في الغنيمة والفيءِ شيءٌ إلا أن يجاهدوا مع المسلمين.

ب ـ فإنْ هُم أبوا فاسألهُمُ الجزية، فإنْ هُمْ أجابوكَ فَاقبَل مِنهُم،

ج ـ فإن هُم أبوا فاستعِن عليهُم بالله تعالى، وقاتِلهُم[1].

کەواتە: دواترین قۆناغ پەنا دەبرێتە بەر شەڕو کوشتار، وە شەڕو جەنگانەکەش بۆ مەبەستێکی زۆر پیرۆزە: ((اغزوا على اسمِ اللهِ، في سبيل الله، قاتلوا مَنْ كَفَرَ باللهِ))، واتە: بەپشتیوانی خوا غەزا بکەن وە لەپێناوی خوادا بەتەنها نەك لەپێناوی شتی تر ، وە دژ بەوانە بجەنگن کەکافر بوون بەخوا.

کەواتە مەبەست لەجیهاد، بەرزکردنەوەی ووشەی (الله)یەو لەپێناوی خوایە. وە توخوا چ ووشەیەکی تر غەیری ووشەی (الله) شایستەترە بەرزتر بێت لەووشەی (الله)؟! چەند پیرۆزە ئەو جیهادەی کەبۆ بەرزکردنەوەی ئەم ووشە پیرۆزە بێت؟!

---

[1] صحيح مسلم.

کەواتە ئەوە هەدەفی جیهادە لەئیسلام، وە بۆ غەیری ئەو هەدەفە ئیسلام ڕێگا نادات کوشتارو جەنگ بکرێت.

شێخ عبدالله آل بسام دەفەرموێت:

((وبهذا فالإسلامُ لايبيحُ القتالَ لغاياتٍ عدوانية، أو مقاصِدَ مادِية، بسيادة عُنصرٍ على عُنصُر، أو شعبٍ على شعب، أو طبقةٍ على طبقةٍ أُخرى، أو توسيع رُقعة مملكةٍ، أو أغراض حربية أو مكاسب إقتصادية أو أسواق تجارية أو غير ذلك مما تتخذهُ الدولُ وسيلةً لإشعال الحروب، وهدم السِّلم الدائم، فليس ذلك كلهُ في شيءٍ مما أباح الإسلام القتال لأجلهِ، ذلك لأنِّ غاية الإسلام مباديء كريمة يَعُم نَفعُها الناسَ جميعاً))[٢].

وە هەروەها:

((إنَّ الإسلامَ يستبعد الحروبَ التي تثيُرُها المطامع والمنافع، وحروب الإستعمار والإستغلال، والبحث عن الأسواق والخامات، واسترقاق المرافق والرجال، كما يستبعِدْ أيضاً الحروب التي تثيرها حُبُّ الأمجاد الزائفة والمغانم الشخصية، فلا مكان لهذهِ الحروب))[٣].

واتە: زاڵ بوونی قەومێك بەسەر قەومێکی تردا یاخود چینێك بەسەر چینێکی تردا یاخود فراوان کردنی سنوری وولاّت یاخود بەرژەوەندی ئابووری یان بازرگانی یاخود زەعامەت و کەسایەتی وەدەست هێنان.. هیچ کام لەمانەو هاوشێوەیان هەدەف و مەبەستی جیهادی ئیسلامی نین و ئیسلام شەڕکردن لەسەر ئەم هەدەف و مەبەستانە بەدروست نازانێت و ڕێگای پێ نادات.

واتە: جیهاد لەئیسلامدا بۆ ڕاگەیاندن و گەیاندنی دەعوەی ئیسلامی، هەدەف و مەبەستێکی پیرۆزو ڕەوای هەیە، بوونی ئەم جیهادە زەروورە بۆ بەختەوەری مرۆڤایەتی و بریتی نی یە لەتوندڕەوێتی و زۆرەملێی.

---

[٢] توضيح الأحكام: (٣٧٣/٥).

[٣] توضيح الأحكام: (٣٨٠/٥).

ئامانجەکانی جیهادی بانگەوازی

زانای پایەبەرز الشیخ بکر بن عبدالله أبو زید ڕوونی کردووەتەوە جیاوازی نێوان غایەت و وەسیلەی بانگەوازی پێغەمبەران لەگەڵ غایەت و وەسیلەی بانگەوازکاران بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، دەفەرموێت[٤]:

((ولن تتحقق أهداف الدعوة من العمل على:

١ـ هداية العباد، ٢ـ وإقامة الشريعة بينهم، ٣ـ وإظهار الحجة على الخلق، ٤ـ والإعذار الى الله تعالى. إلا بالبيان الكامل لدين الله حسب الوسع والطاقة، ولن يفوت على الداعي بَعدُ نصفُ مُرادِهِ من أهداف دعوتهِ: إما الهداية وإقامة الشريعة، أو الإنذار والإعذار إلى الله تعالى...

ولا تلتفت بعدُ إلى إشارة الرهج، وتصعيد النظر بأسئلة الإنهزام أمام دعواتِ التغريب:

أين التنظيم؟! أين القوالب؟! أين الخطوط العامة؟! أين الترتيبات الإدارية؟!... وهكذا من النداءات التي نهايتها دعوة الى تغيير حقيقة الدعوة على منهاج النبوة.

وما علموا أن الدعوة الإسلامية على منهج النبوة لها **غاية** تتميز عن أية غاية لأي دعوة: **تحقيق التوحيد** و **ترسيخ الإيمان**.

واتە: هەدەفەکانی بانگەواز کەبریتین لە:

١ـ هیدایەتدانی بەندەکان، ٢ـ بەرپاکردنی شەریعەت لەناویاندا، ٣ـ ڕوونکردنەوەی بەڵگە لەسەر خەڵکی، واتە نەهێشتنی بیانووی حەق پێ نەگەیشتن بۆ خەڵکی، ٤ـ وە عوزر بوون لای پەروەردگار کەبانگەوازکار هەڵساوە بەئەرکی سەرشانی لەبانگەوازی کردن بۆ لای خوا.

ئەم هەدەف و غایەتانە نایەنەجێ تەنها بەڕوون کردنەوەی تەواو نەبێت بۆ دینی ئیسلام بەگوێرەی دەسەلاّت و توانا. وە دوای ئەو ڕوونکردنەوەیەی ئیسلام بۆ خەڵکی و بانگەوازی کردنیان بۆ لای خوا بەهەر شێوەیەك بێت نیوەی هەدەفەکانی دەعوە لەدەست بانگەوازکار ناچێت، چونکە یان بانگەوزکراوان هیدایەت وەردەگرن و شەریعەت بەرپا دەبێت لەناویاندا. وە یان بەڵگەی ڕوونی بەخەڵك گەیاندووەو خەڵکی بێ عوزر کردووەو بیانوویان نەماوە. وە ئەو کاتەش خۆی عوزری هەیە لای پەروەردگار کەخەڵکی هیدایەتیان وەرنەگرتووە چونکە ئەو بانگەوازکارە هەڵساوە بەئەرکی سەرشانی خۆی کە ڕوونکردنەوەی بەڵگەکانی ئیسلامە بۆ خەڵکی.

وە دوای ئەوەی کەبانگەوازی بەشێوەیەکی واکرد کە بەلایەنی کەمەوە نیوەی هەدەفەکانی دەست دەکەوێت ئەو کاتە ئاوڕ نادرێتەوە بۆ پرسیاری دۆڕاوو پوچ، کە پرسیار دەکرێت:

کوا تەنزیم؟ کوا ڕێکخستن؟ کوا پۆل و شانەو لق و مەڵبەند؟! کوا ڕێبازە گشتییەکانی کارکردن؟!.. وە هەروەها چەندان پرسیارو داواکاری تریش کەکۆتاییەکەی بانگ کردنە بۆ گۆڕینی حەقیقەتی بانگەوازی لەسەر مەنهەجی پێغەمبەریەتی.

وە نەیان وانیوە ـ ئەم حکومەت خوازانەـ کەبانگەوازی ئیسلامی لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرایەتی غایەت و هەدەف و مەبەستێکی هەیە جیا لەغایەت و هەدەفی هەموو بانگەوازێکی تر: **کە بریتییە لە:**

(چەسپاندنی تەوحیدو تەنها خواپەرستی و پتەوکردنی ئیمان لە دڵی بانگەواز کراواندا).

جا بۆیە وەسیلەت و غایەتی ئەم دەعوەیە تایبەت و دیاری کراوە.

---

[٤] حكم الأنتماء الى الفرق والأحزاب والجماعات الإسلامية: (١٥٦ـ ١٦٤) بكر بن عبدالله أبو زيد.

مەبەستی سەرەکی لەجیهادی چەکداری چی یە؟

مەبەستی سەرەکی لەجیهاد بریتی یە لەنەهێشتنی شیرك و هاوبەشی دانان بۆ خواو بەرپاکردنی تەوحیدو تەنها خواپەرستی، هەروەك پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ لِلَّهِۖ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَلَا عُدۡوَٰنَ إِلَّا عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾[٥].

﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴾[٦].

وە لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە پێشەوای موفەسیرینی قورئان ئیبن جەریری الطبری ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی:

((يقول تعالى ذكره لنبيِّه محمد (صلى الله علية وسلم):

وقاتلوا المشركين الذين يقاتلونكم ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾ يعني: حتى لايكون شرك بالله، وحتى لايعبد دونه أحد، وتضمحل عبادة الأوثان والآلهة والأنداد، وتكون العبادة والطاعة لله وحده دون غيره من الأصنام والأوثان، كما قال قتادة: قوله: ﴿حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ﴾ قال: (حتى لايكون شرك).

وساق أسانيده بهذا التفسير إلى قتادة ومجاهد والسُّدِّي وابن عباس.

ثم قال: المراد بالدين الذي ذكره الله في هذا الموضع فهو العبادة والطاعة لله في أمره ونهيه. ثم ساق إسناده إلى الربيع: (ويكون الدين لله) يقول: **حتى لايعبد إلا الله، وذلك لا إله إلا الله، عليه قاتل رسول الله عليه وآله وسلم وإليه دعا**))[٧].

واتە: پەروەردگار بەپێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) فەرموو: بجەنگن لەگەڵ ئەم موشریکانەی کەشەڕتان لەگەڵ دەکەن، بۆ ئەوەی فیتنە لەئارادا نەبێت، کە ئەویش بریتییە لەشەریك بۆ خوا بڕیاردان. واتە بجەنگن لەگەڵیان بۆ ئەوەی تەنها خوا بپەرستریت، وە چیتر عیبادەتی بت و پیاوچاکان نەکەن و تەنها گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ الله بکرێت.

قتادە: لەتەفسیری (حتى لاتكون فتنة) دەفەرموێت (حتى لايكون شرك).

واتە فیتنەی بەشیرك لێك دایەوە.

وە بەهەمان شێوە ئەم لێکدانەوەیە دەداتە پاڵ موجاهیدو سوددی و ئیبن عەباس.

ئینجا دەفەرموێت: مەبەست لە (الدين) لەم ئایەتەدا ﴿وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ﴾ بریتییە لەعیبادەت و گوێڕایەڵی کردنی پەروەردگار لەفەرمان و نەهییەکان.

وە هەروەها لەڕوبەیعەوە دەگێڕێتەوە کەدەفەرموێت (ويكون الدين لله)، واتە: تاوەکو عیبادەت تەنها بۆ الله دەکرێت، وە ئەم ئایەتەش بریتییە لەمانای لا إله إلا الله، وە هەر لەسەر ئەم ووشەیەش پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) شەڕو جەنگانی دەست پێ کردووەو بانگەوازیشی هەر بۆ ئەم ووشەیە بووە.

---

[٥](البقرة: ١٩٣).

[٦](الأنفال: ٣٩).

[٧] جامع البيان عن تأويل آية القرآن. ابن جرير الطبري (٢/٢٦٦).

کەواتە:

پێویستە چەند شتێک تێ بگەین:

١ـ مەبەستی پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ لەبانگەوازو جیهادکردنیان.

٢ـ لەکوێوە دەست بەدەعوە بکەین، وە لەچی یەوە؟

مەبەستی پێغەمبەران

ـــ علیهم الصلاة والسلام ـــ

لەبانگەوازو جیهادکردنیان

سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

لەبانگەوازکردنی بۆ لای خواو دامەزراندنی دەوڵەت و جیهادکردندا[٨]:

١ـ یەکەم شت کەپێغەمبەری ئێمەش و پێشووش ـ علیهم الصلاة والسلام ـ فەرمانیان پێ کردبێت، تەنها خواپەرستن (التوحید) بووە، ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ ...﴾.

وە یەکەم شتیش کەنەهیان لێ کردووە، شیرك و هاوەڵ بۆ خوا دانان بووە لە پەرستندا، ﴿... وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗا﴾.

وە گەورەترین کێشە لایان ئەوە بووە کەخەڵکی خوا بەتەنها ناپەرستن، بەڵکو پێغەمبەرانی وەك (عیساو عوزەیر) و پیاوچاکانی وەك (وَد، سواع، یغوث، یعوق، نسر، لات)، وە فریشتەو جنۆکەو بت و پەیکەرو ڕۆژو مانگ لەگەڵ خوادا دەپەرستن و؛ نەزرو سەربڕینیان بۆ دەکردن و، هاواریان دەکردنێ و، داوای یارمەتی و فریاکەوتنیان لێ دەکردن: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ...﴾ وە دەیان کردن بەواسیتە لەنێوان خۆیان و خوادا: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾، وە باوەڕیان وابوو شەفاعەتیان بۆ دەکەن لای خوای گەورە:﴿وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ (یونس: من الآیة ١٨).

وە شەوو ڕۆژ پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام ـ داوایان لەگەلەکانیان دەکرد، کەواز لەپەرستنی غەیری خوا بهێنن و، شەریکی بۆ دانەنێن و، باوەڕیان وابێت کەهیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە جگە لە (الله). وە پێغەمبەری پێشەواشمان (صلی الله علیه وسلم) یەکەم داوای لەخەڵکی ئەوەبوو، وەك لەحەدیسی (أبو سفیان) بۆ هیرەقل دەرکەوت: (یقول: اعبدوا الله وحده ولا تشرکوا به شیئاً) صحیح البخاري.

٢ـ وە هەرچەندە کە لەسەردەمی ئەویشدا خەڵکی حوکمیان بەئیسلام نەدەکرد بەڵکو حوکم کردنیان:

یان بە: **دەستوری عەشایەرای و هۆزایەتی بوو وەك لەناو عەرەبەکان.**

وەیان بە: **دینی گۆڕاوی دەستکاری کراوی جولەکەو گاورەکان بوو لەناو خۆیاندا.**

وەیان بە: **دەستورو قانونی ڕۆمانی و یۆنانی بوو.**

---

[٨] بگەڕێوە بۆ بابەتی (کاتی ئەم دوو جۆرە سەرەکی یەی جیهاد) لەم کتێبەی بەردەستت.

وە لە هیچ شوێنێك حوکم نەدەکرا بەئیسلام. بەڵام پێغەمبەری شوێن کەوتوویی وەحی خوایی (صلی الله علیه وسلم)، لەبناغەوە دەستی پێکرد کەخەڵکی تەنها خوا بپەرستن و واز لەشیرك بهێنن لەپەرستندا. وە نەچوو لەلوتکەوە دەست پێ بکات، کەحاکمەکانن، چونکە تێك چوونی حوکم بەشێکی بچووکە لەتێك چوونی تەوحیدو تەنها خواپەرستی، وە هەروەها حوکم نەکردنی حاکمەکان بەئیسلام، بەرهەمی خوا بەتەنها نەپەرستنی خۆیان و خەڵکە بەگشتی؛ چونکە وێنەی حوکم لەگەڵ تەوحید، وەکو بەرێك (الثمرة) وایە لەگەڵ ڕەگ و ڕیشاڵ.

جا ئەگەر ڕەگی درەخت فاسد بوو و، تێك چوو، ئەوکاتە بەرەکەیشی تێك دەچێت و، ناشتوانرێت بەرەکە چاك بکرێت بەبێ چاك کردنی ڕەگ.

٣ـ وە دوای ئەوەی کەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بنچینەو بناغەی تەنها خواپەرستی دامەزراند لەدڵی کۆمەڵێکی باش لەهاوەڵانی، وە لەئاکارو ڕەوشتیاندا ڕەنگی دایەوە" ئەو کاتە بناغەی دەوڵەتێکی ئیسلامیشیان بۆ دروست بوو لەمەدینە، وە حوکمی ئیسلامیش بەرەبەرە تەتبیق کراو حوکمی غەیری ئیسلامیش لە مەدینە نەما.

٤ـ وە گەڕانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی و حوکم بەئیسلام بەرهەمی بانگەواز بۆ تەوحیدو سەبرو دان بەخۆداگرتن و کردەوەی چاك بوو، وەك دەردەکەوێت لەڕوونکردنەوەکەی الشیخ أبو الحسن الندوي:

زانای بانگەوازکارو پەروەردەکاری خاوەن تەجروبە :

الشيخ أبو الحسن الندوي

فەرموویەتی: ((امتازت دعوة الأنبياء وجهودهم بتجرُّدها من التكفير في المنافع المادية والثمرات العاجلة، فكانوا لايبتغون بدعوتهم وجهادهم إلا وجه الله، وامتثال أوامره، وتأدية رسالته.

تجردت عقولهم وأفكارهم من العمل للدنيا، ونيل الجاه، وكسب القوة لأسرتهم أو أتباعهم، والحصول على الحكومة، حتى لم يخطر ذلك ببال أصحابهم وأتباعهم.

وكانت هذه الحكومة التي قامت لهم في وقتها، والقمة التي حصلت لهم في دورها لم تكن إلا جائزة من الله، ووسيلة للوصول إلى أهداف الدين، وتنفيذ أحكامه، وتغيير المجتمع، وتوجيه الحياة، كما قال الله تعالى:

﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ ﴾

ولم تكن هذه الحكومة ـ قط ـ غايةً من غاياتهم، أو هدفاً من أهدافهم، أو حديثاً من أحاديثهم، أو حُلُماً من أحلامهم، إنما كانت نتيجةً طبيعيةً للدعوة والجهاد، كالثمرة هي نتيجةٌ طبيعيةٌ لِنمو الشجرة وقوة إثمارها.

ولقد بعث الله سبحانه نبيَّهُ محمد (صلى الله علية وسلم) فدعا الناس إلى الإسلام، فالتفَّ حوله ﴿ ... فِتۡيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمۡ وَزِدۡنَٰهُمۡ هُدٗى ﴾.

وكان هؤلاء الفتيان هدفَ كلِ قوةٍ وظلم واضطهادٍ وبلاءٍ وعذاب، وقد قيل لهم من قبلُ ﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴾ فصمدوا لكل ماوقع لهم، وثَبتوا كالجبال وقالوا ﴿ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ ﴾ حتى أذِنَ الله في الهجرة، ولم تزل الدعوةُ تشقُ طريقها، وتؤتي أكلها، حتى قضى اللهُ أن يحكم رجالُها في العالم، ويقيموا القسطَ ويُخرجوا الناسَ من الظُلماتِ إلى النور، ومن عبادةِ العبادِ

إلى عبادة الله وحدهُ، ومن ضيقِ الدنيا إلى سَعَتِها، فقد عرف أنهم إذا تولوا وسادوا ﴿ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾ وهكذا جاءت الدعوةُ بالحكومةِ، كما تأتي الأمطار بالخصب والزرع، وكما تأتي الأشجار بالفاكهة والثمر، فلم تكن هذه الحكومة إلا ثمرةً من ثمرات هذه الدعوة الإسلامية، ولم تكن هذه العزة والقوة إلا نتيجة ذلك العذاب الذي تحملوه من قريشٍ وغيرهم، وذلك الهوان الذي لقوه في مكة وغيرها. **وفرق كبيرٌ بين الغاية التي تقصد، والنتيجة التي تظهر**: ويظهر هذا الفرق في نفسية العامل والساعي:

فالذي يقصد الحكومة **يتواني ويقعد اذا لم ينلها أو انقطع أمله فيها، ويشتغل بها عن الدعوة، ويطغى اذا نالها**. وخطرٌ على كل جماعةٍ تتكون عقليتها بحب الحكومة والسعي لها أن تقعد عن الجهاد في سبيل الدعوة أو تنحرف وتزيغ عن قصدها لأن أساليب الوصول إلى الحكومة تخالف أساليب الدعوة[٩].

واته: بانگەوازو تێكۆشانی پێغەمبەران جیادەبێتەوە لەهەموو بانگەوازەكانی تر بەپاكی و داڕنانی لەبیركردنەوە لەسوودی ماددی و بەرهەمی زووی دونیا. چونكە پێغەمبەران مەبەست و داخوازیان نەبوو لەبانگەوازو جیهادەكەیان تەنها ڕەزامەندی خواو جێ بەجێ كردنی فەرمانەكانی و گەیاندنی بەرنامەكەی نەبێت. وە ڕەزابوونی خوا لەدونیاو ئاخیرەت و شادبوون بەبەهەشت و ڕزگاربوون لەئاگرو هاتنەوەو پێكاوپێكی لەگەڵ قورئان و سوننەت ئەوە بەتەنها غایەت و مەبەست و ئاوات و ئامانجە، وە هەموو ئەو تێكۆشان و هەوڵ و هەنگاوانەی تر تەنها وەسیلەن بۆ گەیشتن بەم غایەت و ئامانجە.

پێغەمبەران ـ عليهم الصلاة والسلام ـ هۆش و بیریان پاك و ڕووت بووە لەبیری كاركردن بۆ مەبەستی دونیاو دەست كەوتنی پلەو سومعەت و بەدەست خستنی هێزو دەسەلاّت بۆ خێزان و نەوەو شوێن كەوتوانیان و حاصل كردنی حكومەت، وە ئەو بیرو مەبەستە هەر بەخەیاڵ و دڵی هاوەڵانیشیاندا نەدەهات.

وە ئەو حكومەتەش كەلەكاتی خۆیدا بۆیان دروست بوو، وە ئەو هێزو توانایەی بۆیان پەیدابوو، تەنها پاداشت و جائیزەیەك بوو لەلایەن پەروەردگارەوە وە وەسیلەیەك بوو بۆ گەیشتن بەئامانجەكانی دین و جێبەجێكردنی حوكمەكانی و گۆڕینی كۆمەڵگا بەرەو چاكتر، هەروەك پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾. واته: خوای پەروەردگار ئەوانە سەردەخات كەخوا سەردەخەن بەگوێڕایەڵی كردن و بانگەوازو جیهاد بۆ لاكردنی ئەوانەی كە ئەگەر نیشتەجێی و دەسەلاّت و تواناو دەوڵەتمان پێ بەخشین لەزەویدا، زیاتر خواپەرستی دەكەن و گوێڕایەڵی دەكەن بەنوێژكردن و زەكات دان و فەرمان بەچاكە كردن و نەهی لەخراپە كردن. (واته دەسەلاّت و حكومەت وەك وەسیلەیەك بەكاردەهێنن بۆ جێبەجێكردنی فەرمانی خواو چاكەكاری نەك خودی دەسەلاّت و حكومەت ئاوات و مەبەست و غایەتیان بێت).

وە ئەو حكومەتە هیچ كاتێك غایەت و هەدەفێك نەبوو لەغایەت و هەدەفەكانیان، وە هەروەها قسەو باس و خەوو خەیاڵیشیان حكومەت دامەزراندن نەبووە. بەڵكو نەتیجەیەكی سروشتی بانگەوازو تێكۆشانەكەیان بووە، وەك چۆن بەروبووم نەتیجەیەكی سروشتییە بۆ گەشەكردنی درەخت و بەهێزبوونی (واته كەدرەختەكە پێگەیشت سەربەخۆ بەر دروست دەبێت).

---

[٩] من أول هذا المبحث إلى هنا اقتباس من رسالة (أُريدُ أنْ أتحدثَ إلى الإخوان) ص ٢٠-٢٢ لأبي حسن الندوي.

وەخوای پەروەردگار پێغەمبەرەکەی نارد بانگی خەڵکی کرد بۆ ئیسلام، جا کۆمەڵە لاوێك لەدەوری کۆبوونەوە کە لەهەموو هێزێکەوە سزاو ئازار دەدران و دەچەوسێنرانەوە، بەڵام پەروەردگار پێی ووتبوون: کەبەتەنها بەووتنی (باوەڕمان هێنا) بەدەم وازیان لێ ناهێنرێت بەڵکو تاقی دەکرێنەوە بەزۆر نارەحەتی و نەبوونی و سزا وەك چۆن موسوڵمانانی پێش ئەوانی تاقی کردەوە، وە ئەوکاتە دەردەکەوێت کێ ڕاست بوو لەووتەکەیدا کە ووتی: (باوەڕم هێنا) وە کێش درۆزن بوو، بۆیە هاوەڵانی ئازارو چەوساندنەوەیان بەتاقیکردنەوەی خوایی زانی و خۆڕاگربوون لەبەردەم ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی بەسەریان هاتبوو. بەڵکو ووتیان: پێشتر خواو پێغەمبەر ئەم وەعدەیان پێ داوین. وەدانیان بەخۆیاندا گرت تاوەکو خوا ئیزنی هیجرەت کردنی پێدان، وە بەردەوام بانگەوازیش ڕێگای خۆی دەبڕی وە بەرهەمی خۆی دەبوو، تا خوای پەروەردگار وایکرد کەئەم کۆمەڵە بڕوادارە بانگەوازکارە ئازاردراوە چەوساوە دەربەدەرکراوە دان بەخۆداگرە خۆڕاگرە، حوکمڕانی بکەن لەجیهانداو عەدالەت بلاوبکەنەوەو خەڵکی ڕزگار بکەن لەتاریکاییەکانەوە بۆ ڕووناکی ئیسلام وە لەعیبادەتی خەڵکی بۆ عیبادەتی (الرحمن)، چونکە پەروەردگار دەیزانی ئەگەر ئەو کۆمەڵە دەسەلاتیان کەوتە دەست وە بوون بەگەورەو کاربەدەست، ﴿ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ﴾.

واتە: زیاتر عیبادەت و شەریعەتی خوا بەرپادەکەن لەنوێژو زەکات و فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە.

بەو شێوەیە: **دەعوەو بانگەواز، حکومەتی بە بەرهەم هێنا،** هەروەك چۆن باران سەوزایی و ڕووەك پەیدادەکات، هەروەك چۆن درەخت میوەو بەر بەرهەم دێنێت، بەم شێوەیەش ئەو حکومەتە تەنانەت بەرهەمێك بوو لەبەرهەمەکانی ئەو بانگەوازیە ئیسلامیە. وە ئەو عیززەت و هێزەی کەبۆیان پەیدابوو تەنها بەرهەمی ئەو سەبرو دان بەخۆداگرتنەیان بوو لەسەر ئەو هەموو سزاو ئازارەی کەتووشیان بووە لەلایەن قورەیش و کەسانی تریش، وە نەتیجەی ئەو سووکی و بێ ڕێزیە بوو کە لە مەککە بەسەریان هات.

(کەواتە کەسێك نارەحەتی و ئازارو ئەشکەنجە نەچێژێت لەڕێگای ئەم دەعوەیەو سەبری لەسەر نەگرێت ناگات بەعیززەت و هێزو دەسەلاتە لەداهاتوودا)، (إنَّ الفرج مع الكرب وإنَّ مع العسر يسرا، وإنَّ النصر مع الصبر).

کەواتە جیاوازی هەیە لەنێوان **ئەو غایەت و ئامانجەی کە مەبەستە لەکارکردن و بانگەوازدا (کە ڕەزامەندی خوایە). وە لەنێوان ئەو نەتیجەو بەرهەمەی کە دەردەکەوێت و بەبەرهەم دێت لەبانگەوازو کارکردن (کە بەدەست کەوتنی دەسەلات و حکومەتە).** وە ئەو جیاوازیەش لەنەفسیەت و دەروونی بانگەوازکارو تێکۆشەردا دەردەکەوێت، چونکە ئەوەی لەبانگەوازو کارەکەیدا مەبەستی حکومەت بەدەست کەوتنەو دەوڵەت دامەزراندنە:

١ـ دەبەزێ و وازدەهێنێت لەدەعوەو بانگەوازو دادەنیشێت ئەگەر دەستی نەکەوت یاخود بێ ئومێد بوو لەدەوڵەت دامەزراندن.

٢ـ وە ئەگەر دەستیشی کەوت ئەوکاتە لەبەر زەعامەت و لێپرسراوێتی و سەرکردەیەتی بێ ئاگا دەبێت لەدەعوەو دووریش دەکەوێتەوە لەمەنهەج و زیادەڕەویش دەکات و هەڕاڵ دەبێت[١٠] ﴿ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَيَطْغَىٰٓ ۝ أَن رَّءَاهُ ٱسْتَغْنَىٰٓ... ﴾.

چونکە شێوازو وەسیلەکانی گەیشتن بەحکومەت جیاوازن لەشێوازو وەسائیلی بانگەواز بۆ لای تەنها خواپەرستیەت.

---

[١٠] وە بەڵکو لەوانەیە پێچەوانەش بێتەوەو دژایەتی ئەو کەسانەش بکات کە خەڵکی تەنها بۆ لای خوا بانگ دەکەن و تەوحیدیان فێردەکەن و دەیانبەستنەوە بەسوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی رضي الله عنهم.

بەڵام ئایا ئەم سیرەیەی پێشەوامان بەرنامەیە بۆ ئەم سەردەمەی ئێمەش؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش لای خوای پەروەردگارە کەدەفەرموێت:

﴿ لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَ وَذَكَرَ ٱللَّهَ كَثِيرٗا ﴾.

واتە: بۆ ئێوە هەیە پێشەنگ و نموونەیەکی باش لە پێغەمبەری قودوەو پێشەواتاندا (صلى الله عليه وسلم). بەڵام کەسێك دەرس لەم پێشەوایە وەردەگرێت کە ڕەجای خواو ڕۆژی دوایی بکات و یادی خوا زۆر بکات.

وە ئەمڕۆی موسوڵمانانیش، سەردەمێك نییە کە جیابێت لەڕۆژانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، وە سەردەمێك نییە کە بوترێت سوننەت و سیرەتی ئەوی بۆ ناشێت. بەڵکو پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوننەت و سیرەت و ڕێبازی بەردەوامە بۆ هەموو سەردەم و شوێنێك. وە خوای پەروەردگاریش واجبی کردووە لەسەر هەموو موسوڵمانان چاو لەو بکەن و، شوێن ئەو بکەون لەهەموو سەردەمێکدا، وە لەهەموو شوێنێك، وە لەهەموو بوارێکدا؛ لەبواری عیبادەت و خواپەرستی، وە لەبواری دەعوەو بانگەواز، وە لەبواری هیجرەت و جیهاد، وە لەبواری دەوڵەت دامەزراندن و حوکمڕانی.. هتد.

بەڵام کەسێك کەمەبەستی کورسی و زەعامەت و دونیا بێت، نەك تەنها دوارۆژ، ئەوا بێگومان چاو لەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناکات و، ئەو ناکاتە قودوەو پێشەنگ بۆ خۆی، بەڵکو سەرکردە دونیاییەکان دەکاتە قودوەو لاسایی ئەوان دەکاتەوە. وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(لتتبعنَ سننَ من كان قبلكم، شبراً بشبرٍ، وذراعاً بذراعٍ، حتى لو دخلوا جحر ضَبٍّ لسلكتموهُ. قالوا يا رسول الله: من اليهود والنصارى؟ قال: فمن إذاً؟)[11].

کەواتە پێویستە لەسەر موسوڵمانانی ئەمڕۆش چاو لەپێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بکەن چۆن شەوو ڕۆژ بەردەوام بوو لەجیهاد بەدەعوەو ڕاگەیاندن و ڕوونکردنەوە (جهاد بالدليل والبيان)، وە گرنگیدانی تەواو بەتەنها پەرستنی خواو، ووریاکردنەوە لەشیرك، چونکە بانگەوازی هەموو پێغەمبەران ـ عليهم الصلاة والسلام ـ لەپێش هەموو شتێك بۆ تەنها پەرستنی خوا بووە، نەك بۆ دەوڵەت دامەزراندن و حوکمڕانی لەسەر خەڵك: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴾ (الأنبياء: ٢٥).

کەواتە ئێمەی شوێن کەوتەی پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) پێویستە وەکو ئەو بین کە:

جیهادی بەردەوام بکەین بەبەڵگەو بورهان بۆ تەنها پەرستنی خواو، دوورخستنەوەی خەڵك لەهەموو شیرك و تاغوتێك، چونکە شیرك زۆر بلاوە لەناو موسوڵمانان بەهەموو شێوەکانی:

- **لەبواری پەروەردگاریتی** (الشرك في الربوبية): کە کەسانێکی زۆر نەزان هەن لەموسوڵمانان شیرك بلاوە لەناویانداو باوەڕیان وایە زەرەرو قازانج، وە خۆشی و ناخۆشی، لای غەیری خوایە، وە هەیە باوەڕی بەپەروەردگاریتی خوا نییە بەتەنها، وە هەیە دەڵێت فەرمان و بڕیار لەغەیری خوا وەردەگیرێت.

[11] رواه البخاري: (١٤٥٦)، ومسلم: (٢٦٦٩).

❖ **وە لەبواری پەرستندا**، غەیری خوا دەپەرسترێت (الشرك في الألوهية)، وە هاوار دەکرێتە فریشتەو پێغەمبەران و پیاوچاکان و، داوای یارمەتییان لێ دەکرێت و، تەواف بەدەوری گۆڕی پیاوچاکاندا دەکرێت و، قوربانی و سەربڕین و نەزریان بۆ دەکرێت و، بە(غوث) و فریاگوزارو واسیتەیان دەزانن؛ کەئەمانەش هەموو شیرکن پەنا بەخوا.

❖ **وە لەبواری ناوو سیفەتە بەرزەکانی خوادا**، چەندان سیفەتی خوا لابراوەو دراوە بەدروست کراوان و تەشبیهی خوا کراوە بەبەندەیەکی مەخلوق و چەندان کەسیش بەرزکراونەتەوە بۆ ڕیزی خوا لەزۆر سیفاتی تایبەت بەخوا!

وە جێگای سەرسوڕمان نییە کەشیرك لەناو موسوڵماناندا بمێنێ؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾ (يوسف: ١٠٦).

واتە: زۆربەیان کەباوەڕ دێنن کەخوا پەروەردگاریانە، لەگەڵ ئەو باوەڕەشیان شەریك بۆ خوا دادەنێن لەپەرستندا! کەواتە زۆر لەخەڵکی بەنەزانی و نەفامی شیرك دەکەن، وە پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لا تقوم الساعة حتى تلحق قبائل من أُمتي بالمشركين وحتى يعبدوا الأوثان..)[١٢].

واتە: ڕۆژی دوایی نایەت تاوەکو چەندان هۆزو عەشیرەت لەئومەتی من دەچنە پاڵ موشریکەکان و، شیرك دەکەن و، غەیری خوا دەپەرستن.

کەواتە پێویستە

لەبناغەوە هەوڵی پاك کردنەوەی بیروباوەڕی تێکڕای خەڵکی بدەین

نەك لەلوتکەوە ململانێ لەگەڵ حاکمەکان بکەین لەسەر سوڵتە

بەڵام سەیر لەوەدایە کەهەندێك موسوڵمانی بەناو سیاسی دەڵێن ئەمڕۆ شیرکی گۆڕپەرستی و شیرك لە خواپەرستیدا نەماوە، وە شیرکی ئەم سەردەمە بریتییە لەشیرکی حاکمەکان کە لەکۆشکەکاندان نەك لەگۆڕەکان! بۆیە دەڵێن بەسە باسی شیرکی قەبرەکان مەکەن و خەریکی دژایەتی کردنی شیرکی قەصرەکان بن[١٣]!

وە بەداخەوە ئەمڕۆ کەسانێك و کۆمەڵانێك لە موسوڵمانانی دڵسۆزیش زۆرجار وا گومان دەبەن کەکێشەی ئەمڕۆی موسوڵمانان جیاوازە لەکێشەی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وە هەروەها هەنگاوی جیاواز دەگرنەبەر بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و لەجیاتی ئەوەی لەبناغەی میللەتەوە کەخەڵکی سادەو ڕەش و ڕووتە دەست پێ بکەن، دەچن لەحاکمەوە دەست پێ دەکەن! وە لەجیاتی ئەوەی لەبناغەی دینەوە کەتەوحید ـ تەنها خواپەرستییە ـ دەست پێ بکەن، دەچن لە لووتکەوە دەست پێ دەکەن کەفەرزکردن و چەسپاندنی حوکمی ئیسلام و دەوڵەت دامەزراندنە!

وە ئەم هەنگاوە پێچەوانانەیان بەسیرەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە ووتەو پرۆگرامەکانیان و هەڵوێستەکانیان دەردەکەوێت.

بۆ نموونە[١٤] (محمد بن سرور) کەیەکێکە لەشوێن کەوتوانی (قوطبي) و موحامی و گەشەپێدەریەتی، لەکتێبی (منهج الأنبياء في الدعوة الى الله) ٢/(٧٥ـ ٨١) دەڵێت:

---

[١٢] أحمد (٥/٢٧)، الترمذي (٢٢١٩)، أبو داود (٤٢٥٢)، وابن ماجة (٣٩٥٢). وە حەدیسێکی ڕاستە.

[١٣] لەوەڵامی ئەم بۆچوونە سەیرەدا دەڵێین بەسە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاو بۆچوونە هەڵەیە، تەنها ئەم ئایەت و حەدیسەی کەپێشوو باسمان کرد، وە هەروەها واقیعیش پێش بەڵگە شەرعییەکان ڕەدیان دەداتەوە، وەك ئاماژەمان بۆ هەندێکی کرد.

((ولا يجادل مسلم عالم منصف في أن أخطر مشكلات وانحرافات هذا العصر استبعاد وتنحية شريعة الله، والاحتكام الى الشرائع الأرضية الجائزة الفاسدة، وإلى أقوال وأراء رجال منحرفين)).

واتە: گەورەترین کێشەکان و لادانەکانی ئەم سەردەمە دوورخستنەوەو لادانی شەریعەتی خوایەو حوکم کردنە بە بەرنامەی زەمینی ستەم و فاسد (واتە قانونی دانراو لەلایەن مرۆڤەوە).

وە کە باوەڕی وایە ئەمە گەورەترین کێشەیە، باوەڕیشی وایە کە شیرك لەپەرستندا لەلایەن تێکڕایی خەڵکی گشتی کێشەیەك نییە کەبانگەوازکاران خۆیانی پێوە مەشغوڵ بکەن و کاتی خۆیانی پێ بەفیڕۆ بدەن، چونکە شیرکی گۆڕپەرستی و غەیری خواپەرستی کۆن بووەو خۆخەریك کردن بەنەهی کردن لەوە خزمەت بەئامانجەکانی موجاهیدان ناکات، بەڵکو خزمەت بەحاکمە زاڵمەکان دەکات. بڕوانە (٢/٨١ـ ٨٢):

((ما بال ناس من الناس يبغونها عوجاً... يواجهون الفقراء المستضعفين بشركياتهم وبدعهم، ويسكتون عن شركيات وانحرافات عليّة القوم.. يهدرون أوقاتهم في عرض قضايا عفى عليها الزمن، ولا تخدم الأهداف والغايات التي يجاهد الدعاة المخلصون من أهل السنة لتحقيقها في هذا العصر... **نصبوا أنفسهم محامين عن الظلمة**)).

وە ئەو بۆچوونەی سرور پوختەی بۆچوونی زۆربەی حیزبەکانە. بۆیە گەورەترین کێشە بەلایانەوە ـکەهەموویان یەك دەنگن لەسەریـ کێشەی حوکم بەدەست هێنان و لابردنی حاکم و دەسەڵاتدارانە، بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ بیروباوەڕو عەقیدەو مەنهەجی خەڵکی و خۆشیان! وە بۆیە بەردەوام ململانێیانە لەگەڵ سوڵتەی ناوچەکانیان، جا ململانێیەکی سیاسییانە بێت وەك هەندێکیان یان ململانێیەکی چەکدارانە وەك کۆمەڵە چەکدارەکان، یان بەهەردوو شێوە بەگوێرەی مەسڵەحەت و گونجان.

جارێك بەهەڵبژاردن بۆ بەدەست هێنانی کورسی پەرلەمان و وەزارەت، وە جارێکیش بەجەنگان و کوشتار لەهەردوولایان!

بەڵام ئەهلی سوننەت و قورئان، شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی، لەژێر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت دەڕواننە ئەم کێشانەو خراپەی حوکم و لاڕێی حاکم و مەحکوم، نەك بەچاوی حیزب و حەماسەت و ئەمەلی کورسی و بیروڕای (قوطبي).

بۆیە لای ئەهلی سوننە بە بەڵگەی قورئان و سوننەت وایە کە:

١ـ گەورەترین کێشە بریتی نییە لەحوکم نەکردن بەئیسلام، چونکە هەرچەندە ئەویش تاوانێکی گەورەیە، بەڵام ئەوە بەشێکە لەچەندان بەشی تر کەدەرچوون لەتەنها پەرستنی خوا ڕوویداوە.

چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد؛ خەڵکانێکی زۆر لەموسوڵمانان تەنها باوەڕیان بەپەروەردگارێتی خوا هەیەو، ئەویش بەناتەواوی، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُم بِاللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشْرِكُونَ ﴾، واتە: زۆربەیان ئیمان ناهێنن ئیللا شیرك لەپەرستندا دادەنێن. چونکە:

❖ پێیان وایە کەغەیری خوا دەسەڵاتی بەدەستەو سوودو قازانج و زەرەرو زیانی لەتوانادایە. بیروباوەڕیان بەپیاوچاکێك زیاترە وەك بەخوای ئەو پیاوچاکە! وە سوێند بەخوا بخۆن بەدرۆ، ئاسانترە بەلایانەوە وەك سوێندی بەدرۆ بخۆن بەیەکێك لەشێخەکانیان!

---

(١٤) ووتەو بۆچوونی وونارییژو جوڵێنەرو کادیرەکانی وولاتی خۆمان باس ناکەین، بەڵکو تەنها قسەی مامۆستاو پێشەواکانیان باس دەکەین کەئەمانەی خۆمان موقەللیدو دەهۆڵ بۆ لێدەریانن بەدرەنگەوە!

❖ وە غەیری خوا لەپێغەمبەران یان پیاوچاکان غەیب دەزانن وەئاگایان لەهاواری خەڵکی هەیەو فریایان دەکەون.

وە زۆر لەموسوڵمانان (واسطة) لەنێوان خۆیان و خوادا دادەنێن لەپەرستنداو هاواریان دەکەنێ و قوربانی و سەربڕین و نەزریان بۆ دەکەن، بەڵکو لەناو موسوڵمانە دڵسۆزەکانیش بەداخەوە! سەرەڕای باقی موسوڵمانان، موسوڵمانانی وا هەیە کەگۆڕ پەرستی و (واسطة) دانان هەر بەشیرك نازانێت، چونکە شیرك لای ئەوان تەنها شیرکی سەرۆك وولاتەکانن.

❖وە زۆربەی کەس خوا ناناسێت بەحەق بەگوێرەی ناوو سیفەتە بەرزەکانی﴿ وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦٓ ﴾ بەڵکو سیفەتی خوای گەورەیان گۆڕیوەو لایانداون و ئینکاری زۆر لەسیفەتە بەرزەکانی دەکەن، وە پەروەردگاریش هەڕەشەی لێکردوون، دەفەرموێت: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُواْ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ۚ سَيُجْزَوْنَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ (الأعراف: ١٨٠).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ ءَايَٰتِنَا لَا يَخْفَوْنَ عَلَيْنَآ ۗ أَفَمَن يُلْقَىٰ فِى ٱلنَّارِ خَيْرٌ أَم مَّن يَأْتِىٓ ءَامِنًا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۚ ٱعْمَلُواْ مَا شِئْتُمْ ۖ إِنَّهُۥ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ (فصلت: ٤٠).

کەواتە لەبنچینەو بناغەوە شیرك و کوفری گەورە ڕووی کردووەتە بناغەی میللەت و زۆربەی خەڵکی ـ نەك تەنها سەرکردەکان حوکمی ئیسلامیان وەلانابێت ـ! کەواتە چۆن ئەو هەموو شیرك و کوفرەی بنچینەی وولات ـ کەخەڵکییە ـ پشت گوێ بخرێت و بەکێشە نەزانرێت! بەڵام تەنها کێشەی حاکم و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو، بە گەورەترین کێشە دابنێین!

وە بۆچی بەرەنگاری حاکمێکی دەسەڵاتداری زاڵمی زۆردار دەبنەوە، نەك بەنیەتی هیدایەتدانی، بەڵکو بەنیەتی لابردنی و حوکم لێ زەوت کردنی، لەکاتێکدا کەتوانای ئەویشیان نییە، ئەم بەچەك و دەبابەو تەیارە، ئێوەش بەچەقۆو دارو تفەنگ !

وە بەزەیی‌تان بەم هەموو خەڵکە سەرلێشێواوەدا نایەت کە شیرکی زۆر لەحاکم گەورەتریان تێدایە، وە لەکاتێکدا کەتوانای ئامۆژگاری کردنی ئەوانتان هەیەو بەردەوامیش لەگەڵیاندان لەماڵ و مزگەوت و بازاڕو کارگە! بۆ کارێك کەدەیتوانن نایکەن؟ بەڵام ئەوەی کە لەتواناتاندا نییە ـ بۆیە پێشتان نەسپێراوە ـ، هەوڵی بۆ دەدەن؟ هەوڵەکەشتان بەزەرەر تەواو دەبێت نەك هەر بۆ خۆتان، بەڵکو بۆ تێکڕای موسوڵمانان و بانگەوازی ئیسلامیش و حاکمەکانیش، چونکە ئەوانیش بۆ پاراستنی کورسی و دەسەڵاتیان دژایەتی هەموو کەسێك دەکەن کەململانێی کورسیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر دژایەتییەکەشیان بگاتە ڕادەی کوفرو کافربوونی بەئاشکرا لەئەنجامی (رد الفعل).

چونکە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَسُبُّواْ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّواْ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾ (الأنعام: ١٠٨). واتە: ئەی موسوڵمانان جنێو مەدەن بەوانەی کەموشریکەکان هاواریان دەکەنێ غەیری خوا، چونکە ئەوانیش لەدژی ئێوە لەئەنجامی (رد الفعل) بەنەفامی جنێو بەخوا دەدەن.

کەواتە موسوڵمان دەبێت ئەو وەسیلەیە بەکاربهێنێت کەخەڵك زیاتر بەرەو هیدایەت بهێنێت، نەك زیاتر خەڵکی بڕەتێنێت و، بڕەنجێنێت و، بەرەو کوفر بچن بەهۆی نەزانی ئەوەوە.

بەڵام چونکە شیرك لای سروریەکان و هاوبیرانیان تەنها سەرۆك وولاتەکانن، بۆیە ململانێیان بەردەوام لەگەڵ ئەواندایە، وە بەعەقڵی خۆیان دەیانەوێت کورسی حوکمڕانیان لێ بسێنن و خۆیان لەشوێنیان دابنیشن تاوەکو بەئیسلام حوکم بکەن! بەڵام بەداخەوە چونکە بۆچوون و هەوڵەکانیان پێچەوانەی سوننەت و سیرەتی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم)، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ

خوێنی موسوڵمانان بەبەلاش دەڕژێت بەهۆی ئەوانەوەو بەرەو دواوەش دەڕۆن، بەڵکو زیاتر لەوەش حاکمەکان زیاتر پتەو دەبن و بەهێز دەبن و سەردەکەون بەسەر شانی ئەواندا، وە لەڕقی ئەوان زیاتر لەخوا یاخی دەبن:

بڕوانە ڕووداوی (الحماة) لە **سوریا** کەهەزاران موسوڵمان خوێنی بەفیڕۆ چوو و سوڵتەش بەهێزتر بوو، دەعوەش بەرەو دواچوو!

بڕوانە **جەزائیر** ئەم هەموو قەسابخانەیە دانراو بەردەوام خوێنی موسوڵمانان بەفیڕۆ چوو، سوڵتەش زیاتر لەجاران بەهێزتر بوو!

وە سیاسیە حیزبیەکانیش ئاوەدانیان جێ هێشتووەو دەعوەیان (عاطل) کردووە!

بڕوانە **میصر** چۆن بەردەوام لەموسوڵمانانی سوڵتەخواز دەگیرێن و دەکوژرێن و دەربەدەر دەکرێن و ژن و منداڵیان وێڵ و بەرەڵا دەکرێن!

وە بڕوانە **ئەفغانستان!** بڕوانە **تورکیا!** وە بڕوانە...!

بەڵام بەداخەوە کەسێك کەخوا هیدایەتی نەدات، عیبرەت و پەندو ئامۆژگاری وەرناگرێت؛ نە لەبەڵگەی شەرعی، وەنە لەبەڵگەی واقیعی!

بۆیە بەردەوامن لەسەر کاری حیزبی و ململانێی سیاسی و چەکداری لەسەر کورسی.

سەیر لەوەشدایە کە لەلایەك سەرکردەکان بەکافر دادەنێن و لابردنیان بەواجب دادەنێن، لەلایەکی تریشەوە لەهەمان کاتدا دەوڵەتیان لەگەڵ پێك دەهێنن و لەگەڵیان دادەنیشن لەسەر کورسی وەزارەت. بەڕاستی وەك پێشینان ووتوویانە (بانێکەو دوو هەوا).

٢ـ وە لای ئەهلی سوننەت وایە کە تێکچوونی حوکم و دوورخستنەوەی شەریعەتی ئیسلام لەلایەن حاکمانەوە، نەتیجەی تێکچوون و دوورکەوتنەوەی تێکڕایی خەڵکییە لەپابەندبوون بەئیسلام. وە خراپ بوونی خەڵك، بووەتە هۆی تێکچوونی حاکمیش، چونکە خەڵکی چۆن بن کەسی وەهایان بەسەردا زاڵ دەکرێت، وەك پەروەردگار فەرمویەتی: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾ (الأنعام: ١٢٩).

وە ئەگەر میللەت چاك بوون و وازیان لەزوڵم و بێ شەرعی هێنا، ئەوا بێگومان حاکمەکانیش باش دەبن. چونکە یان چاك دەبن، یان لادەبرێن و چاك دێتە شوێنیان. چونکە چاك بوونی لق (فرع) کەحاکمە، بەچاك بوونی بناغە (أصل)ەوەیە، نەك بەپێچەوانەوە.

کەواتە نەزانیە کەخەریکی چارەسەرکردنی لقێك بیت، بێ چاك کردنی ڕەگ و قەدەکەی، وە بتەوێت بەرهەمێك باش بکەیت بێ باش کردنی هۆیەکەی.

وە ئەگەر هات و گەلێك باش بوو ئەوا پەروەردگار ستەمیان لێ ناکات و حاکمی زاڵم بەسەریاندا زاڵ ناکات، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا مُصۡلِحُونَ ﴾ (هود: ١١٧).

وە دەفەرموێت: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ لَمۡ يَكُ مُغَيِّرٗا نِّعۡمَةً أَنۡعَمَهَا عَلَىٰ قَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ ﴾ (الأنفال: ٥٣).

واتە: پەروەردگار ئەو نیعمەتە ناگۆڕێت کە بەسەر گەلێکی داداوە تاوەکو خۆیان لەخۆیانی نەگۆڕن و خراپە نەکەن.

وە ئەگەر سەیری سیرەتی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بکەین، دەبینین هەر لەو ڕۆژەوە کەکرا بەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بانگەوازی تێکڕایی خەڵکی دەکرد بۆ تەنها پەرستنی خواو وازهێنان لەهاوەڵ و شیرك بۆ دانانی.

وە هۆز بەهۆزو گوند بەگوند دەگەڕاو داوای لێیان ئەوەبوو: (يا أيها الناسُ قولوا لا إله إلا الله تُفلِحوا، وتملكون بها العرب، وتَذِلُ لكم بها العجمُ، فإذا آمنتُم كُنتُم مُلوكاً في الجنة)[١٥].

واتە: ئەی خەڵکینە بڵێن (لا إله إلا الله) هیچ پەرستراوێکی ڕاست نییە تەنها (الله) نەبێت. ئەگەر وابڵێن، سەرکەوتوو دەبن، وە عەرەب هەمووی بەوە دەبێتە موڵکی ئێوەو عەجەمیش (غەیری عەرەب) ژێر فەرمانتان دەبن پێی. وە ئەگەر ئاوەها باوەڕ بهێنن نەك هەر لەدونیا سەرکەوتوو و سەرکردە دەبن، بەڵکو دەبن بەپادشاش لەبەهەشت.

کەواتە لەبناغەی (تەوحید)و تەنها پەرستنی خواوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەڵکی بانگ دەکردو **ئەو تەنها خواپەرستییەی** بەسەبەب و بناغەی موڵك و دەسەڵات و حوکم دەست کەوتن دادەنا نەك بەپێچەوانەوە، وەك ئەمڕۆ کە حوکم بەدەست خستن و دەوڵەت دامەزراندن بەهەنگاوی یەکەم دادەنێن.

وە چونکە حوکم بەدەست کەوتنیش پێویستی بەهێزو جەماوەری زۆر هەیە، بۆیە حیزبەکان لەپێناوی گەیشتن بەئامانجە گەورەکەیان کە دەوڵەت و سوڵتەیە، بێدەنگ دەبن لەسەر دەیان و سەدان شیرك و کوفرو بیدعەو خورافات و تاوان و حەرام، کە لەخەڵکی و لەشوێنکەوتەکانیشیان دەبینرێن، وە دەڵێن جارێك کاتی باسکردنی ئەو شتانە نییە، با خەڵکمان لێ زویر نەبێت و نەڕەنجێن. وە لەناویاندا هەیە کە هاوار دەکاتە غەیری خوا، وە هەیانە نەفی دەیان سیفەتی پەروەردگار دەکات و، باوەڕی وایە کەخوا لەهەموو شوێنێکەو لەسەر عەرش نییە، وە هەیانە کە عەقیدەی (وحدة الوجود والحلولية)ی هەیە، واتە خوا تێکەڵ بووە لەگەڵ هەموو بەشەکانی بوونەوەرو هەموو شتێك لەحەقیقەتدا هەر خوایە!

وە هەیانە عەقیدەی خەواریجی هەیەو موسوڵمان کەتاوانی گەورەی کرد بەکافری دادەنێت. وە هەشیانە بە پێچەوانەوە عەقیدەی جەهمی هەیەو، هەرکەسێك لەدڵدا خوا بناسێت و باوەڕی بە (توحيد الربوبية) هەبێت، لایان بڕوادارەو ئەهلی بەهەشتە.

وە هەشیانە شەخص و گۆڕپەرستی و واسیتە دانان لەنێوان بەندەو خوادا لەپەرستن، بەعیرفان و خواناسی و پاك بوونەوە (التزكية والتخلية) ناودەبات!

وە هەیانە عثمان و معاوية رضي اللهُ عنهم بەشایستەی ئەوە نازانێت پێیان بڵێین ڕەزای خوایان لێ بێت، بەڵکو بە زاڵم و ناعادلیان دەزانێت!

وە هەیانە بەختەوەری و پێشکەوتن لە لاسایی کردنەوەی ئاکارو ڕەفتارو جل و بەرگی بێ باوەڕاندا دەبینێت، وە دەست گرتن بەسوننەت بەجوزئی و مایەی دواکەوتن دادەنێت، وە ئاهەنگ گێڕان بەموناسەبەتە (بۆنە) داهێنراوەکان (مبتَدَع ومُحدَث) بە شانازیەوە دەکەن!

وە هەموو ئەو بیروباوەڕە خوارو کردەوە ناشەرعی و، هەڵوێستە نائیسلامیانە دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەك دەگرن لەسەر بناغەی ئامانجە گەورەکەیان" کەگەیشتنە بەحوکم و دەسەڵات، لەسەر حیسابی ئیسلام و عەقیدەی ڕاست. وە شیعاریان:

((تتعاون فيما اتفقنا عليه ويعذر بَعضُنا بعضاً فيما اختلفنا فيه))

---

[١٥] زاد المعاد (٣/٣٩). قال الأرناؤوط: أخرجه أحمد، إلى قوله: (تفلحوا) (٤/٣٤١ و ٣/٤٩٢) بسند حسن، وله شاهد صحيح عند ابن حبان من حديث طارق بن عبدالله المحاربي، ومع الزيادة الأخيرة أخرجه ابن سعد في (الطبقات) (١/٢١٧، ٢١٦) من طريق الواقدي وهو مجمع على ضعفه.

واتە: هاوکاری یەکتری دەکەین لەسەر ئەوەی کەیەك دەنگین و پێك هاتووین لەسەری (حاکمیەت و دەوڵەت دامەزراندن) وە چاوپۆشیش لەجیاوازی یەکتری دەکەین!

واتە ئەگەر شیرك و کوفرو بیدعەو تاوانیش لەهاوەڵەکەت ببینیت، عوزری بۆ دابنێ و، چاوپۆشی لێ بکە!، چونکە کێشەی گەورە بریتییە لەگەڕانەوەی دەوڵەت و حوکمی ئیسلامی! ئاوا دەڵێن بەلاّم لەڕاستیدا هەیانە خۆیان لەناو خۆیان و خێزانیان و حیزبیاندا حوکمی قورئان و سوننەت تەتبیق ناکەن، جا چۆن لەناو تێکڕایی خەڵکی! وە لەوەش سەیرتر ئەوەیە کاتێك سوڵتەو دەسەلاّتێکیان بکەوێتە دەست و بگەنە شتێك لەئامانجە سەرەکییەکەیان (الحاکمیة والدولة)، ئینجا لەو کاتەدا ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوانیاندا دەردەکەوێت و پتەو دەبێت و، دەکەونە دژایەتی یەکتری لەسەر سوڵتە[١٦].

وەکو ئەفغانستان کەکوژەرو کوژراو هەردوو لایان لەگروپە ئیسلامییەکان بوون.

بەلاّم پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کێشەی گەورەی دەوڵەت دامەزراندن نەبوو، بەڵکو وەك (أبو سفيان) بە(هرقل)ی ووت موحەممەد پێمان دەڵێت: (أعبدوا الله ولاتشرك به شيئاً، ويأمرنا بالصلاة والصدق والعفاف والصلة)

واتە: خوا بەتەنها بپەرستن و هاوبەشی بۆ پەیدا مەکەن و فەرمانی نوێژو ڕاستگۆیی و داوێن پاکی و خزمایەتیمان پێ دەکات.

کەواتە گەورەترین کێشە لای خوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەبوونی دەوڵەت و حوکم بەغەیری ئیسلام نەبوو، بەڵکو بانگەوازی ئەو بۆ (لا إله إلا الله) بوو.

بەلاّم بەداخەوە زۆر لەحیزبی و لاسایی کەرەوانی فیکری (قوطيي) مانای (لا إله إلا الله)ش بەهەڵە لێك دەدەنەوەو دەڵێن (لا إله إلا الله) یەعنی (لا حاكم إلا الله)، واتە: هیچ حاکمێك نییە تەنها (الله) حاکمە. ئەمەش لێکدانەوەیەکی زۆر کەم و کورت و ناتەواوە، چونکە (إله) لەزمانی عەرەبیدا یەعنی (معبود) واتە پەرستراو بەگشتی، وەك خوای گەورە خۆی لێکدانەوە ڕاستەکەی بۆ (لا إله إلا الله) کردووە لەم ئایەتەدا:

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدۡعُونَ مِن دُونِهِ ٱلۡبَٰطِلُ وَأَنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡكَبِيرُ ﴾ (لقمان: ٣٠).

واتە: خوای گەورە بەتەنها پەرستراوی ڕاست و ڕەوایەو هەرشتێکی تریش کەهاواری دەکەنێ و پەرستنی بۆ دەکەن غەیری خوا ئەوا ناڕاست و ناڕەوایەو پووچەڵە.

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەخەیاڵیشی نەبوو کە (مەدینە) ببێت بەدەوڵەتی ئیسلامی تاوەکو خوای گەورە خەڵکی ئەوێی نارد بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و باوەڕیان پێ هێناو، بەیعەتی پشتیوانی کردنیان پێداو، پێشوازیان لێکرد بۆ لای خویان.

---

[١٦] چونکە گەیشتن بەسوڵتە یەکی پێ گرتبوون، نەك پەروەردە کراو بووبن لەسەر تەنها خواپەرستی و برایەتی و تەنها خوا مەبەست بوون و داوای بەهەشت کردن.

لەكوێوە دەست بەدەعوە بكەین، وە لەچی یەوە؟

من أين نبدأ وبم نبدأ؟[١٧]

﴿ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَآ ﴾ سید قطب ڕەحمەتی خوای لێ بێت، وە پەروەردگار لەئێمەش و ئەویش ببورێت، لەم بارەیەوە ووتەیەكی هەیە[١٨] كەموافیقی سوننەتەو جیاوازە لەبۆچوونە قوتبییەكانی تری، وە پووچەڵ كەرەوەیە بۆ بۆچوونی تێكۆشەرانی سوڵتەخوازو سروری و هاوبیرانی، دەڵێت:

((إن الدعوة الإسلامية اليوم تواجه حالةً شبيهةً بالحالة التي كانت عليها المجتمعاتُ البشريةُ يوم جاءَ الإسلام أول مرةٍ من ناحية الجهل بحقيقة العقيدة الإسلامية، والبعد عن القيم والأخلاق الإسلامية، وليس فقط البعد عن النظام الإسلامي والشريعة الإسلامية. وفي الوقت نفسهُ توجدُ معسكراتُ صهيونيةٌ وصليبيةٌ استعماريةٌ قويةٌ، تحاربُ كلَّ محاولةٍ للدعوة الإسلامية، وتعمل على تدميرها عن طريق الأنظمة والأجهزة المحلية، بتدبير الدسائس والتوجيهات المؤدية لهذا الغرض، ذلك بينما الحركات الإسلامية تشغلُ نفسها في أحيانٍ كثيرةٍ بالإستغراق في الحركات السياسية المحدودة المحلية، كمحاربة معاهدةٍ أو إتفاقية، وكمحاربة حزبٍ، أو تأليب خصمٍ في الإنتخابات عليه.

كما أنها تشغل نفسها بمطالبة الحكومات بتطبيق النظام الإسلامي والشريعة الإسلامية بينما المجتمعات ذاتها بجملتها قد بَعُدتْ عن فهم مدلول العقيدة الإسلامية والغيرة عليها، وعن الأخلاق الإسلامية..

ولابد أذن أن تبدأ الحركات الإسلامية من القاعدة: وهي أحياءُ مدلول العقيدة الإسلامية في القلوب والعقول، وتربية من يقبلُ هذه الدعوة وهذه المفهومات الصحيحة، تربيةً إسلاميةً صحيحةً، وعدم إضاعةِ الوقت في الأحداث السياسية الجارية، وعدم محاولات فرضِ النظام الإسلامي عن طريق الأستيلاء على الحكم، قبل أن تكون القاعدة المسلمة في المجتمعاتِ هي التي تطلب النظام الإسلامي لأنها عرفتهُ على حقيقتهِ وتريد أن تحكم به))[١٩].

((إذ أن الوصول إلى تطبيق النظام الإسلامي والحكم بشريعةِ الله، ليس هدفاً عاجلاً، لأنهُ لا يمكن تحقيقهُ إلا بعد نقل المجتمعاتِ ذاتها، أو جملةٍ صالحة منها ذات وزنٍ وثِقَل في مجرى الحياة العامة، إلى فهم صحيحٍ للعقيدة الإسلامية ثم للنظام الإسلامي، وإلى تربية إسلاميةٍ صحيحة على الخلق الإسلامي، مهما إقتضى ذلك من الزمن الطويل والمراحل البطيئة))[٢٠].

---

[١٧] د.عبدالكريم زيدان شاهیدی لەسەر ئەوە داوە، كە پێویستە لەبناغەوە دەست پێ بكەین نەك لە لووتكەوە، ووتویەتی: إنَّ أساليب الدعوة كثيرة جداً، وقد يكون **من أسلمها وأنفعها دائماً الدعوة الفردية** الصامتة بالقول والفعل والسلوك، وإشاعة الوعي الإسلامي في الناس وتعميقه في نفوسهم وتبصيرهم بحقائق الإسلام وبواجبهم نحوه، ولا تبدأ بمهاجمة* الحكام، فإن آخر ما تفعله هي مهاجمتهم*. وأمامها سوح العمل للإسلام الميسرة المفتوحة كثيرة فلتبدأ بها، حتى إذا ما شاع الوعي الإسلامي وانتشر في المجتمع وصار مسلماً حقاً، فإن الحكومة المسلمة ستنبثق منه، لأن انبثاقها من الشعب المسلم شيءٌ طبيعي كخروج الثمرة من الشجرة.

(السنن الإلهية في الأمم والجماعات والأفراد في الشريعة الإسلامية) (ص:١٠٥).

** باشتر وابوو ووتبای (مواجهة الحكام) لەجیاتی (مهاجمة).

[١٨] ئەم ووتەیەی موافیقی سوننەت و سیرەتی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) ، لەبەرئەوە هێناومانەتەوە، هەروەكو شێخ على بن حسن لەیەكێك لەكتێبەكانی ئەم ووتەیەی هێناوە. وە هەر كەسێك قسەیەكی حەقی پێ بێت ئەوە لای ئەهلی سوننە قەبوڵە، ئەگەر چی لە لایەنەكانی تریش نەیپێكابێت و لەڕاستە ڕێ لایدابێت.

[١٩] (لماذا أعدموني) (٢٧- ٢٨) سيد قطب.

[٢٠] (المرجع السابق) ص: ٢٩.

واتە: بانگەوازی ئیسلامی ئەمڕۆ ڕووبەڕووی حاڵەتێکی هاوشێوە دەبێتەوە بەو حاڵەتەی کە کۆمەڵگاکانی بەشەریەتی لەسەر بوو، لەو ڕۆژەی کەئیسلام هات، یەکەمجار لە ڕاستێتی بیروباوەڕی ئیسلامی، وە دووری لەئاداب و ڕەوشتی ئیسلامی ـ نەك هەر دووری نیزام و حوکمی ئیسلامی بەتەنها ـ وە لەگەڵ ئەو حاڵەتەشدا لەهەمان کات موعەسکەرات و ڕێکخراوی جوولەکەو ئیمپریالیزمی بەهێز هەیە کەدژایەتی هەموو هەوڵێکی ڕاست بۆ بانگەوازی ئیسلامی دەکەن و ئیش دەکەن و پلانی لەناوبردنی هەوڵەکانی بانگەوازی ئیسلامی دەدەن بەڕێگای ڕێکخراوو بەکرێ گیراوەکانی ناوخۆی موسوڵمانان.

حاڵی موسوڵمانان ئاوا دواکەوتوویی و نەفامییەو دوژمنانیش لەسەرەوەو لەدەرەوە نەخشەو پلانی لەناوبردنی دەکێشن و هەوڵی بۆ دەدەن، کەچی بزووتنەوە ئیسلامییەکان خۆیان خەریك دەکەن لەزۆربەی کاتەکاندا بەڕۆچوون لەهەنگاونان و جوولانەوەی سیاسی سنوردراوی ناوخۆ، وەك دژایەتی کردنی ڕێککەوتنێك یان بەڵێن بەستنێك، یان دژایەتی کردنی حیزبێك، وە خەڵك هەڵنان لەدژی لە هەڵبژاردنەکاند!

وە هەروەها بزووتنەوە ئیسلامییەکان خۆیان خەریك دەکەن بەداواکردن لەو حکومەتانە بۆ تەتبیق کردنی نیزام و شەریعەت و حوکمی ئیسلامی. لەکاتێکدا کەکۆمەڵگای خەڵکی بەگشتی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە لەتێگەیشتنی مانای بیروباوەڕی ئیسلامی و دیفاع کردن لەو بیروباوەڕەو لە ڕەوشتی ئیسلامی.

کەواتە پێویستە بزووتنەوە ئیسلامی یەکان:

١ـ لە بنچینەو بناغەوە دەست پێ بکەن. کەبریتییە لە زیندووکردنەوەی مانای عەقیدەی ئیسلامی لەناو دڵ و عەقڵی خەڵکیدا[٢١].

٢ـ وە هەروەها ئەوانەی کەئەم عەقیدەو بانگەوازە وەردەگرن پەروەردە بکرێن بە پەروەردەیەکی ئیسلامی ڕاست.

٣ـ وەکاتیان بەفیڕۆ نەدەن لە خۆخەریك کردن بەڕووداوە سیاسییەکان کەدێن و دەڕۆن.

٤ـ وە هەوڵی ئەوەش نەدەن نیزام و حوکمی ئیسلامی فەرز بکەن بەهۆی زاڵ بوون بەسەر حوکم، پێش ئەوەی کەخەڵکی پەروەردەبن لەسەر ئیسلام و ئەوان خۆیان لە کۆمەڵگەدا داوای نیزامی ئیسلامی بکەن لەناویاندا وە حوکمڕانییان بکرێت پێی.

چونکە گەیشتن بەجێ بەجێکردنی نیزامی ئیسلامی و حوکم کردن بەشەریعەتی خوا ئامانجێکی نزیك نییە، چونکە ناتوانرێت بهێنرێتە دی تەنها دوای ئەوە نەبێت کەخودی کۆمەڵگا ـ نەك تەنها حاکم ـ یاخود کۆمەڵێکی باش لەکۆمەڵگا کەدەورو کاریگەری و سەنگێکیان هەبێت لەکۆمەڵدا پەروەردە بکرێن بە تێگەیشتنێکی ڕاست لەعەقیدەی ئیسلامی، وە لەپاشان تێگەیشتنێکی ڕاست لەنیزامی ئیسلامی، وە بەرەو پەروەردرکردنێکی ئیسلامی ڕاست لەسەر ڕەوشتی ئیسلامی. هەرچەندە ئەم تێگەیاندن و پەروەردەکردنە کاتی زۆرو هەنگاوی هێواشیشی بوێت.

وە گەیشتن بە بەرپاکردنی نیزامی ئیسلامی و حوکم کردن بەشەریعەتی ئیسلامی لەڕێگای هەڵگەڕاندنەوە (انقلاب)ی حوکم کە لەلووتکەوەیە نابێت، بەڵکو بەوە دەبێت کە بیروبۆچوون و بیروباوەڕی تێکڕای کۆمەڵ ـ یان کۆمەڵێکی باشی ـ لێ بگۆڕێت.

---

[٢١] یەکەم شت کەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) خەڵکی بۆ لای بانگ دەکرد بیروباوەڕو عەقیدەی ئیسلامی بوو وە تەنها پەرستنی خواو دوورکەوتنەوە لەشیرك بوو. وە لەپاڵ ئەم بانگەواز بۆ تەوحیدو عەقیدەیەش، فەرمانی پێ دەکردن بەئاداب و ڕەوشتی ئیسلامی وەك لەحەدیسەکەی أبو سفیان هاتووە.

بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە نەبوون، بەڵکو توندڕەوانەو بەپەلەو سەرکەشانە چاویان بڕییە لووتکەی حوکمڕانی و کەوتنە ململانێ لەگەڵ حاکمەکان، ئەوە ئاکامێکی خراپ و زەرەرمەندی دەبێت، هەروەك لەڕابردوو بینیمان کەئەم جۆرە هەولانە نەتیجەکەیان سەرپەڕاندنی گەنجان و، لەناوبردنی تواناو چالاکییەکانیانە لەتەسکایی بەندیخانەکانداو، تاریکاییەکانی گۆڕەکان (القبور). وە دوای ئەو هەموو قوربانی و زەرەرەش هیچ شوێنەوارێکی باشیان نابێت بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام، تەنها وەك خەتکێشان نەبێت لەسەر ئاو (واتە چۆن ئەگەر بە شتێك لەسەر ئاو خەتێك بکێشیت یەکسەر شوێنەواری خەتەکە نامێنێت) بەهەمان شێوە شوێنەواری تێکۆشان و جیهادو پەروەردەو قوربانی دانی ئەو کەسەو لایەنانەی بەرز دەڕوانن بۆ قیادە پێش قاعیدە، شوێنەواری چاکیان زوو ڕەش دەبێتەوە بەڵام سەلبیات و شوێنەواری خراپیان بەردەوام تا ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوەو زیان بەموسوڵمانان دەگەیەنێت و تووشی فیتنەو چەوساندنەوەیان دەکات.

وە چەندان جار ئەو حیزبانەی کە دامەزراون لەسەر بناغەی بەرز ڕوانینێکی سیاسی بەتاڵ و پووچ لەقاعیدەی ئیسلامی، بوون بەهۆی زاڵ بوونی زاڵم و فاسقی دوور لەئیسلام بەسەر موسوڵمانانداو لەناوبردن و درووێنەوەیان! وە بوون بەهۆی بەرەو دواگەڕانەوەی دەعوەو پاشەکشەو ڕووخانی بانگەوازکاران و دامرکاندنەوەی دەرچوون بۆ دەعوە بۆ لای خوا.

وە ئەگەر بەعادیل و ویژدانەوە بڕوانینە شوێنەواری ئەو حیزبە ئیسلامییانەی تێڕوانینێکی سیاسی بەرزتر لەخۆیان هەیە دەبینین واقیع و شوێنەواریان تەواو پێچەوانەی شیعارو داخوازی و هەدەفیانە.

ئەوان دەیانەوێت عیززەت و دەسەلاتی ئیسلامی بگەڕێننەوەو بانگەوازی ئازاد بێت بۆ ئیسلام و بانگەوازکاران گەشە بکەن و، زۆربن و، کوفرو فەسادو بانگەوازکارانی، کەم و زەلیل بن!

بەڵام بەهۆی ئەم بەرز ڕوانینە سیاسییە هەڵەیەی زۆربەیان، پێچەوانەی مەبەستەکانیان دێتەجێ بەقوربانییەکانیان، وە هەر هەنگاوێك کەدەینێن زیاتر موسوڵمانان بەرەو زەلیلی و نارەحەتی و بەرەو دواگەڕانەوە دەبەن، وە زیاتر بوونەتە هۆی زەلیل بوونی بانگەوازکاران و، لاوازبوونی دەعوە، وەك دەیبینین.

ئەگەر ڕاست بکەن باوەڕ بەم قسانە دەکەن ـ هەرچەندە تاڵیش بێت ـ وە هەرکەسێکیش ئینکاری ئەوە بکات و وابزانێت ئەم بووژانەوە ئیسلامییە بەرهەمی هەڵەشەیی و هەڵچوونی حەماسییەکانە، وە شوێنەواری چاکەیان زیاترە لەزەرەر ئەوە واقیع بەدرۆیان دەهێنێتەوە[٢١].

وە لەڕاستیدا بوونی ئەم بووژانەوە ئیسلامییە فەزڵی خوایە، لەپاشان مایەی ڕاستێتی و پاکێتی و تەواوەتی ئەم ئیسلامە پیرۆزەیە، نەك فەزڵی حەماسەت و حیزب و حیزبێنە، کەبووەتە هۆی فەشەلی موسوڵمانان و بوار لێ تەسك بوونەوەیان، ئەگەر نییەتیشیان خزمەتکردنی ئیسلام بێت.

کەواتە با لەسەر کارە باشەکانیان بۆ خزمەتی ئیسلام بەردەوام بن، وە خوا پاداشتیان بداتەوەو سەرکەوتوویان بکات، بەڵام پێویستە وازبهێنن لەهەر وەسیلەو بۆچوون و هەنگاوێکیان، کە زەرەرمەندە بە دەعوەو پێچەوانەی سوننەتیشە.

---

[٢١] چونکە هەرچەندە دەعوەو بانگەوازو هەوڵ و تێکۆشانیشیان بووە، بەڵام لەناکاودا بەهۆی هەڵچوونێکی هەڵەشەیی، فیتنەیەکی گەورە دروست دەکەن و، ئەوکاتە هەوڵەکانیان ئەگەر بینای قەسرێکیشی کردبێت، لەلایەکی ترەوە بووەتە هۆی وێران بوون و لەدەست چوونی شارێك (بَنَوا، قصرا، وهدموا، مصراً). وە چەندەها هەنگاو بەرەو دوا دەگەڕێتەوە.

طريقان لا يلتقيان، شَتّان بينَ مشرقٍ ومغرِّبٍ

الأوَّل: المنهج السلفي:

قال سماحة الشيخ ابن باز رحمه الله:

((إنَّ كان أحد من الدعاة في الجزائر قال عنِّي: قلت لهم: يغتالون الشرطة أو يستعملون السلاح في الدعوة إلى الله هذا غلط ليس بصحيح بل هو كذب، إنما تكون الدعوة بالأسلوب الحسن، قال الله قال رسوله، بالتذكير والوعظ والترغيب والترهيب، هكذا الدعوة إلى الله كما كان النبـي (صلى الله علية وسلم) وأصحابه في مكة المكرمة قبل أن يكون لهم سلطان، ماكانوا يدعون الناس بالسلاح، يدعون الناس بالآيات القرآنية والكلام الطيب والأسلوب الحسن لأن هذا أقرب إلى الصلاح وأقرب إلى قبول الحق، أما الدعوة بالاغتيالات أو بالقتل أو بالضرب فليس هذا من سنة النبـي (صلى الله علية وسلم) ولا من سنة أصحابه، لكن لما ولاّه الله المدينة، وانتقل إليها مهاجرا كان السلطان له في المدينة وشرع الله الجهاد وإقامة الحدود، جاهد (صلى الله علية وسلم) المشركين وأقام الحدود بعدما أمر الله بذلك)).

وقال العلاّمة المحدث محمد ناصرالدين الألباني رحمه الله:

((إنَّ النبـي (صلى الله علية وسلم) بدأ بإقامة الدولة المسلمة: **بالدعوة إلى التوحيد والتحذير من عبادة الطواغيت، وتربية من يستجيب لدعوته على الأحكام الشرعية حتى صاروا كالجسد الواحد** إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى كما جاء في الحديث الصحيح، ولم يكن فيهم من يصر على ارتكاب الموبقات والربا والزنا والسرقات إلاّ ماندر. فمن كان يريد أن يقيم الدولة المسلمة حقاً لايكتل الناس ولا يجمعهم على مابينهم من خلاف فكري وتربوي كما هو شأن الأحزاب الإسلامية المعروفة اليوم، بل لابد من توحيد أفكارهم ومفاهيمهم على الأصول الإسلامية الصحيحة: الكتاب والسنة وعلى منهج السلف الصالح)).

الثاني: المنهج القُطُبي التكفيري، المسمّى زوراً بالسلفية الجهادية:

قال سيد قطب (الظلال: ٢/١٠٥٧):

((لقد استدار الزمان كهيئته يوم جاء هذا الدين إلى البشرية ب(لا إله إلاّ الله)، فقد ارتدت البشرية إلى عبادة العباد، وإلى جور الأديان، ونكصت عن لا إله إلا الله وإن ظل فريق منها يردد على المآذن: لا إله إلا الله دون أن يدرك مدلولها، ودون أن يعني هذا المدلول وهو يرددها، ودون أن يرفض شرعية الحاكمية التي يدعيها العباد لأنفسهم)).

ويقول سيد (الظلال: ٤/٢١٢٢):

((إنه ليس على وجه الأرض اليوم دولة مسلمة ولا مجتمع مسلم قاعدة التعامل فيه هي شريعة الله والفقه الإسلامي)).

ويقول أيضاً (الظلال:٣/١٤٥١):

((لعلك تبينت مما أسلفنا آنفاً أن غاية الجهاد في الإسلام هي هدم بنيان النظم المناقضة لمبادئه وإقامة حكومة مؤسسة على قواعد الإسلام في مكانها واستبدالها بها وهذه المهمة مهمة أحداث إنقلاب إسلام عام غير منحصر في قطر دون قطر بل مما يريده الإسلام ويضعه نصب عينيه أن يحدث هذا الإنقلاب الشامل في جميع أنحاء المعمورة هذه لا مندوحة للمسلمين أو أعضاء الحزب الإسلامي عن الشروع في مهمتهم بأحداث الإنقلاب المنشود والسعي وراء تغيير نظم الحكم في بلادهم التي يسكنونها)).

***

بەشی شەشەم

* وەسیلە شەرعی یەکانی گەیشتن بە هەدەف و ئامانجەکانی دین

* هەندێ لە وەسیلە داهێنراوەکانی ئەم سەردەمە:

وەسیلە شەرعی یەکانی گەیشتن بە هەدەف و ئامانجەکانی دین:

شێخ بکر أبو زید دوای ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی بانگەوازی ئیسلامی باس لەوەسیلەو ڕێگاکانی گەیشتنیش بەئامانجەکان دەکات و دەفەرموێت:

((اتحدت وسیلة هذه الدعوة وغایتها، فلا یسوغ لنا بحال أن نُلبس الدعوة إلى الله لباس تنظیم أجنبي عنها، واستفراغ الجهد فیه، مما یؤول بالهدم والاسقاط لأصول الدعوة وبُنیتها الأساسیة وتفریق الکلمة.

فالدعوة تتکون من وسیلة و غایة:

فحقیقة الدعوة (**الغایة**) توقیفیة، لا مجال للإجتهاد فیها، حقیقة الدعوة أمر ثابت لایتغیّر بتغیّر الأزمان والمکان والأحوال.

والأصل في وسائل نشر الدعوة کذلك التوقیف على منهاج النبوة.

وقد صح عن النبـي (صلى الله علیة وسلم) أنه قال: (من أحدث في أمرنا هذا مالیس منه، فهو ردٌ) وفي لفظ (من عمل عملاً لیس علیه أمرنا فهو ردٌ).

ومن رحمة الله تعالى بعباده، وبالغ حکمته في تشریعهِ لما یُصلح الله به العبادَ والبلاد، أنه سبحانه لما شرعَ الأمر بالمعروف، وشرع تغییر المنکر، وشرع النصیحة، وشرع الدعوة؛ شرع للأمة وسائل متعددةً في ذلك، ولم یجعلها إلى عقولهم، بل أحالهم على ما شرعه لهم:

١ـ فالجهاد بالنفس، والجهاد بالمال، والجهاد بالقوة.

٢ـ والدفاع کذلك.

٣ـ وتغییر المنکر بالید، وهذا الذي سلطان، کرجال الحسبة. وباللسان، ومثله القلم، وبالقلب.

٤ـ والأمر بالمعروف کذلك.

٥ـ والنصیحة لأئمة المسلمین وعامتهم بالتي هي أحسن: مناصحة بالکلمة، ومناصحة بالکتابة، والتذکیر بأیام الله.

٦ـ والدعوة تکون بالوظائف المرتبة في الإسلام: خطب الجمع والعیدین، والحج، وبالتعلیم ومجالس الذکر والإیمان.

٧ـ والصدعُ بکلمة الحق: ببیانها حتى یکشف الله الغُمة عن الأمة.

٨ـ و بفتوى عالم معتبر: یغیر الله بها الحال إلى أحسن، فتعمل ما لاتعمله الأحزاب في عُقود.

٩ـ وهکذا بعمل فردي من عالم بارع، ینشر في الأمة: في أقلیم، في ولایة، في مدینة، في قریة... وهکذا [1].

١٠ـ وبعمل جماعي على رسم منهاج النبوة لا غیر، کجماعة الحِسبة، ودور الأمر بالمعروف والنهي عن المنکر، ومراکز الدعوة، ورابطة العلماء من کل متأهل لکل عمل بحاله، فلیست حال العالم کحال من دونه من طلبة العلم، ولا طالب علم کالمبتدي، وهذا لیس کالجاهل، فهذه رتب ومنازل ودرجات ﴿ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا ﴾ (الطلاق: ٣).

وکما أن المقصر عن رتبته مذموم، فالمتطاول إلى أعلى منها ـ قبل نضوجه ـ مذموم، ...بل سقوط مبکّر.

---

[1] وە د.عبدالکریم زیدان شاهیدی لەسەر ڕاستی یە داوەو ووتویەتی: إنَّ أسالیب الدعوة کثیرة جداً، وقد یکون **من أسلمها وأنفعها دائماً الدعوة الفردیة** الصامتة بالقول والفعل والسلوك، وإشاعة الوعي الإسلامي في الناس وتعمیقه في نفوسهم وتبصیرهم بحقائق الإسلام وبواجبهم نحوه.

(السنن الإلهیة في الأمم والجماعات والأفراد في الشریعة الإسلامیة) (ص:١٠٥).

و وسائل الدعوة هي في عصرنا وفيما قبله وبعده لابد أن تكون هي وسائل الدعوة التي بُعِثَ بها النبـي (صلى الله علية وسلم) وبلغ بها الغاية، ولا تختلف في عصرنا مثلاً إلاّ في جوانب منها مرتبطة بأصولها التوقيفية.

فالوسيلة التعليميةُ اليوم هي ما كانت عليه بالأمس، لكن داخلها شيءٌ من النهج في الأداء والبلاغ ... وهكذا.

لكن هذا التغيير مأسور بمضمار الشرع، موزون بمقاييس الكتاب والسنة، فمتى اختل شيءٌ منه وجب إبعاده والبرائة منه.

أما وسيلة مُحدَثَةُ يُتَعَبَّدُ بها، فلا))إ.هـ

واتە: وەسیلەو غایەتی ئەم دەعوەیە تایبەت و دیاری کراوە. وە دروست نییە بۆمان بەهیچ شێوەیەك بەرگ و پۆشاکی تەنزیم و ڕێکخراوی بیانی (أجنبی) بکەینە بەر بانگەواز بۆ لای خوا، ئینجا خۆمان خەریك بکەین بەم تەنزیماتە بیانییە، کە سەردەکێشێت و کۆتایی دێت بەلەناوبردنی بنچینەکانی دەعوەو پارچە پارچە کردنی یەکێتی موسوڵمانان.

بانگەواز پێکدێت لە (غایەت) و (وەسیلە)

- **غایەت و هەدەفی دەعوە** دیاری کراوە لەلایەن خواوەو هیچ بواری دەستکاری و گۆڕانکاری تێدا نییە. چونکە شتێکی جێگیرەو ناگۆڕێت بەگۆڕانی کات و شوێن و حاڵ.
- وە ئەسڵیش لە **وەسائیلەکانی بلاوکردنەوەی دەعوەو گەیشتن بە غایەت و هەدەف** هەر دیاری کراوو وەستێندراوە لەسەر مەنهەجی پێغەمبەرێتی.

واتە: هەر وەسیلەیەك کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بەکاری نەهێنابێت یان ڕێی پێ نەدابێت ئەوا دروست نییەو وەسیلەیەکی شەرعی نییەو ناتگەیەنێت بەهەدەف و غایەتی دەعوەی ئیسلامی بەڵکو بەرەو هەدەفێکی ترت دەبات.

وە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: هەرکەسێك لەو دینەی ئێمەدا شتێك دابهێنێت کە لەدیندا نییە (واتە بڕیارو ڕوخسەتی قورئان و سوننەتی لەسەر نەبێت) ئەو شتە داهێنراوەو ڕەتکراوەیەو قەبوڵ نییە.

وە لە ڕەحمەتی خوا بە بەندەکانی و حیکمەتی لە شەریعەت دانانی: کاتێك کەجیهادو دیفاع کردن و فەرمان بە چاکەو گۆڕینی خراپەو، ئامۆژگاری و بانگەوازی داناوە لەسەر بەندەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شێوازو وەسیلەی بۆ داناون لەو وەزیفانەدا وە لێنەگەڕاوە خەڵکی بەپێی عەقڵ و بۆچوونی خۆیان جیهاد بکەن یان دیفاع یان فەرمان بەچاکە یان... بەڵکو بەندەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ لای شەرع (چ وەسیلەیەك شەرعییە بیکەن و چیش بیانی و خارجییە دوورکەونەوە لێی).

بۆ نموونە: جیهادکردن بەنەفس، وە بەماڵ، وە بەدەست و توانا.

وە گۆڕینی خراپە بەدەست (ئەگەر دەسەلاتدار بوو)، وە بەزمان، وە بەقەڵەم، وە بەدڵ. وە فەرمان بەچاکە بەهەمان شێوە.

وە ئامۆژگاری بۆ پێشەوایانی موسوڵمانان و تێکڕایی موسوڵمانانیش بەباشترین شێوە: بەقسە، بەنووسین، وە بەبیرخستنەوەی ڕۆژانی تۆڵەسەندنەوەی خواو ترسان لەدەسەلاتی.

وە بانگەوازی بە ووتاری هەینی و جەژنەکان و حەج و، وە بەفێرکردن...

وە دەربڕینی قسەی حەق بەڕوونکردنەوەی، وە بەفەتوای زانایەکی پەسەندو ئیعتیبار بۆکراو کەپەروەردگار بەوەوە حاڵی موسوڵمانان بەرەو باشی دەگۆڕێت و کاریگەرییەکی وای دەبێت کەگروپەکان بەدەیان ساڵ نایانبێت و پێیان ناکرێت.

وە هەروەها بەهۆی کاری سەربەخۆی تاکەکەسی زانایەکی لێهاتوو کە زانیارییەکەی بلاوەدەکاتەوە لە هەرێمێك بێت یان لە ناوچەیەك یان لە شارێك یان لە گوندێك...

وە بە کارێکی کۆمەڵی و هاوکارییەکی جەماعی لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرایەتی نەك شێوەو شێوازی تر، وە ئەم کارە جەماعییەش وەك کۆمەڵی بانگەوازکارو دەستەو دەزگای فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپەو بنکەکانی دەعوەو کۆڕی زانایان و... هەرکەسەی هەڵسێت بەکاری شایستەی توانای خۆی. وە بەبێ تواناو زانیاریش دەست نەخاتە کاروباری زانایان و بەتوانایان، وە زانایان و دەسەڵاتدارانیش کەمتەرخەمی نەکەن لەکاری خۆیان، چونکە هەروەك چۆن زیادەڕەوی خراپە، بەهەمان شێوە کورت ڕەویش خراپە، وە دەعوەی ئیسلامیش بەهۆی ئەم دوو خراپانە کورت هەڵدێت و ڕادەوەستێت و زۆربەی خەڵکیش بەرەو نەفامی و پووچەڵی دەڕوات ئەوکاتە.

وە وەسیلەکانی دەعوەو بانگەواز لەسەردەمی ئێمەدا وە لەپێش ئێمەش و دوای ئێمەش پێویستە هەمان وەسیلەبن کەپێغەمبەری خوای پێ نێردراوەو پێیان گەیشت بەغایەت و هەدەف. وە لەسەردەمی ئێمەشدا نەگۆڕاون و تەنها لەهەندێك ئامێرو ئامرازی گەیاندن وەسیلەکان نەك خودی وەسیلەکان گۆڕابن.

بەڵام وەسیلەیەکی داهێنراو بەکاربهێنرێت، ئەمەیان نابێت.

(من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه، فهو ردٌ)

هەندێ لە وەسیلە داهێنراوەکانی ئەم سەردەمە:

لەمەوپێش زانرا کە **غایەت و هەدەفی** بانگەوازکردن لەسەر ڕێبازو مەنهەجی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چی یە. وە هەروەها **وەسیلەو شێوازی** بلاوکردنەوەکەی و گەیشتن بەهەدەفەکەیشی هەر زانرا.

وە هەروەها زانیشمان کەهەدەف و غایەتی زۆربەی بانگەوازکارانی ڕێبازە حیزبییەکان بریتییە لەگەیشتن بەسوڵتەو دامەزراندنی دەوڵەت.

وە نەبوونی دەوڵەت بەگەورەترین کێشە دادەنێن، نەك بێئاگایی خەڵکی لەعەقیدەو تەوحیدو قورئان و سوننەت!

وە بۆ گەیشتن بەم غایەت و هەدەفەش، کەغایەت و هەدەفی گشت حیزبێکە ئەگەر بێ دین و کافریش بێت ـ کە بریتییە لە گەیشتن بە حوکم و دەسەڵات! ـ ئیسلامییەکان شان بەشانی حیزبە نائیسلامییەکان چەندان وەسیلەی ناشەرعی دەگرنەبەر کە بەتەقلید وەرگیراوەو هیچ بنچینەیەکی لەئیسلامدا نییە، وە ئەم وەسیلانەش ـبەکورتی- بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١ـ بەیعەت وەرگرتن لەشوێن کەوتووانی حیزب، بۆ بەستنەوەیان بە ڕاوبۆچوونی سەرکردە.

وە شێخ بکر أبو زيد سەبارەت بەم بەیعەتە ووتوویەتی:

((... فمن الوسائل التي تهجن الدعوة، وتثير الشغب، وتجعل الأمة شيعاً تلكم البيعة البدعية الممتدة من معين المتصوفة إلى مستحدث بعض الجماعات الإسلامية، وهكذا الأهواء يجر بعضها بعضاً.

وعليه فاعلم أن في الإسلام بيعةً واحدةً في الإمامة العظمى، هي البيعة الجامعة، تنعقدُ بموافقة أهل الشوكة والحل والعقد في الأمة، سواء حصلت تلك البيعة بطريق محبوب إلى الله ورسوله (صلى الله علية وسلم) كبيعة الخلفاء الراشدين رضي اللهُ عنهم ، أو بطريق الغلبة، وهذه هي التي يحصل بها للإمام ـ ولي الأمر المسلمين ـ مقاصدُ الولاية: القدرةُ، والسلطان، والشوكة، والمنعة، فيقيم الحكم الإسلام كإقامة الحدود، وقسمة الأموال، ونصب الولاة، وجهاد العدو وإقامة الحج والأعياد والجمع والجماعات، وغير ذلك من مقاصد الولاية المحدودة برسم الشرع.

وما زال أمر الأمة على هذا ماضياً لايعرفون بيعة لمن هو دون مرتبة الإمام الكبرى، ثم خلفت خلوفٌ، وبانت أمور جرت على الأمة كباكب من البدع والأهواء... فجَرَّتْ بدعة الطُرُقيّة... ثم انتقلت بمسلاخ آخر إلى بعض الجماعات الإسلامية المعاصرة، حتى بلغ الحال الى وجود عدة جماعاتٍ من ورائها عدد من العهود والبيعات في بلد واحد، كل واحدة منها تدعو الى ما هي عليه دون ماعليه الأخرى، فضاعَ من بينهم الميثاق النبوي لجماعة المسلمين ((ما أنا عليه وأصحابي)).

وهكذا تقطع جسم الأمة الإسلامية بين بيعاتٍ طُرُقية في أجوافِ الزوايا، الى بيعاتٍ حزبيةٍ في المواجهة، وصار الشباب في حيرةٍ الى أي حزبٍ ينتمي، ولأي رئيس تنظيمٍ يُبايع، والبيعة عهدٌ وعقد يقتضي الولاء والبراء، فهل إذا أتم بيعتهُ يذهب الى جماعات الإسلامية يدعوها الى ((مثل ما هو عليه وحزبُهُ))، أم ماذا؟

فإن قيل: لا، الكُلُ إخوة، ولا تقتضي التفريق، سقط مقصود البيعة، وصارت عهداً تقليدياً لا معنى له.

وإن قيل: نعم، صار هذا نهاية تشقيق الأمة، وتفرقها شيعاً وأحزاباً يضرب بعضهم رقاب بعضٍ، وهذا عين مانهى الله عنه ورسوله، وتوعدَ فاعله ونص على مَن أحدثهُ.

وتفريق الأمة خطةٌ فرعونية، قال الله تعالى:

﴿ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَآئِفَةً مِّنْهُمْ ﴾ (القصص: ٤).

والخلاصة:

إنَّ البيعة في الإسلام واحدةٌ، من ذوي الشوكة (أهل الحل والعقد) لولي أمر المسلمين وسلطانهم، وإنَّ ما دون ذلك من البيعات الطُرُقية والحزبية في بعض الجماعات الإسلامية المعاصرة كلها بيعات لا أصل لها في الشرع، لا من كتاب الله، ولا سنة رسول الله (صلى الله علية وسلم)، ولا عمل صحابي، ولا تابعي، فهي بيعات مبتَدَعة، وكُلُ بدعةٍ ضلالة، **وكُلُ بيعةٍ لا أصلَ لها في الشرع، فهي غير لازمة العهد، فلا حرج ولا إثم في تركها ونكثها، بل الإثمُ في عقدها، لأن التعبدَ بها أمرٌ مُحدثٌ لا أصل لهُ، ناهيك عما يترتبُ عليها من تشقيق الأمة، وتفرقها شيعاً، وإثارة الفتن بينها، واستعداء بعضها على بعض،** فهي خارجة عن حَد الشرع سواء سُميت بيعة أو عهداً أو عقداً)).

واتە: وە لەو وەسائیلانەش كەداهێنراون و دەعوە بەزایە دەدەن و ئاژاوە دەنێنەوەو گەل پارچە پارچە دەكەن، ئەو **بەیعەت دانە** داهێنراوەیە كە لەسەرچاوەی سۆفیگەریەوە سەری هەڵداوەو درێژ بووەتەوە تا گەیشتووەتە گروپە ئیسلامییەكانیش. وە بەم شێوەیە هەواو بیدعەت یەكتری ڕادەكێشن (واتە بیدعەتی سۆفییەتی بیدعەی حیزبایەتی ڕاكێشاو دروستی كرد لەبواری بەیعەتدان بەگەورەكانیان).

وە بەم شێوەیە ئەم میللەتە پارچە پارچە بووە بەهۆی بەیعەتی سۆفییەكان (الطرقية) كەلەناو تەكیەكاندا خۆیان حەشار داوەو بەیعەتی حیزبییەكانیش كەلە بەرەنگاربوونەوەو ڕوو بەڕوودان و بەئاشكرا دیارە.

وە گەنجان كەوتوونەتە گومان و سەرلێشێواوییەوە ئایا پەیوەندی بەكام حیزبیانەوە بكات و بەیعەت بەكام سەرۆك تەنزیمە بدات! لەكاتێكدا هەر حیزبەی جۆرە بانگەوازو شێوازێكی تایبەت و جیای هەیە لەوانی تر.

وە بەیعەتیش، پەیمان و بەڵێن دانە لەخۆشەویستی و دۆستایەتی، وە ڕق لێبوون و دوژمنایەتی.

جا كەبەیعەتی دا بەحیزبەكەی خۆی:

❖ **ئایا بانگەوازی حیزبە ئیسلامییەکانی تر دەکات بۆ لای ئەو مەنهەجەی کەخۆی و هاوەڵە حیزبییەکانی لەسەرین (ما هو علیه وحزبه)؟**

❖ **یان بۆ لای چی بانگیان دەکات؟**

١ـ ئەگەر بڵێت: **نەخێر** ئێمە هەموومان براین و پێویست ناکات بۆ لای خۆم و حیزبەکەم بانگیان بکەم و جیاوازی نییە لەنێوانماندا، ئەوا ئەو کاتە بەیعەتەکەی بێ مانایەو دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر نەکردو ئەو بەڵێن و پەیمانەی کە بەیعەت دەیگرێتە خۆی بەجێی نەگەیاند.

٢ـ وە ئەگەر بشڵێت: **بەڵێ** حیزبە ئیسلامییەکانی تر بۆ لای مەنهەجی خۆم و ڕەفیق حیزبەکانم بانگ دەکەم، ئەوا ئەو کاتە میللەت پارچە پارچە دەبێت و دەکەونە گیانی یەکتری و بەیەکترەوە خەریك دەبن، لەگەردنی یەکتریش دەدەن ڕۆژێك لەڕۆژان (چونکە هەموو حیزبییەك حیزبەکەی خۆی پێ ڕاستەو خەڵکی بۆ لای حیزبی خۆی بانگ دەکات، وە دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر دەکات، کەواتە پارچە پارچە دەبن و دووبەرەکی و دوژمنایەتی دەکەوێتە نێوانیان) وە ئەو دووبەرەکی و جیاجیاییەش خوا و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەهی و هەڕەشەیان لێ کردووە.

وە پارچە پارچەکردنی میللەت نەخشەیەکی فیرعەونییە وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي ٱلْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا ﴾، واتە: فیرعەون خۆ بەزل زانینی نواند لەسەر زەوی و خەڵکەکەی پارچە پارچەکرد.

وە بەپوختی:

بەیعەت لەئیسلامدا تەنها یەك دانە بەیعەتە، کە (أهل الحل والعقد) زاناو مشورخۆرانی ئیسلام ئەوانەی کەخاوەن ڕاو بڕیارن لەناو موسوڵمانان دەیدەن (ئەم بەیعەتە) بەپێشەوای موسوڵمانان بەگشتی (نەك پێشەوای گروپێکی حیزبی). وە غەیری ئەم تاکە بەیعەتە کەدەدرێت بەگەورەو پێشەوای موسوڵمانان هەر بەیعەتێکی تری تەریقەت و حیزبایەتی هەمووی بێ بەڵگەو دەلیلن لەشەرعدا. وە هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر نییە، نە لەقورئاندا، وە نە لەسوننەتدا، وە نە لەکرداری سەحابەیەك یان تابعییەك.

وە ئەوانە بەیعەتی داهێنراون و بیدعەن، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە.

جا کەزانرا ئەم بەیعەتە بچووکانە هیچ بەڵگەیان لەسەر نییەو بێ شەرعین ئەوکاتە تێدەگەین کە:

بەجێگەیاندنی بەیعەتەکان لەلایەن بەیعەت دەرەکان واجب نییە، وە گوناهیش نییە کە بەیعەتەکەیان هەڵوەشێننەوەو وازی لێ بهێنن. بەڵکو گوناه لەوەدایە کە بەردەوام بن لەسەری و بیهێڵنەوە. چونکە خواپەرستی بەم وەسیلە داهێنراوە کەبەیعەتە، هیچ بنچینەو بناغەیەکی لەشەرعدا نییە لەبەرئەوە دروست نییە.

جگە لەوەش کەئەم وەسیلە (بەیعەتە) ناشەرعییە چەندان زەرەر لەموسوڵمانان دەدات **وەك:**

❖ **پارچە پارچە کردنی موسوڵمانان و بەش بەش بوونیان.**

❖ **وە دروست بوونی ئاژاوەو فیتنە لەناویانداو دوژمنایەتی و کوشتاری یەکتری لەئەنجامدا.**

❖ **وە لاوازبوونی موسوڵمانان و بەخۆوە خەریك بوونیان و بێ ئاگا بوونیان لەپیلانەکانی دوژمن و دۆڕان لەبەردەم هێرشەکانی.**

وە ئەم بەیعەتانە دەرچوونن لەسنوری شەرع جا هەر ناوێکیان لێ بنرێت: بەناوی (عهد) یان (عقد) یان (بیعه) بێت، هەر بێ شەرعییە. وە بۆ زیاتر دڵنیابوون بڕوانە (مجموع الفتاوی: ١٦/٢٨ـ١٧).

٢ـ حیزبایەتی کردن و تەنزیم ڕێکخستن و پۆل پۆل و شانە شانە کردن، (هەر چەند کەسانێك یەکدەگرن لەسەر شێوازو مەبەستێك و حیزبێکی ئیسلامی دروست دەکەن و گەورەو سەرکردەیەك بۆ خۆیان دادەنێن و بەیعەتی پێ دەدەن).

٣ـ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرو ڕازیکردنیان بۆ لایەنگرتنی حیزب و هاودەنگ بوون لەگەڵیدا، چونکە لەگەڵ بوونی جەماوەر دەیانگەیەنێتە لووتکەی پەرلەمان و حوکمڕانی ـ کاتی هەڵبژاردن و دەنگدان (انتخابات) لەهەڵبژاردنە گشتییەکاندا بێت یان ناوچەیی و شارۆچکەیەکاندا بێت ـ.

بەڵام ڕای جەماوەریان بە دەست ناکەوێت ئەگەر جەماوەر ڕازی نەکەن و بەگوێرەی داخوازی و داواکاریان هەڵسوکەوت نەکەن و بێدەنگ نەبن لەسەر هەڵەو تاوان و شیرك و بیدعەو خورافیاتی خەڵکی. وە زۆرجار تەنها بە بێدەنگ بوونیش لەسەر هەڵەکانیان ناوەستن بەڵکو تەئویلیشیان بۆ دەکەن و پاساویان بۆ دەهێننەوەو چەندان شتی حەرامیشیان لا ئاسان دەکەن و بگرە حەلاڵیشیان دەکەن بەناوی مەسلەحەتی دەعوەو ئاسانکاری (یَسّروا ولا تُعَسّروا) وە بەناوی دڵ ڕاگرتنی خەڵکی (تألیف القلوب).

❖ تێکەلاوی ژن و پیاو، لای هەندێك بانگەوازکار کارێکی سادەو ئیعتیادییە. وە جیاکردنەوەی ژنان لەپیاوان و دانانی پەردە لەنێوانیان کاتی کۆڕو کۆبوونەوەو دەرس خوێندن، بە دواکەوتوویی و نیەت پیسی و توندڕەوێتی دادەنێن!

❖ وە نەزەر لایان حەرام نییە ئەگەر نیەت خراپ نەبوو!

❖ وە گۆرانی و مۆسیقاو تەمسیلی کردن و ئاهەنگ گێڕانی بۆنە (مناسبة) داهێنراوەکان بەوەسیلەی دەعوە دادەنێن، بۆ سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرو لە خۆڕازیکردنیان، تاوەکو دەنگیان بۆ بدەن و بەسەرشانی ئەواندا سەرکەونە سەر حوکم و سوڵتە! لەکاتێکدا کەخەڵکیش هاوار بکاتە غەیری خواو قوربانی بۆ غەیری خوا بکات و شیرك و بیدعەو تاوان بکەن و بەرەو غەزەب و دۆزەخ بڕۆن، کێشە نییە بەلای زۆرێك لەحیزبییەکانەوە ـئەمڕۆـ چونکە کاتی نەهاتووە. ئەمڕۆ تەنها کاتی خەڵك کۆکردنەوەیە بۆ ململانێ کردنی حیزبە نائیسلامییەکان و زاڵ بوون بەسەریاندا بۆ سەر حوکم و دەسەلاّت!

٤ـ وە لە وەسیلە داهێنراوەکاندا (انتخابات)ە کە دەیانەوێت هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە لەلایەن میللەتەوە بکەن بەوەسیلەو لەم ڕێیەوە دەوڵەتی ئیسلامی دابمەزرێنن! وەك حسن البنَّا ووتویەتی:((**نریدها دیمقراطیةً کاملة شاملة!**)).

٥ـ وە لە وەسیلە داهێنراوەکانی هەندێکیان:

هەڵگەڕاندنەوەی حوکم (الإنقلابات) بەکودەتای عەسکەری و شۆڕشی جەماوەری (الثورات الشعبیة)، وە ڕاپەڕین (الإنتفاضة)، وە تەقاندنەوە (تفجیرات)، وە دزەکوژی (الإغتیالات)، وە فڕاندن (الإختطافات).

وە هەندێکیشیان خۆپیشاندان و مانگرتن (الإعتصامات والإضرابات والمظاهرات).

لەکاتێکدا کەهیچ کام لەمانەی پێشوو وەسیلەی شەرعی نین بۆ گێڕانەوەی حوکمی ئیسلام[٢]، وە سەرەڕای ئەوەش زیان و مەفسەدەشیان زیاترە لەسوودیان، وە خەڵکێکی بێ تاوان تیایاندا لەناو دەچن و تووشی زیان دەبن، بێ ئەوەی هیچ

---

[٢] وە بۆ دڵنیابوون لەناشەرعییەتی ئەم وەسیلانە بڕوانە فەتوای زانایان لەبارەیانەوە، لەکتێبی (کیف نُعالج واقعنا الألیم) جمع وإعداد أبو أنس علي بن حسین أبو لوز. کتێبێکی زۆر بە سوودە ئامۆژگاری خوێنەران دەکەم بیخوێننەوە. بۆ ئەوەی لەخۆیانەوە هەنگاوی هەڵەو زیان بەخش نەنێن و بگەڕێنەوە بۆ لای

بەرژەوەندیەکی شەرعی و واقیعیش دەستەبەر بێت بەم وەسیلە بیانیەیە داهێنراوانە. وە لەزۆر وولاتدا ئەم وەسیلانە بەکارهێنران، بەلام ئایا چ بەرهەمێکی سوود بەخشیان بووە؟ بڕوانە پاکستان، ئەفغانستان، فەلەستین...

٦ـ وە هەروەها گرنگیدان بە ڕۆژنامەو گۆڤاری سیاسی و کەناڵی ئاسمانی و بەرنامە جیهانیەکان و دەنگوباسی جیهانی تاوەکو (مُثَقَّف) بن. وە لەواقیعی حاڵیان وادیارە کە ئەم شتانەیان بەلاوە گرنگترە لە تفسیر ابن کثیرو صحیح البخاري و صحیح مسلم و العقیدة الطحاویة...هتد. وە پەروەردە کردنێکی سیاسیان بەلاوە گرنگترو لەپێشترە لەپەروەردەکردن لەسەر تەوحیدی خواو شارەزابوون لە عەقیدەی ئیسلامی. وە ووریاکردنەوەی خەڵکی لەجۆرەکانی شیرك نەك هەر بە پێویستی نازانن، بگرە بەکارێکی ناحەکیمانەو کۆسپیشی لە قەڵەم دەدەن.

بۆیە زۆربەی هەرە زۆری شوێن کەوتووانی حیزب بێ ئاگان لەعیلمی شەرعی، وە شیرك و تەوحید لێك جیاناکەنەوەو سوننەت و بیدعەیان لێ تێکەلاو بووەو حەلاڵ و حەرامیش زۆر لایان ڕوون نیە.

وە ئەگەر دەرسیش بخوێنن، دەرسێکی حیزبی تایبەت و دیاریکراو کەباسی سیاسەت و واقیع و دەوروبەر دەکات بەگوێرەی دەنگوباسی بێ باوەڕو فاسقان، نەك بەگوێرەی قورئان وسوننەت ﴿ إِلَّا مَن رَّحِمَ ٱللَّهُ ﴾، ﴿ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ﴾.

وە ئەوانەشیان کە شتێك شارەزایییان هەیە ناوێرن باسی تەوحیدو شیرك و سوننەت و بیدعە بکەن، ئەگینا خەڵکی ـ هەمەڕەنگ و بیرو جۆرـ لێیان دەڕەنجێن و لەحیزب دووردەکەونەوە، وە لەلایەکی تریشەوە نایانەوێت گەنجەکان بەڕاستی و بەتەواوی خەریکی عیلم خوێندن بن، چونکە ئەگەر تەواو لەئیسلام تێبگەن ئەوا لەداوی تەسکی حیزبایەتی دوور دەکەونەوەو شوێن زانایان دەکەون!

کەواتە هێشتنەوەی خەڵکی بەنەفامی و دوور خستنەوەیان لەزانایان و قەناعەت کردن پێیان بەگۆڤارو ڕۆژنامەو دەنگوباس و مێزدگردەکانی کەناڵە ئاسمانیەکان، وەسیلەیەکی تری ناشەرعی حیزبییەکانە.

٧ـ وە لە وەسیلە ناشەرعییەکانیان بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانیان و هەدەفەکانیان پەنا بردنەبەر تەکفیرکردنی (بە کافر دانانی) حاکمەکان ـبەگشتیـ، وە هەروەها شوێن کەوتووەکانیشیان. وە سوود لەم وەسیلە بەکافر دانانە وەردەگرن کە بەوە خەڵك بەرەو خۆیان ڕابکێشن و لەدەوری خۆیان کۆیان بکەنەوە بۆ ململانێ کردنی ئەو حاکم و شوێن کەوتوانەی کە بەکافر حیسابیان بۆ دەکەن!

٨ـ لە وەسیلە ناشەرعییەکانیان بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری خۆیان و حیزبیان، تۆمەتی نارەوا دانەپاڵ زانایانی ئیسلام و لەکەدارکردنی عیلم و مەنهەج و عەقیدەو سومعەتیان لەناو گەنجان بەچەندان درۆو بوهتان وەك دەڵێن: زانایانی ئەهلی سوننە تەنها زانیاریان هەیە بەبابەتی (حیض و نفاس)! وە بێئاگان لە واقع وە (فقه الواقع)یان نیە، وە (مورجیئەن)و پیاوو بەکرێ گیراوی حکومەتن! وە... وە چەندان بوهتانی تریش بۆ ئەوەی خەڵکی لە زانایانی ئەهلی سوننە دابڕن و قەناعەتیان پێ

زانایان بۆ زیاتر لەدین حاڵی بوون و خزمەت کردنی. وە بۆ ئەوەی فیتنەیەك بۆ موسوڵمانان نەنێنەوە کە دوای بەهەموو ئومەت نەکوژێتەوەو زەرەرەکەیشی هەموان بگرێتەوە. چونکە فیتنە نانەوە زۆر ئاسانەو هەموو گەنجێکی حەماسی بێ عیلم لەتوانایدایە، بەلام کوژاندنەوەی و ڕزگارکردنی موسوڵمانان لێی بەئاژاوەگێڕان ناکرێت، بەڵکو ـ دوای خواـ پێویستی بە زاناو دانای زۆر گەورە هەیە، هەرچەندە لەحاڵەتی ئاسایی و بێ ئاگایی‌دا هەندێ لەگەنجە سەرکەشە بێ عیلمەکان حیسابیان بۆ ناکەن.

بکەن، ئەوکاتە بەئاسانی بەفیکرە تەکفیری و خەواریجییە توندڕەوە حیزبییەکەی خۆیان و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدارانیان پێ بکەن.

٩ـ السّرّیّة: واتە بانگەوازی ئیسلامی کردن بەکارێکی قاچاخی نهێنی و شاراوە لە جەماوەرو خەڵکی، وە ئەمەش زەرەرێکی زۆری لەبانگەواز داوە، چونکە ئیسلام ڕاستەو تەواوەو گشتییە بۆ تێکڕای خەڵکی نەك تەنها بۆ ئەندامانی حیزبێکی ئیسلامی. وە پێویست بەوە ناکات لەپاش پەردە هەوڵی بۆ بدرێت و ڕێکخستنی نهێنی بۆ دابمەزرێنرێت و لە بازنەیەکی تایبەتی داخراودا بسوڕێنەوە! وە پێویستە بانگەوازکارو مامۆستایانی پێشەواو ڕابەر بە ئاشکرا بانگەوازی خێری خۆیان بکەن و فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە بکەن و ئامۆژگاری خەڵکی بکەن، چونکە ئیسلام هیچ شتێکی تێدا نییە پێویست بە شاردنەوە بکات و تەنها کۆمەڵێك بیزانن و بە خەڵکانێکی تر نەووترێت.

بەشی حەوتەم

حوکمی جیهاد بەهەموو جۆرەکانی یەوە

* حوکمی جیهادکردنی هەریەك لە:

نەفس و شەیتان و کافرو مونافیقان

* حوکمی جیهادکردنی هەریەك لە: دڵ و زمان و گیان و ماڵ:

* جیهادی چەکداری (واتە بەدەست و لاشەو جەنگان) لەبنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائی یە، نەك فەرزی عەین

* جیهادی فەرزی کیفایە بەچی دێتە دی؟

* لە سێ حاڵەتدا جیهاد دەبێتە فەرزی عەین ؟

* ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر موسوڵمانان هەڵوێستی موسوڵمانان دەبێت چۆن بێت؟

* ئایا دەرچوون لەسەر حاکمی وڵاتی ئیسلامی ئەمڕۆ جیهادە و فەرزی عەینی یە، بەبەڵگەی ئەوەی کە وڵاتەکەیان داگیر کراون و دەستیان بەسەردا گیراوە لە لایەن حاکمەکانیانەوە،هەروەك دەرچوون بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمنی داگیرکەر و هێرش بەری سەر وڵات، جیهادی فەرزی و فەرزی عەینی یە؟ وە ئایا حاکمی ئەم وڵاتە ئیسلامیانە وەك دوژمنی دەرەکی هێرش بەر حیسابیان بۆ دەکرێت لەشەرع دا؟

* لەو حاڵەتانەی کە جیهاد کردن تیایاندا حەرامە.

حوکمی جیهاد بەهەموو جۆرەکانی یەوە

دوای ئەوەی کە بۆمان ڕوون بووەوە، چۆن پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جیهادی کردووە. وە جۆرەکانی جیهاد چین و قۆناغەکانی جیهاد بەچەك چۆن بوون، وە زانیمان ململانێ کردنی سەرکردەو حاکمە زاڵمەکان، وە حاکمە کافرەکانیش ـ ئەگەر لەتوانادا نەبێت و فیتنەی لێ دروست بێت ـ شەرعی نییەو بەجیهادی شەرعی دانانرێت، بەڵکو شۆڕشی خەواریج و تەکفیری و توندڕەوەکانە، وە جەنگان لە فیتنەدا لەنێوان موسوڵمانان بەجیهاد دانانرێت لەلایەن ئەهلی سوننەت بە پێچەوانەی موعتەزیلەکان.

دوای ئەوە پێویستە حوکمی جیهادی شەرعی بەهەموو جۆرەکانی یەوە بزانین لە شەرعدا:

حوکمی جیهادکردنی هەریەك لە:

نەفس و شەیتان و کافرو مونافیقان

(حُكمُ جهادِ النفس و الشيطان و الكفار و المنافقين)

ابن القيم ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێت:

((وفرض عليه ـ أي على العبد ـ جهاد نفسه في ذات الله، وجهاد شيطانه، فهذا كلُّه فرض عين، لاينوب فيه أحدٌ عن أحد. وأما جهاد الكفار والمنافقين، فقد يُكتَفَى فيه ببعض الأُمة إذا حصل منهم مقصود الجهاد))[1].واتە: پەروەردگار فەرزی کردووە لەسەر هەموو بەندەیەك جیهادی نەفسی و شەیتان بکات، وە جیهادی ئەم دوو لایەنە فەرزێکی دیاریکراوە لەسەر هەموو یەکێك لەهەموو کاتێکدا، وە هیچ کەس ناتوانێت لەبری کەسی تر بیکات.

بەڵام جیهادی کافرو مونافیقان لە بنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائییە، نەك فەرزی عەین، چونکە هەڵسانی بەشێکی ئەو ئوممەتە پێی کافییە، ئەگەر مەبەستیان پێ بەدەست بێت.

حوکمی جیهادکردنی هەریەك لە: دڵ و زمان و گیان و ماڵ:

(حُكمُ جهادِ بالقلب، واللسان، والنفس واليد، والمال:)

وەلە (زاد المعاد: ٣/٦٤)دا دەفەرموێت:

((والتحقيق أن جنس الجهاد فرضُ عينٍ إما بالقلبِ، وإما باللسانِ، وإما بالمالِ، وإما باليدِ، فَعَلَى كل مُسلمٍ أن يُجاهِدَ بنوعٍ من هذه الأنواع.

أما **الجهادُ بالنفسِ** ففرض كفاية، وأما **الجهادُ بالمال**، ففي وجوبه قولان، والصحيح وجوبهِ لأن الأمر بالجهادِ به وبالنفس في القرآن سواء، كما قال تعالى:

﴿ ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ (التوبة: ٤١).

وعلَّق النجاة من النار به، ومغفرة الذنبِ، ودخولَ الجنةِ، فقال:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ۝ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (الصف: ١٠ – ١٢).

---

[1] زاد المعاد: ٣/١١.

واتە: جنسی جیهاد فەرزی دیاری کراوە لەسەر هەموو یەکێك، یان بەدڵ جیهاد بکات، یان بەزمان، یان بەماڵ، یان بەدەست. جا لەسەر هەموو موسوڵمانێك پێویستە جیهاد بکات بەیەکێك لەم جۆرانە.

بەڵام جیهاد بەدەست (واتە بەنەفس و لاشە) تەنها فەرزی کیفائییە، واتە ئەگەر کۆمەڵێك بن لە موسوڵمانان جیهاد بەدەست و لاشەیان بکەن، ئەوا لەسەر باقی موسوڵمانانی تر ئەم واجبە لادەچێت.

بەڵام جیهاد بەماڵ و سامان، ئەوە سەبارەت بەواجب بوونی دوو ڕا هەیە، وە ڕای ڕاست لەو بارەیەوە ئەوەیە کەدەڵێت جیهاد بەماڵ واجبە، چونکە لە قورئاندا فەرمانی جیهادکردن بەماڵ و بەنەفس بەیەکەوە هاتوون، واتە هەروەك چۆن جیهاد بە نەفس و لاشە واجبە، بەهەمان شێوەش جیهاد بە ماڵ بەخشین لەپێناوی خوا بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلام و پووچەڵ کردنەوەی شیرك و کوفرو بیدعەو بێ شەرعی واجبە.

بۆ نموونە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَجَٰهِدُواْ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾ (التوبة: من الآية٤١).

واتە: جیهاد بکەن بەهەریەك لە ماڵەکانتان و نەفستان (گیانتان) لەپێناوی خوا. وە هەروەها ڕزگاربوون لەدۆزەخ و لێخۆشبوون لەگوناه لە قورئاندا بەستراوەتەوە بەجیهاد بە (ماڵ) لەگەڵ جیهاد بە نەفس، وەك دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ۝ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾ (الصف: ١٠ – ١٢).

واتە: ئەی بڕواداران، بازرگانییەکتان پیشان بدەم کە ڕزگارتان دەکات لە سزایەکی بەئازار؟ بازرگانییەکەش باوەڕهێنانە بەخواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم)، وە جیهادکردنە لەپێناوی خوادا بە ماڵەکەتان و نەفسەکەتان، ئەوە خێرترە ـ ئەو بازرگانییە ـ ئەگەر بزانن، چونکە بەهۆی ئەو بازرگانییەوە خوای پەروەردگار لە تاوانەکانتان خۆش دەبێت، وە دەتانخاتە بەهەشتانێکەوە کە چەندین ڕووبار بەژێریاندا دەڕۆن و جێگاو نیشتەجێی باش لەبەهەشتی بەردەوام و نەبڕاوە، وە ئەوەش سەرکەوتنێکی ڕوون و ئاشکرایە.

بەڵام حوکمی جیهاد بەدڵ (بالقلب) ئەوەیە کە واجبە لەهەموو کاتێکداو ئەوەی نەیکات دڵی مردووەو ئیمانی نی یە، وەك شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەفەرموێت:

((فأما القلبُ فيَجِبُ بكُلِ حالٍ، إذ لاضرر في فعلِهِ، ومَنْ لم يفعَلهُ فليس هو بمؤمن، كما قال النبـي (صلى الله عليه وسلم): (وذلك أدنى ـأو أضعف ـ الإيمان)، وقال: (ومن جاهدهم بقلبِهِ فهو مؤمن وليس وراءَ ذلك من الإيمان حَبة خردل). وقيل لابن مسعود: (مَنْ مَيّتُ الأحياءِ؟ فقال: الذي لايعرف معروفاً ولايَنكرُ منكراً)[٢].

واتە: جیهاد بەدڵ لەهەموو حاڵەتێکدا واجبە، چونکە هیچ زەرەرێك نییە لەکردنی. بەڵام جیهاد بەزمان و بەدەست جاری واهەیە زەرەری زیاتر دەبێت، بۆیە نابێت بکرێن. بەڵام جیهاد بەدڵ نزمترین پلەی ئیمانەو ئەوەی بە دڵیش جیهادی خراپە نەکات و ڕقی لێ نەبێتەوە، ئەوا بڕوادار نی یەو دڵی مردووە.

---

[٢] مجموع الفتاوى: ٢٨/ ١٢٧.

جیهادی چەکداری (واتە بەدەست و لاشەو جەنگان) لەبنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائی یە، نەك فەرزی عەین

پێش ئەوەی بەڵگەی قورئان و حەدیس، وە ڕای زانایان باس بکەین لەسەر ئەم حوکمە، کەجیهاد بەنەفس (واتە جیهادی جەنگ و چەکداری) تەنها فەرزی کیفائیە نەك فەرزی عەینی، با بزانین مانای ئەم دوو فەرزە چیە:

١ـ فەرزی عەین: بریتی یە لەو ئەرکەی کە بەهەموو یەکێك سپێردراوە، واتە لەسەر تاك تاکی موسوڵمانان واجبە نەك تەنها لەسەر کۆمەڵێك، چونکە مەبەست لەم فەرزی عەینییە، تاقیکردنەوەی شەخسەکەیە، ئایا هەڵدەسێت بە واجبی سەرشانی یان نا؟ وەك نوێژو ڕۆژوو و حەج و زەکات، کەئەم ئەرکانە فەرزی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکن، نەك تەنها کۆمەڵە موسوڵمانێك.

٢ـ فەرزی کیفائی: ئەم فەرزەیان مەبەست تیایدا خودی ئەو شەخسە نییە کە پێی هەڵدەسێت ـ وەك لەفەرزی عەینیدا مەبەست بوو ـ، بەڵکو مەبەست خودی کارەکەیە بەبێ مەبەست بوونی کارکەر (بکەرەکەی) کە کێیە، بۆ نموونە (نوێژ لەسەر جەنازەو شاردنەوەی مردوو لەگۆڕدا) ئەم دوو کردارە پێویستە ئەنجام بدرێن، بەڵام بەبێ گوێدان بەئەنجامدەریان کێیە یان کێ نییە، وە ئەگەر یەك تاکەکەس بەم دوو کارانە هەڵسا وەکو پێویست، ئەوا فەرزەکە بەجێ گەیەنراوەو ئەو کەسە کیفایەتە لەبری باقی موسوڵمانانی تر کەپێی هەڵنەستاون. بەڵام ئەگەر کەس پێی هەڵنەسێت، یان بەتەنها کەسێك نەکرا، ئەوا لەسەر باقی ئەو موسوڵمانانەی تر کە توانایان هەیە پێویستە ئەم فەرزە ئەنجام بدرێت، ئەگینا ئەوانەی کە لەتوانایاندا بوو گوناهبار دەبن.

وە مانای فەرزی کیفائی ئەوەیە کە ئەگەر هەڵساوان پێی کافر نەبوون، ئەوا هەموو خەڵکی ـ بەتواناو بەئاگا لەسەر کردنی ـ تاوانبار دەبن. وە ئەگەر ئەوانەی پێی هەڵسان کافی بوون بۆ ئەنجامدانی، ئەوا لەسەر باقی خەڵکی لادەچێت.

کەواتە فەرمانی فەرزی کیفائی لەسەرەتادا هەموو موسوڵمانان دەگرێتەوە وەك فەرزی عەین، بەڵام لەوەدا جیادەبنەوە کە فەرزی کیفائی بە ئەنجامدانی لەلایەن کەسێك لادەچێت لەسەر باقی خەڵکی. بەڵام فەرزی عەین لاناچێت لەسەر کەس بەکردنی لەلایەن کەسانێکی تر.

بەڵگەی قورئانی لەسەر ئەو حوکمە

بەڵگەی یەکەم: خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ۝ دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ (النساء: ٩٥ – ٩٦).

واتە: ـ والله أعلم ـ ئەو بڕوادارانەی کەدانیشتوون، یەکسان نین ـ نایەنە ڕیزی ـ بڕوادارانی موجاهید بەماڵ و نەفسیان لەپێناوی خوادا، بەڵکو خوای پەروەردگار فەزڵی موجاهیدانی داوە بەسەر دانیشتوان لە جیهاد. هەرچەندە کە مژدەی بەهەشت و پاداشتی خێریش بەهەردوولا دراوە.

کەواتە ئەگەر جیهاد بە نەفس، فەرزی عەینی یوایە لەسەرشانی هەموو بڕوادارێك، ئەوا دانیشتوان لەم جیهادە مژدەی پاداشت و بەهەشتیان پێ نەدەدرا، بەڵکو هەڕەشەی سزاو دۆزەخیان لێ دەکرا. وە لەبەرئەوەی وانییە، کەواتە تەنها فەرزی

کیفائیيەو هەڵسانی کۆمەڵێکی کافی پێی ئەرك و تاوان لەسەر باقی موسوڵمانانی تر لادەبات. وەك زانای موفەسیر ابن کثیر فەرموویەتی:

((قولُهُ: ﴿ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾ أي الجنة والجزاء الجزيل، وفيه دليلٌ على أنَّ الجهاد ليسَ بفرض عينٍ بل هو فرضُ كفاية))[٣].

وە هەروەها موفەسیری پایەبەرز الإمام الشنقيطي دەفەرموێت:

تنبيه: ((يُؤخذُ من قولِهِ في هذه الآية الكريمة ﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾ أن الجهادَ فرض كفايةٍ لا فرض عين، لأن القاعدين لو كانوا تاركين فرضاً لما ناسبَ ذلك وعدهُ لهم الصادقُ بالحسنى وهي الجنة والثواب الجزيل))[٤].

واتە: لە فەرموودەی خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلۡحُسۡنَىٰ ﴾ حوکمی ئەوە وەردەگیرێت کە جیهاد واجبێکی کیفائیيە، نەك واجبێکی عەینی، لەبەرئەوەی کە دانیشتوان ـ لەجیهاد ـ ئەگەر تەرکی واجبێکی عەینییان بکردبایە، ئەوە پەیمانی ڕاستی پەروەردگار بۆیان بەپاداشتی باش و جوان کەبەهەشت و پێ بەخشینی هەرە گەورەیە نەدەگونجا.

بەڵگەی دووەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةٗۚ فَلَوۡلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرۡقَةٖ مِّنۡهُمۡ طَآئِفَةٞ لِّيَتَفَقَّهُواْ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوۡمَهُمۡ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ لَعَلَّهُمۡ يَحۡذَرُونَ ﴾ (التوبة: ١٢٢).

واتە: نابێت و گونجاو نییە بۆ بڕواداران کە هەموویان دەربچن بۆ جەنگانی دوژمنانیان (چونکە ئەگەر هەمووی هەر بۆ غەزا ڕۆیشت ئەوا کێ بمێنێتەوە لای ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەکان و کێ بەخێویان بکات و ڕزق و ڕۆزی پەیدا بکات و بەرژەوەندییەکانی تری موسوڵمانان ـ غەیری جیهاد ـ دابین بکات!).

جا ئەگەر زانرا کە پێویست نییە موسوڵمانان تێکڕا بچن بۆ غەزا ئەوا لەهەر فیرقەیەك تەنها کۆمەڵێك بچن کە کافی بن بۆ بەجێهێنانی مەبەست، بۆ ئەوەی ئەو موسوڵمانانەی دەمێننەوە یەکلابینەوە بۆ فێربوونی دینی خواو تێگەیشتن لەقورئان و سوننەت، وە ئەگەر کۆمەڵە موجاهیدەکەش گەڕانەوە لەغەزا، کۆمەڵی جێماو بۆ عیلم فێربوون، ئامۆژگاریان بکەن و دینی خوایان زیاتر لێ حاڵی بکەن و ووریایان بکەنەوە تاوەکو خۆیان زیاتر بپارێزن لە تووڕەیی و عەزابی خوا، چونکە ئەو کۆمەڵەی خەریکی جیهادو جەنگ دەبێت، بواری عیلم فێربوونی نابێت وەك ئەو کەسەی بۆی دەمێنێتەوە، جا بۆ ئەوەی جەنگاوەرە موجاهیدەکانیش مەحروم و بێبەش نەبن لەعیلم و تێگەیشتن لەدین، ئەوا پێویستە کۆمەڵێك بمێننەوە بۆ فێربوونی عیلم و نەچن بۆ غەزا، تا بتوانن خۆیان و جەنگاوەرانیش لەدین بگەیەنن.

ئیمامی (القرطبي المُفَسِر) دەفەرموێت:

((قوله تعالى: ﴿ وَمَا كَانَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ... ﴾ وهي أن الجهاد ليس على الأعيان وأنه فرض كفاية كما تقدم؛ إذ لو نفر الكل لضاعَ من وراءهم من العيال، فليخرُج فريق منهم للجهاد وليقم فريقٌ يتفقهون في الدين ويحفظون الحريم، حتى إذا عاد النافرون أعلَمَهُمُ المقيمون ما تعلمُوه من أحكام الشرع، وما تجَدَد نزولهُ على النبي (صلى الله علية وسلم)، وهذه الآية ناسخة

---

[٣] تفسير القرآن العظيم: ١/ ٥٤١.

[٤] أضواء البيان: ١/ ٣٩٩.

لقوله تعالى: ﴿ إِلَّا نَفِرُواْ ... ﴾ (التوبة: ٣٩). وللآية التي قبلها، على قول مجاهد وابن زيد)). وه فەرموويەتی: ((هذه الآية أصل في وجوب طلب العلم... وفي هذا إيجاب التفقه في الكتاب والسنة، وأنه على الكفاية دون الأعيان)).

وه فەرموويەتی: (((ليتفقوا) الضمير في (ليتفقوا ولينذروا) للمقيمين مع النبـي (صلى الله علية وسلم)، قاله قتادة ومجاهد. وقال الحسن: هما للفرقة النافرة، واختاره الطبري. قلت: قول مجاهد وقتادة أبين، أي لتتفقَه الطائفة المتأخرة مع رسول الله (صلى الله علية وسلم) عن النفور في السرايا. وهذا يقتضي الحث على طلب العلم والندب إليه...))

كەواته جيهاد بەنەفس تەنها فەرزی كيفائيەو ئەگەر كۆمەڵێكی كافی پێی هەڵسان ئەوا ئەجرو پاداشتی بۆ ئەوانە. وە دانيشتوانيش بەبێ عوزر بەشداری ئەو ئەجرو پاداشتە نابن، بەڵام گوناهباريش نابن بە نەچوون بۆ غەزاو جيهادكردن.

وه زانای المُفَسّر العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي فەرموويەتی:

((﴿ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً ﴾، أي: جميعاً لقتال عدوهم. فإنه يحصل عليهم المشقة بذلك، ويفوت به كثيرُ من المصالح الأخرى. ﴿ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ ﴾، أي: من البلدان، والقبائل، والأفخاذ (طائفة) تحصل بها الكفاية والمقصود، لكان أولى. ثم نَبه على أن في إقامة المقيمين منهم، وعدم خروجهم مصالح، لو خرجوا لفاتَتهُم. فقال: ﴿ لِّيَتَفَقَّهُواْ ﴾، أي: القاعدون ﴿ فِي ٱلدِّينِ وَلِيُنذِرُواْ قَوْمَهُمْ إِذَا رَجَعُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾، أي: ليتعلموا العلم الشرعي، ويعلموا معانيه ويفقهوا أسراره، وليعلموا غيرهم، ولينذروا قومهم إذا رجعوا إليهم.

ففي هذا فضيلة العلم، وخصوصاً الفقه في الدين، وأنه أهم الأمور. وإنَّ مَن تَعَلَم علماً ، فعلَيهِ نَشرهُ وبَثهُ في العباد، ونصيحتُهم فيه، فإن إنتشار العلم عن العالِم، مِن بركتهِ وأجرهِ الذي ينمى. وأما إقتصارُ العالِم على نفسِهِ، وعدم دعوتِهِ إلى سبيل اللهِ، بالحكمة والموعظة الحسنة، وترك تعليم الجهال ما لايعلمون، فأي منفعةٍ حصلت للمسلمين منهُ؟! وأي نتيجة نَتجت من علمهِ؟ وغايَتُهُ أن يموت، فيموت علمه وثمره، وهذا غاية الحرمان، لمن آتاهُ اللهُ علماً، ومَنحهُ فهما.

وفي هذه الآية أيضاً دليلٌ وأرشادٌ وتنبيهٌ لطيفٌ، لفائدةٍ مُهمة. وهي أن المسلمين ينبغي لهم، أن يُعِدوا لكل مصلحة من مصالحهم العامة من يَقوم بها، ويوَفرُ وقتهُ عليها، ويجتهد فيها، ولا يلتفِت إلى غيرها، لتقوم مصالحهم، وتَتِم منافِعُهم، ولتكون وجهة جميعهم، ونهاية مايقصدون، قصداً واحداً، وهو قيام مصلحة دينهم ودنياهم، ولو تفرقتِ الطرق، وتعددتِ المشارب، فالأعمالُ متباينةٌ، والقصدُ واحد. وهذه من الحكمة العامة النافعة، في جميع الأمور)).

واته: نابێت بڕواداران هەموويان دەربچن بۆ غەزا، چونكە بەوە نارەحەتييەكی زۆريان تووش دەبێت و زۆربەی بەرژەوەندييە دينی و دونيايييەكانی تريشيان لەدەست دەچێت (واتا نابێت چەندان فەرز وەك تێگەيشتن لەدين (طلب العلم)و كەسابەت و پارێزگاری ژن و منداڵ و پير واز لێ بهێنرێت بۆ تاكە فەرزێكی كيفائی تر كە جيهادە).

كەواتە بۆچی لەهەر شارەو، هۆزەو، تيرەيەك، كۆمەڵێك دەرناچن بۆ غەزا كە هەڵسن بە ئەنجامدانی مەبەست و پاشماوەی تريش لە بڕواداران بمێننەوە بۆ ئەنجامدانی بەرژەوەندييە پێويستەكانی تری موسوڵمانان وەك تێگەيشتن لەدين و شارەزابوون لەقورئان و سوننەت، وە هەروەها ئامۆژگاری كردن و فێركردنی غەزاكارەكانيش كە گەڕانەوە لايان.

كەواتە لەم ئايەتەدا چەند فەريزەتێك دەردەكەون:

يەكەميان: فەريزەتی دەرچوونی كۆمەڵێكی كافی بۆ غەزا.

دووەمیشیان: فەریزەتی تێگەیشتنی کۆمەڵی ماوەوە لە دین و عیلم و فێربوونیان.

سێهەمیش: گەیاندنی ئەو عیلمەی فێری دەبن بە غەزاکارەکان و ووریاکردنەوەو ئامۆژگاری ئەوانیش.

کەواتە چۆن جیهاد فەرزی کیفائیەیەو کۆمەڵێکی کافی پێی هەڵسن بەسە، بەهەمان شێوەش عیلم و فێربوون و تێگەیشتن لەدین و قورئان و سوننەت فەرزێکی تری کیفائیەیەو لە جیهادکردنەکە کەمتر نییەو ئەویش جیهادێکی ترە.

کەواتە پێویستە موسوڵمانان هەموو فەرزە کیفائیەکان جێبەجێ بکەن، هەریەکەو کۆمەڵی خۆی بۆ ئامادە بکرێت و ئەنجامیش یەك ئامانج و مەبەست بێت، کە بلاوکردنەوەو سەرخستنی دینی خوایە، وە بڕوادار چ فەرزێکی کیفائی بەچاکی پێ دەکرێت، با ئەویان بکات بە ووردی. وە هیچ فەرزێك پشت گوێ نەخرێت بۆ یەکێکی ترو بەرژەوەندییەکانی لەدەست نەدرێن.

بەڵگەی سێیەم: خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿عَلِمَ أَن سَيَكُونُ مِنكُم مَّرْضَىٰ وَءَاخَرُونَ يَضْرِبُونَ فِي ٱلْأَرْضِ يَبْتَغُونَ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَءَاخَرُونَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَٱقْرَءُوا۟ مَا تَيَسَّرَ مِنْهُ وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا وَمَا تُقَدِّمُوا۟ لِأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ ٱللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا وَٱسْتَغْفِرُوا۟ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾ (المزمل: من الآية ٢٠).

دەبینین خوای گەورە خەڵکی کردووەتە سێ بەش:

١ـ خاوەن عوزرەکان، وەك نەخۆش و پەککەوتەکان.

٢ـ کاسب کاران، ئەوانەی لەزەویدا دەگەڕێن بۆ پەیداکردنی ڕزق و ڕۆزی، جا بە پیشەسازی (الصناعة) بێت یان بازرگانی (تجارة) یان کشتوکاڵ (زراعة) یان شوانایەتی (الرعي) یان... وە ئەمانەش هەموو بەرژەوەندی موسوڵمانانن، پێویستن و نابێت پشت گوێ بخرێن.

وە ئیمامی (القرطبـي) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

((سوَّى الله تعالى في هذه الآية بين درجة المجاهدين والمكتسبين المال الحلال للنفقةِ على نفسهِ وعيالهِ والإحسان والإفضال، فكان دليلاً على أن كسب المال بمنزلة الجهاد لأنه جمعه مع الجهاد في سبيل الله)).

واتە: پەروەردگار موجاهیدو کاسبکاری یەکسان کردووەو بەیەکەوە باسی کردوون... کەواتە ئەگەر تەنها جیهاد پێویست و فەرزی عەینی بوایە، ئەوا دروست نەدەبوو کەس خەریکی کەسابەت بێت و دەبوو هەموو بەرژەوەندییەکانی تری موسوڵمانان ئیهمال بکرێن.

کەواتە زۆر هەڵەیە بەناوی جیهادکردنەوە واز لە خوێندنی شەرعی بهێنرێت و گرنگی تەواوی پێ نەدرێت، وە بەداخەوە بە موسوڵمانانەوە دیار نییە کە خەریکی فێربوونی قورئان و سوننەت و زانستی شەرعی بن لە بنەڕەتدا، وە تەنها تا ئەو ئەندازەیە عیلم دەخوێنن و دەخوێننەوە کە خزمەت بەحیزب بکات، بەڵام ڕۆچوون و تێگەیشتنی باش لە (تەفسیری قورئان و شەرحی حەدیس و أُصول الفقه ومصطلح الحديث و نحو و صرف و عقيدة و فقه...) وەکو پێویست ناخوێندرێن، بەڵکو

قەناعەتیان هەیە بە تەنها نامیلکۆکەو ڕۆژنامەو گژڤاری سیاسی و لەبەرکردنی (الأربعون النووية)[٥] و چەند سورەتێکی قورئانی پیرۆزو... والسلام!

تێبینی(١):

کە دەوترێت (موجاهید) لە شەرعدا، مەبەست لەو کەسەیە کە لەغەزادایەو خەریکی جەنگە دژی کافرو موشریکان لەپێناوی خوا (الجهاد بالید). بەلاّم تەنها دانیشتن و ڕێکخستنی حیزبی پێی ناوترێت جیهاد، چونکە ئەو کۆمەڵەی کە دەردەچن ئەوکاتە موجاهیدن بەنەفس و لاشە، بەلاّم کە گەڕانەوە ماڵەوەو جەنگ تەواو بوو ناوی موجاهیدیان لێ نانرێت لە شەرعدا، چونکە ووشەی موجاهید ناوێکی بەردەوام و جێگیر نییە کە بڕوادار لەخۆی بنێت بە بەردەوامی، وە با بڕوادار چەکیشی پێ بێت ئەگەر لەماڵەوە بێت و دەرنەچوو بێت بۆ جەنگ، پێی ناوترێت موجاهید.

وە کەسەیری ئایەت و حەدیسەکان بکەین دەبینین تەنها بەو بڕوادارانە دەوترا موجاهید کە دەرچووبوون بۆ غەزا، بەلاّم ئەوانەی کەلە (مەدینە) دەمانەوە پێیان دەوترا (القاعدون)، ئەگەر پێشتریش ئەو دانیشتووانە جیهادیان کردبێت، چونکە ئەمڕۆ دانیشتووان ناوەکەیان نەماوە، وەکو کەسێکی بەڕۆژوو وایە، تاکو ڕۆژووەکەی دەشکێنێت پێی دەوترێت ڕۆژووەوان (الصائم). وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ...﴾، کەواتە تەنها کاتی کردنی جیهادەکە موجاهیدە، نەك پێش ئەوە یان دوای ئەوە.

تێبینی (٢):

ئەوانەی کە لەماڵ دانیشتوون (جا ماڵیان لەهەر شوێنێك بێت) و نەچوون بۆ غەزا دژی کافرو مونافیقان پێیان دەوترێت دانیشتووان (القاعدون)، وە دانیشتووانیش شایستەی لۆمەکران و گاڵتە پێکران نین و نابێت بە گوناهبار بزانرێن، چونکە جیهاد لە بنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائیە، وەك لە بەڵگەکاندا دەرکەوت، وە هەڵسانی کۆمەڵێکی کافی پێی، تاوان لەسەر ئەوانی تر لادەبات، بەلاّم پلەو پاداشتی دانیشتووان ناگاتە پلەو پاداشتی موجاهیدان.

وە موجاهیدە غەزاکارەکان پاداشتیان زۆر زیاترە لە دانیشتووەکان، بۆیە باش وایە مرۆڤی بڕوادار بەشداری هەموو جیهادێکی شەرعی بکات و دوانەکەوێت بەبێ عوزر، تاوەکو ئەو پلەو پاداشتە زۆرەی دەست بکەوێت.

وە داواکارم لە پەروەردگارم بەناوو سیفەتە بەرزو جوانەکانی پلەی موجاهیدیمان بەنسیب بکات، وە هەروەها پلەی شەهادەتمان پێ ببەخشێت لەپێناوی خۆیدا بەڕاستی، وە بە فیردەوسی بەرز شادمان بکات. آمین

---

[٥] لەگەڵ بە گەورە دانانمان بۆ ئەم کتێبە مەزنەو گشت سورەتەکانی قورئانی پیرۆز، بەلاّم تەنها ئەوەندە کافی نییە.

بەڵگەکانی سوننەت لەسەر ئەوەی
کە جیهاد لە بنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائی یە

بەڵگەی یەکەم: أبو هريره (رضي الله عنه) فەرمووی: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (مَنْ آمَنَ باللهِ وبرسولِهِ، وأقام الصلاة، وصام رمضان، كانَ حقاً على الله أنْ يدخلهُ الجنة، جاهد في سبيل الله، أو جلس في أرضه التي ولد فيها، فقالوا: يا رسول الله، أفلا نُبَشّر الناس؟ قال: إنَّ في الجنة مائة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيل الله، ما بين الدرجتين كما بين السماء والأرض، فإذا سألتُم اللهَ فَسألوهُ الفردوسَ فإنهُ أوسط الجنة وأعلى الجنة. أراه قال: وفوقه عرش الرحمن، ومنه تفجر أنهار الجنة)[٦].

واتە: هەرکەسێك باوەڕ بهێنێت بەخوا پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم)، وە نوێژ بکات، وە ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرێت، ئەوە پەروەردگار داینـاوە بە حەقێك لەسەرخۆی کە بیخاتە بەهەشتەوە. جا جیهادی کردبێت لەپێناوی خوادا یاخود دانیشتبێت لەو زەوییەی کە تیایدا لەدایك بووەو هیجرەت و جیهادیشی نەکردبێت.

فەرموویان: ئەی نێردراوی خوا موژدەی ئەوە نەدەین بەخەڵکی؟

فەرمووی: لە بەهەشتدا سەد پلە هەیە، کە پەروەردگار ئامادەی کردووە بۆ موجاهیدان لەپێناوی خۆی. نێوانی هەر دوو پلەیەك وەکو نێوانی ئەرزو ئاسمان وایە...

کەواتە ئیمان بوون و کردنی واجباتە عەینییەکان و دوورکەوتنەوە لە (مُحرَّمات) شایستەی چوونە بەهەشتە ئەگەر جیهادیش نەکات.

کەواتە ئەگەر جیهاد فەرزی عەینی بوایە، دواکەتن لێی شایستەی سزا دەبوو.

بەڵگەی دووەم: أبو سعيد الخدري (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (يا أبا سعيد، مَن رضي باللهِ رباً وبالإسلام ديناً وبمحمدٍ نبياً وجبتْ له الجنة، فعجبَ لها أبو سعيد فقال: أعِدها علي يا رسول الله، ففعل ثم قال: وأخرى يرفع بها العبد مائة درجة في الجنة، ما بين كل درجتين كما بين السماء والأرض، قال: وما هي يا رسول الله؟ قال: الجهاد في سبيل الله، الجهاد في سبيل الله)[٧].

واتە: ئەی باوکی سەعید هەرکەسێك ڕازی بێت تەنها خوا پەروەردگارو پەرستراوی بێت، وە تەنها ئیسلام بەرنامەو مەنهەجی ژیانی بێت، وە تەنها موحەمەد (صلى الله عليه وسلم) بە نێردراوو شایستەی شوێن کەوتن بزانێت، ئەوا ئەو کەسە بەهەشتی بۆ دابین بووە.

ئەبو سەعید زۆری پێ خۆش و سەیر بوو بۆیە فەرمووی: بۆم دووبارە بکەرەوە ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، ئەویش دووبارە بۆی ووتەوە. دوایی فەرمووی: وە شتێکی تر هەیە ئەگەر بەندە بیکات ئەوا سەد پلە پێی بەرز دەبێتەوە، وە نێوان هەر دوو پلەیەکیش وەك نێوان زەوی و ئاسمانەکانە.

ئەبو سەعید فەرمووی: ئەو شتە بەرزە چییە ئەی پێغەمبەری خوا؟

فەرمووی: جیهاد (غەزا) کردنە لەپێناوی خوا، جیهاد کردنە لەپێناوی خوا.

---

[٦] صحيح البخاري: ح/ ٢٧٩٠.

[٧] صحيح مسلم: ١٥٠١.

کەواتە موسوڵمان بەبێ جیهاد کردنیش دەبێتە شایستەی چوونە بەهەشت، ئەگەر ڕازی بێت بەو سێ شتەی باس کراون لە فەرموودەکەدا. جا دیارە جیهاد (غەزا) فەرزی سەرشانی هەموو موسوڵمانێك نییە، ئەگینا بەنەکردنی لۆمە دەکراو شایستەی سزا دەبوو.

بەڵگەی سێیەم: عیکریمەی کوڕی خالید فەرمووی: پیاوێك بە عبداللەی کوڕی عومەری فەرموو: ئەرێ غەزوو ناکەیت؟ عبداللە لە وەڵامدا فەرمووی: من لە پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو:

(بُنيَ الإسلامُ على خمسٍ: شهادة أنَّ لا إله إلا الله، وإقامِ الصلاة، وأيتاءِ الزكاة، وصومِ رمضان، وحجِ البيت)[٨].

ئیمامی النووي لە شەرحەکەیدا فەرمووی:

((وأما جواب ابن عمر بحديث بُنيَ الإسلامُ على خمسٍ، فالظاهر أنَّ معناه أنَّ الغزو ليس بلازم على الأعيان، فإن الإسلام بني على خمسٍ ليس الغزو واحداً منها)).

واتە: وەڵامەکەی عبداللەی کوڕی عومەر بەو حەدیسە، تێیدا دەردەکەوێت کە جیهاد (غەزوو) فەرز نییە لەسەر هەموو یەکێك، چونکە ئەوەی فەرزەکانی ئیسلامیان لەسەر بەرپابووە پێنج دانەن و غەزوو کردنیش یەکێك نییە لەو پێنجە.

کەواتە مرۆڤ ئەگەر پێنج بناغەی ئیسلام بەجێ بگەیەنێت ئەوە موسوڵمانی تەواوەو دەچێتە بەهەشتەوە بێ سزا، ئەگەر جیهادیش نەکات، بەمەرجێك دوور کەوتبێتەوە لەگوناهە گەورەکان، وەك لەم فەرموودەیەشدا دەردەکەوێت:

بەڵگەی چوارەم: (أنَّ أعرابياً جاء إلى النبـي (صلى الله علية وسلم) فقال: يا رسول الله دُلني على عملٍ إذا عملتهُ دخلتُ الجنة، قال: تعبدُ الله ولا تُشرك بهِ شيئاً، وتقيم الصلاةَ المكتوبة، وتؤدي الزكاة المفروضة، وتصوم رمضان، قال: والذي نفسي بيدهِ لا أزيدُ على هذا شيئاً ولا أنقصُ منه، فلما ولى قال النبـي (صلى الله علية وسلم): مَنْ سَرَّه أَنْ ينظرَ إلى رجلٍ من أهل الجنة فلينظر إلى هذا)[٩].

واتە: عەرەبێکی لادێی و دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ووتی: ئەی نێردراوی خوا کردەوەیەکم پیشان بدە ئەگەر کردم بچمە بەهەشت.

فەرمووی: ١ـ خوا بەتەنها دەپەرستیت و هیچ شتێك ناکەیت بەشەریك بۆی لە پەرستندا. ٢ـ نوێژە فەرزەکانیش دەکەیت. ٣ـ وە زەکاتی واجبیش دەدەیت. ٤ـ وە تەنها ڕەمەزانیش بەڕۆژوو دەبیت.

کابرا ووتی: سوێند بەوەی نەفسی منی بەدەستە هیچ عیبادەتێکی تر زیاتر لەو چوار فەرزانە ناکەم، وە هیچیشیان لێ کەم ناکەمەوە.

جا کە ڕۆیشت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: هەرکەسێك پێی خۆشە سەیری پیاوێکی ئەهلی بەهەشت بکات، با سەیری ئەو پیاوە بکات.

سبحان الله! بوو بەئەهلی بەهەشت بەبێ کردنی سوننەتەکان، بەڵکو بەبێ کردنی جیهادیش! جا کە جیهاد فەرزی عەینی بووایە لەسەر گشت کەسێك، ئەوا ئەو پیاوە بە نەکردنی گوناهبار دەبوو. وە هەروەها دەبوو پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵ فەرزەکان باسی بکردبایە.

---

[٨] صحيح مسلم.

[٩] متفق عليه.

بەڵگەی پێنجەم: زوڕارەی کوڕی ئەوفا کە قازی بەسرە بوو و پیاوێکی بەباوەڕ بوو فەرمووی: سەعدی کوڕی هیشام ویستی جیهاد (غەزوو) بکات لەپێناوی خوا، بۆیە هات بۆ مەدینەو ویستی پارچە زەوییەکەی بفرۆشێت، بۆ ئەوەی چەك و پێداویستییەکانی جیهادی پێ بکڕێت تاوەکو جیهادی ڕۆمەکانی پێ بکات تامردن. جا کە گەیشتە مەدینە بەکۆمەڵێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشت و ئەوانیش ڕێگەیان نەدا کە سەعد ئەو شتە بکات، وە ووتیان: کۆمەڵێکیش هەبوو لە سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ویستیان ئاوا بکەن و پێغەمبەریش نەهی لێ کردن و فەرمووی: (أليس لكُم في أسوة) واتە: ئایا دەرس لەمن وەرناگرن و چاو لەمن ناکەن؟!

جا کە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوەیان بەسەعد ووت، سەعد چوو خێزانەکەی گەڕاندەوە لای خۆی کە تەلاقێکی دابوو بۆ یەکلابوونەوە بۆ جیهاد[١٠].

جا کە جیهاد فەرزی عەینی بوایە سەعدیان پەشیمان نەدەکردەوە.

ڕای زانایان لەسەر ئەوەی
کە جیهاد لە بنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائی یە

زۆربەی زانایانیش بە پێی بەڵگەکانی پێشوو ڕایان وایە کە جیهاد تەنها فەرزی کیفائییە:

١ـ ئیمامی الشافعي رحمه الله فەرموویەتی:

((وهذا كل ما كان الفرضُ فيه مقصوداً به قصد الكفاية فيما ينوب، فإذا قام به من المسلمين مَن فيه الكفاية خرج مَن تخلَّف عنه من المأثم، بل لا أشك إنْ شاءَ الله لقولهِ: ﴿إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾[١١].

فإن قال فما معناها؟ قلتُ الدلالة عليها: أن تخلُّفهم عن النفير كافةً لايسعُهم، ونفير بعضهم إذا كانت في نفيره كفاية يخرج مَن تخلَّف من المأثم إن شاء الله، لإنهُ إذا نفر بعضهم وقع عليهم اسم النفير.

فإن قال: ومثل ماذا سوى الجهاد؟ قلتُ: الصلاة على الجنازة ودفنُها؛ لايحلُ تركُها ولا يجبُ على كل مَن بحضرتها كلهم حضورها ويخرج من تخلف من المأثم من قام بكفايتها.

ولم يزلِ المسلمون على ما وصفتُ منذُ بعث الله نبيهُ فيما بلغنا إلى اليوم: يَتَفَقَهُ أقلهُم، ويشهدُ الجنائز بعضهُم، ويجاهد ويرد السلام بَعضُهم، ويتخلف عن ذلك غيرهم، فيعرفون الفضل لمن قام بالفقه والجهاد وحضور الجنائز ورد السلام ولا يؤَثَّمونَ مَن قصرَ عن ذلك، إذا كان بهذا قائمون بكفايته))[١٢].

پوختەی واتای ووتەکەی ئیمامی شافیعی ئەوەیە کە: دواکەوتنی هەموو موسوڵمانان لەجیهاد دروست نییە. وە دەرچوونی هەندێکیان بۆ غەزا کە بەو هەندە کارەکە پێك بێت، ئەوا تاوان لەسەر دواکەوتوان نامێنێت، چونکە دەرچوون بۆ غەزا کراوە لە موسوڵماناندا، با لەلایەن کۆمەڵێکیشەوە بێت. گرنگ، بوونی غەزایە نەك غەزاکار کێیە.

وە فەرمووی هەر لە ڕابردووەوە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) تا ئەمڕۆ موسوڵمانان هەر ئاوا هاتوون:

---

[١٠] صحيح مسلم.

[١١] التوبة: ٣٩.

[١٢] الرسالة: (٣٦٦ـ ٣٦٩).

کە کۆمەڵێکی کەم خەریکی عیلم خوێندن دەبن، وە هەندێکیشیان بە ئەرکی جەنازەوە هەڵدەستن، وە هەندێکیشیان جیهاد دەکەن.. وە غەیری ئەو کۆمەڵانەش کەدانیشتوون و بەم ئەرکانەوە هەڵنەستاون، فەزڵی هەڵساوان بەم ئەرکانە دەزانن، بەڵام ئەوانەش کە بەشداری ئەم فەرزە کیفائیەیانەیان نەکردووە بە گوناهبار دانانرێن، ئەگەر هەڵساوان پێیان کافی بووبن.

٢ـ ابن هبيرة لەکتێبی الإفصاح (٢/٢٧٣)دا فەرموویەتی:

((وأتَّفقوا على أن الجهاد فرض على الكفاية إذا قام به قومٌ سقط عن باقيهم ولم يأثموا بتركه)).

٣ـ وە لە (المغني شرح مختصر الخرقي) لإبن قدامة (٨/٣٤٥) هاتووە:

((والجهاد فرض الكفاية إذا قام به قومٌ سقط عن الباقي)).

وە ابن قدامەش ئەم ڕایەی هەڵبژاردووە بە بەڵگەی ئایەتەکەی النساء ﴿لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ ...﴾ وە ئایەتەکەی التوبة ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُواْ كَآفَّةً﴾ وە بە بەڵگەی ئەوەی کەپێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چەند جار تەنها سریەی دەنارد بۆ غەزاو خۆیشی و هاوەڵانی دەمانەوە لە مەدینەو نەدەچوون بۆ غەزا.

٤ـ وە ابن حزم الأندلسي لە المحلى (٧/٢٩١) فەرموویەتی:

((والجهادُ فرضٌ على المسلمين، فإذا قام به من يُدافعُ العدُوَ، ويغزوهم في عقر دارهم، ويحمي ثغور المسلمين، سقط فرضهُ عن الباقين، وإلا فلا)).

واتە: جیهاد فەرزە لەسەر موسوڵمانان کە بکرێت (نەك لەسەر هەموو یەکێکیان)، جا ئەگەر کۆمەڵێکی وا پێی هەڵسان کە بەرپەرچی دوژمن بدەنەوەو غەزوویان بکەن لەناو وولاتی خۆیان، وە سنورو زەوی موسوڵمانان بپارێزن، ئەوا فەرزەکە لەسەر باقی موسوڵمانان لادەچێت، ئەگەر نا هەموویان تاوانبار دەبن.

٥ـ وە ابن جُزَي لە القوانين ص:١٦٣ دا فەرموویەتی:

((فيه أربع مسائل: المسألةُ الأولى: في حكمهِ وهو فرض كفاية عند الجمهور، وقال ابن المسيب: فرضُ عين، وقال سحنون: صار تطوعاً بعد الفتح، وقال الداودي: هو فرض عينٍ من يلي الكفار)).

٦ـ وە زانای پایەبەرز ابنُ قدامة المقدسي فەرموویەتی:

((معنى فرضِ الكفاية، الذي إن لم يقُم به من يكفي، أثَمَ الناسُ كلهُم، وإن قام به من يكفي، سقط عن سائرِ الناس. فالخطاب في ابتدائهِ يتناولُ الجميعَ، كفرضِ الأعيانِ، ثُم يختلفان في أنَّ فرض الكفاية يسقطُ بفعلِ بعضِ الناس لهُ، وفرضُ الأعيانِ لايسقط عن أحدٍ بفعلِ غيرهِ.

والجهاد من فروض الكفايات، في قول عامة أهلِ العلمِ. وحُكيَ عن سعيد بن المُسَيب، أنهُ من فروضِ الأعيان، لقولِ الله تعالى: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا وَجَٰهِدُواْ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾. ثم قال: ﴿إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا﴾. وقوله سبحانه: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِتَالُ﴾.

و روى أبو هريرة (رضي الله عنه) أنَّ النبي (صلى الله علية وسلم) قال: (مَن ماتَ ولم يَغزُ ولم يُحدِث نفسهُ بالغزوِ، ماتَ على شُعبَةٍ من النفاق)[١٣].

---

[١٣] رواه أبو داود، وهو في صحيح الجامع: ٩٥٤٨.

ولنا، قول الله تعالى: ﴿ لَّا يَسْتَوِى ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِى ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴾.

وهذا يَدُل على أَنَّ القاعدين غيرُ آثمينَ مع جهادِ غيرهم.

وقال الله تعالى: ﴿ وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً ۚ فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَآئِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا۟ فِى ٱلدِّينِ ﴾

ولأن رسول الله (صلى الله علية وسلم): كان يبعثُ السرايا، ويُقيمُ هو وسائرُ أصحابه.

فأما الآيةُ التي احتجوا بها، فقد قال ابن عباسٍ ((نَسَخَها قولهُ تعالى: ﴿وَمَا كَانَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لِيَنفِرُوا۟ كَآفَّةً﴾[١٤] .

ويَحتمِلُ أنهُ أراد حين استنفرهم النبيُ (صلى الله علية وسلم) إلى غزوة تبوك، وكانت إجابتهُم إلى ذلك واجبةً عليهم، ولذلك هجر النبيُ (صلى الله علية وسلم) كعب بن مالكٍ وأصحابَهُ الذين خلفُوا حتى تابَ اللهُ عليه بعد ذلك، وكذلك يجب على من استنفره الإمامُ، لقول النبي (صلى الله علية وسلم) ﴿إذا استَنفِرتُم فانفِروا﴾[١٥].

معنى الكفاية في الجهاد أَنْ ينهضَ للجهادِ قومٌ يكفونَ في قتالهم، إما أن يكونوا جنداً لهم دواوينُ من أجلِ ذلك، أو يكونوا قد أعدوا أنفسهم لهُ تبرُعاً بحيثُ إذا قصدهم العدوُ حَصلتِ المنعةُ منهم، ويكون في العثور من يدفعُ العدوَ عنها، ويُبعَث في كُل سنةٍ جيشٌ يغيرون على العدو في بلادهم))[١٦].

٨ـ الشيخ محمد بن صالح العثيمين (خوا بيپارێزێت) دەفەرموێت:

((أما النوع الثالث: فهو جهاد المبارزين المعاندين المحاربين، وهم الكفار الذين أعلنوا وصَرحوا بالكفر، وهذا يكون بالسلاح... وهو فرض الكفاية... إذا قام به من يكفي سقط عن الباقين، وصار في حقهم سنَّةً، وهذا حكمه)).

واتە: جۆری سێهەم جیهادی ئەو شەڕكەرە جەنگاوەرە سەركەشانەی كە دژی ئیسلام و موسوڵمانان دەجەنگن، كە ئەو كافرانەن ئیعلانی كوفریان كردووە بەئاشكرا، جیهادی ئەوانە بە سیلاح دەبێت.

كەواتە شێخ جەنگان بە چەك دژی ئەو پێڕە كافرە بە جیهاد دادەنێت، نەك وەك كۆمەڵە بەزیوێك كە ئیقامەو جنسییەی وولاتە كافرەكانیان وەرگرتووەو خۆیان و ماڵ و منداڵیان لەناو كافری ئەسڵیدا بە ئیسراحەت ژیان دەبەنەسەر. بەڵام هانی گەنجی موسوڵمانی خوێن گەرمی هەژاری وولاتانی موسوڵمان دەدەن كوشتارو جەنگ و شەڕ لەناو وولاتەكانیان دروست بكەن بەناوی جیهاد!

سبحان الله وەكو خەواریجەكانی پێشوو (يقتلون أهل الإسلام ويَدَعون أهل الأوثان)، واتە: موسوڵمانان دەكوژن و وازدەهێنن لەبت پەرست و كافرو موشریكان!

بە پوختی تێگەیشتین لە ڕای زانایان بەگشتی و ڕای شێخ (محمد بن العُثيمين)یش بەتایبەتی كەجیهادكردنی كافران بەدەست، فەرزی كیفائیەیەو ئەگەر كۆمەڵێك توانیان پێی هەڵسن و واجبەكە بەمان پێك هات، ئەوا لەسەر باقی موسوڵمانانی تر پێویست نامێنێت.

---

[١٤] رواه الأثرم و أبو داود (٢٥٠٢) و ابن جرير الطبري (١٢٩٩٤) من طريق آخر (و بالجملة فالحديث حسن بمجموع طرقه والله أعلم).

[١٥] متفق عليه.

[١٦] المغني (١٣/ ٧ـ٨).

لەمەرجەکانی واجب بوونی جیهادی چەکداری

مەرجی یەکەم: بوونی هێزو توانای جەنگان

دوای ئەوەی کە (الشيخ ابن عثيمين) فەرمووی: جیهاد فەرزی کیفائییە نەك فەرزی عەین، بۆ ئەو فەرزی کیفائییەش باسی مەرجێکی کرد کە فەرمووی:

((**لابُدَ فيه من شرط، وهو أن يكون عند المسلمين قُدرةً وقوةً يستطيعون بها القتال، فإن لم يكن لديهم قدرة فإنَّ إقحام أنفسهم في القتال إلقاءٌ بأنفسهم إلى التهلكة**، ولذا لم يوجب الله سبحانهُ وتعالى على المسلمين القتال وهم في مكة، لأنهم عاجزون ضعفاء، فلما هاجروا الى المدينة وكوَّنوا الدولة الإسلامية، وصار لهم شوكة أُمروا بالقتال، **وعلى هذا فلابُد من هذا الشرط، وإلا سقط عنهم كسائر الواجبات، لأن جميع الواجبات يشترط فيها القدرة**، لقوله تعالى: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾ (التغابن: ١٦)، وقوله: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴾ (البقرة: ٢٨٦)))[١٧].

واتە: بۆ ئەوەی جیهادی کافران بەدەست و لاشە ببێتە فەرزی کیفائی، مەرجێك پێویستە، ئەویش ئەوەیە کە موسوڵمانان تواناو هێزێکی وایان هەبێت کە بتوانن جەنگانی پێ بکەن (دژ بەکافرەکان)؛ چونکە ئەگەر توانایان نەبوو ئەوە خۆخستنە ناو کوشتارو خۆبەهیلاك دانە، بۆیە پەروەردگار کوشتارو جیهادی چەکدارانەی لەسەر موسوڵمانان واجب نەکرد لە مەککە، چونکە لاوازو بێ توانا بوون، وە کاتێك کە هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە، وە دەوڵەتی ئیسلامییان دامەزراند، وە هێزو توانایەکیان بۆ دروست بوو، ئەوکاتە فەرمانی جەنگیان پێکرا. **جا بەم پێیە ئەم مەرجی دەسەلاٌت بوونە پێویستە، وە ئەگەر توانایان نەبوو ئەوا ئەو فەرزەیان لەسەر لادەچێت وەك تێکڕای واجبەکانی تر، چونکە گشت واجبەکان توانابوون تیایاندا بەمەرج وەرگیراوە**، بە بەڵگەی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسۡتَطَعۡتُمۡ ﴾، واتە: تەقوای خوا بکەن ئەوەندەی دەتوانن، وە دەفەرموێت: ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَا ﴾، واتە: پەروەردگار هیچ ئەرکێك ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك ئەوە نەبێت کە لەتوانایدا هەیە.

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله)[١٨].

کەواتە بەگوێرەی ئەم فەرموودەیە کاتێك جەنگ بۆ خوایەو لەپێناوی ئەوە، کەدوو مەرجی تێدا بێت:

١ـ مەبەستی جەنگاوەرەکە تەنها بەرزکردنەوەی ووشەی (الله) و سەربەرزی دینەکەی بێت.

٢ـ بوونی تواناو دەسەلاٌتێکی وەها لە جەنگاوەرەکەدا، کە بەپێی شەرع بای ئەوەبێت مەبەستەکەی پێ بێتەدی، خوا یارمەتیدەر بێت.

بەلاٌم ئەگەر توانای بەدیهێنانی مەبەستەکەی نەبێت بە هیچ شێوەیەك، ئەوە لە واقیعدا پێچەوانەی مەبەستەکەی دێتەدی بەجەنگەکەی، واتە ووشەی الله دادەبەزێت و دینی خوا لاواز دەبێت و ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەو، لەبەرئەوە گوناهباریش دەبێت هەرچەندە نیەتیشی باش بووبێت. چونکە خوای گەورە پێغەمبەرەکەی بەم دینەوە نارد بۆ ئەوەی سەری بخات بەسەر هەموو دینێکدا، نەك زەلیل و دابەزیوی بکات.

---

[١٧] الشرح الممتع على زاد المستقنع.

[١٨] صحيح البخاري: رقم (١٢٤).

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾(التوبة: ٣٣)، (الصف: ٩).

وه لەم بارەیەوه دكتۆر محمد خير هيكل دەڵێت[١٩]:

((يُفهم من الحديث (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا...)أمران في اعتبار القتال جهاداً في سبيل الله، هما:

١ـ قصد أن يكون القتال لإعلاء كلمة الله.

٢ـ ما يستلزم من كون القتال لإعلاء كلمة الله. وهو أن يكون المقاتلون لهم قوة ومنعةٌ إما بالفعل، وإما بضمان إمداد الإمام لهم بالقوة والمنعة حين يخرجون بإذنه، ويحتاجون الى المدد.

وبدون القوة والمنعة من المقاتلين لايتحقق إعلاء كلمة الله، بل على العكس من ذلك، قد يترتب على قتالهم توهين المسلمين والدين)).

مەرجی دووەم: دروست بوونی بنكەیەكی سەربەخۆو جيا له موشريكان

وه بناغەیەكی ئيمانی و تەنها خواپەرستی پتەو لەو كۆمەڵە سەربەخۆیەدا. وه پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تاوەكو هيجرەتی نەكرد بۆ مەدينەو هێزو پشتيوانییەكی دابين نەكرد، ڕێگەی جيهادی پێنەدرا. وەك پێشەوا ابن القيم دەفەرموێ:

((أنَّ اللهَ لم يأذن بمكة لهم في القتال، ولا كان لهم شوكة يتمكنون بها من القتال بمكة. وأن سياق الآية[٢٠] يدل على أن الإذن بعد الهجرة، وإخراجهم من ديارهم، فإنه قال: ﴿ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِم بِغَيۡرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُواْ رَبُّنَا ٱللَّهُ ﴾ (الحج: ٤٠). وهؤلاء هم المهاجرون)) [٢١].

وه فەرموویەتی: ((ولا يتمُ الجهاد إلاّ بالهجرة، ولا الهجرة والجهاد إلاّ بالإيمان، والراجون رحمةَ الله هم الذين قاموا بهذه الثلاثة. قال تعالى: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾ (البقرة: ٢١٨)))[٢٢].

مەرجی سێیەم: تَمَيُّز الصفوف: لێك جيابوونەوەی ڕيزی موسوڵمانان لەڕيزی كافران

چونكە بەهۆی نەتوانينی جيابوونەوەی موسوڵمانە بێ دەسەلاتەكانی مەككە لە ڕيزی موشريكەكان، خوای گەورە ڕێگەی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەدا بجەنگێت لەو حاڵەتەدا دژ بە موشريكەكانی مەككە ﴿ وَلَوۡلَا رِجَالٞ مُّؤۡمِنُونَ وَنِسَآءٞ مُّؤۡمِنَٰتٞ لَّمۡ تَعۡلَمُوهُمۡ أَن تَطَـُٔوهُمۡ فَتُصِيبَكُم مِّنۡهُم مَّعَرَّةُۢ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۖ لِّيُدۡخِلَ ٱللَّهُ فِي رَحۡمَتِهِۦ مَن يَشَآءُۚ لَوۡ تَزَيَّلُواْ لَعَذَّبۡنَا ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡهُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا ﴾ (الفتح: من الآية ٢٥).

واتە: ئەگەر ئەو پياوو ئافرەتە بڕوادارانە نەبوونايە ـ كە لەناو شاری مەككە مابوونەوەو هێشتا بۆيان نەڕەخسابوو تا كۆچ بكەن ـ، كە ئێوەش نەتان دەناسين و پێشێلتان دەكردن و حيسابی موشريكەكانتان بۆ دەكردن لەكاتی جەنگدا، ئەوكاتەش بەهۆی ئەوەوە عەيب و عارتان تووش دەبوو لێيانەوەو دەكەوتنە بەر گلەيی ئەوان بێ ئەوەی بزانن، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوايە

---

[١٩] الجهاد والقتال في السياسة الشرعية: ١/ ٢٨٣.

[٢٠] يعني بها قوله تعالى: ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَٰتَلُونَ بِأَنَّهُمۡ ظُلِمُواْۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصۡرِهِمۡ لَقَدِيرٌ ﴾ (الحج: ٣٩).

[٢١] زاد المعاد: (٣/٣٦).

[٢٢] سەرچاوەی پێشوو: (٣/ ١٠).

مۆڵەتی جەنگمان پێدەدان، ئەمەش بۆ ئەوەی پەروەردگار ئەو کەسانەی کەخۆی مەبەستێتی و شیاوی ئەوەن بیانخاتە ناو ڕەحمەتی خۆی. **خۆ ئەگەر موسوڵمانەکان لە کافرەکان جیابوونایەتەوە لە مەککەدا، ئەوە بێگومان ئێمە سزایەکی توندی بێ باوەڕەکانمان دەدا بەدەستی ئێوە.**

کەواتە نابێت لەناو وولاتی موسوڵمانان جەنگ و کوشتار بکرێ؛ چونکە بێ باوەڕان موسوڵمانانی هەژارو موحتاج و نەفام و بێ دەسەلات دەکەنە قەڵغان و قەلاو پاسەوان و قوربانی خۆیان و، لە ئاکامدا هەر موسوڵمانان دەکوژرێن و دواییش ئەوانەی کە دەڵێن جیهادمان کرد سەرشۆڕ دەمێننەوە لای خواش و خەڵکیش، وە دەووترێت موسوڵمانانیان کوشت.

وە زانای پێشەوا الشيخ مقبل الوادعي ـ رحمه الله ـ هەرسێ مەرجەکەی پێشووی بەمەرج داناوەو بەکورتی فەرموویەتی:

١ـ وشرط القدرة على الجهاد أولاً، كما ذكر.

٢ـ وأيضاً بشرط أن يظن ظنا غالباً على أن العاقبة للمسلمين، وأن الدائرة على المشركين.

٣ـ لا أن تكون الحرب بين المسلمين والمسلمين، لقوله تعالى: ﴿وَلَوْلَا رِجَالٌ ... ﴾)).

جیهادی فەرزی کیفائی بەچی دێتەدی؟

ئیمامی القُرطبي المُفَسِر دەفەرموێت:

((وقِسمٌ ثانٍ من واجبِ الجهاد، فرضٌ أيضاً على الإمام إغراء طائفةٍ إلى العدوِ كلَ سنةٍ مرةً، يخرجُ معهُ بنفسهِ، أو يخرجْ من يثقُ بهِ ليدعوهم إلى الإسلام ويرغبهم، ويكفَ أذاهم ويظهر دين الله عليهم، حتى يدخلوا في الإسلام أو يعطوا الجزيةَ عن يدٍ))[٢٣].

واتە: جۆری دووەم لەو جیهادەی کە واجبە، فەرزە لەسەر پێشەوای موسوڵمانان کۆمەڵێك هەڵنێت بۆ جیهادکردنی دوژمن، هەموو ساڵێ جارێك، خۆی دەربچێت لەگەڵ کۆمەڵە موجاهیدەکە، یان کەسێکی باوەڕ پێکراو بنێرێت لەگەڵیان بۆ ئەوەی دوژمن بانگ بکەن بۆ لای ئیسلام و ڕەغبەتی موسوڵمان بوونیان بۆ پەیدابکەن. وە ئەگەر موسوڵمانیش نەبوون ئەوا دەست درێژیان بوەستێنێت و دینی خوا سەربخات بەسەریاندا. وە بەردەوام بێت لە جیهادکردنیان تاوەکو موسوڵمان دەبن، یاخود جیزیە دەدەن و بە ملکەچی لەسەر دینی خۆیان دەمێننەوە.

وە شێخ محمد ناصرالدين الألباني دەفەرموێت:

((النوع الثاني من الجهاد فرضُ كفايةٍ، وهو الجهادُ في سبيل الله نقل الدعوة الإسلامية إلى سائرِ البلاد، حتى يحكمها الإسلامُ، فمن استسلم من أهلها فبها، ومن وقف في طريقها قُتِل حتى تكون كلمة اللهِ هي العليا))[٢٤].

واتە: جۆری دووەم لەجیهاد فەرزی کیفائی یە، کە ئەم جۆرەش جیهادکردنە لەپێناوی گواستنەوەی دەعوەی ئیسلامی بۆ تێکڕای وولاتەکان، تاوەکو ئیسلام حوکمیان بکات. جا ئەوەی تەسلیم بێت بەحوکمی خوا ئەوا باشەو ئەوەش بوەستێت لەڕێگای ئەم دەعوەیە شەڕی لەگەڵ دەکرێت تاوەکو تەنها ووشەی (الله) بەرز بێت.

---

[٢٣] الجامع لأحكام القرآن: (٨/ ١٣٨).

[٢٤] شرح وتعليق على العقيدة الطَحاوية: ص: ٧١ـ ٧٢.

وقال الحافظ ابن حجر:

((ويتأدى فرض الكفاية بفعله في السنة مرةً عند الجمهور، ومن حجتهم أنَّ الجزيةَ تَجِب بدلاً عنهُ ولا تَجِب في السنة أكثر من مرة اتفاقاً فليكُن بدلها كذلك، وقيل: يجب كلما أمكن وهو قويٌّ)).

واته: فەرزی کیفائی بەوە دێتە جێ کە لەساڵێکدا جارێك بکرێت، (ئەمەش ڕای جمهوری موسوڵمانانە) وە لە بەڵگەکانیشیان ئەوەیە کە جیزیە (سەرانە) لەبری جیهاد (جەنگ) واجب دەبێت، واتە هەر قەومێکی کافر کاتێك جیهاد ناکرێن و ناکوژرێن کە جیزیە بدەن. وە جیزیەش ساڵی جارێك زیاتر نییە، کەواتە لە بریەکەشی (بەدەلەکەی کە جیزیەیە) دەبێت ساڵی هەر تەنها جارێك واجب بێت.

وە ڕایەکی تریش هەیە کە دەڵێت: جیهاد واجبە بکرێت چەندەی بتوانرێت، ئەمەش ڕایەکی پتەوە.

وە ابن قدامة دەفەرموێت:((وأقل ما يفعلُ مرةً في كلِ عامٍ، لأنَّ الجزيةَ تجبُ على أهلِ الذمة في كل عامٍ، وهي بدلٌ عن النصرةِ، فكذلك مُبدلُها وهو الجهاد، فيجبُ في كلِ عامٍ مرةً، إلا من عُذرٍ، مثل...))[٢٥].

واتە: ئەم جیهادەی کە فەرزی کیفائییە بەلایەنی کەمەوە ساڵی جارێك دەبێت بکرێت، چونکە جیزیە واجبە لەسەر ئەهلی (ذمة) (ئەوانەی کە دەیانەوێت لەسەر دینی خۆیان بمێننەوەو لە بەرامبەردا جیزیە دەدەن) ساڵی تەنها یەکجار. وە ئەو جیزیەیەش لەبری جیهاد کردنیانە، کەواتە لەبری دراوەکەش کە جیهادە تەنها یەکجار واجبە، مەگەر عوزرێك هەبێت کە نەتوانرێت ئەو یەکجارەش بکرێت، وەك... .

ئایا ئەو عوزرانە چین کە ڕێگە دەدەن بە موسوڵمانان جیهادی چەکداری نەکەن؟

ابن قدامة دوای باسەکەی پێشووی فەرمووی:

((فيجب في كُلِ عامٍ مرَّة، إلاّ من عذر مثل:

- ❖ أن يكون بالمسلمين ضعفٌ في عددٍ أو عُدةٍ.
- ❖ أو يكون منتظراً عدداً يستعينُ بهِ.
- ❖ أو يكون الطريقُ إليهم فيها مانعُ أو
- ❖ ليس فيها عَلَفٌ أو ماءٌ.
- ❖ أو يَعلم من عَدُوهِ حُسن الرأي في الإسلام، فيطمع في إسلامهم إنْ أخرَ قتالَهُم، ونحو ذلك مما يرى المصلَحَةَ مَعه في تركِ القتالِ، **فيجوزُ تركه بهُدنةٍ وبغيرِ هُدنةٍ**، فإنَّ النبيَ (صلى الله علية وسلم) قد صالحَ قريشاً عشر سنين، وأخرَ قتالَهُم حتى نَقضوا عهدهُ، وأخَّرَ قتالَ قبائلَ من العرب بغير هُدنةٍ)).

واتە: سالانە غەزاکردن پێویستە، مەگەر عوزرێك هەبێت، وەك:

- ❖ لاوازی موسوڵمانان لەژمارەو هێزیاندا. **(کەواتە کەموسوڵمانان لاوازبوون واجب نییە جیهادی کیفائیش بکرێت)** ﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾ وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە ووتەکەی (ابن تیمیة، وابن عثیمین).
- ❖ یاخود موسوڵمانان چاوەڕێی پشتیوانی و یارمەتی بن دروستە جیهاد دوابخەن.

---

[٢٥] المغني: (١٠/١٣).

- یاخود ڕێگای گەیشتن بە دوژمن کۆسپ و ڕێگرێکی لێیەو ناتوانرێت ببڕدرێت.
- یاخود خواردن و ئاو لە ڕێگا دەست نەکەوێت بۆ خۆیان و وولاخەکانیان.
- یاخود هیوای بەرەو ئیسلام هاتن دەکات لە دوژمن. بۆیە مەسلەحەت لە شەڕنەکردن لەگەڵیدا دەبینرێت **جیهاد ناکرێت.**

ئەمانە هەموو عوزرن بۆ نەکردنی جەنگ و غەزاو جیهاد.

کەواتە دروستە واز لە شەڕو جەنگ بهێنرێت؛ جا بەهودنە بەستن بێت لەگەڵ دوژمن، یان بەبێ بەستنی هودنە، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوڵحی کرد لەگەڵ قورەیش لەسەر شەڕ ڕاگرتن بۆ (١٠) ساڵ، وە شەڕی دواخست و جیهادی نەکردن تاوەکو ئەوان پەیمانیان شکاند.

وە وازی لە زۆر هۆزی عەرەب هێناو غەزاو جیهادی نەکردن بەبێ ئەوەی هودنەش لە نێوانیاندا بووبێت.

هۆکارو حیکمەتەکانی هودنە بەستن لەگەڵ دوژمن

وە زانایان ڕایان وایە کە دروستە هودنە بکرێت لەگەڵ کافران (واتە جەنگ ڕابگیرێت و جیهاد نەکرێت) ئەگەر مەسلەحەت لە جیهاد نەکردن و هودنەدا بوو، بۆ نموونە کە موسوڵمانان لاوازبوون. جا ئەگەر ئەو هودنەیەش زاهیری تەنازولی موسوڵمانانی تێدابێت وەك هودنەکردن بەپارەدان بەکافران لەبری ئەو هودنەیە. وە یاخود ڕازی بوونی موسوڵمانان بەڕانەگرتنی هیچ کەسێکی هیجرەت کردوو لەکافران بۆ لای موسوڵمانان بەموسوڵمانێتی!

هەروەك الشيخ محمد بن صالح العثيمين دەفەرموێت:

((الهدنةُ عقدُ الإمامِ أو نائبِهِ على ترك القتالِ مدةً معلومة ولو طالت بقدر الحاجة... يجوز عقدها للمصلحة حيث جاز تأخير الجهاد لنحو ضعفٍ بالمسلمين.

وفي وقتنا هذا، فينا ضعفٌ؛ لذلك تجوز الهدنةُ... ولو بمالٍ منا ضرورةً، أي ولو كان عقدُ الهدنةِ بمالٍ (وعقد الهدنة بمال إما أن يكون منهم، وإما أن يكون منا)، ولا ثالث لذلك، ويكون منهم إذا كانوا هم ضعفاء فيضرعون أن تأخذ منهم ضريبةً مالية وندع جهادهم، ويكون منا إذا كان الضعفُ فينا، ولهذا قيَّدها المؤلف بقوله (ولو بمالٍ منا ضرورةً) وهذا إشارة إلى خلافٍ، لأنَّ بعض العلماء يقول لا يجوز أن نعطيهم على الهدنةِ مالاً أبداً... وأنَّ هذا ذُلٌ للمسلمين أن يبذلوا مالاً لعدوهم، ولكن يقال: بذل المال أهون من القتل إذا كان العدو قوياً، وليس لنا به طاقةٌ إطلاقاً، فإن بذل شيءٍ من أموالنا أهون من أن يسحَقَنا العدو نحن وأموالنا، فالمسألةُ كلُها تعودُ إلى المصلحةِ ودفع الضرر، ولا يكلفُ اللهُ نفساً إلا وسعها، (ويجوز شرط رَدِ رَجُلٍ جاءَ منهم مُسلماً للحاجةِ)... ومن دعاء الحاجةِ إلى ذلك أن يتوقف الصلحُ على هذا الشرط، فإذا توقف الصلحُ على هذا الشرط، وقالوا: لا نصالحكم إلا بهذا الشرط، فإن لنا أنْ نشترطه.

فإن قال قائل: في هذا غضاضة علينا.

قلنا: إنَّ النبـي (صلى الله علية وسلم) فعل ذلك بأمر الله[٢٦].

واتە: هودنە پەیمان بەستنی ئیمام، یان جێگرەکەیەتی لەسەر وازهێنانی لە غەزا کاتێکی دیاریکراو گەرچی درێژیش بێتەوە بەپێی پێویستی... دروستە ئەم ڕێکەوتننامەیەی جەنگ ڕاگرتنە ببەسترێ بۆ مەسلەحەتێك هەروەك چۆن دروستە دواخستنی جیهاد لەبەر هۆی لاوازی موسوڵمانان.

---

[٢٦] الشرح الممتع على زاد المستقنع: (٨/ ٥٥- ٥٦).

وە لەکاتی ئەمڕۆماندا کەم تواناییمان تێدایە، جا لەبەرئەوە هودنە دروستە... ئەگەر چی بەماڵی خۆشمان بێت لە حاڵەتێکی پێویستدا، واتە هەرچەندە بەستنی هودنەکە لەسەر ماڵ بوەستێ و ئەنجام بدرێ، دەکرێت لەوانەوە بێت (ئەوان بیدەن) کاتێك کە ئەوان لاوازبن، جا دڵخۆش دەبن کە باجێکی ماڵیان لێوەرگرین و واز لە جیهادکردنیان بێنین، وە دەشێت لە ئێمەوە بێت (ئێمە بیدەین)، کاتێك کە لاوازی لە ئێمەدا بێت، هەر لەبەر ئەمە دانەر (المؤلّف) پەیوەستی کردووە، هودنەکە کەدەڵێت: (ولو بمالٍ منا ضرورةً)، ئەوە ئاماژەیە بۆ بوونی خیلافێك، لەبەرئەوە هەندێك لە زانایان دەڵێن دروست نی یە ماڵیان پێ ببەخشین لەکاتی هودنەدا بەهیچ جۆرێك...، چونکە ئەوە زەلیلییەکە بۆ موسوڵمانان کە ماڵ بدەن بەدوژمنەکەیان، بەڵام لە وەڵامی ئەم بۆچوونەدا دەگوترێ: **بەخشینی ماڵ ئەهوەنترو ئاسانترە لە کوژرانی موسوڵمانان. کاتێک کە دوژمن بەهێز بێت، وە هیچ توانایەکمان بەسەریدا نەشکێت، جا بەخشینی هەندێک لە سامانمان ئەهوەنترە (کەم زەرەرترە) لەوەی دوژمن خۆشمان و ماڵەکەشمان بهاڕێت.** مەسەلەکە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر دابین کردنی مەسڵەحەت و لادانی زەرەرو زیان، وە خوای گەورەش داوای کارێك لە کەسێك ناکات تەنها ئەوە نەبێت کە لەتوانایدا بێت.

(ویجوز شرط رد رجل جاء منهم مسلماً للحاجة)[٢٧]... وە ئەگەر سوڵحیان نەکرد بەو مەرجە نەبێت کە ئەگەر هەرکەسێك لەوان موسوڵمان بوو، وە هاتە ناو موسوڵمانان بیگەڕێنینەوە بۆیان (واتە ووتیان: سوڵحتان لەگەڵ ناکەین تەنها بەو مەرجە نەبێت)، دەکرێ بۆ ئێمە بە مەرجی بگرین و ڕازی بین پێی، وە دروستە کە سوڵحەکە دابمەزرێت لەسەر ئەو مەرجە.

وە ئەگەر یەکێ گوتی لەوەدا زەلیلی هەیە بۆ ئێمەی موسوڵمان.

دەڵێین: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەمەی کرد بە فەرمانی خوا.

وە ابن القدامة فەرموویەتی:

((وذلك يعني الهدنة جائزٌ، بدليل قول الله تعالى: ﴿ بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، وقال سبحانهُ وتعالى: ﴿ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا ﴾ و روى مروان، ومِسوَرُ بن مخرمة، أنَّ النبـيَ (صلى الله علية وسلم) صالَح سُهيلُ بن عمروٍ بالحديبية، على وضع القتال عشر سنين.

ولأنهُ قد يكون بالمسلمين ضعفٌ، فنُهادنهم حتى يقوى المسلمين. ولا يجوز ذلك إلا للنظر للمسلمين؛ إما أن يكون بهم ضعفٌ عن قتالهم، وإما أن يطمعَ في إسلامهم بهدنتهم، أو في أدائهم الجزيةَ، والتزامهم أحكام الملة، أو غير ذلك من المصالح...

وتجوز مهادنتهم على غير مالٍ، ... ويجوز ذلك على مالٍ يأخذهُ منهم... وأما إن صالحَهم على مالٍ نبذلهُ لهم، فقد أطلق أحمدُ القول بالمنعِ منهُ. وهو مذهب الشافعي، لأنَّ فيه صغاراً للمسلمين. وهذا محمولٌ على غير حال الضرورة، فإما إنْ دعت إليه ضرورةٌ، وهو أنْ يخاف على المسلمين الهلاك أو الأسرَ، فيجوز؛ لأنهُ يجوز للأسير فداءُ نفسه بالمال، فكذا هذا، ولأن بذل المال إن كان فيه صغارٌ، فإنهُ يجوزُ تحمُّلهُ لِدفعِ صغارٍ أعظم منهُ، وهو القتل، والأسرُ، وسبـــيُ الذريةَ الذين يُفضي سبيهم إلى كفرِهم...)[٢٨].

---

[٢٧] واتە: وە دروستە گێڕانەوەی پیاوێك کە موسوڵمان بێت لەوان ـ بۆیان ـ ئەگەر سوڵحەکەیان لەسەر ئەوە ڕاگرت.

[٢٨] المغني: (١٣/ ١٥٤ـ ١٥٦).

واتە: ئەو هودنەیە شتێکی دروستە بە بەڵگەی فەرموودەی خوای گەورە کەدەفەرموێت: ﴿ بَرَآءَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦٓ إِلَى ٱلَّذِينَ عَٰهَدتُّم مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴾، وە هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَٱجْنَحْ لَهَا ﴾، وە مەڕوان و میسوەری کوڕی مەخڕەمە گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سوڵحی کرد لەگەڵ سوهەیلی کوڕی عەمردا لە حودەیبیە، لەسەر ڕاگرتنی شەڕ تا ماوەی (١٠) ساڵ.

لەبەرئەوەی لەم حاڵەتەدا موسوڵمانان لاواز بوون، بۆیە هودنەی بەست لەگەڵیان تا موسوڵمانان هێزیان پەیداکرد، هودنە بەستن شتێك نییە دروست بێت لەبەر حاڵی موسوڵمانان نەبێت، دەگونجێ لەبەر کەم توانایی موسوڵمانان بێ لە کوشتاری بێباوەڕان، یاخود لەبەر بوونی ئەمەل و هیوایەك لە موسوڵمان بوونیاندا بەهۆی پەیمان لەگەڵ بەستنیان، یاخود هودنە دەکرێت لەگەڵیان لەبەر جیزیەو ماڵدانیان و پابەندبوونیان بە حوکمەکانی ئیسلامەوە، یان جگە لەوەش لە مەسڵەحەتەکان...

وە دیسان دروستە هودنەیان لەگەڵ ببەسترێت لەسەر نەدانی ماڵیش، ... وە دروستیشە ببەسترێت لەسەر ماڵێك (سامانێك) کە وەربگیرێت لێیان...، بەڵام کاتێك سوڵح و ڕێکەوتنیان لەگەڵدا بکرێت، لەسەر ماڵێك ئێمە بیبەخشین پێیان، ئەوا ئیمامی ئەحمەد بەموتڵەقی قەدەغەی کردووە، وە ئەوە مەزهەبی شافعیشە، چونکە ئەوە زەلیلی و کەمیەتی تێدایە بۆ موسوڵمانان، بەڵام ئەم بۆچوونە حاڵەتێك دەگرێتەوە کە پێویست نەبێت، خۆ ئەگەر حاڵەتێکی زەروورو پێویست هاتە پێشەوە، وەك ئەوەی کە موسوڵمانان بترسن لە بەهیلاك چوونیان یان گیران و ئەسیر بوون، ئەوە دروستە، هەروەك چۆن دروستە ئەسیر خۆی بکڕێتەوە بەماڵ بۆ ڕزگاربوون، جا پارەدانی موسوڵمانان لەکاتی هودنەدا هەروەك حاڵەتی ئەسیرەکە وایە، چونکە بەخشینی ماڵ لە حاڵەتێکی وادا گەرچی زەلیلی و بچووکیشی تێدابێت، ئەوا دروستە ببەخشرێ بۆ لابردنی زلیلییەکی گەورەتر لەو، کە بریتییە لەکوشتن و گیران و تالان و داگیرکردنی مندالانێك کە داهاتوویان سەردەکێشێت بۆ کافر بوونیان... .

لە چ حاڵەتێکدا جیهاد دەبێتە فەرزی عەین؟

زانیمان بە بەڵگەی قورئان و حەدیس، وە لەژێر ڕۆشنایی تێگەیشتنی زانایان لێیان، کە جیهاد لەبنەڕەتدا تەنها فەرزی کیفائییەو فەرزی عەین نی یە. بەڵام لێرەدا باس لەو حاڵەتانە دەکەین کە جیهاد تیایاندا دەبێت بە فەرزی عەین:

حاڵەتی یەکەم:

جیهاد دەبێتە فەرزی عەین لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە ئیمامی موسوڵمانان یان سوڵتەی شەرعی ناوچەکە[٢٩] بانگیان بکات بۆ جیهاد.

---

[٢٩] تێبینی: مەرج نی یە ئەو ئیمامەی داوای دەرچوون دەکات بۆ جیهاد ئیمامی تێکڕای موسوڵمانان بێت، چونکە ئەو ئیمامە زۆر دەمێکە نەماوەو هاتنەوەشی ئاسان نییە ـ مەگەر پەروەردگار ئاسانی بکات ـ، کەواتە ڕاگرتنی جیهاد لەسەر هاتنی ئەو ئیمامە گەورەیە کارێکی شەرعی نییەو زەرەرێکی زۆریش لە موسوڵمانان دەدات. بۆیە هەرکەسێك ـ با عەبدێکی حەبەشیش بێت ـ کە بوو بەپێشەوای شەرعی ناوچەیەك یان وولاتێك، ئەوە پێویستە موسوڵمانانی ناوچەکە گوێڕایەڵی بکەن و بەدەنگییەوە بێن. بەڵام چەند ئیمامێك و چەند ئەمیرێك لەیەك ناوچەدا وەك حاڵی حیزبیەکانی ئەمڕۆ، ئەوە شەرعی نییەو گوێڕایەڵی کردنیان لازم نییە، چونکە ئەم فرە حیزبێتی و ئەمیرێتییە ناکۆکی و تەفرەقە دروست دەکات لەناو موسوڵمانانداو بەرەو فەشەل و دۆڕانیان دەبات. بۆیە گوێڕایەڵی هیچ کام لە ئەمیرۆکەی حیزبەکان ناکرێت و بە فەرمانی ئەوان جیهاد لەسەر کەس واجب نابێت، تەنها ئەو ئەمیرە نەبێت کە خاوەنی سوڵتەی شەرعی ناوچەکە یان وولاتەکەیەو ژێرباری هیچ سوڵتەیەکی ناشەرعی سەرووی خۆی نی یەو فەرمان و شەڕو ئاشتی تەنها بەدەست خۆیەتی.

واته داوای دەرچوونیان لێ بکات بۆ جیهاد (الاستنفار):

وه بەڵگەش لەسەر ئەم فەرزە عەینی یە:

١ـ پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ۝ إِلَّا تَنفِرُواْ يُعَذِّبۡكُمۡ عَذَابًا أَلِيمًا وَيَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ وَلَا تَضُرُّوهُ شَيۡـٔٗاۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ (التوبة: ٣٨ – ٣٩).

واته: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوه ئەوه چیتانه؟ ئەگەر پێتان ووترا دەربچن بۆ غەزا لەپێناوی خوا، خۆتان له زەوی قورس کردو نەجولاّن بەرەو غەزا! ئایا ڕازین بەژیانی دونیا لەجیاتی دواڕۆژ؟ خۆ ڕابواردن و خۆشی ژیانی دونیا زۆر کەمه له ئاستی خۆشی و ڕابواردنی دواڕۆژ. ئەگەر دەرنەچن (به فەرمانی پێشەواتان) پەروەردگار سزاتان دەدات به سزایەکی به ئازار. وه قەومێکی تر دەهێنێت لەجیاتی ئێوه که جیهاد بکەن و دەربچن بۆ غەزا.

❖ **ئیمامی (الجصاص) لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:**

((اقتضى ظاهر الآية وجوب النفير على من يستنفر)[٣٠]. واته: زاهیری ئەم ئایەته بریتییه له واجب بوونی دەرچوون لەسەر ئەو کەسەی ئیمام داوای دەرچوونی لێ بکات.

٢ـ پێغەمبەری پێشەوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (وإذا استُنفِرتُم مَن فانفِروا)[٣١].

واته: ئەگەر داوای دەرچوونتان لێکرا (بۆ غەزا) دەربچن.

❖ **وه ئیمام ابن حجر له شەرحی ئەم حەدیسەدا فەرمووی:**

((وفيه، وجوبُ تعيين الخروج في الغزو على مَن عَيَّنَهُ الإمامُ))[٣٢].

واته: لەم حەدیسەدا بەڵگەی واجب بوونی دەرچوون بۆ غەزای تێدایه لەسەر هەرکەسێك ئیمام دیاری بکات.

❖ **وه ئیمام القرطبي دەفەرموێت:**

((الاستدعاءُ والاستنفارُ يبعُدُ أن يكونَ موجباً شيئاً لم يجب من قبلُ إلا أنَّ الإمامَ إذا عَيَنَ قوماً وندبهم إلى الجهاد لم يكن لهم أنْ يتثاقلوا عند التعيين، ويصيرُ بتعينهِ فرضاً مَن عيَنَهُ لا لمكانِ الجهاد، ولكن لِطاعة الإمام، والله أعلم))[٣٣].

حاڵەتی دووەم:

جیهاد دەبێته فەرزی عەین لەسەر هەموو ئەو کەسانەی که مەوجودی کات و شوێنی بەیەکگەیشتنی هەردوو لایەنی جەنگن له موسوڵمانان و دوژمنانیان، کاتی دەست پێکردنی جەنگ له نێوانیان. ئەگەرچی له پێش بەیەکگەیشتنی دوو ڕیزەکەو دەست پێکردنی جەنگیش لەسەری فەرز نەبووبێت.

بەڵگەی حوکمی ئەم حاڵەتەش بەم شێوەیەیە:

بڕوانه (الشرح الممتع على زاد المستنقع) ابن عثيمين (٨/ ١٢ـ ١٣).

[٣٠] بڕوانه (أحكام القرآن للجصاص) (٤/ ٣٠٩).

[٣١] اخرجه البخاري ومسلم

[٣٢] فتح الباري: (٦/ ٣٩).

[٣٣] الجامع لأحكام القرآن: (٨/ ١٤٢).

١ـ پەروەردگارمان فەرموویەتی:

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ زَحۡفٗا فَلَا تُوَلُّوهُمُ ٱلۡأَدۡبَارَ ۝ وَمَن يُوَلِّهِمۡ يَوۡمَئِذٖ دُبُرَهُۥٓ إِلَّا مُتَحَرِّفٗا لِّقِتَالٍ أَوۡ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٖ فَقَدۡ بَآءَ بِغَضَبٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَمَأۡوَىٰهُ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴾[٣٤].

واتە: ـ واللّٰه أعلم ـ ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە، ئەگەر گەیشتن بەوانەی کافر بوون، لەحاڵەتی بەرەو یەکخشان، وە لەیەکتری نزیك بوونەوە، پشتیان تێنەکەن و ڕانەکەن و فیرار نەکەن، وە هەرکەسێك پشتیان تێ بکات:

أـ بە مەبەستی جێگۆڕکەو شوێن گواستنەوەی جەنگ و نەخشە گۆڕینی شەڕ نەبێت.

ب ـ یان بە مەبەستی پاڵدانە لای کۆمەڵێکی تری موسوڵمانان نەبێت، ئەوە پشتی هەڵکردووە بەبێ یەکێك لەم دوو مەبەستە، تووشی توڕەبوونی پەروەردگار بووەو بەو پشت هەڵکردنەی غەزەبی خوای بۆ سەر خۆی هێناوەو، شوێنیشی دۆزەخەو، ئەو شوێنەش خراپترین پاشەڕۆژو کۆتایییە. خوا پەناممان بدات لێی.

٢ـ پێغەمبەری پێشەواشمان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (لا تتمنَّوا لقاءَ العدو، وسلوا الله العافية، فإذا لقيتموهم فاصبروا، واعلموا أن الجنة تحت ظلال السيوف) [٣٥].واتە: تەمەننای بەیەکگەیشتن لەگەڵ دوژمن مەکەن، وە داوای سەلامەت و عافیەت و ئاسوودەیی بکەن لە پەروەردگار. بەلاّم ئەگەر بەیەك گەیشتن لەگەڵ دوژمن وە تووشی جەنگ هاتن، ئەوە سەبر بگرن و خۆڕاگربن و ڕامەکەن، وە بزانن کە بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکانی جەنگدایە.

کەواتە لەم حەدیسە دەردەکەوێت، کە دوای بەیەکگەیشتن لەگەڵ دوژمن، جیهاد دەبێتە فەرزی عەین و، سەبرو خۆڕاگری واجب دەبێت.

❖ **وە ئیبن قودامە بەو دوو بەڵگەیەی پێشوو فەرموویەتی:**((إذا التقى الزحفان، وتقابل الصفان، حرم على من حضر الانصراف، وتعيَّن عليه المقام لقول الله تعالى: فذكر الآية... ثم الحديث...))[٣٦].

حاڵەتی سێهەم:

لە حاڵەتەکانی فەرزبوونی جیهاد لەسەر هەموو پیاوێك (فرض العين)، **ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر شارێك لە شاری موسوڵمانان**، جا دەورەی شارەکەیان بدات، یاخود بچێتە ناو شار، یان بەشێکی لێ داگیر بکات، یان دەست درێژی بکاتە سەر ئەهلی شارەکەیان بە یەکێك لەگرتن یان لێدان یان کوشتن، ئەوە لەو حاڵەتانەدا جیهاد فەرز دەبێت لەسەر هەموو ئەو پیاوانەی کە عوزریان نییە لەو شارە. وە واجبە لەسەریان دیفاع بکەن بە گەنج و پیرەوە، وە بە دەوڵەمەندو فەقیرەوە، هەریەکەی بەگوێرەی توانای خۆی، وە هەرکەسێك لەو پیاوانە توانای دیفاعی هەبێت نابێت دوابکەوێت و گوێ نادرێت بە نارەزابوونی دایك و باوك و ئیزنیان لێ وەرناگیرێت. وە ئەو پیاوەش کەتوانای جەنگانی نەبێت هەر ئامادە دەبێت بۆ زیادکردنی ژمارەی موسوڵمانان و ترس خستنە دڵی دوژمنان. وە ئەو پیاوانەی بەتوانان بۆیان نییە دوابکەون، تەنها ئەوانە نەبن کە ئەمیری موسوڵمانان مەنعیان بکات لە ئامادەبوون. وە ئەوانەش کە دەهێڵرێنەوە بۆ پاسەوانی شوێن و ماڵ و دواکەوتووانە ـ لە ژنان و منداڵان و پەککەوتان ـ، بۆ سەرپەرشتی کردنیان. وە غەیری ئەوانە کەس بۆی نییە دوابکەوێت کە

---

[٣٤] الأنفال: ١٥ – ١٦ .

[٣٥] البخاري: ٣٠٢٥، ومسلم: ١٧٤١.

[٣٦] المغني: (١٠/٣٦٥ـ ٣٦٦).

توانای دەرچوون، یان جەنگانی هەبێت. هەرچەندە دەرچوون و جەنگانەکە ئاسان بێت لەسەریان یان گران. هەر پێویستە لە هەردوو حاڵەتەکاندا دیفاع بکەن، وەك پەروەردگار فەرمانی کردووە: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا﴾ (التوبة: ٤١).

واتە: هەموو تان دەربچن بۆ جیهاد، جا ئاسان بێت یان گران.

وە ئەگەر بەتەنها بەئەهلی ئەو شارە نەتوانرا بەرەنگاری دوژمن بکرێت و بەرپەرچ بدرێتەوە، ئەوە پێویست (فەرز) دەبێت لەسەر نزیکترین جیرانیان، لە گوندو شاری دەوروبەریان دەربچن بۆ یارمەتی دانیان بەگوێرەی پێویست؛ تا ئەو ئەندازەیەی کە دەتوانن دوژمن تێك بشکێنن و بیرەتێنن، وە ئەگەر بە جیرانی نزیکیان پێویستیان دابین نەبوو، ئەوا پێویستە لەسەر جیرانی دوورتریان بێن بۆ یارمەتی دانیان، وە بەم شێوەیە... تاوەکو پێویستیان دابین دەبێت و دوژمنیان پێ دەشکێنرێت.

کەواتە یەکەمجار فەرزیەتی جیهاد ڕوودەکاتە ئەهلی ئەو شوێنەی دوژمن هێرشی بۆ هێناوە، واتە فەرزی عەینییە لەسەر هەموو پیاوانی بە توانای بێ عوزری ئەم شارە جیهاد بکەن، وە باقی موسوڵمانان لەدەرەوەی ئەو شوێنە هێرش بۆ هێنراوە جیهاد لەسەریان فەرز نی یە، بەڵام هەرکەسێك بچێت بۆ یارمەتیدانی ئەهلی ئەو شوێنە ئەوە سوننەتەو خێری دەگات، بەڵام واجب نییە لەسەری ئەگەر ئەهلی ئەو شوێنە خۆیان بە تەنها توانای بەرپەرچ دانەوەی دوژمنیان هەبێت، بەڵام ئەگەر توانایان نەبوو ئەوکاتە فەرز دەبێت لەسەر نزیکترین شوێن لێیانەوە جیهادیان لەگەڵدا بکەن و یارمەتییان بدەن و، ئەگەر بە نزیکەکان لێیانەوە توانایی پەیدانەکرا، ئەوا فەرزەکە ڕوو لە دوورەکانیش دەکات؛ پێ بە پێ و، پلە بە پلە، تاوەکو هەموو موسوڵمانان دەگرێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا وولاتانی موسوڵمان هەروەك یەك وولاتن وان.

وە سەبارەت بەم ڕوونکردنەوەیەی پێشوو زانایان فەرموویانە:

❖ **الإمام القرطبي المُفَسِر الفقيه فەرموویەتی:**((قد تكون حالةٌ يجب فيها نفير الكُل... وذلك إذا تعيَّنَ الجهادُ بغلَبَةِ العَدُو على قطرٍ من الأقطار، أو بحُلولهِ بالعُقر، فإذا كان ذلك وجب على جميع أهلِ تلك الدار أن ينفروا ويخرجوا إليهِ خفافاً، وثقالاً، شباباً، وشيوخاً، كُلٌ على قدر طاقتِهِ، من كان لهُ أبٌ بغير أذنهِ، ومن لا أبَ لهُ، ولا يتخلفُ أحَدٌ يقدرُ على الخروج مِن مقاتلٍ أو مُكثِرٍ، فإن عجز أهلُ تلك البلدة عن القيامِ بعدوهِم كان على من قاربهم، وجاورهم أن يخرجوا على حَسَبِ ما لزم أهل تلك البلدة، حتى يعلموا أن فيهم طاقة على القيام، ومدافعتهم...))[٣٧].

❖ **الإمام الخرقي الحنبلي لە (المختصر)دا دەفەرموێت:**

((و واجبٌ على الناسِ إذا جاءَ العدو أن ينفروا، المُقِلُ منهم، والمكثرُ...)).

❖ **و ابن قدامة لە شەرحی ووتەکەی (خِرَقي)دا، فەرموویەتی:**

((ومعناه: أن النفير يَعُمُ جميعَ الناس، مِمن كان مِن أهل القتال، حين الحاجة إلى نفيرهم، لمجيء العدوِ إليهم، ولا يجوز لأحدٍ التخلُفُ إلا من يُحتاجُ إلى تخلُفهِ لحفظ المكان والأهل والمال ومن يمنعهُ الأميرُ من الخروج، أو من لا قُدرة لهُ على الخروجِ أو القتالِ، وذلك لِقولهِ تعالى: ﴿ٱنفِرُواْ خِفَافًا وَثِقَالًا﴾، ولأنهم إذا جاء العدو، صارَ الجهادُ عليهم فرض عينٍ على الجميع، فلَم يجُزِ لأحدٍ التخلفُ عنهُ)) (المغني: ١٠/ ٣٨٩).

❖ **شيخ الإسلام ابن تيمية دەفەرموێت:**

((إذا دخل العدُو بلاد الإسلام فلا ريب أنهُ يجب دفعُهُ على الأقربِ فالأقرب، إذ بلادُ الإسلام كلها بمترلة البلدة الواحدة)).

---

[٣٧] الجامعِ لأحكام القرآن (٨/ ١٥١- ١٥٢).

ئایا ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر شارێك پێویستە موسوڵمانان لە شار دەربچن بۆ بەرپەرچ دانەوەی؟

❖ **ئیمامی القرطبي دەفەرموێت:**

((ولو قاربَ العَدّوُ دار الإسلام، ولَم يدخلوها لَزِمهُم أيضاً الخروج إليه، حتى يظهر دينُ اللهِ، وتُحمى البيضةُ، وتحفظَ الحوزةُ، ويخزى العَدُوُ، ولا خلافَ في هذا))[٣٨].

واتە: ئەگەر هێرشی دوژمن نزیك بووەوە لە وولاتی ئیسلام، بەڵام نەهاتە ناویەوە، ئەوە پێویستە لەسەر موسوڵمانانی ئەو وولاتە، یان ئەو شارە، لە شار بچنە دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەو بەرپەرچ دانەوەی هێزی دوژمن. تاوەکو دینی خوا سەرکەوێت و وولاتی موسوڵمانان بپارێزرێت و دوژمن سەرشۆڕ بکرێت. ئەم حوکمەش خیلافی تێدانییە.

❖ **بەڵام زانای پێشەوا ابن القیم دەفەرموێت:**

((لا يجبُ على المسلمين إذا طرقهُم عدوٌ في ديارهم الخروجُ إليهِ، بل يجوز لهم أن يلزموا ديارهم، ويقاتلوهم فيها إذا كان ذلك أنصرَ لهم على عدوِهم، كما أشار به رسول اللهِ (صلى الله علية وسلم) يومَ أُحُد))[٣٩].

واتە: واجب نییە لەسەر موسوڵمانان ئەگەر دوژمن هاتە سەریان دەربچن بەرەو ڕووی بۆ بەرەنگاری کردنی لە دەرەوەی شار، بەڵکو دروستە بۆیان لەناو شار بمێننەوەو لەوێدا لە کەمیندا بن بۆ لێدانی دوژمن ئەگەر بەم شێوەیە سەرکەوتووانەتر بوو بۆیان، هەروەکو چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی باش بوو لە جەنگی ئوحود لەناو شار بمێننەوە نەك بچنە دەرەوە.

❖ **الإمام ابن قدامة دەفەرموێت:**

((إن جاءَ العدُو بلداً فلأهلِه التحصُّنُ منهم، وإن كانوا أكثر من نصفهم، ليلحقهم مَددٌ، أو قوةٌ، ولا يكون ذلك تولياً، ولا فراراً. إنما التولي بعد لقاءِ العدوِ. وإن لقوهم خارج الحصن، فلهمُ التحيُّزُ إلى الحصن، لأنهُ بمترلة التحرف للقتال، أو التحيُّزِ إلى فئة))[٤٠].

واتە: ئەگەر دوژمن هات بەرەو وولاتێك، ئەوە دروستە ئەهلی ئەو وولاتە بچنە ناو قەلاکانیانەوەو لەوێدا پارێزگاری لە خۆیان بکەن (واتە پێویست نییە دەربچن بۆ دەرەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن)، ئەگەر ژمارەی موسوڵمانانیش لە نیوەی دوژمن زیاتر بێت! بۆ ئەوەش لە قەلاکانیان خۆیان ئامادە دەکەن و لە کەمیندا دەبن تاوەکو یارمەتی و کۆمەکیان بۆ بێت.

وە ئەو خۆپەنادانەیان لەناو قەلاکانیان و دەرنەچوونیان بەرەو دوژمن، بەڕاکردن دانانرێت و بەفیرار حیساب ناکرێت، چونکە پشت هەڵکردن و ڕاکردن دوای بەیەك گەیشتن لەگەڵ دوژمن تاوانەو نەهی لێکراوە، بەڵام پێش بەیەك گەیشتن دروستە موسوڵمانان خۆپارێزی بکەن لە شەڕو بەرەو پیری نەچن و ئومێد خوازی نەبن بۆ ئەوەی زیاتر بەهێزبن.

وە ئەگەر بە دوژمن گەیشتن لە دەرەوەی قەلاکانیان، ئەوە لێرەشدا دروستە بۆ موسوڵمانان بگەڕێنەوە بۆ ناو قەلاکانیان و لە دەرەوە شەڕ نەکەن، چونکە گەڕانەوەیان بۆ ناو قەلاکانیان وەك گواستنەوەی جێگای شەڕ (التحرف للقتال)، یان پەنادانە پاڵ کۆمەڵێکی تر (التحيُّز غلى الفِئة) وایەو فیرارکردن نییە.

---

[٣٨] الجامع لأحكام القرآن (٨/ ١٥١- ١٥٢).

[٣٩] زاد المعاد (٣/ ٢١١).

[٤٠] المغني (١٣/ ١٩٠).

ئەگەر دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر موسوڵمانان، دەبێت هەڵوێستی موسوڵمانان چۆن بێت؟

له وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین وەك زانایان فەرموویانە: ئەم هێرشەی دوژمن چەند شێوەیەکی هەیە:

١ـ ئەگەر هاتوو هێرشەکە تەنها خۆپیشاندانێکی عەسکەری و چاوترساندنێك بوو بۆ موسوڵمانان، یان هاتنە ناو بەشێك له خاکی موسوڵمانان و سنوری وولاتیان.

لێرەدا پێویستە موسوڵمانان خۆیان قەلاڕێزان بکەن و دەوری خۆیان پتەو بکەن و کەمینەکانیان بپارێزن له دەوری خۆیان، وە دەرنەچن له قەلاکانیان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن و، بەرپەرچ دانەوەو لێدانی. واتە موسوڵمانان با دەست پێکەری شەڕ نەبن و، قەلاکانیان شل نەکەن و، بەرەو دوژمن دەرنەچن. ئەگەر ژمارەشیان له نیوەی ژمارەی دوژمن زیاتربوو، وە ئەگەر گومانیشیان وابوو سەرکەوتوو دەبن بەسەر دوژمندا کە بۆی دەربچن. بۆیە پێویستە پەلە نەکەن و دەرنەچن، تاوەکو هێزێکی تریان بۆ بێت، بۆ یارمەتی موسوڵمانان، یاخود خۆیان زیاتر پتەو بکەن و ئامادەیی زیاتر بەدەست بهێنن. وە ئەگەر هێزو توانای تریشیان بۆ پەیدانەبوو، هەر نابێت بچن بەرەو ڕووی دوژمن. وە ئەو نەچوونەش بۆ دەرکردنی دوژمن و بەرپەرچ دانەوەی بە ڕاکردن له جەنگ (التولي يوم الزحف) دانانرێت، چونکە ڕاکردن دوای بەیەکدادان و بەرەنگاربوونەوەیە، نەك پێش بەیەك گەیشتن.

وە بۆیە نابێت دەربچن بەرەو دوژمن، چونکە دوژمن کە بەهێزو ئامادەییەکەوە هێرشی هێناوە، ئومێدەواری ئەوەیە موسوڵمانان بەرەو ڕووی بوەستنەوەو شەڕیان لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی موسوڵمانان لەناو بەرن. بەڵام پێویستە موسوڵمانان ژیرو دانابن، تا بتوانن شەڕ له خۆیان دوور بخەنەوەو، ئاگری شەڕ بکوژێننەوەو، ئاواتەخوازی شەڕ نەبن، چونکە له کاتی بەهێزیی دوژمندا زەرەرێکی زۆر چاوەڕێی موسوڵمانان دەکات پەنا بەخوا.

وە لەم بارەیەشەوە زانایان فەرموویانە:

❖ **الإمام الشافعي فەرموویەتی:**

((ولا يضيق على المسلمين (واتە: ڕێگر نییە له موسوڵمانان و دروستە بۆیان کە) أن يتحصنوا مِنَ العدُوِ، في بلادِ العدُوِ، وبلاد الإسلام، وإن كانوا قاهرين للعدوِ، فيما يرون، إذا ظنوا ذلك أزيد في قوَتِهم، ما لم يكُنِ العدوُ يتناولُ من المسلمين، أو أموالهم شيئاً في تَحصُنهم عنه، فإذا كان واحدٌ من المعنيين ضرراً على المسلمين، ضاق عليهم إن أمكنهم الخروجُ أن يتخلفوا عنه (واتە: دروست نییە بۆ موسوڵمانان لەو دوو حاڵەتەدا، ئەگەر بتوانن دەربچن بۆ لێدانی دوژمن و بەرپەرچ دانەوەی، دەرنەچن و دوابکەون).

فأما إذا كان العدوُ قاهرين فلا بأسَ أن يتحصنوا إلى أن يأتيهم مددٌ، أو تحدث لهم قوةٌ، وإن وَني عليهم (واتە: ئەگەر یارمەتی و فریاگوزاریان لێدواکەوت و پێیان نەگەیشت) فلا بأسَ أن يُوَلوا عن العدوِ، ما لم يلتقوا هم والعدو، لأنَّ النهيَ إنما هو في التوليةِ بعد اللِقاء))[٤١].

---

[٤١] الأم (٤/ ١٧١).

❖ **و الخطيب الشربيني دەفەرموێت:**

((لا تتسارعُ الطوائفُ والآحادُ مِنا إلى دفعِ ملكِ منهم (أي من الكفار) عظيمٍ شوكتهُ، دخلَ أطرافَ بلادنا، لما فيه من عظيم الخطر))[٤٢].

٢ـ بەلاّم ئەگەر هاتوو هێرشەكە زیادەڕەوی كردە سەر موسوڵمانان و لێدانی قەلاكانیان و، كوشتنی موسوڵمانان، یان دەست گرتن بەسەر ماڵ و سامانیان و، زەرەریان دا لە موسوڵمانان، ئەوا پێویستە موسوڵمانانیش بەرپەرچیان بدەنەوەو، بەرەنگاریان ببنەوە، بە هەموو توانایەكیان و، دەبێت دیفاع بكەن و ڕانەكەن و پشت هەڵنەكەن لەدوژمن، ئەگەر ژمارەی دوژمن دووقاتیش زیاتر بێت لە موسوڵمانان. بەڵگەی ئەم حوكمەش هەڵوێستی پێغەمبەرە (صلى الله عليه وسلم) لە جەنگی خەندەقدا كە دوژمنانی ئیسلام بە هەموو گروپ و حیزبەكانیانەوە هێرشیان هێنایە سەر موسوڵمانان لە شاری مەدینەو دەورەیان دا بە ژمارەیەكەوە كە چەندجار زیاتر بوو لە ژمارەی موسوڵمانان. وە موسوڵمانانیش دەورەی شاری مەدینەیان پتەوكرد بەو خەندەقەی لێیان دابوو بە قەلاّ بۆ موسوڵمانان و، لە ناویدا دیفاعیان دەكرد، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە لێزانانەو حەكیمانە خەریكی هەڵوەشاندنەوەی هێزو پیلانەكانیان بوو، وە یەكێتیی نەهێشتن و كردنی بەدژی یەكتری و، لێك جیابوونەوەو، بە زەرەرو زەلیلی و لووت شكاوی كشانەوە دواوە، بەبێ ڕوودانی جەنگی گەورە.

وە ئەگەر دوژمنانیش هێرشیان بردبایەو پەڕیبانەوە لە خەندەقەكەو، گەیشتبانە ناو شار؛ موسوڵمانان ڕایان نەدەكردو پشتیان هەڵنەدەكرد ـ والله أعلم ـ چونكە پشت هەڵكردنی ئەوان و دیفاع نەكردنیان دەبوو بە مایەی لە ناوچوونی ئیسلام و تێكشكانی، چونكە لەوكاتەدا ئیسلام بریتی بوو لە شاری مەدینە.

بەلاّم ئەگەر هاتوو هێرشی كافران بۆ سەر شارێكی موسوڵمانان، یان وولاتێكیان بوو، وە لە توانای موسوڵمانانی ئەم شارە، یان ئەم وولاتەدا نەبوو دیفاع بكەن بە هیچ شێوەیەك، یاخود دیفاع كردنیان دەبوو بە مایەی زەرەرێكی زۆر گەورە لە موسوڵمانان، بەبێ زەرەر گەیاندنی وا لە كافران، ئەوا بەرژەوەندی لەوەدایە موسوڵمانان خۆیان بەهیلاك نەدەن و، سەرو ماڵیان لە دەست نەدەن، بۆیە كشانەوە (إنسحاب)ی موسوڵمانان لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و بەجێهێشتنی ئەم شارە كارێكی شەرعییە، بەلاّم نەك بەنیەتی تەسلیم كردنی هەتا هەتایی بۆ كافران، بەڵكو بەجێهێشتنێكی كاتی، بەنیەتی پاڵدان بە كۆمەڵێكی موسوڵمانان (التحَيُز إلى فئة) لە شارێكی تردا، یان لە وولاتێكی تردا بۆ خۆئامادەكردنی پێویست، بۆ گەڕانەوە بۆ دوژمن و، دەركردنەوەی لە وولاتەكەو، گەڕاندنەوەی بۆ ژێر دەسەلاتی موسوڵمانان.

❖ **و ابن قدامة لە (المغني)دا دەفەرموێت:**

((وأما التحيُّزُ إلى فِئةٍ، فهو أن يصيرَ إلى فئةٍ من المسلمين، ليكون معهم، فيقوى بهم على عدوهِ. و سواء بعُدتِ المسافةُ أو قربَت. قال القاضي: لو كانت الفئةُ بخراسانَ، والفئةُ بالحجاز، جاز التحيُّزُ إليها. و نحوه ذكر أصحاب الشافعي:

١ـ لأنَّ ابن عمر روى، أنَّ النبـي (صلى الله علية وسلم) قال: (إني فِئةٌ لكم) وكانوا بمكان بعيدٍ منه.

٢ـ وقال عمر: أنا فئةُ كلِ مسلم. وكان بالمدينةِ وجيوشهُ بمصر والشامِ والعراقِ وخراسانٍ. رواهما سعيد[٤٣]،[٤٤].

---

[٤٢] مغني المحتاج (٤/ ٢٢٠).

[٤٣] الحديث ضعيف في سندهِ (يزيد بن أبي زياد) وهو ضعيفٌ، كبر فتغير، صار يتلقن.

[٤٤] الأثر ضعيفٌ لأنهُ من طريق مجاهد عن عمر وهو لم يسمع من عمر لأنهُ ولِدَ قبل موت عمر بسنتين.

٣ـ وقال عمر: رحم اللهُ أبا عبيدة، لو كانَ تحيَزَ إلَّي، لكنتُ لهُ فئةً (وكان أبو عبيدة بالعراق)))[٤٥].

وە حاڵەتی ئاوا کە موسوڵمانان ناچار بوون (اضطروا) بۆ ئینسیحاب کردن و بەجێهێشتنی شار بۆ دوژمنان ڕوویداوە لە مێژووی ئیسلامی، هەروەك لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدیەکان، وەك لە فەتحەکانی شام و فارس جارجار ڕوویداوە.

❖ **وە لە کتێبی (تأريخ فتوح الشام)[٤٦]دا ڕیوایەتێك هاتووە لە (محمد بن عبدالله الأزدی):**

((كتابُ عمر بن الخطاب، إلى أبي عبيدة بن الجراح، رضي اللهُ عنهما... أما بعدُ، فإنهُ بلَغني توجُهُكم من أرض (الحمص) إلى أرض (دمشق)، وتركُكُم بلاداً قد فتحها الله عليكم، وخليتموها لعدوِكم، وخرجتم منها طائعين، فكرهتُ هذا من رأيكم وفعلِكم، وسألتُ رسولكم عن رأي من جميعكم؟ فزعم أن ذلك كان من خياركم، وأُولي النهي منكم وجماعتكم فعلمتُ أنَّ الله عزوجل لم يكن ليجمع رأيكم إلا على توفيقٍ وصواب، ورشد، في العاجلة والعاقبة، فهونَ ذلك عليَ ما كان دخلَني من الكراهيةِ قبل ذلك لتحويلكم. وقد سألني رسولكم المردَ لكم، وأنا مُمِدكم قبل أن يقرأ عليكم كتابي هذا..)).

تێبینی[٤٧]: ئایا ئەمڕۆ جیهاد فەرزی عەینییە لەسەر هەموو موسوڵمانان، بە بەڵگەی ئەوەی کە وولاتەکانیان داگیرکراون و، دەستیان بەسەردا گیراوە، لە لایەن حاکمەکانیانەوە، هەروەك چۆن جیهاد دەبێتە فەرزی عەینی، ئەگەر دوژمنی دەرەکی هێرشی هێنایە سەر وولاتی موسوڵمانان و، دەستی بەسەردا گرت؟

وە ئایا دەرچوون لەسەر حاکمانی وولاتانی ئیسلامی ئەمڕۆ، جیهادەو فەرزی عەینییە؟ هەروەك دەرچوون بۆ بەرپەرچ دانەوەی دوژمنی هێرشبەری سەر وولات، جیهادی شەرعی یەو فەرزی عەینی یە؟

وە ئایا حاکمانی ئەم وولاتە ئیسلامییانە وەك دوژمنی دەرەکی هێرشبەر حیسابیان بۆ دەکرێ لە شەرعدا؟

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دوو ڕای لێک جیا هەیە:

ڕای یەکەمیان: ئەوەیە کە: بەڵێ حاکمانی وولاتە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ، وەك دوژمنی دەرەکی هێرشبەر وان، بۆیە پێویستەو فەرزی عەینییە جیهاد لەسەر هەموو پیاوانی موسوڵمانی ئەو وولاتانە. وە ئەمڕۆ کە جیهاد ناکەن دژ بە حاکمەکانیان، ئەوە هەموو موسوڵمانان تاوانبارن.

ڕای دووەم: ئەوەیە کە: نەخێر حاکمانی ئەم وولاتانە قیاس ناکرێنە سەر دوژمنی دەرەکی هێرشبەر بۆ سەر وولاتی موسوڵمانان، چونکە دوو جیاوازی هەیە لەنێوانیاندا:

جیاوازی یەکەم ئەوەیە کە: دوژمنی دەرەکی کافرێکی ئەصڵییەو، کوفرەکەی ئاشکرایەو، بە ئاشکرا بۆ لەناوبردنی ئیسلام هێرشی هێناوە. بەڵام ناتوانرێت هەموو حاکمەکانی وولاتە ئیسلامییەکان بە کافر دابنرێن، چونکە بە کافردانانی حاکم تاوانێکی گەورەیە بەبێ بەڵگەی ڕاست و ڕوون. وە کاتێك بە کافر دادەنرێت کە کوفرێکی ئاشکرایی لێ ببینین و بەڵگەی ڕوون و ئاشکراش هەبێت لە قورئان و سوننەت، کە ئەو کردارەی کوفرە. وە لەواقیعیشدا هەموو حاکمەکان بەئاشکرا کوفر ناکەن وەك کافرە دەرەکییە دوژمنە هێرشبەرەکان.

---

[٤٥] رواه سعيد والبيهقي. وهو أثر صحيح على شرط مسلم، أنظر الإرواء (١٢٠٥)، المغني (١٣/ ٨٨).

[٤٦] ص (١٥٩).

[٤٧] زانیمان لە حاڵەتی سێهەمدا کە کاتێك دوژمن هێرشی هێنایە سەر موسوڵمانان، جیهاد دەبێتە فەرزی عەینی، بەڵام با بزانین ئایا حاکمانی وولاتە ئیسلامی یەکانیش قیاس دەکرێنە سەر دوژمنی دەرەکی هێرش هێنەری کافر؟

جیاوازی دووەمیش ئەوەیە کە: هەر وولاتێکی موسوڵمانان ئەمڕۆ هەرچەندە حاکمەکەیشی حوکم بە غەیری قورئان و حەدیس بکات، بەڵام بەوە وولاتەکە بەوولاتێکی داگیرکراو (مُحتل) دانانرێت و، ناوترێت دوژمن دەستی بەسەردا گرتووەو، هێرشی کافران داگیری کردووە. بەڵکو هەر بە وولاتی موسوڵمانان دەژمێردرێت و، موسوڵمانانیش خاوەنێتی دەکەن و، پارێزگاری لێدەکەن لە هێرشی دوژمنانی دەرەکی. بە پێچەوانەی دەوڵەتێك کەکافری دەرەکی هاتبێت دەستی بەسەردا گرتبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا موسوڵمانان دەست بەسەردەبن و پارێزگاری وولاتەکەیان لە دەست خۆیان نامێنێت و کافرە داگیرکەرەکان هەڵسوکەوتی تێدادەکەن.

بۆ نموونە: فەلەستین هەرچەندە سەرۆکەکەیشی کار بەقورئان و حەدیس ناکات؛ بەڵام جەنگاوەران و موجاهیدان و پاسەوانانی وولات هەر موسوڵمانن و، دیفاع لە وولاتی خۆیان دەکەن دژ بە جولەکەی کافر. وە فەلەستین هەر بە وولاتی ئیسلامی دادەنرێت، با حاکمەکەیشی لەشەرع دەرچووبێت. وە فەرزی سەرشانی موجاهیدانی فەلەستین جیهادکردنە دژ بە جولەکەی هێرشبەری داگیرکەر، نەك خۆیان خەریك بکەن بە ململانێی سەرۆکی وولاتیان، چونکە بە جولەکە دەوترێت داگیرکەر نەك بە (یاسر عرفات).

وە هیچ موسوڵمانێك نییە بڵێت جیهاد دژ بە جولەکەی داگیرکەر فەرز نییە، بەڵام کام زانا ووتوویەتی هەموو وولاتە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە حوکمیان وەك فەڵەستین وایەو، داگیرکراون لەلایەن حاکمەکانیان و، وەك فەڵەستین جیهادیان لەسەر واجبە، بۆ لەناوبردنی حاکمی داگیرکەر؟!

ئەوپەڕی دەوترێت ئەگەر هاتوو حاکم کوفری ئاشکرای لێ بینراو لەسەری مایەوە، ئەوکاتە پێویستە لەسەر موسوڵمانان هەوڵی لابردنی بدەن، **ئەگەر لەتوانایاندا هەبوو**[٤٨].

بەڵام بوترێت وولاتانی ئەمڕۆ داگیرکراون (مُحتل) لەلایەن حاکمەکانیانەوە، وە بەم بەڵگەیە جیهاد واجب بکەن لەسەر موسوڵمانانی ئەم وولاتانەوەو، بیکەنە فەرزی عەینی لەسەریان، ئەوە حوکمێکە هیچ زانایەکی شوێن کەوتووی پێشەوایانی پێشوو فەتوای وای نەداوەو، ڕای وای لێ نەبیستراوە.

وە دکتۆر محمد عمارة لە جەماعەتی (الهِجرة والتكفير)ەوە ڕای یەکەممان بۆ نەقڵ دەکات کەدەڵێن:

((فإنَّ العدوَّ بالنسبةِ للأقطارِ الإسلامية يقيمُ في ديارهم، بل أصبحَ هذا العَدُوَّ يمتلكُ زمام الأمور. وذلك العدُوُّ هم هؤلاء الحكام الذين انتزعوا قيادة المسلمين. ومن هنا فجهادهم فرض عينٍ، كالصلاة والصوم، فكما قال الله سبحانه وتعالى: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾، قال في أمرِ القتالِ:﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ ﴾))[٤٩].

---

[٤٨] قال ابن بطال: ((وقد أجمع الفقهاء على وجوب طاعة السلطان المتغلِّب، والجهاد معه، وأن طاعته خير من الخروج عليه، لما في ذلك من حقن الدماء وتسكين الدهماء، وحجتهم هذا الخبر، وغيره مما يساعده، ولم يستثنوا من ذلك إلا إذا وقع من السلطان الكفر الصريح، فلا تجوز طاعته في ذلك، **بل تجب مجاهدته لمن قدر عليها**)). (فتح الباري: ١٣/ ٩).

[٤٩] (الفريضة العائبة: عرضٌ وحوار وتقييم) ص: ٢٧.

وە دکتۆر محمد خیر هیکل ئەم بۆچوونەی ڕای یەکەمی هەڵوەشاندووەتەوەو ڕای دووەمی هەڵبژاردووە، وەك فەرموویەتی:

((لم يقُل أحدٌ بأن بلاد المسلمين تصبحُ في حكم المستولى عليها من قِبل الكفارِ، وإنَّ طريقة تحريرها في هذا الاحتلال هو: إعلانُ الجهاد بوصفهِ فرضَ عينٍ على كلِ مسلمٍ في تلك البلاد التي استولى على الحكم فيها رجلٌ يحكمُ بغيرِ ما أنزل اللهُ. بل إن الواقعَ هنا يختلفُ عن الواقع في البلاد التي وقعت تحت احتلالِ الأعداءِ المستعمرين، فالبلاد هنا في حال كفرِ الحاكم لاتزال بلاداً يملكها المسلمون، ويدافع المسلمون عنها ضد العُدوانِ الخارجي، وإنْ حصلتْ مخالفاتٌ في أخذِ غير المسلمين لبعض مناصب الحكم، فتلك تجاوزاتٌ لها حُكمها في الشرع على حسبها، ولكنها لا تنقل البلادَ من كونها بلاداً إسلاميةً مستقلةً إلى بلادٍ إسلاميةٍ محتلةٍ أو واقعةٍ تحت حكم الإستعمار. أما البلادُ التي احتلها الأعداءُ فلم تعُد بلاداً يملكوها المسلمون ـ بحسب الواقع ـ، ولم يعُد يدافعُ عنها المسلمون ضد العدوِ الخارجي. وإنما تُصبحُ ملكيتها ـ بحسب الواقع ـ لأولئك الأعداء المحتلين، وهم الذين يتولون الدفاعَ عن احتلالهم لها ضدَ غيرهم من المسلمين، فهنا يكون القتالُ ضدَ هؤلاءِ المحتلين قتالاً للكفارِ المستعمرين، وهو نوعٌ من الجهاد في سبيل الله.

وخُلاصةُ القولِ: إنَّ اعتبار البلاد الإسلامية اليوم محتلةً من قبل الأعداء بسبب أنَّ أصحاب السلطة فيها يحكمون بغيرِ ما أنزل اللهُ وبالتالي، فالجهاد واجبٌ على كلِ فردٍ مسلمٍ احتلَّ العدوُ أرضهُ، أقول: إنَّ اعتبار الوضع في البلاد الإسلامية على هذا النحو، هو وصفٌ غيرُ دقيقٍ للواقع))[٥٠].

ئایا جیهادکردن لە هیچ حاڵەتێکدا حەرام دەبێت ؟

جیهادکردن هەرچەندە لە بنەڕەتدا حوکمی واجبی هەیەو فەرزی کیفائیەیە، بەڵام بەگوێرەی گۆڕانی بارودۆخ و حاڵی موسوڵمانان حوکمی جیهادیش دەگۆڕێت لە حوکمە بنەڕەتییەکەیەوە، کە فەرزی کیفائیەیە بۆ حوکمی موناسیب و گونجاو لەگەڵ حاڵ و وەزعی موسوڵمانان. وە هەر حاڵەتەی حوکمی تایبەت بەخۆی دەبێت؛ بەنیسبەت تێکڕای موسوڵمانان بەگشتی، یاخود بەنیسبەت ئەندامە موجاهیدەکان بەتایبەتی. واتە هەر ئەندامێکی موجاهید کە لەو حاڵەتەدا بێت حوکمی حاڵەتەکە وەردەگرێت، خۆی بەتایبەتی، هەرچەندە بەنیسبەت باقی موسوڵمانانی تر جیهاد واجب بێت. کەواتە حوکمی جیهاد بەنیسبەت تاك و کۆمەڵی موسوڵمانان بەگوێرەی حاڵیان دەگۆڕێت لە **واجبەوە** بۆ جۆرەکانی تری حوکمی شەرعی کەئەمانەن:

١ـ (الاستحباب) تەنها خێرو سوننەت.

٢ـ (الإباحة) تەنها دروست و جائیز.

٣ـ (الكراهة) تەنها مەکروهەو نەکردنی چاکترەو خێرترە، بەڵام کردنیشی گوناه نییە.

٤ـ (الحرام) کە گوناهەو کردنی تاوانەو شایستەی سزادانە لەسەری.

وە ئەوەی کە لامان گرنگ بێت لەم چوار حوکمە، حاڵەتی چوارەمە کە جیهادو جەنگان تیایدا حەرام دەبێت سەبارەت بە تاکە کەس یاخود تێکڕای موسوڵمانان.

---

[٥٠] الجهاد والقتال في السياسة الشرعية (١/ ٣١١ـ ٣١٢).

وە زانایانی ئیسلام چەند حاڵەتێکیان باس کردووە کە جیهادکردن تیایاندا حەرامە:

حاڵەتی یەکەم: جیهادکردن حەرامە لەسەر کەسێك دایك و باوکی یان یەکێکیانی هەبێت و ڕازی نەبێت لەچوونی بۆ جیهاد، ئەگەر جیهادەکە فەرزی عەینی نەبێت لەسەری، چونکە گوێڕایەڵی دایك و باوك و چاکە کردن لەگەڵیاندا فەرزی عەینە لەسەر منداڵ.

کەواتە فەرزی دایك و باوك لە خۆڕازی کردن دەخرێتە پێش جیهاد کە فەرزی عەینی نەبێت لەسەر کوڕەکە، وە ئەگەر هاتوو ئەو کوڕە گوێی نەدا بەڕەزامەندی دایك و باوکی و، چوو بۆ جیهاد، ئەوا تاوانێکی زۆر گەورەی کردووەو، خێری جیهادەکەی بەرامبەر زویرکردنی دڵی دایك و باوکی ناوەستێتەوەو، بە گوناهبار حیسابە لەشەرعدا. وە پێویست وایە کوڕی موسوڵمان لەو حاڵەتەدا جیهادێك بکات کە بریتییە لەخزمەت کردنی دایك و باوکی و، ڕازی کردنی دڵی ئەوان، چونکە دڵخۆش کردنی دایك و باوکی و خزمەت کردنیشیان، هەر بە جیهاد حیسابە، وەك لە فەرموودەیەکدا[٥١] عبدالله ی کوڕی عمر (رضي الله عنهما) دەفەرموێت:

پیاوێك هات بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وە ڕوخسەتی جیهادکردنی لێ خواست.

پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: أحيٌّ والدك؟ واتە: ئایا دایك و باوکت زیندوون؟

ووتی: بەڵێ.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ففيهما فجاهد.

واتە: لە خزمەت ئەواندا جیهاد بکە، بە جیهادکردنی نەفسی خۆت بۆ ڕازی کردنی ئەوان.

کەواتە کەسێك کە باوکی موسوڵمانی، یان دایکی موسوڵمانی، ڕازی نەبن لەسەر چوونی بۆ جیهادی کیفائی، ئەوە بۆی نییە بچێت بۆ ئەو جیهادە، وە چوونی بۆ جیهاد حەرامە ئەگەر فەرزی عەینی نەبوو لەسەری.

وە زانایانی ئیسلام زۆربەیان لەسەر ئەم ڕایەن:

- **ئیمامی الصنعاني دەفەرموێت:**

((يحرمُ الجهادُ على الولد إذا منعه الأبوان أو أحدهما بشرطِ أن يكونا مسلمين، لأنَّ بِرَّهُما فرض عينٍ، والجهادُ فرضُ كفايةٍ، فإذا تعينَ الجهادُ فلا))[٥٢].

- **ئیمامی الشوكاني دەفەرموێت:**

((يجب استئذان الأبوين في الجهاد، وبذلك قال الجمهور. **وجزموا بتحريم** الجهاد إذا منع منه الأبوانِ أو أحدهما، لأنَّ بِرهما فرضُ عينٍ، والجهادُ فرضُ كفايةٍ، فإذا تعينَ الجهادُ لا إذنَ))[٥٣].

- **وە ئیمامی ابن قدامة دەفەرموێت:**

((إذا كان أبواه مؤمنين لم يجاهد تطوعاً إلا بإذنهما، روي نحو هذا عن عمر وعثمان وبه قال مالك والأوزاعي والثوري والشافعي وسائر أهل العلم))[٥٤].

---

[٥١] رواه البخاري في صحيحه.

[٥٢] سبل السلام (٤/ ٤٢).

[٥٣] نيل الأوطار (٧/ ٢٣١- ٢٣٣). وانظر (السيل الجرار) للشوكاني (٥١٧٤).

[٥٤] المغني (٨/ ٣٥٨).

❖ **وە ئیمامی ابن هبیرة دەفەرموێت:**

((واتفقوا على أن مَن لم يتعين عليه الجهادُ فإنهُ لا يخرجُ إلا بإذنِ أبويهِ إذا كانا حيَّينِ مسلمينِ...))[٥٥].

❖ **وە ئیمام ابن رشد فەرموویەتی:**

((وعامةُ العلماءِ متفقون على أنَّ من شرطِ هذه الفريضة، إذن الأبوين فيها، إلا أن تكون فرض عين عليه، مثل أن لا يكون هناك من يقوم بهذا الفرض إلا بقيام الجميع به))[٥٦].

❖ **وە لە (مغني المحتاج شرح المنهاج)دا هاتووە:**

((ويحرمُ على رجلٍ جهادٌ بسفرٍ، وغيرِه، إلا بإذن أبويهِ))(١٧/٤).

وە دوای ئەوەی ڕای زانایانیش زانرا لەم بارەیەوە، لەوانەیە ڕەخنەگرێك ڕەخنە بگرێت و بڵێت: کەوابوو کەس ناچێت بۆ جیهاد چونکە دایك و باوکی ئەم سەردەمە ئەوەندە لە دین شارەزا نین و خۆشەویستیان نییە بۆی بە ئەندازەیەکی وا کەڕێگە بە کوڕەکانیان بدەن بۆ جیهاد. وە زۆربەی دایکان و باوکان سەلامەتی کوڕەکانیان بەلاوە گرنگترە لەسەرخستنی ئیسلام بە جیهادکردن!

لە وەڵامی ئەم شوبهەیە دەڵێین:

١ـ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) واجبی کردووە ئیزنی دایك و باوك وەربگیرێت، کەواتە بە بەڵگەی عەقڵی ناتوانرێت فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕەت بکرێتەوە. ئەمە لەلایەك.

٢ـ وە لەلایەکی تریشەوە، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەم ئیزن وەرگرتنەی واجب کرد، عەرەبە دەشتەکییەکان (الأعراب)ی سەردەمی خۆی زۆر لە دایکان و باوکانی ئەم سەردەمە دڵ ڕەقترو بێ ئاگاتر بوون لە دین و سنورەکانی خوا، وەك پەروەردگار دەفەرموێت:﴿ ٱلۡأَعۡرَابُ أَشَدُّ كُفۡرٗا وَنِفَاقٗا وَأَجۡدَرُ أَلَّا يَعۡلَمُواْ حُدُودَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ ﴾ (التوبة: ٩٧).

وە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەیزانی ئەم دەشتەکییانە ڕێگە نادەن بە کوڕەکانیان بۆ جیهاد، بەڵام ئیزن وەرگرتنی هەر واجب کرد، چونکە گوێڕایەڵی دایك و باوك دڵ ڕاگرتنیان فەرزی عەینەو دەخرێتە پێش جیهادکردنەوە.

٣ـ وە لەلایەکی تریشەوە دەڵێین: لاوازی ئەمڕۆی موسوڵمانان لە کەمییانەوە نییە، چونکە سوپاس بۆ خوا کەسانی حەز لە جیهاد زۆرن لە ڕیزی گەنجان، وە بگرە پیرانیش، وە زۆر لە دایکان و باوکان ڕازین بەچوونی کوڕەکانیان بۆ جیهاد. بەڵام لەگەڵ زۆریی موسوڵمانانیش هەر لاوازین بەهۆی:

أـ پشت نەبەستنمان بەخوا.

ب ـ وە ئیعتیماد خستنە سەر دوژمنانی خوا.

ج ـ بەهۆی پشت گوێ خستنی سوننەتی پێشەوا.

---

[٥٥] الإفصاح (٢/ ٢٧٣).

[٥٦] بداية المجتهد (٢/ ٣٦٨).

د- وە بەهۆی پارچە چارچەیەتی موسوڵمانان و حیزب حیزبێنەو مەزهەب مەزهەبێنەیان و بەیەکترەوە خەریك بوونیان و خەڵك لەخۆ ڕازی کردن و بۆ ناو حیزب کێش کردن لەسەر حیسابی تەوحیدو سوننەت.

هـ - وە بەهۆی لە خوانەترسان و تەقوای خوا نەکردن.

و- وە بەهۆی خۆش ویستنی ژیانی دونیاو ڕق بوونەوە لە مردن. وە... وە...

٤- وە چارەی ڕێگە نەدانی دایکان و باوکان بە جیهادکردنی کوڕەکانیان، بەوە نابێت کە پێچەوانەی فەرمانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەین، وە بێ شەرمانە بڵێین ئیزن لێ وەرگرتنیان واجب نی یە!

بەڵکو چارە بەوە دەبێت کە زانایان و بانگەوازکاران و کوڕان ئامۆژگاری دایکان و باوکان بکەن بۆ ڕێدانیان بە جیهادکردنی کوڕەکانیان، وە گەورەیی جیهادیان بۆ ڕوون بکرێتەوە، کە چەندە فەزڵ و خێری هەیە بۆ دایکان و باوکانیش لای پەروەردگار. وە ئەگەر هەموو وەسیلەیەکی شەرعیمان بەکارهێنا بۆ ئامۆژگاری کردنی دایکان و باوکان، ئەوکاتە إن شاء الله ئەوانیش دەبنە هاندەری کوڕەکانیان بۆ جیهاد کردن بە پشتیوانی خوا.

خوا یارمەتیدەرمان بێت بۆ جیهاد کردنێکی شەرعی بەسوود لەپێناوی خۆی. آمین

حاڵەتی دووەم: وە هەروەها جیهادکردن حەرام دەبێت لەسەر موسوڵمانان ئەگەر سەر بکێشێ بۆ زەرەر گەیاندن بە موسوڵمانان، واتە زەرەری زیاتر ئێت لەقازانج.

(ویحرم القتال على المسلمين حين يؤدي إلى ضررٍ يلحقُ بهم)

دینی ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە سوودو قازانج و خێرو خۆشی و بەختەوەری و سەربەرزی بە موسوڵمانان ببەخشێت و بۆیان بهێنێت. وە زەرەرو زەلیلی و سەرشۆڕی و ناخۆشیان لەسەر لابەرێت. وە جیهادیش، کە واجبێکی ئەم دینە پیرۆزەیە هەر بۆ ئەم مەبەستەی پێشوو دانراوە. واتە بۆ ئەوەی خێرو خۆشی و سەربەرزی تووشی موسوڵمانان بێت و، لە ئەمن و ئاسایشدا بژین و، بە سەربەرزی خوا بپەرستن، وە لە زەلیلی و چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی کافرو موشریکان ڕزگاریان بێت و کوفرو شیرك نەمێنێت.

بەڵام ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکدا یان لە زروفێکدا جەنگان و جیهادکردن ئەو مەبەستەی پێ نەهاتەجێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەسەر موسوڵماناندا شکایەوە، واتە جیهادکردن بوو بەمایەی زەرەرو لەناوچوونی موسوڵمانان و زاڵ بوونی دوژمنان. لەو حاڵەتەدا جیهادکردن دروست نییەو حوکمەکەی دەگۆڕێت لە واجبەوە بۆ حەرام، واتە حەرام دەبێت لەسەر موسوڵمان جیهادو جەنگانی دوژمنانی ئیسلام بکەن لەو زروفەدا، چونکە پەروەردگار حەرامی کردووە لەسەرمان خۆمان تووشی بەهیلاك چوون بکەین و ببینە مایەی زەرەر لێکەوتن:

وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾ (البقرة: ١٩٥).

وە لە حەدیسێکیشدا هاتووە کە ماناکەی ڕاستە: (لا ضرر ولا ضِرار)[٥٧].

وە قاعیدەی شەرعیش دەفەرموێت: ((درء المضارِ مقدَّمٌ على جلبِ المنافِع))، واتە: دوورخستنەوەی زەرەر لەپێشترە لە هێنانی قازانج. کەواتە ئەگەر قازانج و زەرەرێك بەرامبەر بوون، ئەوا بۆ ئەوەی زەرەرەکەت تووش نەبێت، واز لە قازانجەکەش

[٥٧] رواه ابن ماجة والدار قطني مسنداً، ومالك مرسلاً، حسنهُ النووي بطرقهِ، وضعفَهُ غيره.

دەهێنیت. بەهەمان شێوەش جیهاد بۆیە دەکرێت، تا قازانج و سەربەرزی بۆ موسوڵمانان بێت، بەڵام ئەگەر ئەم جیهادە بووە هۆی تووش هاتنی زەرەرێکی زۆر لە موسوڵمانان، ئەوا بۆ خاتری دوورکەوتنەوە لەم زەرەرە، وازدەهێنرێت لەو قازانجەش کە هەوڵی بۆ دەدرێت.

کەواتە ئەگەر موسوڵمانان وا گومانیان برد ـ بەهۆی چەند نیشانەو بەڵگەیەکەوە ـ کە لەو جیهادەیان دەدۆڕێن و تووشی زەرەر دەبن و دوژمن سەردەکەوێت، ئەوە دروست نییە بچن بۆ ئەم جیهادە، وە ئەگەر تووشیش هاتبوون و وادیاربوو کە بەخۆڕاگری (الثبات) و جەنگان هەر دەدۆڕێن و، دوژمن زاڵ دەبێت، ئەوا باشتر وایە ڕابکەن و فیرار بکەن و، خۆیان ڕزگار بکەن لەم زەرەرە گەورەیە. وە لەو حاڵەتەدا فیرار کردنیان بە تاوان بۆ نانووسرێت ئەگەر هاتوو ژمارەی دوژمن دووقات زیاتر بوو، یان دوژمن جۆرە چەکی وای پێبوو، کە بەرەنگاری نەکرێت بە هیچ شێوەیەك. وە ئەم خۆ ڕزگارکردنەی موسوڵمانان بە (التَوَّلي يومَ الزَّحفِ) دانانرێت و، گوناهیان ناگاتێ، بەڵکو لەسەریانە خۆیان ڕزگار بکەن ئەمجارە، بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان ئامادە بکەن بە چەك و پێداویستی پتەوو ژمارەی زیاتر لە موجاهیدان، بۆ ئەوەی بتوانن بەرەنگاری هێزی دوژمن ببنەوەو بەرپەرچی بدەنەوەو لەناوی بەرن ـ إنشاء الله ـ.

وە کاتێك ڕاکردن حەرامە لە جەنگ کە دوژمنانی ئیسلام دوو ئەوەندەی موسوڵمانان زیاتر نەبن.

کەواتە ئەگەر ڕاکردن لە شەڕو، فیرارکردن لە جەنگ دروست بێت لە حاڵەتی لاوازی و بێ هێزی موسوڵمانان؛ جا بەهۆی کەمی ژمارەیان بێت کە لەنیوەی دوژمن کەمتر بێت، یان بەهۆی نەتوانیی بەرەنگاری کردنی چەکی سەختی دوژمن بێت. دەڵێم کە لەکاتی جەنگاندا دروست بێت موسوڵمانان فیرار بکەن لە حاڵەتی لاوازیاندا؛ کەواتە پێش چوونە ناو جەنگ و بەرامبەر بوونەوە لەگەڵ دوژمن دروست ترەو، هەروەها پێویستیشە موسوڵمانان بەرەو جەنگ نەچن، کە بزانن تیایدا زەرەرێکی زۆر دەکەن، بێ ئەوەی زاڵ بن بەسەر دوژمندا.

وە کە بوترێت گەر سەرکەوتنیش بەدەست نەهێنین، شەهادەت بەدەست دێنین!

دەڵێین جیهاد بۆ لە ناوچوونی موسوڵمانان دانەنراوە، بەڵکو بۆ ئەوە دانراوە کە شیرك و موشریکان نەهێڵدرێن و، بەندایەتی تەنها بۆ خوا بێت: ﴿ وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ ﴾.

وە لەم بارەیەشەوە ڕای زانایان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

❖ **ئیمامی الشوكاني فەرموویەتی:**

((إذا علموا (أي المسلمون) بالقرائن القوية أن الكفار غالبون لهم، مُستظهرون عليهم فعليهم أن يتنكبوا عن قتالهم، ويستكثروا من المجاهدين، ويستصرخوا أهل الإسلامِ. وقد استدلَ على ذلك بقولهِ عزوجل: ﴿ وَلَا تُلۡقُواْ بِأَيۡدِيكُمۡ إِلَى ٱلتَّهۡلُكَةِ ﴾ وهي تقتضي ذلك بعموم لفظها، وإن كان السبب خاصاً، فإن سبب نزولها أنَّ الأنصار لما قاموا على زرائعهم، وإصلاح أموالهم، وتركوا الجهاد، أنزل الله في شأنهم هذه الآية، كما أخرجه أبو داود والنسائي والترمذي، وصححه، والحاكم أيضاً. وقد تقرر في الأصول أن الاعتبار بعموم اللفظ لا بخصوص السبب. ومعلومٌ أنَّ من أقدم وهو يرى أنهُ مقتول أو مأسورٌ، أو مغلوبٌ فقد ألقى بيده إلى التهلكة))[٥٨].

---

[٥٨] السيل الجرار: (٤/ ٥٢٩).

❖ **ئیمام ابن جُزي فەرموویەتی:**

((وإن علم المسلمون أنهم مقتولون فالانصراف أولى، وإن علموا مع ذلك، أنهم لا تأثير لهم في نكاية العدو وجب الفرار. قال أبو المعالي: لا خلاف في ذلك))[٥٩].

❖ **وە لە (مغني المحتاج)دا الخطيب الشربيني فەرموویەتی:**

((إذا زادت الكفار على الضعفِ (أي ضعف قوة المسلمين) ورُجيَ الظَفَرَ بأن ظنناه إن ثبتنا استُجب لنا الثباتُ. وإن غلب على ظننا الهلاكُ بلا نكايةٍ، وجب علينا الفرارُ؛ لقوله تعالى:﴿وَلَا تُلْقُوا۟ بِأَيْدِيكُمْ إِلَى ٱلتَّهْلُكَةِ﴾. أو بنكايةٍ فيهم استحب الفرار))[٦٠].

وە ئەگەر هەندێ لە دڵسۆزە ساویلکەکان بڵێن: ئەی چی بکەین؟ هەر لە ماڵەوە دابنیشین و دوژمنانیش بمانچەوسێننەوە؟!

لە وەڵامدا دەڵێین: چاك بزانە کە دانیشتن لەکاتی فیتنەدا، سەلامەت ترە بۆ دینەکەت، لە هەڵپە هەڵپ و هەڵچوون و پەلاماردان، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆ کاتی فیتنە فەرموویەتی: (القاعد فيها خير من القائم، والقائم فيها خير من الماشي، والماشي فيها خير من الساعي). وە کە قسەی خێرت پێ نەبوو؛ ئەوە پێویستە بێ دەنگ بیت (فليقُل خيراً أو يصمُت)، وە ئەمەت باشترە لە قسەکردنی خراپ.

وە بازرگانی لێزان و دانا ئەو کەسەیە کە ئەگەر بزانێت لە بازرگانییەکدا قازانج ناکات ئەوە ئەو کڕین و فرۆشتنە ناکات، چ جای ئەوەی بزانێت سەرەڕای قازانج نەکردن، زەرەریش دەکات! کەوابوو تۆش ئەگەر نەتوانیت دینی خوا سەربخەیت، هەر بەمە بوەستیت چاکترە لەوەی ببیتە هۆی زەلیلیشی.

وە برای دڵسۆز بشزانە کە ئەوانەی بەناوی جیهاد فیتنە نانێنەوە، وە نەبێت حەز بەجیهادی شەرعی نەکەن، یاخود لە ماڵەوە دانیشتوون ـ وەکو تۆ بانگەشەیان بۆ دەکەیت ـ وە هیچ خزمەتێکی ئیسلام ناکەن. تۆ وادەزانیت هەرکەسێك لایەنگری حیزبەکەی تۆ نەبێت ، ئەوە لە کۆمەڵی خزمەتکارو موجاهیدان دەرچووە! چونکە تەنها کارەکەی خۆت بە جیهاد دادەنێیت. لە کۆتاییدا داواکارم بۆ بازاڕ گەرم کردنی پیشەکەی خۆت، موسوڵمانان تووشی فیتنەو زەلیلی زیاتر نەکەیت.

---

[٥٩] القوانين الشرعية: ص ١٦٥.

[٦٠] مغني المحتاج: (٤/ ٢٢٦).

بەشی هەشتەم

- هۆکارەکانی زەلیل بوونی موسوڵمانان
- سەرکەوتنی موسوڵمانان

١- جۆرەکانی سەرکەوتن .

کۆمەڵەی سەرکەوتوو –الطائفة المنصورة-

٢- هۆکار و مەرجەکانی سەرکەوتن

٣- هۆکارەکانی دواکەوتنی سەرکەوتن .

هۆکارەکانی زەلیل بوونی موسوڵمانان

❖ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی:

(إذا تبايعتم بالعينة، وأخذتم بأذناب البقر ورضيتم بالزرع، وتركتم الجهاد في سبيل الله: سلط الله عليكم ذُلاًّ لا ينزعه حتى ترجعوا إلى دينكم)[1].

واتە:

١ـ (ڕییا لە بەرگی کڕین و فرۆشتندا)
ئەگەر کڕین و فرۆشتنی فێڵاوی و ڕییا (سوو)
لە ناوتان بڵاوبووەوە.
٢ـ وە دەستان گرت بە کلکی چێڵ.
(واتە مەشغوڵ بوون بە ئاژەڵداری)
٣ـ وە ڕازی بوون بە زەراعەت و کێڵگە.

واتە مەشغوڵ بوون بەدونیا وە زیادەڕەویتان تیادا کرد.

٤ـ وە وازتان هێنا لە جیهادکردن لە پێناوی خوا.

ئەوە خوای پەروەردگار زەلیلیییەکتان بەسەردا زاڵ دەکات لە ئاکامی ئەم گوناهانە. وە ئەو زەلیلیییەتان لەسەر لانابات تەنها بەیەك ڕێگا نەبێت، کە بریتییە لە گەڕانەوەتان بۆ دینەکەتان.

گەڕانەوەیەکی تەواوو دروست لە هەموو بوارەکانی دینەکەتاندا، سەرەتا لە بواری تەنها خواپەرستی و بیروباوەڕدا، تا دەگات بە بواری عیبادەت و مامەڵەو کڕین و فرۆشتن و ڕەوشت و هەڵس و کەوتتان. وە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەست هەڵگرن لەبێ شەرعی و گوناه و تاوان، وە پابەندبن بە ڕەزابوونی پەروەردگار. واتە هەموو قەدەغەکراوەکان (المحرمات والمنهيات) واز لێ بهێنن و گشت واجب و ئەرکەکانیشی بەجێ بگەیەنن بەگوێرەی توانا. ئا بەم شێوەیە وە ئەو کاتە پەروەردگارتان زەلیلیتان لەسەر لادەدات و عیززەت و کەرامەت و سەربەرزیتان پێ دەبەخشێت و سەرتان دەخات بەسەر دوژمنانی خوا.

وەك پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا يَعْبُدُونَنِي لَا يُشْرِكُونَ بِي شَيْـًٔا وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾ (النور: ٥٥).

کەواتە هەر یەکێك لە ئێمە با خۆی بپشکنێت و بزانێت تا چ ئەندازەیەك لە دین دوور کەوتووەتەوەو ڕۆچووە لە دونیادا.

وە تا چ ڕادەیەك هۆکارەکانی زەلیل بوونی تێدایەو، هەستیش بەخۆی ناکات، وە واش دەزانێت سەرخەری دینی خوایە.

﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُواْ عَن كَثِيرٍ ﴾ (الشورى: ٣٠) .

﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتْكُم مُّصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُم مِّثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّىٰ هَٰذَا ۖ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أَنفُسِكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ (آل عمران: ١٦٥)

---

[1] سلسلة الأحاديث الصحيحة: رقم: ١١.

تێبینی: زانیمان که دوورکەوتنەوە له دین بەگشتی و له جیهادیش بەتایبەتی هۆی سەرەکی زەلیلی و لاوازیيە.

وە گەڕانەوەش بۆ دین هۆی ڕزگاری و سەرفرازیيە.

بەڵام نابێت وا تێبگەین کە گەڕانەوەکە دەبێت لە لووتکەوە دەست پێ بکەین و لە جیهادی چەکداریيەوە دەست بەکاربین.

چونکە گەیشتن بەم لووتکە بەرزە بڕینی چەندەها پلەو قۆناغی پێویستە.

وە ئەم ئەرکە پیرۆزە ساڵەهای ساڵە ئیهمال کراوەو پشت گوێ خراوە، لەبەرئەوە ناتوانرێت بەم کتوپڕیيە بهێنرێتە کایەوە.

وە دوژمنانی دین چەندەها وەسیلەیان خستووەتە کار بۆ مراندنی ڕوحی جیهاد لە دڵی موسوڵماناندا، وەک:

١ـ بلاوکردنەوەو تەشجیع کردنی مەزهەب و ڕێچکەی دوور لە ئیسلام بەناوی ئیسلام، کە تیایاندا جیهاد ناوەڕۆك و حەقیقەتی نەهێڵراوە.

٢ـ وە ناکۆکی و تەفرەقەو فرە حیزبێتی خراوەتە ناو موسوڵمانان بۆ لاواز کردنیان و نەتوانینی هەڵسانیان بەئەرکی جیهاد.

٣ـ بلاوکردنەوەی فەسادو بەرەڵایی و بەدڕەوشتی بۆ بەستنەوەی گەنجان بەداوی شەهوەت و ئارەزوو بازی و بیرنەکردنەوەیان لە ئەرکی پارێزگاری کردن لە دین و جیهادکردن لەپێناوی خوا.

٤ـ مەشغوڵ کردنی موسوڵمانان بە جۆرەها یاری و فلیم و کەناڵ و گۆڤارو ڕۆژنامەو مۆدێلات و... بەشێوەیەکی وەها کە نەپەرژێنە سەر بیرکردنەوە لە حاڵی خۆیان و موسوڵمانان!

٥ـ ڕەواجدان بە دینی خورافەت و بیدعەکاری بۆ داپۆشینی جوانی ئیسلام.

کەواتە ڕاستکردنەوەی بیروباوەڕو تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی ئەو ئومەتە، وە دوای ئەوە پەروەردە کردنیشیان لەسەر دینە دێرینەکەی ئیسلام، پێویستیيەکی گرنگە بۆ ئەوەی خەڵکی بگەنە ئەو ئاستەی کە هەست بە واجبی جیهاد بکەن لەپێناوی خواو دیفاع بکەن لە دینەکەی خواو موسوڵمانان.

بەڵام پێش ئەو ڕاستکردنەوەو پەروەردەکردنە (التصفية والتربية)، هەستان بە جیهاد بەدەست مومکین نییە، وە هەر هەوڵێکیش بەو ناوە بدرێت سەرکەوتوو نابێت و زەرەری زیاتر دەبێت لە قازانج، وەك بە تەجروبەش سەلمێندراوە لە زۆرێك لە وولاتاندا ـ والله أعلم ـ.

٥ـ ناکۆکی و دووبەرەکی لەگەڵ یەکتری.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴾ (الأنفال: ٤٦).

واتە: گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) بکەن و ناکۆك مەبن لەگەڵ یەکتری، ئەگینا دەدۆڕێن و خێرو بێرو هێزو دەسەڵات و دەوڵەتتان لە دەست دەچێت. کەواتە هۆیەکی سەرەکی زەلیلی و لاوازی موسوڵمانان بریتییە لە: **ناکۆکی و دووبەرەکی لەگەڵ یەکتری**. وە گومانیشی تێدا نییە کە هۆی سەرەکی ناکۆکی بریتییە لە نەگەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت لە هەموو بوارەکانی دیندا. وە حوکم کردنە بە هەواو ئارەزووەکانی نەفس و بۆچوونەکانی عەقڵ و ڕازی بوونی هەرکەسە بەڕای خۆی.

وە فرە حیزبییەتیش گەورەترین هۆکاری ناکۆکی و دووبەرەکی یە، کە ئەمیش هۆکارێکی گەورەی زەلیلی موسوڵمانانە.

کەواتە پێویستە حوکم بەو ئایەتە قورئانییە بکەین نەك بەڕاو بۆچوونی جیا لێی.

وە تێگەیشتین لە ئایەتەکە کە حیزبایەتی، زەلیلی و نەهامەتی و فەشەل تووشی موسوڵمانان دەکات. نەك بە پێچەوانەوە کە حیزبیەکان دەڵێن بۆیە حیزبایەتی دەکەین تاوەکو زەلیلی لەسەر موسوڵمانان لابدەین.

بەڕاستی سەیرە دەیانەوێت لە شوێنی دەرمان بەدەرد عیلاج بکەن و سەرەو بن و بەپێچەوانەوە لێی حاڵی بوون و واش دەزانن کە لەسەر حەقن لەو بۆچوونەیان!

وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا ئیشارەتی بەوە کردووە کە خیلاف و ناکۆکی نەخۆشییەو چارەسەرەکەشی تەنها وازهێنانە لە خیلاف، بە گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازی سەلەف، واتە ئەو ڕێبازەی کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی لەسەربووە. وە بەخۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لە گشت بیروڕاو ڕێچکە داهێنراوەکان:

(فإنه من يعيش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين.. وإياكم ومحدثات الأمور...)، أخرجه الترمذي (حديث حسن).

٦ـ موخالەفەکردنی سوننەت و فەرمانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم):

وە پێچەوانەی سوننەت و سەرپێچی کردنی فەرمانی ئەویش دەبێتە هۆی زەلیلی و سەرشۆڕی و سزای دونیاو قیامەت:

﴿ فَلْيَحْذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾[٢].

واتە: با ئەوانەی کە سەرپێچی دەکەن لە فەرمانەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وریابن لەوەی فیتنەو گومڕایی و لە دین دەرچوونیان تووش بێت، یا سزایەکی بە ئێش و ئازار.

وە بێگومان موخالەفەی سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هۆی بە هیلاك چوونی گەلانی پێش ئێمە بووە، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (فإنما أهلك الذين مِن قبلكم كثرةُ مسائلهم واختلافُهم على أنبيائهم)[٣].

واتە: ئەوەی کە ئەوانەی پێش ئێوەی بەهیلاك برد، تەنها موخالەفە کردنی پێغەمبەرانیان بوو.

وە سەبارەت بەم ئومەتەش فەرموویەتی (صلى الله عليه وسلم): (وجُعل الذّلة والصَغار على من خالف أمري)[٤].

واتە: خوای پەروەردگار زەلیلی و ڕیسوایی و سەرشۆڕی لەسەر ئەو کەسانە داناوە کە سەرپێچی فەرمانی من دەکەن.

بڕوانن تەنها یەك موخالەفەی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەجەنگی (ئوحود)دا بوو بەهۆی شکانی موسوڵمانان و بریندار کردنی پێغەمبەری خۆشەویستی خوا (صلى الله عليه وسلم). ئەی کەواتە ئێمە بەو هەموو بیدعەو تاوان و پشت گوێ خستنی سوننەتی پێشەوامان دەمانەوێت خوا سەرمان بخات بەسەر دوژمنانی ئیسلامدا ؟!

٧ـ پەلەکردن (العجلة): ﴿من تعجَّلَ شيئاً قبل أوانهِ عُوقِبَ بحرمانهِ﴾

هەرکەسێک پەلە لە شتێک بکات پێش ئەوەی کاتی خۆی بێت، عقوبەکەی ئەوەیە کە لەدەستی دەچێت، وە هەندێ جار لە سەریشی قەرزدار دەبێتەوەو قازانج سەری مایە دەخوات.

---

[٢] النور: من الآية ٦٣.

[٣] حديث صحيح أخرجه مسلم: ١٣٣٧.

[٤] أخرجه أحمد وصححه ابن رجب.

له گەورەترین هۆکارەکانی تێکشکانی موسوڵمانان و تووش بوونی بەڵاو فیتنەو زەلیلی بریتییە له پەلەکردن له شتێك كه كاتی نەهاتبێت، بۆیە دەبیستین لەزۆربەی گەنجە دڵسۆزو به پەرۆشەکان چەندان پرسیار دەکەن که پەلەکردنی پێوە دیارە، بۆ نموونه دەڵێن:

تا کەی موسوڵمانان لەو حاڵەته زەلیلی و ژێر دەستەیییەدا بمێننەوە؟!

تا کەی ئیسلام دوور بێت له حوکمڕانی؟!

تا کەی زاڵم و ستەمکارو دوژمنانی دین، موسوڵمانان بچەوسێننەوەو قەدەغەی دەعوەی ئیسلامی بکەن؟!

بۆچی دوژمنانی دین و بێ باوەڕان تێکۆشەربن لەسەر ناحەق، بەڵام ئێمەی موسوڵمانی خاوەن حەق تەنازول بکەین له حەق؟

وە لەم جۆرە پرسیارانە زۆر دەکرێن لەلایەن کەسانێك که عیززەت و سەربەرزییان بۆ ئیسلام مەبەستە، بەڵام وەسیلەی شەرعی گەیشتن بەم عیززەتەیان وون کردووە، که سەبرو دان بەخۆداگرتن و بانگەوازی بەردەوامە بۆ تەوحیدو ئیمان و عەمەلی صالح، وەك پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (وإن النصر مع الصبر، وإن الفرجَ مع الكرب).

واتە: سەرکەوتن لەگەڵ سەبرگرتنەو ڕزگاری و دەربازبوون لەگەڵ ناڕەحەتی و تەنگانەیدایە.

وە وەسیلەیەك دەگرنە دەست بەو هیوایەی که بیانگەیەنێت بە مەبەست، بەڵام خودی ئەم وەسیلەیە مانع و ڕێگرە له گەیشتن پێی و یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی دەسەلاتی دەسەلاتداران.

وە ئەم وەسیلەیەشیان پەلەکردن و دان بەخۆدا نەگرتنەو جێ بەجێ نەکردنی ئەرکی سەرشانە لەم قۆناغەمانداو بەرز ڕوانینە بۆ شتێك که قۆناغی نەهاتووەو، وە پێگەیشتنیش پێی بەستراوەتەوە بە ئەنجامدان و هەڵسان بە ئەرکی قۆناغی پێش خۆی:

((عدم قصر النظر على الحالة الحاضرة التي نحن فيها والتطلع والتشوّف إلى أمرٍ نحن دونه الآن، مترتبٌ على الحال التي نصل إليها، ومبنيٌ على المرتبة التي سنقف عليها)).

زانای پایەبەرزو موفەسیری قورئانی پیرۆز (شيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي) له کتێبی (القواعد الحسان لفهم القرآن) ص ١٣٦ـ ١٣٨ دەفەرموێت: ((وهذه القاعدة الجليلة دعا إليها القرآن في آياتٍ عديدة، وهي من أعظم ما يدل على حكمة الله، ومن أعظم ما يرقى العالمين إلى كل خيرٍ ديني ودنيوي:

فإن العامل إذا اشتغل بعملِهِ الذي هو وظيفةُ وقتهِ، قَصَرَ فكره وظاهرهُ وباطنهُ عليهِ: فينجحَ ويتمَ لهُ الأمرُ بحسبِ حالهِ.

وإن تشوَقت نفسهُ إلى أعمالٍ أخرى لم يحِن وقتها بعد شغِل بها ثم استبعد حصولها، ففترت عزيمتهُ، وانحلَّت همَّتهُ، وصار نظرهُ إلى الأعمال الأخرى كليلاً ينقصُ من إتقان عملهِ الحاضر وجمع الهمة عليه.

ثم إذا جاءت وظيفةُ العمل الآخر، جاءهُ وقد ضعُفت همتهُ وقلَّ نشاطهُ.

وربما كان الثاني متوقَّفا على الأوَّل في حصولهِ أو تكميلهِ، فيفوتُ الأولُ والثاني، بخلاف من جمع قلبهُ وقالبهُ على كلِ عملٍ في وقتهِ، فإنهُ إذا جاء العملُ الثاني يأتيهِ مُستعداً لهُ بقوةٍ ونشاطٍ جديدين حصلها من نشاطهِ وقوتهِ في الأول، فيتلقاهُ بشوقٍ وعزيمةٍ فيفلح فيهِ وينجح، وهكذا هو أبداً متجدّدُ القوى.

ومن هذا قولهُ تعالى مُصرَّحاً بهذا المعنى في سورة النساء: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ﴾ فانظر كيف حالُهم في الأولى وأمنيتُهم وهم مأمورون بكفِ الأيدي، فلما لم يقبلوا موعظةَ الله، ضعُفوا، فلما جاءهم العملُ الثاني ضعفوا عنه كلَ الضعفِ.

ونَظير هذا... ونظيرهُ...

فاللهُ أرشد العبادَ أن يكونوا أبناءَ وقتهم، وأن يقوموا بالعملِ الحاضرِ و وظيفتهِ، ثم إذا جاء العملُ الآخر صار وظيفة ذلك الوقت فاجتمعتِ الهِمةُ والعزيمةُ الصادقةُ عليهِ. وصار القيامُ بالعملِ الأولِ معيناً على الثاني.

وهذا المعنى في القرآن كثيرٌ)).

واته ئەم قاعیدە مەزنە لە زۆر ئایەتدا قورئانی پیرۆز بانگەوازی بۆ لا کردووە، وە ئەم قاعیدەیەش لە گەورەترین ئەو بەڵگانەیە کە حیکمەت و دانایی خوا نیشان دەدات. وە لە گەورەترین ئەو وەسیلانەیە کە جیهان بەرەو هەموو خێرێکی دینی و دونیایی دەبات، ئەگەر بێت و خەڵکلی لە جیهاندا بەپێی ئەم قاعیدەیە بڕۆن.

چونکە کارمەند (عامل، کارکەر) ئەگەر خۆی خەریك کرد بەو ئیش و کارەی کە پیشەو ئەرکی ئەو کاتەیەتی ئەوا فیکرو هۆش و توانای دەرەکی و ناوەکی خۆی دەخاتە سەر ئەم کارەو یەکلادەبێتەوە بۆی، بۆیە بە چاکی و تەواوی و ووردی ئەنجامی دەدات بەگوێرەی لێهاتوویی حاڵی خۆی.

بەڵام ئەگەر نەفسی ئارەزووی کارێکی تری کرد کە کاتی نەهاتبێت تا ئێستا، ئەوا بەوە مەشغوڵ دەبێت و پێوەی هیلاك و ماندوو دەبێت و بە ئەنجامیش ناگات تیایداو سەرکەوتوو نابێت لێی، چونکە کاری قۆناغی ئێستای نەبووەو کاتی نەهاتووە. وە لە دواییشدا بێ هیواو ئومێد دەبێت و هیمەت و عەزیمەت و هەڵمەتی دەپوکێتەوەو دادەمرکێتەوەو ناشتوانێت لەمەودوا بگەڕێتەوە سەر ئەو کارانەش کە کاتیان بوو و ئەرکی سەرشانی بوون، چونکە بێ توانا بووەو تاقەتی نەماوە، وە ئەگەر هەوڵی ئەنجامدانیشیان بدات زۆر بەتێرو تەسەلی و ووردی نابێت.

وە ئەگەر کاتی کاری دووەمیش هات (ئەو کارەی کە پێشتر کاتی نەهاتبوو خۆی پێ خەریك کردبوو وە تیاشیدا سەرکەوتوو نەبوو) دیسان ناتوانێت بە گەرم و گوڕی و چاکی هەڵسێت بە ئەنجامدانی، چونکە تووشی شەکەتی و بێزاری (مەلەل) و ماندووبوون و دابەزین بووە.

وە جاری واش دەبێت کە کاری دووەم دەبەسترێتەوە بە کاری یەکەم و لەسەر ئەو ڕادەوەستێت، واتە تاوەکو یەکەم ئەنجام نەدرێت دووەمیشس ئەنجام نادرێت یاخود تەواو نابێت، جا چونکە کاری یەکەمیشی بە چاکی ئەنجام نەداوە ئەوا دووەمیشی پێ ئەنجام نادرێت وەك پێویست، بەم شێوەیە هەردووکیانی لە دەست دەچێت.

بەڵام کەسێك کە بیرو هۆش و توانای کۆکردەوە لەسەر ئەرکی سەرشانی، هەرکارێك لە کاتی خۆیدا، ئەوا ئەو کەسە ئەرکی یەکەم بە چاکی ئەنجام دەدات چونکە فیکرو توانای پەرتەوازەو بلاو نەبووە لەو کاتەدا بۆ کاری کاتێکی تر، بۆیە ئامادەیی تەواویشی دەبێت بۆ ئەنجامدانی کاری دووەمیش و چاوەڕێ دەکات بە چالاکی و تواناو ئارەزوویەکی تەواوو تازەوە.

هەروەك چۆن قوتابی پۆلی یەکەم کە بەتەنها هەوڵی دەرسەکانی قۆناغی یەکەمی بدات، تیایدا سەرکەوتوو دەبێت. وە کە نەتیجە سەرکەوتووەکەی قۆناغی یەکی بەدەست هێنا، چاوەڕوانییەکی گەرمی قۆناغی دووەم دەکات و بە چالاکییەکی تازەوە پێشوازی لێ دەکات. بەڵام ئەگەر لە پۆلی یەکەم بەرز بڕوانێت و فیکرو توانای خۆی خەریك بکات بە وانەکانی پۆلی دووەم (کە کاتی نەهاتووەو ئێستاش لە توانای ئەودا نییەو بەستراویشەتەوە بە تەواوکردنی یەکەم)، ئەو قوتابییە بیربلاوە کە بەرز دەڕوانێت ئێستا سەرکەوتوو بێت لە قۆناغی دووەم وە چونکە ئاگایشی لە یەکەم نەماوە، بۆیە لە قۆناغی یەکەمیش سەرکەوتوو نابێت و ئەگەر دەریش بچێت زۆر بە لاوازی. وە کە چووە قۆناغی دووەمیش لە کاتی خۆی توانای نەماوەو

وەڕەزو بێزارو ماندووە ، ئارەزووی خوێندنی نەماوەو لە پۆلی یەك ڕێژەیەکی عیلمی پتەوی دانەمەزراندووە، بۆیە لە دووەمیش فاشل دەبێت.

لەو ئایەتە قورئانیانەش کە ئەم قاعیدە مەزنە پیشان دەدەن ئەم ئایەتەیە لە سورەتی النساء: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ﴾ (النساء: ٧٧).

شیخ عبدالرحمن السعدي لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا خۆی دەفەرموێت:

((كان المسلمون ـ إذ كانوا بِمكةِ ـ مأمورين بالصلاة والزكاة، أي مواساة الفقراء، لا الزكاة المعروفة، ذات النصب والشروط، فإنها لم تفرض إلا بالمدينة، ولم يؤمروا بجهاد الأعداء، لِعدةِ الفوائد: منها: أن منْ حكمة الباري تعالى، أنْ يشرع لعبادهِ الشرائع، على وجه لا يشق عليهم، ويبدأ بالأهم، والأسهل فالأسهل،. ومنها: أنه لو فرض عليهم القتال ـ مع قلة عددِهم وعُدتهم، وكِثرة أعدائهم ـ لأدّى ذلك إلى اضمحلال الإسلام. فراعى جانب المصلحة العظمى، على ما دونها، ولغير ذلك من الحكم...

وكان بعض المؤمنين يودَّونَ أن لو فُرضَ عليهم القتال في تلك الحال، غير اللائق فيها ذلك، وإنما اللائق فيها القيام بما أمروا به في ذلك الوقت، من التوحيد، والصلاة، والزكاة ونحو ذلك... فلما هاجروا إلى المدينة، وقوي الإسلام كُتب عليهم القتال، في الوقت المناسب لذلك. فقال فريقٌ من الذين يستعجلون القتال قبل ذلك، خوفاً من الناس، وضعفاً وخوراً: ﴿ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ ﴾. وفي هذا تضجرهم، واعتراضهم على الله وكان الذي ينبغي لهم ضد هذه الحال، التسليم لأمر الله، والصبر على أوامره.

فعكسوا الأمر المطلوب منهم، فقالوا: ﴿ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ﴾.

أي: هلا أخرتَ فرض القتال، مدَّة متأخرةً عن الوقت الحاضر. وهذه الحال، كثيراً ما تعرضَ لمن هو غير رزين، واستعجلَ في الأمور قبل وقتها. فالغالبُ عليه، أنه لا يصبرُ عليها وقت حلولها، ولا ينوءُ بحملها، بل يكون قليل الصبر...

واتە: موسوڵمانان لە مەککە فەرمانیان پێ کرابوو بە نوێژو خێرو چاکە کردن بە هەژاران... وە فەرمانیان پێ نەکرابوو بە جیهادکردنی دوژمنان (جیهادی جەنگ و چەکداری) لەبەر زۆر فائیدەو حیکمەت:

❖ لەو حیکمەتانەی پەروەردگار لەم فەرمان نەکردنە بەجیهاد لەم قۆناغەدا، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی وا شەریعەت بۆ بەندەکانی دابنێت و ئەرکیان بخاتە سەر کە لە توانایاندا بێت و قورس نەبێت لەسەریان. وە هەروەها لە گرنگترین ئەرکەوە دەست پێ بکات کە تەنها پەرستنی خوایەو نوێژە، دوایی بچنە سەر ئەرکێکی تری گرنگ بەلاّم کەمتر لەوەی یەکەم. وە هەروەها لە ئاسانترین ئەرکەوە دەست پێ بکەن تا ڕابێن ووردە ووردە بتوانن کارە ناڕەحەتەکانیش ئەنجام بدەن، بەلاّم کە لە قورسەوە دەست پێ بکات ئەوا زوو بێ توانا دەبێت و دەوەستێت.

❖ وە یەکێکی تر لە حیکمەتەکانی ڕێگا نەدان بە جیهاد لە مەککە ئەوەیە کە ئەگەر هاتباو جیهادیان لەسەر دانرابا، ئەوانیش بەم کەمی ژمارەو لاوازی دەسەلاّتەیان، وە دوژمنانیش بەم زۆری توانایەیان، ئەوا ئیسلام دەپوکایەوەو بەرەو نەمان دەچوو، چونکە موسوڵمانان توانای کافرانیان نەبوو لەو کاتەیاندا.

بەڵام هەندێك لە موسوڵمانان لەو کاتەدا پەلەیان دەکرد لە فەرزکردنی جیهاد بەسەریانداو ڕێگەدران پێیان بە بەرەنگاربوونەوەی دوژمنان بە جەنگ، لە کاتێکدا ئەم بەرەنگاربوونەوەو جیهادە گونجاو نەبوو، بەڵکو گونجاوو پێویست بانگەوازی بۆ تەوحیدو نوێژکردن و چاکەو دان بەخۆداگرتن بوو لەسەر دەست درێژی دوژمنان و ئازاردانیان بۆ موسوڵمانان.

واتە ئەرکی گونجاوی سەرشانیان لەو کاتەدا هەڵسان بەو کارانە بوو کە بەوە فەرمانیان پێ کرابوو.

وە کە هیجرەتیان کرد بۆ مەدینەو موسوڵمانان بەهێزبوون و جەنگانیان لەسەر دانرا، ئەوکاتەی کە کاتی موناسیبی خۆی بوو، بەڵام ئەوانەی کە لە پێشوو پەلەیان دەکرد لە ڕێگادران بە جیهادو جەنگ، ئێستا لە مەدینە لە کاتی واجب بوونی جیهاد، ترسان و فەشەل ڕووی تێکردن و ووتیان:

ئەی پەروەرگار بۆچی ئێستا وا بەزوویی جیهادت واجب کرد لەسەرمان؟ ئەرێ بۆ تا کاتێکی تر دوات نەخست؟

سەیرکەن لە پێشوودا حاڵیان چۆن بوو، تا شەڕو جەنگیان نەبینیبوو شێر بوون، پەلەیان دەکرد لە شتێك: کە کاتی نەهاتبوو وە گونجاو نەبوو وە لە توانایاندا نەبوو وە فەرمانی جەنگانیشیان پێ نەکرابوو. وە کاتێك کە کاتی کاری دووەمیش هات ـ کە پەلەیان لێدەکرد لە ڕابردوودا ـ بەجێیان نەگەیاندو ووتیان بۆ ئێستا بێت و دوانەخرێت!

ئەمە حاڵی زۆربەی ئەو کەسانەیە کە پەلە لە هەنگاوێك دەکەن کە کاتی نەهاتبێت، جا بە زۆری ئەو کەسانە ئەوانەن کە دامەزراوو حەکیم و لێهاتوو و لەسەرخۆ نین، وە هەڵپە هەڵپ دەکەن و پەلەدەکەن لە ئیش و کارێك پێش ئەوەی کاتی بێت. جا زۆربەی جار ئەو جۆرە کەسانە سەبر ناگرن لەسەر هەمان کار کاتێك کە کاتی خۆی دێت و لە پێشوودا پەلەیان لێدەکرد، وە هەڵناستن بە ئەنجامدانی کارەکەیان و پاشاکشەی لێدەکەن...

پەلەکردن و هەڵچوون و حەماسەتی زیاد لە چی یەوە پەیدا دەبێت؟

لە (في ظلال القرآن) هاتووە: ((إنَّ الإندفاع والتهور والحماسة الفائقة: ١ـ غالباً ما تكون منبعثةً عن عدم التقدير لحقيقة التكاليف، لا عن شجاعةٍ واحتمالٍ واصرارٍ.. ٢ـ كما أنها قد تكون منبعثةً عن قلَّة الإحتمال، قلةِ احتمال الضيقِ والأذى والهزيمة، فتدفَعُهم قلةُ الإحتمال، إلى طلبِ الحركة والدفع والإنتصار بأي شكلٍ دون تقديرٍ لتكاليف الحركة والدفع والإنتصار، حتى إذا وجهوا بهذه التكاليف كانت أثقل مما قدروا وأشق مما تصورّوا، فكانوا أول الصفِ جزعاً ونكولاً وانهياراً.. على حين يثبتُ أولئك الذين كانوا يمسكون أنفسهم، ويحتملون الضيق والأذى بعض الوقت، ويعدون للأمر عُدتهُ.. والمتهورون المندفعون المتحمسون يحسبونهم إذ ذاك ضعافاً، ولا يعجبهم مهلهم و وزنهم الأمور))[٥].

واتە: سەرکەشی و حەماسەت و هەڵچوونی زیاد زۆربەی جار لە نەزانینی ئەندازەی ئەرکەکان دروست دەبێت، واتە کاتێك کە پەلە دەکات بۆ قۆناغێك و هەنگاوێك، نازانێت کە ئەم هەنگاوو قۆناغە چەندە قورسەو ئەندازەی ئەرکەکەی چەندەیە. وە زۆر لای ئاسانە ـ بە خەیاڵی خۆی ـ بۆیە پەلەی بۆ دەکات و هەڵچووە بۆی و حەماسەت گرتوویەتی. وە نەبێت پەلەو حەماسەتەکەی لە ئازایەتی و غیرەت و سوربوون و دان بەخۆدا گرتنیەوە بێت.

وە هەروەها پەلەو هەڵچوون و حەماسەتی زیادە، لە بێ سەبری و بێ تەحەمولی و دان بەخۆدا نەگری و خۆڕانەگری لەسەر ئازارو ناڕەحەتی دروست دەبێت. واتە بێ ئارامی و بێ سەبری و خۆڕانەگری وایان لێ دەکات پەلە بکەن و بجوڵێن و هەنگاو بنێن بۆ لادانی زوڵم لەسەریان و سەرکەوتنیان بەهەر شێوەیەك بێت! بەبێ تەقدیر (ئەندازە) دانان بۆ تەکالیفی ئەم جوڵەو هەنگاوو خۆسەرخستنە. واتە بێ ئەوەی حیساب بۆ جووڵەکەیان بکەن و بزانن کە چ تواناو ئامادەیەکی دەوێت! جا ئەو کاتەی بەرەو ڕووی ئەرکەکانیان دەبنەوە دەبینن زۆر قورستر بوو لەوەی کە بەخەیاڵیاندا دەهات و دایان نابوو! بۆیە حەماسیەکان یەکەم کەس دەبن کە بێ ئومێد دەبن و پاشەکشە دەکەن و دەڕوخێن. لە کاتێکدا کە ئەوانەی زوو دانیان بەخۆدا گرتبوو وە سابرو خۆڕاگربوون لەسەر ناڕەحەتی و هەڵپە هەڵپ و پەلەیان نەدەکردو هەڵچوون و سەرکەشیان تێدا نەبوو و ووردە ووردە هەنگاویان دەناو خۆیان ئامادە دەکرد، وە دەیانزانی ئەرکی جووڵەو هەنگاونان چەندە قورسە، ئەمانە بە تەنها کاتی تین و تەنگانەو جیدییەت خۆڕاگر دەبن و چەسپاو دەبن. بەڵام پێش بەرەنگار بوونەوەو جیدییەت حەماسیە هەڵچووەکان سابرو دان بەخۆداگرەکانیان بەبێ دەسەڵات و لاوازو ترسنۆك دادەناو حەزیان نەدەکرد بە لەسەرخۆیی و دان بەخۆداگرتنیاندا. وەدەیان ووت ئەمانە باوەڕیان بە جیهاد نی یەو (قاعدون)ن، وە خەڵك لە جیهاد سارد دەکەنەوە! بەڵام لە گۆڕەپانی دەعوەو بانگەوازیدا دەردەکەوێت کێ بەردەوامە لەسەر دەعوەو جیهادی بەردەوام دەکات بەدەعوەو دەرس. وە ترساندن و تۆقاندن و ئازاردانی ناحەزانیش کاریان تێ ناکات ـ بەپشتیوانی خوای گەورە ـ. وەدەردەکەوێت کە حەماسیەکانیش بەرەو (فتور) سارد بوونەوەیەکی ژێر سفر دابەزیون و گەرمیان تێدا نەماوە بەشی خۆشیان! نەك هەر دەعوە ناکەن و دەرسیان نییە، بەڵکو خۆشیان باوەڕو ئیلتیزامیان کەم بووە، هەشیانە بەرەو هەندەران کۆچی کردووە!

---

[٥] الظلال: ٢/ ٧١٢، (فقه الواقع) علي بن حسن الحليي: ٧٣ـ ٧٤.

کەواتە پەلە پەل و هەڵچوون و حەماسەت نیشانەی ئازایەتی و دانایی نییە، هەروەك چۆن ڕێبازی سەرکەوتنیش نییە، وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە فەرموودەیەکدا فەرمووی: (فما تعُدُّونَ الصرعة فيكم؟ قال: قلنا: الذي لايصرعهُ الرجال. قال: ليس بذلك. ولكنه الذي يملك نفسه عند الغضب)[٦].

واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پرسیاری کرد لە هاوەڵانی، فەرمووی: ئێوە کێ بە توانا دادەنێن؟ فەرموویان: ئەو کەسە ئازایە لە چاوی ئێمە کە پیاوان پێی نەوێرن و نەتوانن بیخەن. پێغەمبەریش فەرمووی: نەخێر ئازا لە شەرعدا ئەو کەسە نییە. بەڵکو ئەوەیە کە کاتی توڕەبوون دان بە نەفسی خۆیدا دەگرێت و توڕەییەکەی خۆی دەخواتەوە لەبەر خوا، وە شوێن توڕەییەکەی ناکەوێت.

وە بەداخەوە هەندێك گەنجی حەماسی وادەزانن کە ئازایەتی و عیززەتی ئیسلام لەوەدایە کە ئەگەر کەسێك یان لایەنێك قسەیەکی ناشیرینی پێ ووتن خێرا پێی بڵێنەوە! وە کە بەسەیتەرەدا ڕۆیشتن ڕاینەگرن و بەتوندی تێپەڕن پیایدا! وە کە بەلای کەسانێکی جاهیلی تێنەگەیشتوو دوور لە دیندا ڕۆیشتن بەگرژی و توڕەییەوە خۆیان دەرخەن و مۆڕەیان لێ بکەن!

بەڵام نازانن کەلەسیفەتە جوانەکانی بانگەوازکارانی ئیسلام ڕق خواردنەوەو دان بەخۆداگرتن و لێبوردەییە لە نەفامێتی و ئازاری نەفامان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَٱلۡكَٰظِمِينَ ٱلۡغَيۡظَ وَٱلۡعَافِينَ عَنِ ٱلنَّاسِ ﴾، وە هەروەها پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) چیرۆکی پێغەمبەرێکی ڕابردووی بۆ هاوەڵانی گێڕایەوە کە چۆن قەومەکەی لێیان داوەو برینداریان کردووەو ئەویش خوێنی دەم و چاوی دەسڕییەوەو دەیفەرموو: خوایە لە قەومەکەم ببورە چونکە نەزانن و نەفامن!

کەواتە بانگەوازکاری ئازاو بەتوانا ئەوەیە کە خۆڕاگرو دان بەخۆداگرو سابر بێت، وە هەروەها لێبوردەو بە پەرۆش بێت بۆ خەڵکی و داوای هیدایەتیان بۆ بکات لە خوا. نەك بەپەلە بێت بۆ لەناوبردن و تۆڵە لێسەندنیان و حەق لێوەرگرتنیان و لێ توڕەبوونیان

بەڵام بەداخەوە بڕێك بەناو (کادیرانی ئیسلام) لەجیاتی ئەوەی کە پەروەردەی گەنجان بکەن لەسەر خۆڕاگری و ئارامی و لەسەرخۆیی، کە چی بە پێچەوانەوە زیاتر هانی گەنجان دەدەن بۆ هەڵچوون و توڕەبوون و حەماسەتیان زیاد دەکەن و ووتاری ئاگرینیان بۆ دەدەن و هەڵیان دەنێن بۆ ململانێ و بەرەو ڕووبونەوەو ئاواتەخوازی شەڕو جەنگ! کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەهی کردووە لەو ئاوات خوازی ڕووبەڕوو بوونەوەیە (لا تتمنَوا لقاءَ العدُو).

وە گەنج خۆی لەخۆیدا خاوەن حەماس و گەرم و گوڕییەکی زیادە، کە پێویست بەوە دەکات چالاکی و حەماسی و گەرم و گوڕییەکەی بۆ زەبت و ڕێك و پێك بکرێت و پەروەردە بکرێت لەسەر سەبرو خۆڕاگریی و دان بەخۆداگری. نەك بە پێچەوانەوە بچین حەماسەت و عاتیفەکەی بوروژێنین و بە نەرەی تەکبیر هەڵیان چوێنین و سەری ئەوانیش و موسوڵمانانیش بە فەتارەدا بدەین و دواییش بە دۆڕاوی و دوابڕاوی دابمرکێنەوەو کپ ببنەوە!

وە بەداخەوە بەلای گەنجی حەماسییەوە ئەو کەسە زاناو پێشەواو ئازایە کە ووتاری حەماسی و توندو توڕە بدات ـ ئەگەر زانیاری دروستیش نەبێت بە عەقیدەی ڕاست و قورئان و سوننەت ـ وە باشترین خەتیب لایان توڕەترینیانە!

وە ئەگەر زاناترین عالم بۆ نموونە وەك الشيخ عبدالعزيز بن باز يان الشيخ الألباني ـ ڕەحمەتی خوایان لێ بێت ـ بێت ووتار بۆ ئەم گەنجە حەماسییانە بدات لەسەرخۆو بە هێدی و حەکیمانە ئەوا لایان وایە کە هەر خەتیب نییەو هیچ نازانێت!

---

[٦] صحيح مسلم: ٨/ ٢٦.

بەداخەوە تەرازووەکەیان هەڵگەڕاوەتەوە!

جا با لە خوا بترسن ئەو ووتاربێژە بێ حیکمەتانەی کە چوونە سەر مینبەر ئاگایان لە خۆیان نامێنێت و نازانن چی لە دەمیان دەردەچێت! ئایا خواو پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بەو قسەیە ڕازین؟ یان تەنها گەنجی سەرکەشی حەماسی پێی خۆشە؟!

وە ئایا ئەم قسەیە پاشەڕۆژێکی باشی دەبێت بۆ موسوڵمانان، یان موسوڵمانان تووشی فیتنەیەك دەکات؟!

وە لەلایەکی ترەوە با ووریا بن ئەم ووتاربێژە ئاگرینانە کە (إخلاص)ەکەیان لە مەترسیدایەو ڕیاو سومعەت و عوجب و شوهرەت و إرضاء الناس زۆر دەوریان دەدات.

سەرکەوتن

جۆرەکانی، مەرج و هۆکارەکانی، ڕێگرەکانی

خوای پەروەردگار پەیمانی سەرکەوتنی بە بڕواداران داوەو فەرموویەتی:

﴿ إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ﴾[7].

﴿ وَلَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ رُسُلًا إِلَىٰ قَوۡمِهِمۡ فَجَآءُوهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ فَٱنتَقَمۡنَا مِنَ ٱلَّذِينَ أَجۡرَمُواْۖ وَكَانَ حَقًّا عَلَيۡنَا نَصۡرُ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾[8].

واتە: ئێمە نێردراوانمان و بڕوادارانیش سەردەخەین لە ژیانی دونیاو دواڕۆژیش. وە هەروەها پەروەردگار بە فەزڵ و کەرەمی خۆی لەسەرخۆی داناوە سەرخستنی بڕواداران. بەڵام ئەی بۆ زۆرجار وە لە زۆر شوێن سەرکەوتنی بەرچاو نابینین بەسەر دوژمنانی خوا؟!

لە وەڵامدا دەڵێین بێگومان پەروەردگار هەر لەسەر وەعدی خۆیەتی بەڵام پێویستە ئێمە بزانین کە: سەرکەوتن تەنها یەك جۆر نییە.

وە هەروەها سەرکەوتن چەند هۆکارو مەرجێکی هەن کە پێویستە لە موسوڵمانداندا بێنەدی.

وە چەندەها ڕێگریش (الموانع) هەیە لە ڕێی سەرکەوتن، پێویستە موسوڵمانان بەلایان بنێن و تیایاندا نەبن.

جۆرەکانی سەرکەوتن

١ـ زۆر کەس وا گومان دەبەن کە سەرکەوتن تەنها ئەوەیە دوژمنەکەت لەناو بچێت یان بێ دەسەڵات بێت و تۆش دەسەڵات و حوکم و سوڵتە بگریتە دەست، بەڵام ئەمە تەنها جۆرێکە لە سەرکەوتن نەك هەمووی.

٢ـ پابەند بوونی موسوڵمان بە دینەکەی، وە بەردەوام بوونی لەسەری، وە زاڵ بوونی بەسەر هەواو نەفس و شەیتانیدا گەورەترین سەرکەوتنە. بۆ نموونە دان بەخۆداگرتنی ئیبراهیم کاتی فڕێدانیە ناو ئاگر، وە هەروەها ئاخیر خێری ئەو موسوڵمانانەی کە (الأصحاب الأخدود) سوتاندیانن، گەورەترین سەرکەوتن و سەرفرازی بوو بۆیان بۆ لای خوا.

٣ـ سەرکەوتنی بەردەوامی موسوڵمانان بە بەڵگەو بورهان بەسەر بەڵگەی پووچەڵی دوژمنان، بۆ نموونە سەرکەوتنی ئیبراهیم بەسەر قەومەکەی بەهۆی عیلم و بەڵگەکەی:

﴿ وَتِلۡكَ حُجَّتُنَآ ءَاتَيۡنَٰهَآ إِبۡرَٰهِيمَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦۚ نَرۡفَعُ دَرَجَٰتٖ مَّن نَّشَآءُۗ إِنَّ رَبَّكَ حَكِيمٌ عَلِيمٞ ﴾[9].

وە هەروەها سەرکەوتنی موسا بەسەر فیرعەون، وەگشت پێغەمبەران و پێشەوا شوێن کەوتووەکانیان بەردەوام بە بەڵگە سەرکەوتوو بوون بەسەر دوژمنانیاندا. وەك پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَلَقَدۡ سَبَقَتۡ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلۡمُرۡسَلِينَ ۝ إِنَّهُمۡ لَهُمُ ٱلۡمَنصُورُونَ ۝ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴾[10].

ئیمامی ئیبن جریر دەفەرموێ: ((هو أنهم لهم النصرة والغلبة بالحُجَّة)).

واتە ئەو سەرکەوتنە ئەوەیە کە بەردەوام بە بەڵگە براوەو سەرفرازن.

---

[7] غافر: ٥١.

[8] الروم: ٤٧.

[9] الأنعام: ٨٣.

[10] الصافات: ١٧١ – ١٧٣.

کۆمەڵی سەرکەوتوو = الطائفة المنصورة

وە کۆمەڵێکی سەرکەوتوو (الطائفة المنصورة) هەر دەمێنن بەسەر دوژمنانی دیندا بە بەڵگەو بورهان گشت کات، وە بە چەك و شمشێریش هەندێ کات.

وەك پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەم موژدەیەی پێداوین کە فەرموویەتی:

(لا تزال طائفة من أمتي **قائمة بأمر الله**، لايضرهم من خذلهم أو خالفهم، حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس (وفي الرواية: ظاهرين على من ناوأهم) إلى يوم القيامة)[11].

کەواتە: بەردەوام کۆمەڵێکی دەست گرتوو بەدینی خوا (قائمة بأمر الله) هەر دەبن، وە بەردەوامیش هەر دیارو سەربەرزو سەرکەوتوو دەبن بەسەر ناحەزو دوژمنانیان بە بیروباوەڕی ڕاست و ڕەوشتی جوان و بەڵگەی پتەوی دینە تەواوەکەیان.

وە هەروەها ئەو کۆمەڵە سەرکەوتووە دەشجەنگن لەسەر حەق بە فەرمانی خوا، وەك لە ڕیوایەتێکی تری حەدیسەکەدا هاتووە: (لا تزال طائفة من أمتي **يقاتلون على الحق**، ظاهرين حتى يأتيهم أمر الله عزوجل)[12].

ڕاست کردنەوەی چەند تێگەیشتنێکی هەڵە لە ووشەی (يقاتلون)

١ـ ووشەی (يقاتلون) ئەوە ناگەیەنێت کە بۆ ئەوەی کەسێك لەو کۆمەڵە سەرکەوتووە بێت، وا پێویست بێت بەردەوام جەنگاوەرو چەك بەدەست و فیشەك سوار بێت، چونکە ئەگەر وابێت ئەوا هیچ کەس لەو ئومەتە لە کۆمەڵی سەرکەوتوو و سەرفراز نابێت هەتاوەکو پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) ، چونکە ئەویش هەموو کات جەنگی نەکردووەو چەك بەدەست نەبووە. وە بۆ ماوەی دە ساڵ پەیمانی جەنگ ڕاگرتنی بەست لەگەڵ موشریکەکان، جا ئایا لەو ماوەیەدا لە کۆمەڵی سەرکەوتوو نەمابوو!

٢ـ ووشەی (يقاتلون) ئەوە ناگەیەنێت کە هەرکەسێك بە ناوی دین جەنگا، ئەوا لەو کۆمەڵە سەرفرازە بێت! ئەگەرچی شەریکیش بۆ خوا بڕیار بدات و هاواریش بکاتە غەیری ئەوو، یاخود بیدعەچیش (المبتدع) بێت و گوێ بە سوننەت نەدات!

چونکە کاتێك جەنگاوەر لەو کۆمەڵە دەبێت کە:

أـ دەست گرتوو بێت بەو حەقەی کە بریتییە لە قورئان و سوننەت، وەك لە سەرەتای فەرموودەکەدا فەرمووی: (قائمة بأمر الله).

ب ـ وە ئەو کەسە جەنگاوەرە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو بێت لە ئاگر (الفرقة الناجية) بەوەی کە لەسەر هەمان مەنهەج بڕوات کە سەلەفی صالح (پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی لەسەر بووە ـ ما أنا عليه وأصحابي ـ)، ئەگینا نەك هەر سەرکەوتوو نابێت بەڵکو ڕزگاریشی نابێت لەسزای خواو دۆزەخەکەی، چونکە غەیری شوێن کەوتووانی ڕێبازی سەلەف هەموو ڕێبازو گروپەکانی تر بۆ دۆزەخن، وەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی:

---

[11] صحيح مسلم.

[12] رواه أحمد والدارمي، وأوَّلهُ عند مسلم أيضاً.

(افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، وستفترق هذه الأمة على ثلاث وسبعين فرقة، **كلها في النار إلا واحدة.**

قالوا: من هي يا رسول الله؟

قال (صلى الله علية وسلم): ما أنا عليه اليوم وأصحابي)[١٣].

٣ـ ووشەی (يقاتلون) ئەوە ناگەیەنێت كە تۆ ئاواتە خوازی جەنگ بیت و لە خەڵك كوشتن بەپەلە بێت. چونكە تەمەننا كردنی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دوژمن پێچەوانەی سوننەتەو، فیتنە دروست كردن بۆ موسوڵمانان كارێكی خراپەو موسوڵمانانی پێ لاواز دەبن و لە بەرژەوەندی دوژمنانە. وە لە هەندێ كاتدا وەك كاتی لاوازی موسوڵمانان خوا بە جەنگ ڕازی نابێت هەروەك پێی ڕازی نەبوو بۆ سەردەمی مەككە.

كەواتە ئەگەر جەنگ لە بەرژەوەندی موسوڵمانان نەبوو، ئەوە بە كردنی نەك تەنها ناچێتە ناو كۆمەڵی سەركەوتوو، بەڵكو دەبێتە دەستەی دۆڕاوو كلاۆ بابردوو.

٤ـ وە هەروەها ووشەی (يقاتلون) ئەوە ناگەیەنێت كە تۆ بۆ ئەوەی كرداری جەنگ كردنت دەست بكەوێت و بەهۆی ئەمەوە ببیتە كۆمەڵی سەركەوتوو، بچیت زیادەڕەوی بكەیت لە بەكافر دانان و بە پەلە بیت لە كافر كردنی تاوانبارانی ئەم ئوممەتە موسوڵمانە، بۆ ئەوەی دواتر خوێنیان حەلاڵ بكەیت و جەنگ بەرپا بكەیت.

وە إن شاء الله كۆمەڵی ڕزگاربوو لەئاگر (الفرقة الناجية) ئەهلی سوننەت و جەماعەتن، شوێن كەوتووانی سەلەفی صالح. وە سەركەوتوو و سەرفرازانیش (الطائفة المنصورة) تەنها زاناو پێشەواو تێكۆشەرانی سەلەفین، وە پێشەوایانی لێكدەرەوەی مانای ئەم فەرموودەیە، كۆمەڵی ڕزگاربوو (الطائفة المنصورة) یان بەم شێوەیە ماناكردووە[١٤]:

- **الإمام أحمد بن حنبل** فەرموویەتی: ئەگەر ئەهلی حەدیس كۆمەڵی ڕزگاربوو نەبن، ئەوە نازانم كێی تر ئەو كۆمەڵە بێت!
- **الإمام علي بن المديني** فەرموویەتی: كۆمەڵی ڕزگاربوو (ئەهلی حەدیس)ە.
- **الإمام البخاري** فەرموویەتی: كۆمەڵی ڕزگاربوو (ئەهلی عیلم)ە.

وە كە سەیری سەرەتای حەدیسەكە بكەین، بۆمان دەردەكەوێت كە كۆمەڵی سەركەوتوو ئەو كۆمەڵەن كە خوای پەروەردگار خێری بۆ ویستوون بەوەی كە لە دین حاڵی كردوون:

(من يرد الله به خيراً **يُفقَّهُ في الدين**، ولا تزال عصابة من المسلمين يقاتلون على الحق، ظاهرين على من ناوأهم إلى يوم **القيامة**) (رواه الإمام مسلم).

كەواتە كەسێك لەدینی ڕاستەقینە حاڵی نەبووبێت، ئەوە لە كۆمەڵی سەركەوتووش نابێت. وە حاڵی بووانی ڕاستەقینەش لە دین ئەهلی حەدیسن (الأهل الحديث)، كە شوێنكەوتووی سوننەتەكانی پێغەمبەرن (صلى الله علية وسلم).

كەواتە هەر كەسێك بیەوێت لە كۆمەڵی سەركەوتوو بێت ئەوە پێویستە:

---

[١٣] قال شيخ الإسلام ابن تيمية: الحديث صحيح مشهور في السنن والمسانيد كسنن أبي داود، والترمذي، والنسائي، وغيرهم.

[١٤] بڕوانە: فتح الباري (شرح الحديث: ٧٣١٢). و شرح النووي على مسلم (الحديث: ١٩٢٥).

١ـ له دین حاڵی بێت ـ تا ئەو ئەندازەیەی که پێویسته ـ: به ڕاستەقینەیی بەگوێرەی حاڵی بوونی پێشینەکانی ئەم ئوممەته، وه کار بەو دینه بکات.

٢ـ وه جیهاد بکات لەپێناوی خوا جیهادێکی شەرعی: به دەم هەموو کاتێك و به دەستیش کاتی گونجاو، بەو شێوەو مەرجانەی که زانایانی ئەهلی سوننەت ڕوونیان کردووەتەوەو، ئێمەش لەم کتێبەی بەردەستتدا خستوومانەته بەرچاوت.

وه ڕاوەستان و بەرپابوون و سەرکەوتنی دین بەم دوو هانگاوه بەنده، وەك شیخ الإسلام ابن تیمیة فەرموویەتی:

((أنَّ الله يقول في كتابهِ: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلْغَيْبِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾ (الحديد: ٢٥). فأخبر أنهُ أنزل الكتاب والميزان ليقوم الناس بالقسط، وأنهُ أنزل الحديد كما ذكرهُ، **فقوام الدين بالكتاب الهادي والسيف الناصر** ﴿ وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا ﴾ (الفرقان: ٣١)))[١٥].

هۆکارو مەرجەکانی سەرکەوتن

١ـ ئیمان و بیروباوەڕێکی ڕاست و دروست بەگوێرەی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت. بیروباوەڕێکی وەك بیروباوەڕی سەلەفی صالح (پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی). ئیمانێك که کردەوەی چاکی موافیقی سوننەتی تێدابێت.

بوونی ئەم بیروباوەڕە سەلەفی یه (العقيدة السلفية) مەرجێکی بنەڕەتی یه بۆ ئەوەی پەروەردگار هیدایەتی بەردەوامان بدات بۆ هەموو بەختەوەری و سەرفرازی یەك.

وه نەبوونی ئەم بیروباوەڕەش نەك تەنها هەر ڕێگره له سەرکەوتن، بەڵکو دەبێته هۆی پارچه پارچه بوونی موسوڵمانان و دواتریش فەشەل و بەهیلاك چوونیان له ناوخۆ. وەك پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ فَإِنْ ءَامَنُوا۟ **بِمِثْلِ** مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهْتَدَوا۟ ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا۟ فَإِنَّمَا هُمْ فِى شِقَاقٍ ۖ فَسَيَكْفِيكَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْعَلِيمُ ﴾[١٦].

واته: ئەگەر ئیمان بهێنن بەو شێوەیەی کەئێوه ـ ئەی کۆمەڵی پێشین ـ ئیمانتان هێناوه وه به وێنەی ئەوه، ئەوه ئەوکاته هیدایەت دراون بۆ ڕێگای ڕاست و بەختەوەری. وه ئەگەر پشتیش هەڵکەن لەم ئیمانەی ئێوه هەتانه، ئەوه ئەوان لەناو خۆیاندا ناکۆك دەبن و لەگەڵ قورئان و سوننەتیشدا هەر ناکۆك دەبن.

وه ئەوانەی که هەڵگری بیروباوەڕی سەلەفی بوون و خاوەنی کردەوەی چاك بوون، پەروەردگار پەیمانی سەرکەوتنی پێداون، سەرکەوتنێك که سێ موژدەی تێدابوو:

١ـ بیانکات به خەلیفەو حوکم گێڕی سەر زەوی و وولاٌت.

٢ـ وه دینی ئیسلامیشیان بۆ قەرار بگرێت له وولاٌتیانداو حوکمی پێ بکرێت.

٣ـ وه ترس و نارەحەتیشیان بگۆڕێتەوه به ئەمن و ئاسایش، وەك فەرموویەتی:

﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ **وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ** لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِى ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعْدِ خَوْفِهِمْ أَمْنًا ۚ يَعْبُدُونَنِى لَا يُشْرِكُونَ بِى شَيْـًٔا ۚ وَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾ (النور: ٥٥).

---

[١٥] مجموع الفتاوى: ١٣/ ٨٠.

[١٦] البقرة: ١٣٧.

وە بەواقیعیش چونکە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی باوەڕی تەواویان هێناو کردەوەی چاکیان دەکرد، خوای پەروەردگار هەر سێ پەیمانەکەی بۆ هێنایەجێ پێش ئەوەی کە جیهادی چەکداریشیان لەسەر واجب بکات.

کاتێك کە (هیرقل) سەرۆکی ڕۆمەکان لە (شام) پرسیاری لە أبو سفیان کرد پێش موسوڵمان بوونی، ووتی ئەو (محمد)ە بۆچی بانگتان دەکات و فەرمانی چیتان پێ دەکات؟ أبو سفیان ووتی: ((یقول: اعبدوا الله وحده ولا تشرکوا به شیئاً، واترُکوا ما یقول آباؤکم، ویأمرنا بالصلاة والصدق والعفاف والصلة))[١٧]. واتە: محمد دەڵێت:

١ـ خوا بپەرستن بە تەنهاو کەس مەکەن بە شەریکی لە هیچ شتێکدا.

٢ـ وە وازبهێنن لەو دیانەت و عادەتە جاهیلییەتەی باوك و باپیرانتان لەسەری بوون.

٣ـ وە فەرمانمان پێ دەکات بە نوێژو ڕاست گۆیی و داوێن پاکی و خزمایەتی.

هیرقل ووتی: ((فإن کان ما تقولُ حقّاً فسیملكُ موضعَ قدميَّ هاتینِ))، واتە: ئەگەر بێت و ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەی أبو سفیان لە بارەی محمد و بانگەوازەکەیەوە ڕاست بێت، ئەوا شوێن دوو پێیەکەی منیش دەگرێت و دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو.

هیرقل بەوەزانی کە محمد سەردەکەوێت، چونکە بانگەوازی خەڵك بۆ لای خوا دەکات و داواکاری لە خەڵك تەنها پەرستنی خوایەو، داوێن پاکی و ڕاست گۆیی و چاکەکارییە لەگەڵ خزم و کەسوکاردا. وە هەر کەسێکیش ئاوا مەبەستی ڕەزامەندی خوا بێت خێرو ڕەحمەت بێت بۆ خەڵکی وە خەڵکی بۆ لای خۆی بانگ نەکات و داوای دونیاو زەعامەتیان لێ نەکات ئەوا خوا سەری دەخات.

وە بە واقیعیش شام هاتە ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان و لە هیرقل سێندرا. کەواتە ئیمان و عەمەلی صاڵح و بانگەوازی بۆ ئەو دووانە دەبنە هۆی ئەوەی خوای پەروەردگار وەعدەکانی بۆ بەدی بهێنێت لە دەوڵەت دامەزراندن و حوکمڕانی کردن بە ئیسلام و ئاسایش و ئارامی.

وە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾ (الحج: ٤١).

واتە: ئەوانەی کە ئەگەر دەسەڵاتمان پێ بەخشین لە زەویدا ئەوا زیاتر عیبادەتی خوا دەکەن بە نوێژو زەکات و فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە. کەواتە:

أ ـ دەسەڵات وەرگرتن و حوکمڕانی کردن لە زەویدا بە شان و بازووی ئێمە نابێت، بەڵکو لەلایەن خواوەیەو دەیدات بەوانەی کە ئیمان و عەمەلی صاڵحیان هەیەو دەعوەی بۆلا دەکەن.

ب ـ وە بۆیەش پێمان دەبەخشێت تاوەکو موسوڵمانان زیاتر بتوانن خوا بپەرستن و شەریعەتەکەی جێ بەجێ بکەن و جیهاد بکەن و فەرمان بە چاکە بکەن..

---

[١٧] أخرجه البخاري: ح:٧.

کەواتە دەسەلاّت و حوکمەت بۆ ئەوەیە کە بتوانین جیهاد بە چەك بکەین، نەك بە پێچەوانەوە بمانەوێت بە زەبری چەك دەوڵەت دابمەزرێنین، بێ ئەوەی تواناو دەسەلاّت و بنکەو قاعیدەو پاڵپشتیمان هەبێت، وە بێ ئەوەی جیهادی دەعوەو بانگەوازی کرابێت بۆ تەنها پەرستنی خواو دوورکەوتنەوە لە شیرك بۆ ئیمان و عەمەلی صالّح.

٢ـ تەقوای خواو خۆپارێزی لە گوناه و تاوان و داوای سەرکەوتن تەنها لە خوا:

أرسل أمير المؤمنين عمر بن الخطاب (رضي الله عنه) جيشاً بقيادة سعد بن أبي وقاص (رضي الله عنه) لفتح بلاد فارس وكتب إليه عهداً هذا نصه: أما بعد:

❖ **فإني آمرك ومن معك من الأجناد بتقوى الله على كل حال**، فإن تقوى الله أفضل العُدة على العدو، وأقوى المكيدة في الحرب.

واتە: من فەرمان دەکەم بە تۆش و بەو سەربازانەش کە لەگەلّتان، بە تەقواو ترسان لە سزاو غەزەبی خوا لە هەموو حالّەتێکدا، بە خۆپارێزی لە هەموو ئەو شتانەی کە خوا پێی ناخۆشن و دەبنە مایەی تورەبوونی. وە بۆیە ئەو فەرمانەتان پێ دەکەم؛ چونکە تەقوای خوا باشترین تفاق و وەسیلەی شەڕە بۆ سەر دوژمن، وە باشترین پلان و نەخشەیە لە جەنگدا.

❖ **وآمرك ومن معك أن تكونوا أشدَّ احتراساً من المعاصي منكم من عدوكم**، فإن ذنوب الجيش أخوف عليهم من عدوهم، وإنما ينصر المسلمون بمعصية عدوهم لله، ولولا ذلك لم تكن بهم قوة، لأن عددنا ليس كعددهم، وعُدتنا ليس كعدتهم، فإن استوينا في المعصية كان لهم علينا الفضل في القوة، وإن لم نُنصر عليهم بفضلنا لم نغلبهم بقوتنا.

واتە: وە من فەرمانتان پێ دەکەم کە خۆپارێزی و ووریاییتان لە تاوانەکانتان زیاتر بێت وەك لە دوژمنتان، چونکە هێرش و زیانی گوناهەکانی لەشکر ترسناك ترە لە هێرشی دوژمنیان. وە موسوڵمانان تەنها بەوە سەردەکەون کە دوژمنیان سەرپێچی لە فەرمانی خوا دەکات، وە کەئەو هۆیە نەبووایە ئەوە توانای ئەوانیان نەدەبوو، چونکە نە ژمارەمان بە ئەندازەی ژمارەی ئەوانە، وە نە هێزو ئامێری جەنگیشمان وەکو هی ئەوانە، جا کە لەتاواندا یەکسان بووین لەگەڵ ئەوان، ئەوە ئەوان بالاّدەست دەبن بەسەرماندا بە هێزەکەیان، وە کە بەهۆی هێزی ئیمان و کردەوەی چاکمان بەسەریاندا سەرنەکەوین، ئەوە هەرگیز تەنها بەهێزی ژمارەو چەك بەسەریاندا سەرناکەوین.

و اعلموا أنَّ عليكم في سَيركم حفظة من الله يعلمون ما تفعلون، فاستحيوا منهم، ولا تعملوا بمعاصي الله وأنتم في سبيل الله، ولا تقولوا إنَّ عدونا شرُ منا فلن يُسلط علينا وإن أسأنا، فَرُبَّ قوم سُلطَ عليهم من هو شرُ منهم كما سلط على بني إسرائيل كفار المجوس لما عملوا بالمعاصي، وكما سلط اليهود على العرب المسلمين).

... وە مەڵێن دوژمنمان لە ئێمە تاوانبارترە، کەوابوو زاڵ ناکرێن بەسەرماندا هەرچەندە ئێمە خراپیش بین، چونکە قەومی وا هەیە لە خۆیان خراپتر بەسەریاندا زاڵ کراوە، هەروەکو مەجوسە ئاگر پەرستەکان زاڵ کران بەسەر بەنی ئیسرائیلییەکاندا، وە هەروەکو ئەمڕۆش جوولەکەکان زاڵ بوون بەسەر موسوڵمانانی فەلەستین، بەهۆی دوورکەوتنەوەی موسوڵمانان لە دین، وە شانازی کردنیان بە عرووبەت و وەتەنیەت و حیزبییەت).

❖ **وسلُوا الله النصرَ على أنفسكم كما تسألونه النصرَ على عدوكم**، وأسألُ الله ذلك لنا ولكم[١٨].

وە داوا لە پەروەردگارتان بکەن سەرتان بخات بەسەر ئارەزووە بێ شەرعیەکانی نەفستاندا، هەروەکو چۆن داوای لێ دەکەن سەرتان بخات بەسەر دوژمنتاندا.

٣ـ شوێن کەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە هەموو عیبادەت و ڕەوشت و بانگەوازی و جیهادو تێکۆشاندا:

﴿ ٱلَّذِينَ **يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ** ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ ٱلَّذِي يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِي ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ **فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ** ﴾[١٩].

واتە: ئەوانەی کە **شوێنی ئەم نێردراوە پێغەمبەرە نەخوێندەوارە (صلى الله عليه وسلم) دەکەون.** وە ئیمان دەهێنن پێی، وە ڕێزی شیاوی خۆی لێ دەنێن و پشتیوانییان لێ کردووەو شوێنی ئەو نوورە کەوتوون کە هاوڕێ لەگەڵیدا ڕەوانە کراوە کە قورئانە، **هەر ئەوانە سەرفرازو سەرکەوتوون.**

﴿ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ٱلَّذِى لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْىِۦ وَيُمِيتُ ۖ **فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِىِّ ٱلْأُمِّىِّ ٱلَّذِى يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ** ﴾[٢٠]

٤ـ یەکبوون لەسەر بناغەی یەک خوا پەرستی و تەنها شوێن کەوتنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، وە خۆپارێزی لە ناکۆکی و دووبەرەکی و خیلافی حیزبایەتی:

﴿ **وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟** ۚ وَٱذْكُرُوا۟ نِعْمَتَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَآءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ **فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِۦٓ إِخْوَٰنًا** وَكُنتُمْ عَلَىٰ شَفَا حُفْرَةٍ مِّنَ ٱلنَّارِ فَأَنقَذَكُم مِّنْهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾(آل عمران: ١٠٣).

﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ ۖ **أَنْ أَقِيمُوا۟ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُوا۟ فِيهِ** ۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ ۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِىٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِىٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴾(الشورى: ١٣).

﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى ٱلْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ۝ **وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟** مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ (آل عمران: ١٠٤ – ١٠٥).

٥ـ تێکۆشانی بەردەوام وە خۆئامادەکاری بۆی بەگوێرەی توانا لەپێناوی سەرخستنی دینی خوا بە هەموو وەسیلەو ڕێگایەکی شەرعی و گونجاو:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ **إِن تَنصُرُوا۟ ٱللَّهَ يَنصُرْكُمْ** وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ ﴾[٢١].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ **ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَٱبْتَغُوٓا۟ إِلَيْهِ ٱلْوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُوا۟ فِى سَبِيلِهِۦ** لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾[٢٢].

---

[١٨] ذكرها ابن كثير في البداية والنهاية.

[١٩] الأعراف: ١٥٧.

[٢٠] الأعراف: ١٥٨.

[٢١] (محمد: ٧).

وە تێنەکۆشانیش دەبێتە هۆی زەلیلی، وەك لە حەدیسی (بیع العینة)دا دەرکەوت.

وە سەبارەت بە خۆئامادەکاریش پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَلَوْ أَرَادُواْ ٱلْخُرُوجَ لَأَعَدُّواْ لَهُۥ عُدَّةً وَلَٰكِن كَرِهَ ٱللَّهُ ٱنۢبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ ٱقْعُدُواْ مَعَ ٱلْقَٰعِدِينَ ﴾ (التوبة: ٤٦).

﴿ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ ٱلْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَءَاخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَىْءٍ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴾ (الأنفال: ٦٠).

بەڵام پێویستە بزانین کە پەلەکردن و خۆدەرخستنێکی زیاد لە توانای خۆت و قاچ ڕاکێشان زیاد لە بەڕەی خۆت، سەرنجی دوژمن ڕادەکێشیت بۆ هەست کردنی بە مەترسی لێت. وە هەڵمەت و هێرشت بۆ دەهێنێت و لەناوت دەبات.

هەروەك دەبینین کەسانێك کە هیچێکی واشیان لەبارەدا نییە، بەڵام زۆر لە قەبارەی خۆیان زیاتر خۆیان پیشانی دوژمن دەدەن، بە گومانی خۆیان بەمە دوژمن دەترسێنن و بە چۆکیدا دەهێنن! بەڵام ئەم کارانەیان سەری خۆیان دەخوات.

٦ـ وە سەبرو دان بەخۆداگری و یادو زیکری خواو بەردەوامی لەسەر ئەم ڕێگایە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ **ٱصْبِرُواْ وَصَابِرُواْ وَرَابِطُواْ** وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾[٢٣].

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمْ فِئَةً **فَٱثْبُتُواْ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا** لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾[٢٤].

٧ـ گرنگیدان بەبانگەوازی دەوروبەرو پەروەردەکردنیان لەسەر عەقیدەو ئەحکامی ئیسلام بۆ ئامادەکردنیان بۆ هەڵگرتنی ڕایەتی فیداکاری لەپێناوی خواو گەیشتن بەو پلەو ئاستە ئیمانییەی کە بۆ ئیسلام بژین، نەك پێی بژین.

بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ سوننەت و سیرەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پشت گوێ خراوەو بانگەواز بۆ تەوحیدو نەهێشتنی شیرك ناکرێت زۆر بەکەمی نەبێت، وە زیاتر هەوڵەکان بۆ زیاد کردنی ڕێژەی لایەنگرانە بەبێ گرنگیدانی تەواو بە پاك کردنەوەی عەقیدەو پەروەردەکردنیان لەسەر عەمەلی صالح بەگوێرەی سوننەت و دوور لە بیدعەت.

هۆکارەکانی دواکەوتنی سەرکەوتن

أ ـ جاری وا هەیە هۆکارەکانی سەرکەوتن هەموویان مەوجود نابن لە موسوڵمانانداا لەبەرئەوە سەرناکەون.

ب ـ وە جاری واش هەیە هۆکارەکان هەن بەڵام ڕێگرو مانع هەیە لە سەرکەوتن بەم شێوەیە:

١ـ گوناه و تاوان: بۆ نموونە وەك لەخۆبایی بوون بەزۆری:

﴿ لَقَدْ نَصَرَكُمُ ٱللَّهُ فِى مَوَاطِنَ كَثِيرَةٍ ۙ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ ﴾[٢٥].

٢ـ پێنەگەیشتنی ئومەتی ئیسلامی بەو ئاستەی کەئەو ڕێزەیان لێ بنرێت و ئەو نیعمەتەیان پێ ببەخشرێ.

---

[٢٢](المائدة: ٣٥).

[٢٣](آل عمران: ٢٠٠).

[٢٤] (الأنفال: ٤٥).

[٢٥](التوبة: ٢٥).

٣ـ هەست نەکردن بە قەدرو قیمەتی سەرکەوتن: هەر ئومەتێك بە زوویی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بێ ناڕەحەتی و ماندووبوون و تێکۆشانی زۆر، ئەوە قەدری ئەو سەرکەوتنە نازانێت، وە لەبەرئەوە تێکۆشانیش ناکات بۆ پاراستنی ئەو سەرکەوتنە.

٤ـ تەواو دەرنەکەوتنی پووچەڵێتی و ناحەقێتی دوژمنانی دین: ئەگەر تەواو خەڵکی ئەمەی بۆ دەرنەکەوتبێت، جاری وا هەیە خوای گەورە سەرکەوتن دوا دەخات تاوەکو تەواو خەڵکی ناحەق بناسن و بێ باوەڕ بن پێی.

٥ـ وە جاری وا هەیە خوای گەورە سەرکەوتن دوادەخات، چونکە دەزانێت کە ئەم ئومەتە سەرکەوتن لایان بووە بەئامانج، وە کە سەرکەون ئامانجە ڕاستەقینەکان لەبیردەکەن، کە بریتین لە زیاتر پەیڕەوکردنی شەریعەت و بەردەوام بوون لەسەر فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپە: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَنَهَوۡاْ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلۡأُمُورِ ﴾[٢٦].

وە تووشی غرورو لەخۆبایی بوون دەبن و تووشی زوڵم و زیادەڕەوی دەبن.

٦ـ وە یان بۆ ئەوەی زیاتر بەندەکانی خوا لە تاقیکردنەوەدا بن. وە بەندە ڕاست و ئارامگرتووە تێکۆشەرەکان دەرکەون لە واقیعدا، وە پلەو پاداشتیان زیاتر بێت:

﴿ أَمۡ حَسِبۡتُمۡ أَن تَدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ وَلَمَّا يَأۡتِكُم مَّثَلُ ٱلَّذِينَ خَلَوۡاْ مِن قَبۡلِكُمۖ مَّسَّتۡهُمُ ٱلۡبَأۡسَآءُ وَٱلضَّرَّآءُ وَزُلۡزِلُواْ حَتَّىٰ يَقُولَ ٱلرَّسُولُ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ مَتَىٰ نَصۡرُ ٱللَّهِۗ أَلَآ إِنَّ نَصۡرَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ ﴾[٢٧].

﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ﴾[٢٨].

٧ـ وە جاری وا هەیە پەروەردگار سەرکەوتنی دینەکەی دوادەخات بۆ دوای مردنی هەڵگرانی. وەك بەسەرهاتی غولامەکەی لای ڕاهیب و ساحیرەکە، کە مردنی ئەو غولامە بڕواداره بوو بە دەروازەی هاتنی خەڵکەکە بە کۆمەڵ بۆ ناو دینی خوا.

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە دواکەوتنی سەرکەوتن لەبەر چەند هۆکارو حیکمەتێکە، ئەگینا پەروەردگار هەر لەسەر بەڵێنی خۆیەتی، بەڵام زۆرجار ئێمە لەسەر پەیمانی خۆمان نامێنین و مەرجەکانی سەرکەوتن لەبیر دەکەین، یاخود ڕێگرێك یان زیاترمان تێدا هەیە لە ڕێگرەکانی سەرکەوتن و بەختەوەر بوون بە سەرکەوتنی خوایی. کەواتە پێویستە ئێمە بەخۆماندا بچینەوەو گوناه و تاوانەکانمان ڕەش بکەینەوەو پەیمان لەگەڵ خوا نوێ بکەینەوە: ﴿ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴾[٢٩].

---

[٢٦](الحج: ٤١).

[٢٧](البقرة: ٢١٤).

[٢٨](العنكبوت: ٢ – ٣).

[٢٩](الحج: من الآية ٤٠).

له کۆتاییدا:

پێویسته موسوڵمانان بێ ئومێد نەبن و بێ دەسەڵات نەوەستن و ترس نەکەوێتە دڵیان، چونکە دەبێ دڵنیابن کە دوا ڕۆژ هەر بۆ ئیسلامەو عیززەت و سەرکەوتن هەر بۆ موسوڵمانە چاکەکانەو سەرشۆڕیش بۆ کافرو بێ باوەڕانە، وە ئەمەش وەعدی خواو پێغەمبەرە (صلی الله علیه وسلم). بەڵام زۆرجار ئەم سەرکەوتن و دواڕۆژە خۆشە دوادەکەوێت و درەنگ دەگات بەهۆی گوناه و کەمتەرخەمی ئێمە لەلایەك و بەهۆی حیکمەتێکی خواییش لەلایەکی ترەوە، کە دەیەوێت زیاتر ئیمانداری ڕاست لە تاقیکردنەوەدا دەرکەوێت و سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیان بە نسیب بێت لە داهاتوودا ئەگەر مەرجەکانی سەرکەوتنیان لەخۆیاندا هێنایە دی.

وە بێگومان سەرکەوتنی خوایی بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و هاوەڵانی بەپەلە نەهات، بەڵکو سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنانی خوا کە لە وولاتی خۆیان دەریان کردبوون، دواکەوت تا ساڵی هەشتەمی هیجری (کاتی فەتحی مەککە)، واتە دوای بیست و یەك ساڵ لە دەعوەو سەبرو دان بەخۆداگری و ئەشکەنجەو ناڕەحەتی و تێکۆشان.

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

لە کۆتاییدا من داواکارم لە پەرستراوو پەروەردگارم
قەبووڵ بکا لێم ووتەو ڕەفتارم شەهید بوونیشم بێتە داواکارم
بەو ڕوحم و فەزڵەی کە بۆی هەژارم

والحمد لله رب العالمين

==========

مالپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

==========

کتێبی جیهاد و تێکۆشان لە پێناوی خوادا (جۆرەکانی،حوکمەکانی)

لەم شوێنانە دەست دەکەوێت:

[سلێمانی]

١- کتێبخانەی سوننە،شەقامی مەولەوی، بازاڕی کەنار

٢- کتێبخانەی ئیمان،تەلاری کەشتی نوح

[هەولێر]

١- کتێبخانی پێشین،فولکەی شێخ محمود،ژێر باڵەخانەی تەلەفزۆنی تورکمان

٢- کتێبخانەی شافعی،فولکەی شێخ محمود،ژێر باڵەخانەی بازاڕی زانست بۆ کتێب

[کۆیە]

١- کتێبخانەی صهیب،بەرامبەر بازاڕی شێخ جەنگی، تەنیشت سەنتەری ئاسیا

[چەمچەماڵ]

١- کتێبخانەی سیما،پشت بازاڕی دۆلارەکە